لە ئەرشیفی شارەوە

کتێبی دووەم

# شەقامی ئیبراهیم پاشا لە مێژووی شاری سلێمانیدا

## سەرجەم نووسینەکانم لە گۆڤارە کوردییەکانا

ڕەئووف شێخ جەمیل

ناوی کتێب: شەقامی ئیبراهیم پاشا لە مێژووی شاری سلێمانیدا
ئامادەکردنی: ڕەئووف شێخ جەمیل
پیتچنین و دیزاینی بەرگ و ناوەوە : شیروان عیزەت محەمەد ساڵح
تیراژ : ٥٠٠ دانە
نرخ : ٥٠٠٠ دینار
چاپخانە : شڤان
ژمارەی سپاردن : (١٧٢٢) ساڵی ٢٠١٨

# پێشکەشە بە:

-١ خەمخۆرانی شارەکەم.


-٢شەهیدانی کوردستان و ئەوانەی گوللەباران کراون لەناوجەرگەی ئەم شارەدا.

-٣ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرو شاعیرو چیرۆکنووسانەی قەڵەمیان کاردەکات بۆ نووسینی بەنرخ لەپێناوی جوانی شارەکەماندا.

**(شاری سلێمانی خۆڕاگر)**



مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی



شێخ مەحمودی نەمر

# پێشەکی

هەمیشە ئەو پرسیارە دەکرێت خەڵکی کوێیت؟ یان لەکوێ لەدایکبووی؟ تۆش وەڵام دەدەیتەوە لە فلان دێ یان ناوچە یان فلان شار لەدایک بووم، واتە تۆ خەڵکی ئەو شارەیت و ناوونیشانت لەسەر ئەو شوێنەیە.

منیش لەشاری سلێمانی لە دایکبووم و لە گەڕەکی مەڵکەندی، لە پشتی مزگەوتی حاجی مەلا شەریف، هەرچەندە باوک و دایکی ڕەحمەتیم لە ساڵانی پەنجاوە لە دێهاتەکانی شارباژێڕەوە بارگەو بنەیان گواستەوەو هاتنە شارو لەو خانووەدا جێگیربوون کەمنی تیا لە دایک بووم، لەساڵانی پەنجاوە تا ١٩٨٤ بەبیرم دێ سێ جار ئەو خانووەی ئێمە دەستی بەسەرا هێنراوەو چاککراوە تاکو کردمان بەخانوویەکی دووقاتی چیمەنتۆ... هەمو جارێک دایکم بە باوکمی ئەووت: با ئەم خانووە بفرۆشین و بڕۆینە گەڕەکێکی تازە... باوکم دەیفەرموو من هەتا لە دنیا بمێنم دەبێ هەر لەم خانووەدا بژیم، کەمردیشم دوای خۆم چی دەکەن بیکەن.

ئەمە ئەگەر لێکی بدەیتەوە خۆشەویستیەکەو هۆگر بوونێکە بەشتێکەوە، کەزۆر کەس لەسەری ڕاهاتوون و تا مردن پابەندن لەسەری، زۆر کەسی ئەم شارەش تا مردن هەر لەیەک خانوودا ژیاون و گوێیان نەداوتێ.

منیش کە لەدایک بووی ١٩٦٢م لەو خانووەدا لە دایک بووم تا ساڵی ٢٠٠٠ هەر لەوێ ژیاوم، لەوێش ماڵ و خێزانم پێکهێناوەو چوار منداڵیشم هەر لەو خانووەدا بووەو نیوە گەورەم کردوون جێگەم نەبووەوە ئینجا ڕۆشتووم.

ئەوەندەی یادگاریم لەو خانووەی مەڵکەندیدا هەیە لەماوەی ٣٨ ساڵدا. ئەتوانم بڵێم لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ وە هەتاکو دەمرم، ئەوەندە یادگاری خۆش نابینم. هەر ئەو یادگارییە خۆشانەی گەڕەکە کۆنەکانی مەڵکەندی و شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو، منی خستەسەر ڕێبازی نووسین و بتوانم دەستم قەڵەم بگرێ و یادگارییەکانی ئەم شارەو ئەوەی دیوومە بیگێڕمەوەو بیکەمە ئەرشیفێکی بچکۆلانەو پێشکەشی خوێنەران و خەڵکی شارە خۆشەویستەکەمی بکەم. هەر لە منداڵیمەوە ڕاهاتووم لەگەڵ خۆشەویستی بێپایانی ئەم شارەدا، نازانم باسی چی یادگارییەکی خۆشی تیا بگێڕمەوە، هەرچەندە لەزۆر نووسینا زۆر یادگاریم باس کردووە، بەڵام باسی یادگارییەکانی منداڵیم تیا نەکردووە کە لەبەردەرگای ماڵی خۆمانا، یان لە کۆڵانەکان بەشەوو بەڕۆژ یاریمان

تیا دەکرد، ئێستا لێرەدا ناگێڕدرێتەوە، دەبێت ئەوە بەتایبەت بۆی دابنیشم و خەیاڵم بڕواو بەشێنەیی چیم بینیووە بینووسمەوە، ئەوەش کتێبێکی تایبەتی دەوێ.

ئای لەو کاتانەی بەهاران دەڕۆیشتین بۆ کارێزی وەستا شەریف و کانی با و کانی شەکراو، هەریەکێک لەخێزانەکەمان پارچەیەک شتی هەڵدەگرت و یاپراخمان دەبرد بۆ سەیران، لەمسەرەوە بەخۆشی و لەو سەریشەوە بەهیلاکی دەگەڕاینەوە.

هەر ئەو بیرەوەرییە خۆشانەن بووە زادەی نووسینی (یاپراخ) لە گۆڤاری سلێمانی دا، یاخود زستانی سەخت و چێشتی (ترخێنە)، کە بەهەمموومان ژوورێکمان هەبوو لە ناوەڕاستی ژوورەکـەدا تەنها یەک عەلادین بوو، دەورمان دەدا، خێزانێکی بەختەوەر دادەنیشتین و تەنها ڕادیۆیەک کەباوکم بەلایەوە دادەنیشت و ئێمەش گوێمان لێدەگرت، نازانم باسی چی بکەم، باسی شەقامەکانی شار باسی کۆڵانەکانی، یان بازاڕو دووکانەکانی، من توانیومە کەف و کوڵی دڵی خۆم دابمرکێنم و بەنووسین چەند بابەتێک دەربارەی شاری سلێمانی و چەند یادگارییەکی خۆشی تیا بنووسمەوەو لەگۆڤاری سلێمانی خۆشەویست و لەچەند گۆڤارێکی تردا وەکو گۆڤاری شەهید ژیاننامەی چەندین شەهیدی قارەمان بنووسم کە لەپێناوی کوردو کوردستان و ئەم شارەدا گیانی خۆیان بەخشیووە، ئەوانەش هەر بەئەرشیفی شاری دەزانم و هیوام وایە حەقێکی خۆیانم پێدابن، یان لە گۆڤاری چیا-ی پڕ شکۆدا باسی شەهیدانی ڕەشبگیری ١٩٦٣م کردووە، یان لە گۆڤاری بابان دا کەدەربارەی مامۆستای بەڕێزو بەتوانای شاری سلێمانی مامۆستا مستەفای مەلا محەمەدی مەڵکەندی کەشایستەی لەوە زیاترە، یاخود لە گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی دەربارەی یەحیا ئەفەندیی وێنەگر باسێکم بڵاوکردۆتەوە هیوام وایە جێی خۆی گرتبێت لە ئەرشیفی شارەکەمان.

ئەم کتێبە هەموو ئەو نووسینانەن کە لەگۆڤارەکاندا بڵاوم کردونەتەوە، ئێستا پێم خۆشە هەموویان بکەم بەیەک و بەناوی ئەرشیفی شارە خۆشەویستەکەمانەوە لـەدوو توێی کتێبێکدا چاپیان بکەم و بیانخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەری ئازیز، هیوام وایە کەلێنێک بگرێ لە ئەرشیفی شارەکەماناو لە کتێبخانەی کوردیدا.

خوێنەری خۆشەویست لەم پێشەکیەدا دەتوانم زۆر یادگاری بگێڕمەوەو

زۆر شتیش بنووسم، بەڵام نامەوێ ئێوەی خوێنەر هیلاک بکەم، بۆیە بەکورتی پێشەکیم بۆ نووسی.

ئەوەش بڵێم نووسینەکان وێنەی زۆریان لە گەڵدایە:

یەکەم: بۆ تام و چێژی بابەتەکان کە بەوێنەی ئەرشیفی شارەوە جوانن.

دووەم: خۆم ئارەزووم لە وێنەو وێنەگرتنە، بۆیە زیاتر گرنگی بەوێنە دەدەم.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم ئەم نووسینانە لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە هەروا بەئاسانی نەهاتوونەتە بەرهەم، بڕوا بکەن هەیانە دوو ساڵی پێوە خەریک بووم تا تەواو بووە، بۆ نموونە نووسینی شەقامی ئیبراهیم پاشاو خانووە قوڕەکان یەکی دوو ساڵ خەریک بووم، هەتا وێنە پەیداکراوەو خەڵکم بینیوەو قسەم لەگەڵدا کردوون تەواو هیلاک بووم، زۆر کەس پشت گوێی خستووم و زۆر کەسیش دەستی ناوە بەڕوومەوە، ئەتوانم بڵێم قسەشیان پێ وتووم، بەڵام من هەر کۆڵم نەداوەو هەمیشە وتوومە بمەوێ زێڕ بەرهەم بهێنم دەبێ هیلاکیش ببم.

لەکۆتاییدا سوپاسی بێپایانم بۆ ستافی بەڕێوەبەری هەموو گۆڤارە کوردییەکان کەهاوکارم بوون و نووسینەکانیان بۆ بڵاوکردوومەتەوە بەتایبەتی گۆڤاری سلێمانی خۆشەویست، سوپاس و ڕێزی تەواوم بۆ بەڕێز مامۆستا ئەحمەد حسێن سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی کە هەمیشە هاوکارم بووەو هانیداوم بۆ نووسینەکانم دەربارەی ئەرشیفی شار.

# چەند تێبینییەك:

-١له گۆڤاری سلێمانی دا کۆمەڵێک نووسینم نوسیووه، لێرەدا هەموویان چاپ دەکەمەوە بەڵام بەپێی ژمارەی گۆڤارەکە دایان نانێمەوە، واتا پاش و پێشیان پێدەکەم، هەر نووسینێک ژمارەی گۆڤاری خۆی بۆ دادەنێم، لەبەر گرنگی کتێبەکە وای بەباش دەزانم.

-٢ئەم نووسینانەی گۆڤاری سلێمانی هەموویان لەیەک بەشدا دادەنێم، بەڵام وەکو وتم: پاش و پێش کراون.

-٣ئەگەر تێبینییەکم هەبێت لەخوارووی لاپەڕەکەوە پەراوێزی بۆ دەنووسم، بۆ زانیاری زیاتر.

-٤لەبەرئەوەی لە گۆڤارەکانا هەر ئەوەندە لاپەڕەیان تەرخان کردووە بۆ بابەتەکەم، وێنەیان کەمتر بۆ بڵاوکردوومەتەوە، بەڵام من لێرەدا وێنەی زیاتریان بۆ دادەنێم، بۆ تام و چێژی نووسینەکەو هەم بۆ ڕازاندنەوەی کتێبەکە وەک ئەرشیف.

-٥تەنها یەک نووسینی گۆڤاری سلێمانی دەگوێزمەوە بۆ بەشی گۆڤاری شەهید چونکە لەسەر ئافرەتە دڵسۆزەکانی شارم نووسیوە ئەمەوێ هەر بەیەکەوە دایان بنێم.

-٦هەر نووسینێک لەهەر گۆڤارێکدا بڵاوکرابێتەوە لاپەڕەی خۆی بۆ تەرخان کراوە.

# نووسینەکان لە گۆڤاری سلێمانیدا

# شەقامی ئیبراهیم پاشا
# لە مێژووی شاری سلێمانیدا





ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٤٠) بڵاوکراوەتەوە



کاتێک شاری سلێمانی بنیادنراوە لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە، بەناوی سلێمان پاشای کوڕییەوە ناوی‌نا، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ناوی بابانەکان درەوشاوە بێت، هەموو گەڕەکێکو شەقامێکیش ناوی لێنراو هەر شوێنە بەناوی تایبەتی خۆیەوە، یان بەناوی گەورە پیاوێک یان ناودارێک یان ناوی مەزارێک یان شاعیرێک، بۆ نمونە گەڕەکی جولەکان بەناوی ئەو جولەکەکانەوە ناونراوە کەزوو لەسلێمانی بوون یان ئەسحابەسپی بەناوی ئەسحابەیەکەوە ناونراوە، یان شەقامی کەریمی عەلەکە بەناوی بەناوبانگترین پیاوچاکی سلێمانیەوە ناونراوە، کەوەختی خۆی کەسێکی دەستو دڵفراوان بووەو یەکێک بووە لەوەزیرەکانی سەردەمی شێخ مەحمود.

شەقامی ئیبراهیم پاشاش کەدروستکرا بەناوی میری بابانەکانەوە ناونرا، چونکە لەسەرەتای شەستەکاندا کەتازەترین شەقام دروستکرا شەقامی ئیبراهیم پاشایە.

# مێژووی شەقامی ئیبراهیم پاشا


مامۆستا فەیسەڵ

وەکو لەنزیکەوە چوومە خزمەتی مامۆستا فەیسەڵ کە لەسەرەتای ١٩٦٠وەماڵیان لەنزیک شەقامەکەیەو یەکێکە لەمامۆستا دێرینەکانی شارو ئێستا خانەنشینەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩یەو باوکی چەند کوڕێکە شێرکۆ، شاهۆ، شەهێنو ئاکۆی فەیسەڵەفەندی.

منیش بەخۆشحاڵییەوە چەند پرسیارێکم لێکرد دەربارەی دروستکردنو مێژووی ئەو شەقامە، وتی:

-من لەساڵی ١٩٤٤ قوتابی بووم، دەهاتم بۆ سەر لێواری ئەم شەقامە بۆ سەعی کردن کەئەوسا شیوێکی زۆر قوڵ و فراوان بوو، ئەوکاتە هیچ ماڵێک لەو ناوەدا نەبوو تەنها کارێزی دارۆغا نەبێت کەهێشتا نەکرابوو بەمزگەوت، خەڵکی گەڕەکی مەڵکەندی گەنمو جۆیان تیا دەکرد لەبەرئەوەی دەشت بوو.

ئەیوت کەقوتابی بووم دەهاتم بۆ سەعی لەدڵی خۆمدا خەیاڵم ئەکردو ئەموت تۆ بڵێی رۆژێک بێت من ژن بهێنمو خانوویەک لەوبەرەوە دروستبکەمو بەماڵ و منداڵەوە تیا بژیم، ئەوکاتە ئەو چاڵە گەورەیە بۆ بەربەستی لافاوی سلێمانی کرابوو لەزستانو بەهاردا، چونکە لەساڵی لافاوەکەی سلێمانیەوە لە ١٩٥٧/١٠/١٨ هەمیشە خەڵکو حکومەت ترسیان هەبوو لەلافاو.

بۆ پەڕینەوەش لای قوتابخانەی ناوەندی ژینی ئێستا، پردێکیان دروستکردبوو ئەوکاتە حکومەت باجی دەسەند لەو لادێیانەی لەشارباژێڕەوە دەهاتن بۆ شار، هەموو بارێک دوو فلسیان لێدەسەند باجگرەکەش ناوی

ئەحمەد ئاغا بوو، لای فولکەی گۆزەکانیش لەوسەری ئیبراهیم پاشا پردێکی تر هەبوو بەهەمان شێوە هەر لەسەرەتای سالانی شەستەوە ئەو چاڵە گەورەیان کرد بەسندوقی زێراب، بەڵام دەورەکەیان پڕ نەکردەوە، پاشان کەمن بووم بەمامۆستا لەگەڵ ٤٠ مامۆستای تردا ٤٠ پارچە زەوی ٤٠٠ مەتریمان وەرگرت پارچەی بە ٥٩ دینار، هەموومان لەسەر دەستووری نوێ کردمان بەخانوو، ئاومان لەکارێزی دارۆغاوە بۆ ڕاکێشا، حکومەتیش زێرابی ماڵەکانی بۆ دروستکردین‌و خستیە سەر ئەو سندوقە گەورەیەی سەر شەقامەکە، ئینجا خەڵکی ئەو ناوە هەرچی پەین‌و خۆڵ‌و خاشاک‌و پیسایی شاربوو بەتایبەتی گەڕەکی مەڵکەندی هەموویان ئەکردە ناو ئەو شیوەوە، هەتا بڵێی کارێکی ناشیرین بوو، پاشان حکومەت وردە وردە بڕیاری دەرکردو کردی بەچەورێژو تەختی کردو بوو بەو شەقامە گەورەیە، ئینجا پاش چەند ساڵێک زەوییەکانی پشتی شەقامەکەی دابەشکرد بەسەر هاووڵاتیانداو ئەو گەڕەکانەی پشتی شەقامەکە دروستکران، پاش چەند ساڵێک حکومەت شوستەو قیرتاوی کردو ناوڕاستەکەی کرد بەباخ‌و خزمەتێکی باشکرا، ناویان نا شەقامی ئیبراهیم پاشا، ئینجا وردە وردە ئاوەدانکرایەوەو هەتا ناوەڕاستی شەستیش سەیارە زۆر کەمبوو تەنها پیکابەکەی مامەڕەشە دەڕۆی بۆ خانووە قوڕەکان (گەڕەکی ئازادی ئێستا) چونکە ئەو ناوە زۆر چۆڵ بوو .

هەروەها خۆشم چەند پرسیارێکم لەبەڕێز مامۆستا جەمال بابان کرد دەربارەی ئەو شەقامە بەهەمان شێوەی مامۆستا فەیسەڵ قسەی کرد، ئەیوت: بەربەستێکی زۆر گەورە بوو پاشان سندوقی بۆ کراو پڕکرایەوە، لەدوای ساڵی ١٩٦٢ کرا بەشەقام‌و لەساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ ئەنجوومەنی شارەوانی ئەوکاتە بەبیرۆکەی من کەبەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی بووم ناومان نا شەقامی ئیبراهیم پاشا.

من خۆشم (نووسەری ئەم بابەتە) وەکو منداڵێکی ئەوناوە کەماڵمان لەکۆڵانی یەکەمی خوار شەقامەکەوە بوو لەساڵی ١٩٦٢ هەر لەو گەڕەکە لەدایکبووم، هەموویم لەبیرە کەناوەڕاستی شەقامەکە هەمووی باخ‌و گوڵ و چیمەن بوو،

ئێمەش شەوانە وەکو گەنجانی ئەوناوە لەسالآنی سەرەتای حەفتا هەموومان پۆل پۆل لەسەر چیمەنەکەی دادەنیشتین ، پاشان لەم سالآنەی دواییدا شەقامەکەیان فراوان کردوو ئەو باخو چیمەنەیان نەهێشتن، ئێستا ئەو شەقامە فراوانەیە کەئەیبینین، ئەمە بەکورتی مێژووی شەقامی ئیبراهیم پاشایە.



پارێزەر جەمال بابان

## شەقامی ئیبراهیم پاشا لەڕووی جوگرافییەوە

شەقامی ئیبراهیم پاشا سالآنی پێش حەفتا تەنها سێ فولکەی ئۆتۆمبێلی تیا بەدی دەکرا، فولکەی یەکەم لەبینای گەورەی (دار الطلبة)وە کەبۆ ئەو خوێندکارانە دروستکرابوو کەلەلادێکانەوە دەهاتن بۆ خوێندن ئێستا ناوەندی گۆیژەی کوڕانە، دووەمیان بینای خەستەخانەی شیرەکەیە کەهەر بەرامبەری (دار الطلبة) دروستکرا بۆ چارەسەری نەخۆشی خەڵکی شارو گەڕەکەکانی ئیبراهیم پاشاو دەوروبەری بوو، مەعمەلی سەهۆڵەکە بەتەنیشت (دار الطلبة) بوو خاوەنەکەی ئەحمەدی عەبە دەلاک بوو لەهاوینان سەهۆڵی دروست دەکرد بۆ خەڵکی شارەکە، لەمسەریش لای فولکەی کاوە قوتابخانەی پیرەمەگرون‌و مزگەوتی سەلآحەدین بەدی دەکرا.

فولکەی ناوەڕاستیش لای ناوەندی ژینی کچانی ئێستا شەقامەکەی کە دەڕوات بۆ ئازادی، بەڵام باقی سنووری شەقامەکە هەمووی ماڵ بوو، جێگای مزگەوتی سەلیم بەگ دەشت‌و چۆڵی بوو، جێگای قوتابخانەی ژین، سەوزەو سلق‌و شێلمی تیا دەکرا خاوەنەکەی مامەقالەی کانی ساردی بوو،

تەنها چەند دوکانێک بەدی دەکرا بەم ناوانە:
-١فرۆشگای نەوبەهار: لەوسەری شەقامەکە لای فولکەی گۆزەکان.
-٢ساردمەنیو شیرینی بێخاڵ: لەناوەڕاستی شەقامەکەدا خاوەنی عومەر بێخاڵ بوو کەتائێستاش هەرماوەو تەهای کوڕی بەدەستیەوەیەتی.
-٣دوکانی حاجی رەشید سیرینی: ئەویش هەر ماوەو ئێستا بەشێوەیەکی تازە پەنچەرچی سەربەستە.
-٤لەوبەریشی دوکانی حەمە شەشە بۆسکانی: ئێستاش هەر ماوەو بەشێوەیەکی تازە دروستکراوەتەوەو محەلەبی خانەی جەباری حەمەکۆڵە.
ئەو ماڵانەی لەپێش ساڵانی ١٩٦٠ دا دروستکرابوون بەناوی خاوەنەکانیانەوە ژن یان پیاو ناوبانگیان دەرکردبوو، چونکە ئەوکاتە ئەو ریزە ماڵە وەکو سنووری گەڕەکی مەڵکەندی هەتاکو خوارووی قەراغی شەقامی ئیبراهیم پاشا هاتبوون، ئەم ماڵانە بوون، ئەوانەی من لەبیرم بێتو بیانناسم:
-١ماڵی حاجی شێخ فەرەج سەرخواری (ماڵی باپیرم).
-٢ماڵی حاجی ئەحمەد شوکێیی.
-٣ماڵی ئەحمەدە شێخی.
-٤ماڵی حاجی رەشید سیرینی.
-٥ماڵی ئەوڕەحمان پیزەکۆل.
-٦ماڵی حەمە وەڵانەیی.
-٧ماڵی مینا بلۆک.
-٨ماڵی عەزە باوەمەردەیی.
-٩ماڵی حاجی عەزیز.
١-٠ماڵی شەهید عومەر میرزا.
١-١ماڵی نوری کەردار (باوکی مەلا ئەحمەدی قورئان خوێن).
-١٢ماڵی مەلا رەحمان.
-١٣ماڵی ئامەی گولناز (یەکەم ژنی مەڵکەندیو ئیبراهیم پاشاو ژنێکی ئازاو چاونەترس بوو).
-١٤ماڵی مام سایەق.

-١٥ماڵی مەلا ئەمینی کانی ساردی.
-١٦ماڵی مەجید سەلیم.
-١٧ماڵی حاجی شێخ جەمیل (باوکی خۆم).
-١٨ماڵی حاجی جەلال وێڵەدەری.
-١٩ماڵی حاجی تۆفیق.
-٢٠ماڵی رەئوفی دێوانەی خەیات.
٢١ماڵی حاجی کەریم (باوکی عەقید بەرزان‌و موقەدەم ئیدریس حاجی کەریم) مامی شەهید تایەری حاجی عەزیز.
-٢٢ماڵی کەریمی مسگەر (مەنجەڵی مسی سپی دەکردەوە).
-٢٣ماڵی خەلیفە ئەحمەد.
لەناوەندی ژین بەولاوە ئەم ماڵانە دەکەوتنە سەرشەقامەکە:
-٢٤ماڵی عوسمانی ڕابە (پێشمەرگەی دێرین).
-٢٥ماڵی غەفورە جوجە (پێشمەرگەی شەهید).
-٢٦ماڵی حاجی سدیقی مەڵکەندی.
-٢٧ماڵی سەلیم سەهۆڵ.
-٢٨ماڵی وەستا ئەحمەدی شیرگەر (باوکی مامۆستا کەمال شیرگەر لەساڵی ١٩٧٤ بنکەی خۆ حەشاردانی پێشمەرگە بووە).
-٢٩ماڵی عەقید نوری (نوری کەڵەشێر) لەساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بوو ماڵەکەیان کرد بەمقەڕی حزبی شیوعی کەئەوکاتە لەگەڵ حکومەت بوون.
لەدوای ساڵی ١٩٦٠ شەقامەکە دروستکراو سەدەکە پڕکرایەوە، ئینجا گەڕەکەکانی ئەوبەری شەقامەکە دروستبوون کەهەمووی لەسەر نەخشەی تازە دروستکران، ئەو ماڵە بەناوبانگانەی ئەوبەری شەقامەکە کەتازە دروستکران ئەمانەبوون، ئەوانەی من بیانناسم:
-١ماڵی حاجی ئەحمەد بۆسکانی (باوکی شەهید رزگار).
-٢ماڵی حاجی رەسوڵ بۆسکانی.
-٣ماڵی حاجی سەعید بۆسکانی.
-٤ماڵی حاجی ئیبراهیم حارس.
-٥ماڵی وەستا عەلی سەراج.

-٦ماڵی وەستا کامیلی سەراج (باوکی ئاوات کاملی شاعیر).
-٧ماڵی حەمەکۆڵ (باوکی جەمالی حەمەکۆڵ).
-٨ماڵی حاجی محەمەد رەشید بۆسکانی حەمە شەشەی بۆسکانی (باوکی شەهید سەلام).
-٩ماڵی حاجی فەتاحی مەتعەم سلێمانی (هەر لەوێدا ماون).
١-٠ماڵی حاجی سدیق.
١-١ماڵی مەجید سوڵتان (باوکی شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان).
-١٢ماڵی مەلا مەحمود (باوکی شەهید سەلامی مەلا مەحمود).
-١٣ماڵی مەلا ڕەزا.
-١٤ماڵی خولە عەیلە (باوکی تەهای خولە عەیلە) یەکەم ماڵە لەوبەری شەقامەکە دروستکراوەو هەر لەوێدا ماون.
-١٥ماڵی کاکەی فەلاح.
-١٦ماڵی مامۆستا فەیسەڵ.
-١٧ماڵی مامۆستا شێخ محەمەد باساکی (باوکی شەهید مامۆستا خەبات).
-١٨ماڵی شەریفی قالەبەراز.
-١٩ماڵی شەهید جەلالی ئەحمەد فەهمی (باوکی شۆڕش جوانڕۆیی).
-٢٠ماڵی سەڵاحی ئەحمەد فەهمی-بەڕێوەبەری کۆنی پۆلیسی سلێمانی برای شەهید جەلال ئەحمەد فەهمی کەبەرامبەری قوتابخانەی پیرەمەگرون بوو، ئەمیش کەسێکی باوبانگی شار و یەکێکە لەئەفسەرە کوردە تێکۆشەرەکان.
-٢١ماڵی شێخەی نوقڵ کە لەخوار فولکەی کاوەوە بوو پشتی قوتابخانەی بێخود، کە ئەمیش کەسایەتییەکی بەناوبانگی شار بوو.

جگە لەم ماڵانە شوێنە بەناوبانگەکانی شەقامی ئیبراهیم پاشا ئەمانە بوون، پێش ساڵانی حەفتا تەنها (دار الطلبة)و خەستەخانەی شیرەکەو مەعمەلی سەهۆڵەکەو قوتابخانەی پیرەمەگرون‌و مزگەوتی سەڵاحەدین بوون، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٠ مزگەوتی سەلیم بەگو ناوەندی ژین دروستکران‌و شەقامەکەیان پڕکردەوە، ئێستا چەندەها ماڵ ڕوخێنراون‌و کراون بەباڵەخانەی گەورە وەکو لەوێنەکەدا دەبینرێت.


## شەقامی ئیبراهیم پاشا لەڕووی خەباتی نەتەوایەتیو شۆڕشی نوێوە


هەر لەسەرەتای هاتنە سەرحوکمی بەعسییەکانەوە هەمیشە گەلی کوردو شۆڕشەکانی بەردەوام بوون لەخەباتی سیاسی دژی حکومەت، شاری سلێمانی کەپێشەنگی کاروانی خەبات بوو لەکوردستانداو خەڵکی هەموو گەڕەکەکانی شار بەشداربوون بەتایبەتی گەنجەکان کەدرێغیان نەکردووە، بۆیە هەر لەڕەشبگیریەکەی (منع التجول)ی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ کەدانیشتوانی شاری سلێمانی سەرتاسەری گرتەوە کەشەهیدێکی زۆر درا لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا، شەقامی ئیبراهیم پاشاو دەوروپشتیشی بێبەش نەبوون چەندەها شەهیدو برینداریانداو تووشی کێشەو چەرمەسەری بوون، یەکەم شەهیدی دەستی حوکمی بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٣ لەشەقامی ئیبراهیم پاشا شەهیدی بێتاوان شێخ باقر شێخ فەرەج سەرخواری بوو کەماڵیان لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو، کارمەندی کارگەی جگەرەی



لەکاتی دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامی ئیبراهیم پاشا

کۆمەڵێک وێنەی ئەو خاوەن ماڵانەی لە شەقامی ئیبراهیم پاشا دا ژیاون



شێخ فەرەج سەرخواری


حاجی کەریم


حاجی جەلال وێڵەدەری



حاجی شێخ جەمیل


حاجی فەتاحی مەتعەم


حاجی ئەحمەد بۆسکانی


مامۆستا شێخ محەمەد باساکی


حاجی حەمە شەشە


مامۆستا فەیسەڵ

کۆمەڵێک وێنەی ئەو خاوەنماڵانەی لە شەقامی ئیبراهیم پاشا دا ژیاون



مینا بلۆک



ئامەی گوڵناز




مەلا مەحمود



مامۆستا کەمال شیرگەر



مەلا ئەحمەد- قورئان خوێن



نووری کەردار



شێخەی نوقڵ



مەجید سوڵتان



خولە عەیلە



مامۆستا عوسمان سەعید



شەهید جەلال ئەحمەد فەهمی



سەڵاحی ئەحمەد فەهمی

سلێمانی بوو، لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا کەویستی لەو کارەساتەو لەدەست پیاوانی دەستی زەعیم سدیق هەڵبێ، بەڵام لەگەڵ چەند خێزانێکدا لەسەرو شارەوە بەشەو بەر دەستڕێژی گوللەی بەعسییەکان کەوتنو هەموویان شەهیدکران، پاشان بەعسییەکان نەیانهێشت تەرمەکەی لەگردی سەیوان بنێژن، بۆیە کەسوکاری خۆی بەدووری سەد مەتر لەخوار شەقامی ئیبراهیم پاشاوە لەتەنیشت مەزاری کاکە لاوەوە دەینێژن کەئەوسا گۆڕستانێکی گەورەبوو، بەڵام ئێستا تەنها گۆڕی کاکە لاو و شێخ باقر ماون لەو شوێنەدا (شەهیدی ناوبراو خاڵی نووسەری ئەم باسەیە).

یەکێکی تر لەقوربانیانی ئەو کارەساتە عەبدوڵڵا محەمەد کەریمە کەلەتەمەنی ١٠ ساڵیدا لەسەرو شەقامی ئیبراهیم پاشاوە بەر دەستڕێژی بەعسییەکان دەکەوێو قاچێکی دەپەڕێ، ئەویش خەڵکی سەر ئەو شەقامەیە ماڵی مەلا رەحمان، عەبدوڵڵا ئێستا تەمەنی ٦٠ ساڵەو بەدەست کەم ئەندامییەوە دەناڵێنێ.

لەشۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٤یشدا شەهیدی قارەمان عومەر میرزا کەخەڵکی سەرشەقامەکە بوو، ئەویش لەشەڕێکی قارەمانانەدا شەهیدکرا، پلەی سەر پەلی هەبوو.

ماڵی عوسمان سەعید ماڵی ئەمانیش پەنجا مەتر لەشەقامی ئیبراهیم


پاشاوە دوورە لەسەر شەقامی دارۆغـا لەساڵی ١٩٧٠ دا دروستکراو ناوبراو تێکۆشەرێکی راستەقینە بوو، دوای یانزەی ئازار کەشۆڕش دەستی پێکردەوە مامۆستا عوسمان سەعید ڕۆیشتە شاخو حکومەت ماڵەکەی داگیرکردو کردی بە بنکەیەکی سەرەکی سەربازی ناوشارو شەوانەش پێشمەرگە دەهاتن بۆ سەر بنکەکەو دەبوو بەشەڕ، پاش ئاشبەتاڵ حکومەت خانووەکەی دایەوە، بەڵام بەکرێچێتی وەریگرتەوەو ڕۆیشتەوە ناوی، واتە کرێی دەدا بەحکومەت.

## شۆڕشی نوێ

هەر لەسەرەتای شۆڕشی نوێوە شەقامی ئیبراهیم پاشا دەورێکی باڵای هەبووە بۆ خەبات لەشاری سلێمانیدا، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ەوە بۆ خۆپیشاندان شەقامێکی فراوان بوو، بەتایبەتی لەوسەری شەقامەکەوە لەگردی سەیوان‌و شەهیدانەوە کەخۆپیشاندانی جەماوەری دەکرا بەرەو شەقامی ئیبراهیم پاشا دەهاتن، چونکە کۆڵانێکی زۆری تیابوو بۆ دەربازبوونی جەماوەر لەدەستی بەعسییەکان، گرنگی هەبوو بۆ ئامادەیی سلێمانی‌و ناوەندی ژینی کچان بۆ خۆپیشاندانی خوێندکاران کەتێکەڵ بەیەک دەبوون لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکانی ترو دەوروبەری ئیبراهیم پاشا، بۆ چالاکی شەوانەی


شەهید شێخ باقر


کەمئەندام عەبدوڵڵا محەمەد کەریم


شەهید عومەر میرزا

ڕێکخستنەکانی ناوشار شەقامێکی سەرەکی بوو بۆ نووسینو بڵاوکراوەکانی ڕێکخستنو بۆ هەڵواسینی پۆستەرو بەیانات، لەبەرئەوەی دیواری ماڵەکانی فراوان بوونو بۆیاخ کرابوونو نووسینی جوان تیا دەردەکەوتو ورەیان دەدا بەجەماوەری شارو حکومەتی بەعسیان بێزار دەکرد. بۆ کاری چالاکی پێشمەرگەش لەشەودا سەرەکیترین شەقام بوو بۆ پێکدادان لەگەڵ حکومەتدا، بۆیە شەوانە پیاوانی ڕژێم لەسەربانی ناوەندی ژینو خەستەخانەی شیرەکەو (دار الطلبة)و زۆربەی ماڵە گەورەکانی سەرشەقامەکە کەمینان دادەنا بۆ هاتنی پێشمەرگە لەکاتی چالاکی شەوانەدا بۆ ناو شار.

## گیانفیدایانو شەهیدانی خەڵکی شەقامی ئیبراهیم پاشا

لەسەرهەڵدانی شۆڕشی نوێوە لەدوای ساڵی ١٩٧٥ ەوە کۆمەڵانی خەڵک لەناوشاری سلێمانیدا کەوتنە خۆیان بۆ چالاکی پێشمەرگانە.

شەقامی ئیبراهیم پاشاش یەکێکبوو لەو شوێنانەی کەکۆمەڵێک گەنجی چالاکی تیابوو، پەیوەندی بەهێزیان هەبوو بەشۆڕشەوە، چەندەها ماڵ بوونە قوربانیو سوتەمەنی شۆڕشی نوێ، کەئێستا دەتوانین باسی زۆربەیان بکەین:

-١عوسمان ئەحمەد نەسروڵڵا (ناسراو بەعوسمانی نانەوا): یەکێکبوو لەو تێکۆشەرانەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بەکۆمەڵەی (م.ل) هەبوو لەدەستپێکردنی شۆڕشی نوێوە بەدڵ و بەگیان تێکۆشاوە لەپێناوی شۆڕشداو کەسێکی گیانفیدا بووە بۆ گەلەکەی، هەتاکو ئێستاش بەسەری بەرزەوە دەژی لەناو شاری سلێمانیدا، لەساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شەهید خاڵە شیهابو هاوڕێکانیدا دەستگیردەکرێ و حوکمی شەش ساڵ زیندانی بەسەردا دەدرێ، لەساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ کاک عەلی بچکۆل و ئەواندا بەلێبوردن ئازاد دەکرێت و دۆستی نزیکی شەهید ئارام دەبێت، بێکۆڵدان لەخەبات بەردەوام دەبێت، ناوبراو خەڵکی کۆڵانی خواروی شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو بەرامبەر ماڵی نووسەری ئەم باسە.

-٢مەجید سەلیم: لەساڵی ١٩٦٢ دەستدەکات بەخەباتو تێکۆشەرێکی

شۆڕشی نوێ‌و هەمیشە لەخزمەتی شۆڕشدا بووە، لەساڵی ١٩٨٧ دەستگیردەکرێ بەخۆیی‌و خێزانیەوە، تا راپەڕینی سلێمانی بەردەوام دەبێت لەخەبات، ئێستاش وەک مرۆڤێکی پاک بەسەری بەرزەوە دەژی، ناوبراو خەڵکی کۆلانی خوار ئیبراهیم پاشا بوو، ماڵیان بەرامبەر ماڵی عوسمانی نانەواو دراوسێی خۆمان بوو.

-٣شێخ حسێن شێخ جەمیل: ناوبراو برای خۆمەو لەساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی دەبێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تا ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥، لەساڵی ١٩٨٠ یارمەتیدەرێکی بەوەفاو بەئەمەک دەبێ بۆ شۆڕشی نوێ، بەدڵ و بەگیان، یارمەتی رێکخستنەکانی ناوخۆ دەدات چ بەماڵ‌و چ بەجل‌وبەرگ‌و گواستنەوەی رێکخستنەکان‌و بەیانات‌و شاردنەوەی چەک لەماڵیدا.

ماڵەکەی هەمیشە لانەی خۆ شاردنەوەی رێکخستن بوو، لەساڵی ١٩٨٧ خۆم کەچەکێکی رژێم دەستکەوتبوو بریتی بوو لەکلاشینکۆفێک‌و هەشت مەخزەن لەماڵی ئەواندا شاردبوومەوە، تا راپەڕین بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەماڵەکەیدا بوو، ناوبراو خەڵکی شەقامی ئیبراهیم پاشاو دراوسێی ماڵی مەجید سەلیم‌و عوسمانی نانەوا بوو.

-٤شەهید جەلالی ئەحمەد فەهمی: ئەمانیش خەڵکی سەرشەقامەکەن‌و تەواوی خێزانەکەیان سووتەمەنی بوون بۆ شۆڕش، سێ برا لەئەندامانی خێزانەکەیان دەبنە پێشمەرگەی شاخ بەناوی (شاهۆ، هاوار، شۆڕش جوانڕۆیی-کەئێستا بەڕێوەبەری خانەی وەرگێڕانە لەسلێمانی- براکانی تریشیان رێکخستنی ناو شاردەبن).

باوکیشیان یەکێکبوو لەئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٦٣ حکومەتی بەعس لەسێدارەی دەدات بەناوی (جەلالی ئەحمەد فەهمی).

-٥عوسمان عەبدوڵلا (عوسمانی رابە): یەکێکە لەگەنجەکانی سەرشەقامی ئیبراهیم پاشاو لەسالانی پێش ١٩٨٠ دەبێتە پێشمەرگەی شاخ هەتا راپەڕینی ١٩٩١ بێکۆڵدان هەر پێشمەرگە دەبێت، ئێستا لەژیاندا ماوەو خانەنشینە.

-٦پێشمەرگەی دێرین بەهادین (ناسراو بەجوتیار): لەتیپی ٢٣ی سورداش، پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەرو جێگری کەرت دەبێت، ناوبراویش خەڵکی

سەرشەقامەکەیە.

-٧شەهید سەلامی مەلا مەحمود: یەکێک بوو لەڕێکخستنە دێرینەکان‌و کەسێکی دڵسۆزو چالاک‌و ئازاو بەدەستبوو بەرامبەر رژێمی بەعس، چەندەها جار بەئۆتۆمبێلی خۆی پێشمەرگەی لەناوشارەوە گواستۆتەوە بۆ شاخ، ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٧٦ دەستگیری دەکاو بەبێ پاکانەو بەسەری بەرزەوە دەچێتە بەر پەتی سێدارەو شەهید دەکرێت، ناوبراو کوڕی مەلا مەحمودی قورئان خوێن بوو لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا.

-٨شەهید ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان: یەکێکبوو لەفەرماندەی پێشمەرگە سەرەتاییەکان کە پێشتر پلەی ئەفسەری هەبوو، بەملازم ئەنوەر بەناوبانگ بوو، لەساڵی ١٩٧٩ شەهید کرا لەخێزانێکی بەناوبانگی شارە، ماڵیان لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو بەرامبەر ماڵی مەلا مەحمود.

-٩شەهید تایەری حاجی عەزیز: ئەمیش خەڵکی شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو لەسەرەتای شۆڕشی نوێوە دەبێتە پێشمەرگەو پلەی فەرماندەیی دەبێت، لەساڵی ١٩٧٩ لەکاتی شۆڕشی کوردستانی ئێراندا لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی قارەماندا شەهید دەبێ.

-١٠شەهید غەفور ئیسماعیل (غەفورە جووجە) گەنجێکی سەرشەقامەکەو لەخێزانێکی هەژارو رەنجدەر بوو، دراوسێی ماڵی عوسمانی رابە بوو، یەکێک بوو لەپێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، لەساڵی ١٩٨٠ لەچالاکیەکی مەفرەزەی شەوانەی ناو شاردا شەو لەشەقامی ئیبراهیم پاشا کەوتە کەمینی بەعسییەکان‌و لەگەڵ جەلالە سوور لای مزگەوتی دارۆغا شەهیدیان دەکەن.

-١١شەهید هاوڕێ عەبدوڵڵا سەید شەریف: خەڵکی ئیبراهیم پاشاو پێشمەرگەی شاخ لای شەهید جەلالی حەمەی مەحە، پاشان بێ تەسلیم بوونەوە بەرژێمی بەعس پەیوەندی دەکاتەوە بەڕێکخستنی ناوشارەوە، لەڕۆژی ١٩٨٣/٨/٣٠ لەکاتی پەردەلادان لەسەر پەیکەری کاوەی ئاسنگەر دەبێتە خۆپیشاندان‌و لەشەقامی ئیبراهیم پاشا بەدەستی بەعسییەکان شەهید دەبێت، ناوبراو رێکخستن بوو لای نووسەری ئەم باسە.

شەڕی مونەزەمەی عوسمان فایەق (کەئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی)یە لەدانوستاندنی ساڵی ١٩٨٤ شەڕێکی گەورەی تیاکرا لەنێوان پێشمەرگەو جەیشی شەعبیو بەعسییەکان، پێش ئەوە خۆپیشاندانی خوێندکاران بوو دژی رژێم، ئەوانیش دەستیان نەپاراستو کەوتنە تەقەکردن لەهاووڵاتیانو چەندەها کەسی بێتاوانیان شەهیدکرد، لەوکاتەدا پێشمەرگەیەکی زۆر لەناوشاردا بوو، لێیان کەوتنە تەقەو مونەزەمەکەیان وێران کرد. تیپی ٣٣ی سلێمانیش وەکو پارێزگاری لەخەڵک بەناو شاردا دەسووڕانەوە کەسەر تیپەکەیان جەمالی حەمەی خواکەرەم بوو، بەخۆیو پێشمەرگەکانەوە هەڵیان کوتایە سەر مونەزەمەکەو چەندەهایان لێکوشتن پاشان ئەوانەی تریشیان لەسەربانی مونەزەمەکەوە خرانە خوارەوەو چەند قوات خاسەیەکی رژێمیش کوژران، شەڕێکی گەورە روویداو لەو ناوەدا قوربانیەکی زۆر درا، لەمێژووی شۆڕشی نوێو ئیبراهیم پاشادا ئەوە کارەساتێکی گرنگە.

-١٢شەهید فەریق حەمەئەمین وێڵەدەری: شەهید فەریق گەنجێکی تێکۆشەر بوو لەساڵی ١٩٨١ پەیوەندی رێکخستنی دەبێت، لەساڵی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لەشاربازێڕ، لەدانوستانی ساڵی ١٩٨٤ شەوێک بەدەستێکی رەش لەدێی شوکێ شەهید دەکرێ، ناوبراو دراوسێی خۆمان و خەڵکی ئیبراهیم پاشا بوو.

-١٣شەهید نزار مستەفا رەشید: گەنجێکی لێهاتوو شۆڕشگێڕ لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەبێت بەشانە نهێنیەکانی ناو شارەوە، کەسێکی دڵسۆزو تێکۆشەر دەبێت، تا رۆژی ١٩٨٥/٢/١٠ بەزمان لێدانی خۆفرۆشێک ، پیاوانی بەعس دەرژێنە سەر ماڵەکەیانو دەستگیری دەکەن، ئەمیش لەدەستیان هەڵدێو تەقەی لێدەکەنو بریندارى دەکەن، پاش ٣٢ رۆژ لە ١٩٨٥/٣/١٢ لەخەستەخانەی جمهوری سلێمانی شەهید دەبێ، خەڵکی کۆڵانی بۆسکانیەکانی سەرو شەقامی ئیبراهیم پاشایە.

## کارەساتی (١٩٨٥/١٠/١٧) مەنع تەجەولەکەی سلێمانی

رەشبگیرییەکەی (منع التجول)ی سلێمانی رۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ کەڕۆژێکی زۆر شووم بوو، زۆربەی ماڵانو گەنجی سلێمانی زیانی گەورەیان بەرکەوت، رژێمی بەعس زۆربەی پیاوانی خۆیو خۆفرۆشانی کۆکردەوەو چواردەوری شاریان گرتو هێزەکانیان بەناوشاردا بڵاوکردەوەو شەقامی ئیبراهیم پاشاش بێبەش نەبوو لەو کارەساتە، ئەو ماڵانەی بەر ئەم کارەساتە کەوتن خۆیان گوللەباران کرانو ماڵەکانیشیان بەشۆفڵ رووخاندن، ئەمانە بوون:

-١٣ماڵی شەهید مامۆستا خەباتی مامۆستا شێخ محەمەد باساکی: رۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ ماڵەکەیان پشکنینو کۆمەڵێک بڵاوکراوەی رێکخستنو کۆمەڵەو کتێبی مارکس لەماڵیان گیرا، لەوکاتەدا مامۆستا خەباتو سۆرانی برای گیرانو هەر ئەو رۆژەش خانووەکەیان بەشۆفڵ رووخاندن، مامۆستا خەبات رۆژی دوایی ١٠/١٨ لەفولکەی نالی لەگەڵ چەند بێتاوانێکی تردا گوللەباران کرا، سۆرانی براشی لەعافواتی ١٩٨٨ لەزیندان ئازادکرا، ئەم ماڵە دەورێکی باڵایان هەبوو لەشۆڕشی نوێدا بەتەواوی ئەندامانی خێزانەکەیانەوە بوون بەسووتەمەنی شۆڕش جگە لەدەربەدەری خێزانەکەیان کەبەکچو کوڕیانەوە خەریکی کاری رێکخستن و پێشمەرگەی شاخ بوون، ماڵیان هەمیشە لانەی پێشمەرگە بوو، هەموویان سەر بەڕێکخستن بوون شانبەشانی خوێندن، شەونم خانی خوشکیان کەفەرمانبەر بوو لەدائیرەی کارەبا سەر بەڕێکخستنی ئافرەتان بوو کەرتی شەهید لەیلا، هەمیشە چاودێری رژێمیان لەسەربوو، لە ١٩٨٢/٣/١ ماوەی ١٠ رۆژ ماڵ و منداڵیان دەستبەسەرکران لەماڵەوە، پیاوانی مولازم موحسین نەیاندەهێشت بێنە دەرەوە لەبەر ئیخباری پێشمەرگە، پیاوانی بەعس بەجلی کوردییەوە لەماڵیان کەمین بوونو هەرکەسێک لەدەرگای ماڵیان بدایە ئەمنەکان کەجلی کوردی ماڵی مامۆستا شێخ محەمەدیان لەبەرکردبوو دەرگاکەیان دەکردەوەو دەیان گرتنو دەیان بردن بۆ ئەمنی سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە، لەماوەی ئەو ١٠ رۆژەدا ٧ کەس لەماڵیان گیران کە رێکخستنی کۆمەڵە بوون، پاش لێکۆڵینەوە لە دوای ٦

مانگ ئینجا ئازادکران، کەئەمانە ناوەکانیان بوون:
-١شێخ تەیب شێخ رەزا کویک.
-٢عوسمانی برای عومەر چاوشینی هونەرمەند.
-٣حاجی فایەق خوارەحم پارەزانی.
-٤ئایار.
-٥قادر جەبار-قوتابی زانکۆی موستەنسریە.
-٦خەلیل کەرکوکی-قوتابی زانکۆی بەغدا.
-٧حەمید مەلا ئەحمەد خەرامان هەڵەبجەیی.
(ئەم زانیارانەم لەئاراس-ی مامۆستا شێخ محەمەد باساکیەوە وەرگرتووە).
-١٤ماڵی شەهید مامۆستا حسێنو کوڕەکانی: ئەمانیش ماڵیان لەسەر شەقامەکە بوو، رۆژی ١٠/١٧ لەسەر وێنەی کوڕەکەیان کە خۆیی و زەردەشتی کوڕیو ئاواتی برازای گوللەباران کرانو ماڵەکەشیان بەشۆفڵ رووخاندنو دەستبەسەرکرا.
-١٥ماڵی مامۆستا ئەحمەد غەفور: بەهەمان شێوە ئامانجی کوڕیان کەلەزانکۆ بوو گیراو گوللەباران کراو خانووەکەشیان رووخێنراو دەستبەسەرکرا، ماڵیان لەسەرو ماڵی مامۆستا شێخ محەمەد باساکیەوە بوو.
-١٦ماڵی شێخ جەمیل: ماڵی نووسەری ئەم باسە کەلە (منع التجول)ەکە لەگەڵ براکەمدا گیرامو پاش ئازارو ئەشکەنجەی دەروونی دوای ١٣ رۆژ ئینجا ئازادکرامو براکەشم دوای نۆ مانگ ئازادکرا.
(بڕوانە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٣٥- بیرەوەرییەکی تاڵ باسی گێڕانەوەی مەنع تەجەولی سلێمانی لەنووسینی -رەئوف شێخ جەمیل).

## کارەساتی دوای ساڵی ١٩٨٥ لەشەقامی ئیبراهیم پاشا

لەدوای ساڵی ١٩٨٥ رۆژ بەرۆژ شاری سلێمانی وێران دەبوو، رژێمی بەعس ئەمری دەرکرد هەر کەسێک لەناوشاردا دەست رژێمی بەعس بکەوێ دەبێت خێزانەکەشیان وەکو خۆیان بکوژرێنوماڵەکانیشیان بروخێنرێتو دەست بەسەر بکرێن، بۆیە زۆر خەڵکی شار بەر ئەم کارەساتە کەوتن.

-١٧ماڵی شەهید ئاسۆی هەللاج: ئاسۆی هەللاج یەکێکبوو لەچالاکیکەرانی ناوشارو لەساڵی ١٩٨٧ دەستگیرکراو گوللەباران کرا لەگەڵ چەند هاورێیەکی تریداو ماڵەکەشیان روخانو دەستبەسەرکرا.

-١٨ماڵی مەلا گورون: بەهۆی گیرانی کورەکەیانەوە ماڵو منداڵ تەنانەت مەلا گورون بەکوێری گیراو هەموویان بەنهێنی لەناوبرانو بێسەروشوێن کران، ناوبراو ماڵیان بەرامبەر ماڵی مەلا مەحمود بوو لەئیبراهیم پاشا.

-١٩ماڵی سۆفی ساڵح: ئەوانیش بەهەمان شێوە ماڵو منداڵ سەرەونگونو بێسەروشوێن کران.

-٢٠شەهید فریادی مەلەک: ئەمیش هەر شەهیدی شاخە ماڵیان لەسەرشەقامەکە بوو بەرامبەر ماڵی شۆرش جوانرۆیی.

-٢١عەتای مام ئەورەحمان: شەهید عەتاش پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرو لێهاتوو بوو، دەست رژێم کەوتوو لەسێدارەدرا، ئەمیش بەهەمان شێوە خەڵکی شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو.

-٢٢شەهید عومەرە کەللە:پێشمەرگەیەکی قارەمانو خەڵکی سەرشەقامی ئیبراهیم پاشا بوو، لەرەبایەکانی سەر رێگای دوکان شەهیدکرا لەگەڵ خاڵە نەبەز بوو.

-٢٣شەهید هاورێ جەبار خەڵکی شەقامی ئیبراهیم پاشا لای فولکەی گۆزەکان، لە ساڵی ١٩٨٣ لە کەمینێکی جاشەکان لە گەرەکی قادسیە (راپەرینی ئێستا) شەهید کرا، پێشمەرگەی سەرەتایی و پورزای شەهید سەلاحی موهەندیس بوو.

## راپەڕینی ئازاری ١٩٩١
## شەهیدانی شەقامی ئیبراهیم پاشا

پاش ئەو هەموو نەهامەتیو دەردی سەرییەی بەسەر میللەتی کوردو شاری سلێمانی هات، رۆژی خۆرهەڵاتنی گەلەکەمان راپەڕین دەستیپێکرد، شاری سلێمانی خرۆشاو بەگەورەو بچووکەوە هاتنە سەرشەقام، چەندەها شەهید لەم شارەدا بوونە قوربانیو شەقامی ئیبراهیم پاشاش بێبەش نەبوو لەو قوربانیانە، ئەم شەهیدە قارەمانانەی بەخشی:

-٢٤شەهید رزگاری حاجی ئەحمەد بۆسکانی: لەیەکەم رۆژی راپەڕینی شاری سلێمانی شەهیدکرا ، ئەمانیش لەخێزانێکی تێکۆشەرو کۆڵنەدەربوون، ئێستاش خانووەکەیان هەرماوەو لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا.

-٢٥شەهید سەلامی حەمەشەشە بۆسکانی: شەهید سەلامیش لەڕاپەڕیندا لەشاری سلێمانی شەهیدکرا، خۆیکرد بەپێشەنگی شەهیدانی شاری سلێمانیو خەڵکی سەرشەقامەکە بوو.

-٢٦شەهید وریای مەلا حەمەئەمین (ناسراو بەوریا بچکۆل): ئەمیش بەهەمان شێوە لەڕاپەڕیندا شەهیدکرا، خەڵکی شەقامەکە بوو تێکۆشەرێکی بەئەمەک، خۆیکرد بەقوربانی لە ١٩٩١/٣/٧.

-٢٧شەهید سالار شێخ عەلی سوێرەڵە: ئەمیش لەیەکەم رۆژی راپەڕین لەگرتنی ئەمنەسوورەکە شەهیدکرا، رێکخستنێکی دێرینو ماڵیان لەسەرو شەقامی ئیبراهیم پاشا بوو.

*ئەمە بەکورتی مێژووی شەقامی ئیبراهیم پاشایە، لەڕووی سیاسی و جوگرافیەوە، داوای لێبوردن دەکەم لەو کەسو ماڵانەی کەناوم نەهێناون یان لەبیرم کردوون یان نەمزانیوەو نەمناسیوون.

هەرکەسێکی تریش زانیاری زیاتری لەسەر ئەم شەقامە لایە دەتوانێت بینووسێتو لەم گۆڤارە خۆشەویستە بڵاوی بکاتەوە.

*سوپاسو پێزانینی خۆم بۆ ئەم خۆشەویستانە کەیارمەتیو زانیاری

باشيان داومەتێ بۆ زياتر دەوڵەمەندكردنى باسەكە:

-١مامۆستا ئەحمەد حسێن-سەرنووسەرى ئەم گۆڤارە گۆڤارى سلێمانى، بەڕێزى هانيداوم بۆ نووسينى ئەم باسە.

-٢مامۆستا جەمال بابان.


-٣مامۆستا فەيسەڵ.

-٤كاك عوسمانى نانەوا.


-٥كاك شۆڕش جوانڕۆيى.

-٦كاك ئاراسى مامۆستا شێخ محەمەد باساكى.

کۆمەڵێک لە وێنەکانی گیانفیدایان و پێشمەرگەی دێرین و شەهیدانی شەقامی ئیبراهیم پاشا



مەجید سەلیم



شێخ حسێن شێخ جەمیل




عوسمانی نانەوا




عوسمانی رابە




شۆڕش جوانڕۆیی



شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان



شەهید تایەری حاجی عەزیز





شەهید سەلامی مەلا مەحمود




شەهید هاوڕێ عەبدوڵلا سەید شەریف


کۆمەڵێک لە وێنەکانی گیانفیدایان و پێشمەرگەی دێرین و شەهیدانی شەقامی ئیبراهیم پاشا


شەهید مامۆستا خەبات باساکی


شەهید نزار مستەفا


شەهید هاوڕێ جەبار


شەهید رزگار حاجی ئەحمەد بۆسکانی


شەهید سەلامی حەمە شەشە


شەهید غەفورە جووجە

## تێبینی و لێبوردن:

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک وێنەی کەسایەتی و شەهیدان زیاد کراوە، بەلێبوردنەوە وێنەی کەسایەتی و شەهیدەکانی ترمان دەست نەکەوت.

# لەخانووە قوڕەکانەوە بۆ گەڕەکی ئازادی




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٦٧ - ١٦٨) بڵاوکراوەتەوە



شاری سلێمانی چەندەها گەڕەکی کۆنو نوێی تیا هەیە، گەڕەکە کۆنەکانی وەکو گەڕەکی مەڵکەندیو قەزازەکانو سابونکەرانو دەرگەزێنو جولەکان و چوارباخ.

ئەگەر بەپێی کۆنی ئەو گەڕەکانە بێت دەبێت لەهەموو گەڕەگەکانی تر پێشکەوتووتربنو خانوو باڵەخانەی زۆر گەورەو بەرزو پێشکەوتوویان تیادا هەبێت، کەچی سەیریان دەکەیت هەتا ئێستاش لەهەموو گەڕەکەکانی تر دواکەوتووترن، بەڵام با ئەوەش بڵێین کەهەر بەو کۆنی و دواکەوتیەوە سیمایەکی جوانو تایبەتی دەبەخشن بەشار، هەتا ئێستاش خەڵکانی زۆر باشو رۆشنبیرو لێهاتوویان تیا ماوەو هەر لەو گەڕەکانە ژیان بەسەردەبەن، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەناتوانن ئەو هەموو خانووە کۆنانە تێک بدەنو بۆ جارێکی تر لەسەر دەستورێکی نوێ دروستی بکەنەوە، چونکە وەختی خۆی خەڵکانی رەشو رووتو چینی هەژار ئەو خانووانەیان دروستکردووە، بۆیە هەتا ئێستا بەوشێوەیە ماونەتەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کەدەست رۆیشتوو هەبوو بوون هەموویان ڕوویان کردۆتە گەڕەکە تازەکانو خانووی تازە مۆدێلیان دروستکردووە، زۆر کەسیشیان تیادا هەیە بڕیاریان داوە

هەتا مردنیان دەبێ هەر لەو گەڕەکەداو هەر لەو ماڵەدا بمرن، چەندەهای وەکو خوالێخۆشبوو عوسمانی حەمە نایەر بەڵێنیان دابوو کەهەردەبێ لەو خانووەی خۆیانا بمرن.

یەکێکی تری وەکو باوکم بڕیاری دابوو لەو خانووەی مەڵکەندیا بمرێ بەڵێنەکەشی بردەسەر، مامەڕەشەی شۆفێری پیکابەکەی خانووە قوڕەکان هەتا ئێستاش هەر لەخانووە کۆنەکەی خۆیدایەو نۆژەنی کردۆتەوە، ئەڵێ: هەتا دەمرم دەبێ لەم خانووەدا بم خوا تەمەنی درێژبکات.

با بێینە سەر گەڕەکێکی شاری سلێمانی کەبەزووترین کاتو سەردەم لەناوی خانووە قوڕەکانەوە بوو بەگەڕەکێکی گەورەی شارو ناوی ئازادی لێنراو لەچەند ماڵێکی کەمی قوڕو بەردەوە بوو بەگەڕەکێکی گەورەی شارو سنوورێکی فراوانی داگیرکردووە لەناو نەخشەی شاردا.

خانووە قوڕەکان لەباری جوگرافیەوە کەوتووەتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی شارەوە، ئەگەڕێینەوە سەر مێژووی گەڕەکی خانووە قوڕەکان تەنها نزیکەی ٦٠ ساڵ تەمەنیەتی کەلەسەرەتای دروستبوونیەوە هەموی خەڵکی ڕەشو ڕووتی دێهاتو ناوشاری سلێمانی بوون، بەڕەنجی شانی خۆیان بەکۆڵو بار، بە بەردو قوڕو دار، خانوویان پێکهێناوەو ژیانی خۆیان تیا بەسەر بردووەو خۆیان خەریک کردووە بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریو بەرد هەڵکەنینەوە بەکرێکاریو کاری چێوارییەوە، هەتا وردە، وردە پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوەو لەماوەی نیوسەدەدا بوە بەگەڕەکێکی گەورە.

بۆ زانینی مێژووی گەڕەکی خانووە قوڕەکان زۆر ماندوو بووم، تاکو چەند کەسێکی خەڵکی ئازادیم دۆزییەوەو قسەم لەگەڵ کردن، ئەوانیش بەسنگی فراوانەوە هەریەکەیان کۆمەڵێک زانیاری باشیان دامێ.

یەکێک لەو کەسانە کاک کەریم عەبدوڵڵا ساڵح، کەلەدایکبووی ١٩٤٣ یەو لەساڵی ١٩٥٨ هاتووەتە خانووە قوڕەکان، وەکو خۆی ئەڵێ: ئەو ساڵە هاتوومەتە ئەم گەڕەکە کەپێیان ئەوت ساڵی بەفرە سوورەکە، بۆی گێڕامەوە لەساڵانی پێش ١٩٥٨ کۆمەڵێک ماڵ هەبوون لەپشتی مزگەوتی هەنجیرەکە، نزیکەی ٥٠ ماڵێک دەبوون، خەریکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵ بوون، بەڵام تەواوی


ئەو زەویانەی ئەو دەورە هی مستەفای حەمەڕەش بوو، کەخەڵکی شاری سلێمانی بوو، هەموو ئەو موڵکانە لەوەوپێش خەڵک ئاژەڵو مەڕومالاتیان تیا دەلەوەڕاند، ئینجا ئەو مستەفایە هات ئەو زەویانەی ئیفراز کردوو بەپارەیەکی کەم دابەشی کردن بەسەر خەڵکا، یەکەم کەس مەحمودی پەری پێیان دەوت (خولەپەری) لەگەڵ شێخ ڕەشید ناوێک خانوویان تیا دروستکرد، پاشان وردە وردە خەڵک هاتن بۆ ئاوەدانکردنەوەی، یەکێک لەوانە حاجی نەجم بوو، حەمەی حەمەئەمین کەخاڵی خۆم بوو هاتە ئەوناوە، ئەو مالانەی کەهاتنە ئەوناوە لەکارێزی هەوارە بەرزە لەلای خانووە قوڕەکانەوە بەتەنەکە ئاویان دەهێنا بۆ ماڵەکانیان، کاریشیان کرێکاریو ئاژەڵداری بوو، ئینجا لەساڵی ١٩٦٠ لەجێگای مزگەوتی حاجی فارس بێسەریدا ئێمە مزگەوتێکمان کردەوە بە بەردو قسڵو قوڕو سەریمان بەدار گرت، جێی زەویەکەشی هی مستەفای حەمەڕەش بوو، ئێمەش بەوەکالەتی ئەو کردمان بەمزگەوت، ئەوکاتە لەوسەری مزگەوتی هەنجیرەکە ماڵەکانمان نەدەگەیشتە ١٠ ماڵ، ئەو مالانەش ماڵی حاجی نەجم، ماڵی خولەپەری، ماڵی شێخ رەشید، ماڵی عومەر خەراجیانی، ماڵی عەلی سووری خەراجیانی، ماڵی شێخە لوتە، ماڵی حاجی حەمەسالح ڕەنێنەیی، ماڵی غەریبی بایانە، لەگەڵ چەند ماڵێکی تر کەناوەکانیانم لەیاد نییە.

ئینجا کاک کەریم وتی: ئەوەی من لەیادم بێت جێی مەرکەزی پۆلیسەکانی ئێستا خەستەخانە بوو، پاشان سالانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کردیان بەمەخفەری پۆلیس، خەڵکی ئەم ناوە لەڕۆژانی هەینیا هەمووی دەڕۆی بۆ مزگەوتی گەورە بۆ نوێژو بۆ زیارەتی کاک ئەحمەدی شێخ، هەمووشیان بەپێ دەهاتنەوە یان بەسەیارەکەی مامەڕەشە، تۆفیق ناوێک کەبەتۆفە قەڵەو بەناوبانگ بوو دوکانێکی کردەوەو ئیشی بەقاڵی تیادەکرد، بۆ پێویستی دوکانەکەیو ئیشی بەقاڵی بەعەرەبانەی تریشقە شتو مەکەکانی لەمزگەوتی گەورەوە دەهێنایەوە بۆ خانووە قوڕەکان.

بەهاوینانیش لەچاڵە بەفرەکانی گۆیژەوە بەفرمان بۆ دەهات بۆ ساردکردنی ئاوو دۆو ماستاو، لەڕۆژانی زستانو بەفرو بارانا ڕێگای نێوان شارو خانووە



کەسایەتی ناسراوی ئازادی
کەریم عەبدوڵڵا ساڵح



عومەری خولەمەتی

قوڕەکان دەگیراو هاتووچۆ نەدەما هەتاکو چەند ساڵێکیش کارەبامان نەبوو، هیچ قوتابخانەمان نەبوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ ئینجا وردە وردە پڕ بۆوە، مام کەریم وتی: من پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە کارم حەماڵی زەمیلە بوو، ماڵمان لەچوارباخ بوو، ئینجا ماڵمان هاتە خانووە قوڕەکان لێرە کرێکاریم دەکرد، ئیفرازی ئەم خانووانە هەمووی بەشانی منو حاجی حەمەساڵحو حاجی غەریب هەڵکەنراوە.

دوایی من زۆر سوپاسی کاک کەریمم کرد بۆ ئەو زانیاریانەی پێشکەشی کردم.ئینجا لەدوای گەڕانێکی زۆر بەدوای کاک عومەری خولە مەتیدا کەدۆزیمەوە لەکارگەی شیرینی نەورۆز لەکۆڵانی پشتی مزگەوتی خانەقاوە کەخاوەنی ئەو کارگەیەیە بەویشم وت، بۆ زانیاری دەربارەی باوکیو خانووە قوڕەکان ئەویش پێشوازیی لێکردمو تەنانەت وێنەی خولەمەتی باوکیو خۆیی بۆ هێنام، کاک عومەر بەسەرهاتێکی خۆشی باوکی بۆ گێڕامەوە وتی: باوکم ناوی مەحمود نەسروڵڵا فەتاح-ە ناسراوە بە (خولەمەتی) لەساڵی ١٩٢٠ لەئێران لەبلەکێ لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٨٦ لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

لەئێران باوکم بەگەنجی ژن دەهێنێ لەساڵی ١٩٤٠ دا ژنێکی زۆر جوان دەهێنێ بەناوی گوڵە، بەڵام ئاغای دێیەکە کەناوی سەلیم ئاغا دەبێ، ئەوکاتە ئاغای دێ دەست ڕۆیشتوو بوون، بۆیە ژنەکەی باوکم داگیردەکاو باوکم لەدێیەکە دەردەکا، باوکیشم ناکاتە نامەردی یەکسەری دێت بۆ سلێمانی تفەنگێک دەکرێ‌و دەڕواتەوە بۆ بلەکێ، لەناو دێیەکەدا بۆ ئاغاکە دادەنیشێ‌و دەیکوژێ، خۆی دەگەیەنێتەوە سلێمانی لەگەڕەکی شێخان دەبێتە پیاوی شێخ مەحمودو لەوێ دەمێنێتەوە، دەست لەموڵک‌و ماڵی ئێران هەڵدەگرێ‌و ئیتر ناڕواتەوە، هەتا ئێستاش ئێمە موڵک‌و ماڵی زۆرمان هەیەو کوڕەکانی ئەو سەلیم ئاغایە دەستیان بەسەردا گرتووە لەشیوە گوێزان.

ئینجا باوکم لەسلێمانی ژنی دووەم دەهێنێتەوە بەناوی خاوەر حەسەن کەپێنج کوڕو کچێکی دەبێ، کوڕەکانی ناویان ئەبوبەکر، فەتاح، عەلی، عومەر، ئەنوەر، کچەکەش بەناوی گەلاوێژ، ماوەیەک لەگەڕەکی شێخان جێگیر دەبێت لەماڵی شێخ محەمەدە بچکۆل، پاشان ماڵی دەگوازێتەوە بۆ گەڕەکی حاجی حان.

کاک عومەر وتی: لەساڵانی شەستەکانا چووینە خانووەقوڕەکان، کەئێمە چووینە ئەوێ ماڵی عەلی غابات، ماڵی عەلی هەتیو، مینە هەتیو، ماڵی حاجی ساڵح ڕەنێنەیی لێبوون، ماڵیان لەسەرووی کانیەکەی خانووە قوڕەکانەوە بوون، کاتێک کەچووین مەخفەرەکە هەبوو، باوکم ئیشی زەرعاتی دەکرد لەپشتی مزگەوتی هەنجیرەکە، دەمانکێڵاو دەمانکرد بەگەنم‌و جۆ، ئەوکاتە مزگەوتی هەنجیرەکە بەهۆی سەرچاوەی کانیەکەوە هەبوو.

پاشان باوکم واتە (خولە مەتی) بوو بەحەسحەسی شەو لەقەیسەری وەسمان پاشا، مەخفەرەکەیان لەناو مەزادخانەی خوارەوەبوو هەتا خانەنشین کرا.

ماڵی ئێمە هەتا ساڵی ١٩٨٥ هەر لەخانووە قوڕەکان بووین، پاشان هاتینەوە بۆ گەڕەکی شێخان بۆ ماڵە کۆنەکەی خۆمان، کاک عومەر وتی: ئێمە یەکەم ماڵ نەبووین لەخانووە قوڕەکان، کاتێک ئێمە ڕۆیشتین کۆمەڵێک ماڵی تری لێبوو.

ئەمەش بەسەرهاتی خولەمەتی کەکاک عومەری کوڕی بۆی گێڕامەوە.

لەدوای گەڕانێکی زۆریش بەدوای بنەماڵەی حاجی فارسی بێسەریدا، ناونیشانی ماڵی کاک ئیختیاری کوڕیانم وەرگرتو داوای ژیانی کاک حاجی فارسم لێکرد، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە دوو لاپەڕەی بۆ نووسیمو چەند وێنەیەکی باوکیو خۆیو شەهید بەختیاری برایانی بۆ هێنام، کەئەمە پوختەی نامەکەی کاک ئیختیارە، ئەڵێ:




حاجی فارسی بێسەری

کەسایەتی ناسراوی خانووە قوڕەکان حاجی فارسی کوێخا عەزیز ناسراو بەحاجی فارسی بێسەری کە ڕیش سپی عەشیرەتی بێسەریو پیاو ماقوڵی دەڤەرەکە بوو، لەساڵی ١٩٦٦ هاتووەتە خانووە قوڕەکان، ئەم پیاوە ٩٤ ساڵ ژیا کەسێکی نیشتمانپەروەرو دیندارو خاوەن دیوەخانو سفرەو خوان بوو، هەرچی کێشەو گیروگرفتێک ڕووی بدایە هانایان بۆ ئەو دەهێنا، ئەویش هەڵدەستا بەچارەسەری کێشەکە، وەکو ئاگری ناو کورە دایدەمرکانەوە.

لەبەرپابوونی شۆڕشی نوێدا لەنێوان ژیانو مردنا مردنی هەڵبژارد، لەسەر کوڕە گەورەکەی بەختیاری حاجی فارسی بێسەری سێ جار زیندانی کراوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، دوای ئەوەی بەختیاری کوڕی کەشەهیدکرا کەپلەکەی سەرتیپ بوو، ئەم پیاوە هەمیشە پێیەکی لەناو شۆڕشا بوو، بۆ سەردانی هاوڕێیانی شەهید بەختیاری کوڕیو یارمەتیەکی زۆری شۆڕشو پێشمەرگەی دەدا.

حاجی فارس سێ کوڕی تری ماوە بەناوەکانی ئیختیارو موختارو پشتیوان، یەکێک لەکارە خێرخوازەکانی هەستا بەدروستکردنی مزگەوتێک لەناو گەڕەکی ئازادی ئێستادا بەناوی مزگەوتی حاجی فارسی بێسەری، ئێستا ئەو مزگەوتە جێگای نوێژو خواپەرستیو پرسەی خەڵکی ئەو گەڕەکەیە،





شەهید بەختیار

ئیختیار موختار پشتیوان

کوڕەکانی حاجی فارسی بێسەری

لەم کۆتاییەشدا هەر هەمان مزگەوت نۆژەن کرایەوە بەشێوەیەکی گەورەو فراوان.

زۆر سوپاس‌و پێزانینم بۆ کاک ئیختیاری حاجی فارس.

یەکێکی تر لەو کەسانە کەیارمەتی تەواوی داوم کاک شێخ جەمال کوڕی سەید ئەحمەدی باراوی کەدوکانی هەیە بەرامبەر مەرکەزی پۆلیسی ئازادی، کاری فرۆشتنی سیدی‌و ئیستنساخە، کەزۆر بەگەرمی بەهانامەوە هات‌و ناوی چەند کەسێکی تری پێوتم، وە خۆشی زانیاریی زۆری دامێ، با ئەوەش بڵێم شێخ جەمال یەکێکە لە دروستکەری تیپی وەرزشی هاوکاری تۆپی پێ، لەدایکبووی ١٩٦٥ی گەڕەکی ئازادییە.


ئەڵێ: ئێمە لەو گەڕەکە دوورەدەستە خۆمان گۆڕەپانی یاریمان دروستکرد، خۆشمان تیپمان دامەزراند بەناوی تیپی وەرزشی هاوکاری، هەر خۆشمان تۆپمان دروستکرد بۆ یاریی کردن، چونکە ئەوەندە گەڕەکێکی دوورە دەست‌و هەژار بووین کەس یارمەتی نەدەداین، هەتا ئێستا خاوەنی ٣٥ خولی یارین.

کاک شێخ جەمال ئەڵێ: یەکەم نانەواخانە هی مەلا قادر بوو لەگەڵ کوڕەکانی ئیشیان لەسەر دەکرد، ئەڵێ یەکەم مزگەوت مزگەوتی هەنجیرەکە بوو، بەحوکمی ئەو کانیەی کەلەپشتیەوە دەهاتە سەری‌و بەکۆمەکی خێرخوازان دروستکرا، ئەوکاتە خولەمەتی‌و چەند کەسێکی تری تیابوون کەکاری

کشتوکاڵیان کردووە، خەستەخانەکەی لەماڵا بوو، یەکەم برین پێچ نەجمەدین ناوێک بوو، فەڕاشی خەستەخانەکەش ناوی حاجی حەمەلاو بەرزنجی بوو.
ڕەشە جگەرە یەکەم پاسی تەختەی لەئەسحابەسپی دەوەستان، هاتووچۆی خانووە قوڕەکانی ئەکرد، ڕەشە سووریش لەمزگەوتی گەورەو ژێر پردەکە بەلای مزگەوتی دارۆغاوە سەردەکەوت بۆ خانووە قوڕەکان.
ناوی پیاوە ناودارەکانی خانووە قوڕەکان.
-١خولەمەتی.
-٢حاجی فارسی بێسەری.
-٣حاجی نەجم بێسەری.
-٤حاجی عەبدوڵلا پەینچی.
-٥حاجی مستەفای مایاوایی.
-٦حاجی سەعید بێسەری.
-٧حاجی عەلی مەحمود قزڵجەیی.
زۆر سوپاسم بۆ کاک شێخ جەمال کەکۆمەڵێک زانیاری زۆری دامێ.

## پیکابەکەی مامەڕەشەو بیرەوەرییەکانم

لەسالانی پێش ١٩٦٠وە ماڵی ئێمەو ماڵی مامە ڕەشە دراوسێ بووین، ئەوەشی بیرم بێت من زۆر مناڵ بووم پیکابەکەی مامەڕەشە بەرامبەر دوکانەکەی باوکم دەوەستا، واتە لەبەردەمی قوتابخانەی گۆیژەی ناوبازاڕ بەرامبەر دوکانەکانی بازاڕی زێوەر، شوێنی بازاڕی سیروانی نوێی ئێستا، پاش چەند ساڵێک گواستیەوە بۆ بەرامبەر مزگەوتی گەورە شوێنی بازاڕی کاسەمۆڵی ئێستا، بەڵام لەچاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆییا کەلەگەڵ مامەڕەشەدا سازم دا، خۆی ئەڵێ: پێش ئەوە بۆ یەکەم جار لەجێگای بانقی بەرامبەر سەرا دەوەستام لەشوێنی بانقەکەدا، بەڵام لەسەر تکای خەڵکەکە گواستمەوە بۆ لای مەکتەبی گۆیژە، چونکە خەڵکەکە شتو مەکیان زۆر پێبوو، لەمەیانەکەوە دەیانکرێو بۆیان نەدەهاتەوە بۆ سەرەوە، من لەبەرخاتری ئەوان ڕۆیشتمە ئەوێ پاشان مزگەوتی گەورە.



مەحمود نەسروڵڵا فەتاح ناسراو بەخولە مەتی، بەجلی حەسحەسی شەوەوە




**پیکابەکەی مامەڕەشە**

مامە رەشە بۆی گێڕامەوە، وتی: من لەپێشا هاتووچۆی پێنجوینم دەکرد، پاشان ماوەت، بەڵام کە لەسالانی شەستا خەڵکی خانووە قوڕەکان زۆربوون من هاتووچۆی ئەوێم دەکرد.

ئەوەی من لەبیرم بێت لەشەقامی ئۆرزدییەوە سەردەکەوت بۆ بەردەمی ماڵی خۆیان (واتە ماڵی مامەڕەشە) بۆ مزگەوتی حاجی مەلا شەریفی سەعاتچییەوە لەوێوە بۆ شەقامی ئیبراهیم پاشا، لەوێشەوە بۆ مزگەوتی دارۆغاو بۆ مزگەوتی حاجی کەریم بێکراس، لەوێوە بەچۆڵەوانیدا دەڕۆی بۆ خانووە قوڕەکان.

مامەڕەشە ئەیووت: من بەیانیان زوو دەڕۆیشتم بۆ خانووە قوڕەکان، خەڵکی رەش‌و رووتی ئەو ناوە هەمووی دەهاتن بۆ ناوبازاڕ بۆ کاری حەماڵی‌و کرێکاری‌و کاسپی زۆربەشی دەهاتن بۆ شت‌و مەک کڕین‌و دەگەڕانەوە، چونکە سەری پیکابەکەی من چەمچەی هەبوو هەموو پێویستیەکانیانم باردەکردو خەڵکەکەشی دەڕۆیشتنە ناوی، پێشەکەی دوو نەفەری دەگرت

بەنرخی ١٥ فلس، ئەوانەش کە سوار دەبوون مامۆستاو فەرمانبەرو ئەفسەرو لێپرسراوی مەرکەزی خانووە قوڕەکان بوون، دواکەشی بە ١٠ فلس سوار دەبوون.

بەڵام ئەوەی من بیرم بێت بەمناڵی کەلەگەڵ دایکم سواردەبووین لەدواوە دادەنیشتین، لەدواوەی پیکابەکە شاگردێک خۆی پیاهەڵدەواسی بۆ یارمەتیدانی مامەڕەشە، جەرەسێکی پێوەبوو ئەگەر یەکێک دابەزیایە جەرەسێکی لێدەداو مامەڕەشەش پیکابەکەی دەوەستان، پیکابەکەی مامەڕەشە رەنگی سوور بوو لەشێوەی لۆریدا بوو، ئەوەندە پلێتەکەی ئەستوور بوو خەڵک لەسەر بۆدیو چەمەلغەکەش دائەنیشتن، ئەوەندە خەڵک سوار بوو بوون رەنگەکەی کاڵ بوو بووەوەو بەڕەنگی ژەنگاویا دەیڕوانی، ئەو پیکابە جگە لەسلف بەیانیان بەهەندل ئیشی دەکرد، زۆربەی بەیانیان خۆم چاوم لێبووە ئاوی دەکردە مەکینەکەیو هەندلەکەی بادەدا تا دەکەوتە ئیش، مامەڕەشە ئەوەندە پیاوێکی دەستو دڵفراوان بوو پارەی لەکەسانی هەژارو منالان وەرنەدەگرت، هەتا ساڵی ١٩٧٨ ئەو پیکابەی پێبوو، پاشان کۆستەرێکی کڕیو پیکابەکەی لەبەرامبەر ماڵەکەی خۆیان دەوەستان، وەکو خۆی وتی: هەتا دوایی فرۆشتی بەعەرەبەکانی خوارووی عیراق، جگە لەپیکابەکەی مامەڕەشەش لەساڵانی ١٩٧٢ بەرەودوا پاسی مەسلەحەی بۆ دانرا.

زۆر سوپاسم بۆ مامەڕەشە.

کەپیاوی گەڕەکو دراوسێیەکی کۆنم بەسەرکردەوەو بەگرتەی ڤیدیۆیە قسەمان لەسەر ژیانی و پیکابەکەیو خانووە قوڕەکان کرد، ئەوەی خۆم بیرم بێت پاسەکەی ڕەشە جگەرەش لەسابونکەرانەوە سەردەکەوت بۆ فولکەی گۆزەکان بەشانی ئیسلاحی زراعیەوە سەردەکەوت بۆ مزگەوتی هەنجیرەکە، لەو جادەیەوە هاتوچۆی دەکرد.

## لەخانووە قوڕەکانەوە بۆ ئازادی

وەکو باسمان کرد خانووە قوڕەکان لەساڵی ١٩٥٧ لەچەند ماڵێکی هەژار نشین پێکهاتبوو، لەماوەی ٦٠ ساڵی تەمەنیدا بووە گەڕەکێکی گەورەی شارو پانتاییەکی فراوانی داگیر کرد. خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردو قەرەباڵغیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، شەقامی قیرتاوو تەنانەت کۆڵانەکانیشی چاککران، ئێستا زۆر بەدەگمەن خانووی کۆنی تیادەبینی.

من لەپارێزەر کاک جەمال بابان م بیستووە، وتی: ئەوکاتەی من بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی بووم، لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی ناوی چەند گەڕەکێکی کۆنی شارمان گۆڕی بەناوی نوێ، وەکو قەرەجاوا گۆڕدرا بەخەبات، خانووە قوڕەکان گۆڕدرا بە ئازادی، ناوی شەقامی ئیبراهیم پاشامان ناونا بەو ناوەی ئێستا کەتازە دروست دەکرا، تووی مەلیکیش هەر بەناوی مەلیک مەحمودەوە.

ئێستا گەڕەکی ئازادی پێنج مزگەوتی تیادایە:

-١مزگەوتی هەنجیرەکە.

-٢مزگەوتی حاجی فارسی بێسەری.

-٣مزگەوتی حاجی کەریم بێکراس.

-٤مزگەوتی حەمەی حاجی رەشید.

-٥مزگەوتی حاجی محەمەد پێنجوینی.

مەرکەزێکی پۆلیسی گەورەو یاریدەدەرێکی ئاسایشی تیادایە لەگەڵ خەستەخانەیەکو چەند قوتابخانەیەک بەسەرەتاییو ئامادەییەوە، لەگەڵ شەقامێکی گەورە بەناوی سی مەتریەکەوە کەبازاڕوو دوکانێکی زۆری تیادایەو زیاد لە ١٥٠ پاس هاتووچۆی لێ دەکەن.

## لایەنی سیاسی

گەڕەکی ئازادی لەلایەنی خزمەتی شۆڕشو کوردایەتیەوە خەڵکانو گەنجانی زۆری لێ پەروەردە بووەو هەر لەشۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێوە خاوەنی خەباتی راستەقینەی خۆیانو چەندەها کەسانی قارەمانو شەهیدی فەرماندەی وەکو شەهید بەختیاری حاجی فارسی تیا هەڵکەوتووە کەدەرچووی کۆلیژی ئیدارەو ئیقتصاد بوو.

بەحوکمی ئەوەی شوێنو لانەی شۆڕشەکان بووە لەبەرئەوەش شوێنی شەڕو پێکدانی پێشمەرگەو حکومەت بووە، چەندەها لاوی قارەمانو رۆشنبیری تیا هەڵکەوتووە.

بۆیە منیش لەکۆتاییدا ئەڵێم هیوادارم گەڕەکی ئازادی هەر بەئازادیو سەربەرزی ببینم، سوپاسی زۆرم بۆ ئەو کەسایەتیانەی کەزۆر هاوکارم بوون لەنووسینی ئەم باسەدا، لەوانە:

-١کاک عومەری خولەمەتی، خاوەنی کارگەی شیرینی نەورۆز.


-٢کاک شێخ جەمالی ئازادی، خاوەنی دوکانی سیدیو ئیستنساخ.

-٣کاک کەریم عەبدوڵلا سالح، خاوەنی دوکانو مۆلیدەی ئازادی.

-٤کاک ئیختیارو کاک دیاری ئامۆزای و کوڕانی حاجی فارسی بێسەری کەخۆیان ماندووکرد لەگەڵم.




کەسایەتی ناسراوی ئازادی سەید ئەحمەدی عەلی
باراوی باوکی کاک شێخ جەمال



شێخ جەمالی
سەید ئەحمەد عەلی باراوی



مامەڕەشە، خاوەن و
شۆفێری پیکابەکەی
خانووەقوڕەکان




وێنەی مەخفەری پۆلیسی خانووەقوڕەکان لەسەرەتای دروستبوونیدا



مزگەوتی هەنجیرەکە



مزگەوتی حاجی فارسی بێسەری



یەکێک لەماڵە کۆنەکانی خانوەقوڕەکان کەتا ئێستا هەرماوە



یەکێک لەماڵە کۆنەکانی خانوەقوڕەکان کەتا ئێستا هەرماوە




تیپی وەرزشی هاوکاری 1983



گەشتی یاریزانانی هاوکاری بۆ قەشقۆڵی

# تیشکێك بۆ سەر بابەتی خانووە قوڕەکان



عوسمانی نانەوا

گۆڤاری سلێمانی گۆڤارێکی بەسوودو پڕ زانیارییە بۆ نەوەکانی نوێو داهاتوومان، کە بابەتەکانی هەڵدانەوەی مێژووی شارستانیو نەوەکانی رابووردومان بۆ باس دەکات، هەر گەلێکو نەتەوەیەک بەزیندوویی بمێنێتەوە دەبێت لاپەڕەکانی مێژووی گەلو نیشتیمانەکەی بزانێتو بەزیندویی بیهێڵێتەوە، جا ئەو مێژووە لەهەموو روەکانەوە بێت، وەک سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلەپور، ئابووری، شوێنەوارو هەموو بابەتەکانی ژیانو سەرکەوتنەکانیو نوشوستیەکانی.

گۆڤاری سلێمانی یەکێکە لەو گۆڤارانەی هەنگاو بەم ئاقارەدا دەنێت، جێگەی دەستخۆشی و دڵخۆشیە.

بۆ ئەوەی دوور نەکەوینەوە لەباسەکەمان دێینە سەر خوێندنەوەی گۆڤارەکە ژمارە ١٦٧-١٦٨، کاتێ لاپەڕەکانم ئەخوێندەوە گەیشتمە سەر نووسینی بابەتێک لە خانووە قوڕەکانەوە بۆ گەڕەکی ئازادی لەنووسینی برای بەڕێز رەئوف شێخ جەمیل، کەبەشێک لەنووسینی بابەتەکە دەربارەی بنەماڵەی ئێمە بوو بەناوی مەحمود نەسروڵڵا فەتاح ناسراو بە (خولە مەتی)، کەمامی منە.

گەیشتمە بەشێکی نووسینەکە لایەنی سیاسی دەربارەی خانووە قوڕەکان، بەڕاستی لەهەردوو شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەو

گەڕەکە ڕۆڵی خۆی هەبوو لەهاتنەناوەوەی (پ.م) بۆ ناوشارو جێبەجێکردنی کارەکانیان لەناوشاردا.
ماڵی خولە مەتیش لەم بوارەدا دیار بووە بۆ ئەوەی مەلۆیەک بخەمە سەر خەرمانی نووسینەکەی بەڕێز کاک ڕەئوفو بەپێزی بابەتەکەی ئەم چەند زانیارییە ئەخەمە بەردەستی بەڕێزتان.
ماڵی خولەمەتی یەکێک بوو لەو ماڵانەی کە کەوتبووە ئاخر ماڵی خانووە قوڕەکانەوە، ببووە سەر ڕێگای کاروانچی ناوچەی شارباژێڕ، قاچاخچییەکانی ئەو سەردەمە کەلەماڵی ئەوان باریان دەخستو پشوویان دەداو کەلو پەلە قاچاخەکانیش هەر لەماڵی ئەوان حەشار دەدران، ئەمە لەڕووی بازرگانییەوە.
هەروەها لەڕووی لایەنە سیاسییەکەیشەوە کە نووسەر باسی خانووە قوڕەکان دەکات، ماڵی خولەمەتی یەکێکبووە لەو ماڵانەی کەجێگەی حەشاردانو شاردنەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە بوو.
بۆ نموونە لەساڵی ١٩٧٥ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەر شالاوی گرتنو ڕاوەدونان بوونەوە، هەندێک هاوڕێمان مەترسی گرتنیان لەسەر بوو شوێن و جێگەی خۆیان بەجێهێشتبوو لەماڵان حەشار ئەدران، لەوانە بەڕێزان ئاوات عەبدولغەفور کەلەسلێمانی بوو، هەروەها ئەرسەلان بایز ئەوکاتە لەهەولێرەوە رایکردبوو لەسلێمانی خۆی حەشاردابوو، ئەویش لەماڵی بەندە لەسلێمانی لای من ئەمایەوە، کەئەوسا بەندە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی سلێمانی بووم، بۆ ئەوەی زۆرکات لەشوێنێکدا نەمێننەوە بۆ ئالۆگۆڕی شوێنەکە ئەمگوێزانەوە، یەکێک لەو شوێنانە ماڵی خولەمەتی مامم بوو لەخانووە قوڕەکان ناوبەناو شەوانە ئەڕۆیشتن بۆ ئەوێ خۆیان حەشار ئەداو ماڵی مامم خزمەتی باشیان ئەکردن.
باسێکی تر بۆ بەڕێزتان، شاردنەوەی کەلو پەلی ڕێکخستنەکان بوو کەلای بەندە بوون، ئەو شتانەش شاردنەوەی چاپو ڕۆنیۆ بوو لەماڵی مامم شاردمانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبو نووسراو، بەڵام بەداخەوە ئەم کۆمەڵە کتێبو نووسراوانە سووتێنرابوون، ئەویش لەبەر مەترسی دامو دەزگاکانی


بەعس، چونکە ناو بەناو مەنع تەجەولیان ئەکرد لەگەڕەکەکانداو ماڵانیان دەپشکنی لەبەرئەوە سووتانبونیان.

بەڵام چاپو رۆنیۆکە کاتی خۆی بەهۆی کاک ئاوات قارەمانیەوە سندوقێکی لەفلین بۆ دروستکردبوو لەناو ئەو سندوقەدا حەشارمان دابوو بۆ ئەوەی ئەگەر بیخەینە ژێر گڵەوە لەناو نەچێت.

لەماڵی مامم لەناو گەوری ئاژەڵەکاندا چاڵێکی قووڵمان بۆ هەڵکەندو خستمانە ناو چاڵەکەوەو دامان پۆشییەوە، بەڵام پاش ماوەیەک بەندە گیرام، لەدوای ئەوە کەحوکمدرام بەڕێز ئاوات قارەمانی هات بۆلام لەسجن، هەم بۆ سەردانو هەواڵپرسین هەم بۆ هەواڵپرسینی چاپو رۆنیۆکە، چونکە ئەو پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، منیش باسم بۆ کردوو ناونیشانم دایە کەلەگەڵ دایکم برۆن بۆ ماڵی مامم‌و بیگوێزنەوە، ئەمیش کە گەڕابۆوە لەگەڵ دایکم رۆیشتبون کارەکەیان جێبەجێکرد بوو گوێزابویەوە وەک ئەوەی زانیاریم پێگەیشت کاک ئاوات رەوانەی شاخی کردبوو.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە نووسینی عوسمانی نانەوایە لەسەر لایەنی سیاسی لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا کە تیشکێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی نووسینەکەی خانووە قوڕەکان.**

**بە پێویستمانزانی لێرەدا وەکو خۆی داینێینەوە. دەستخۆشیش بۆ کاک عوسمانی نانەوا.**



ئاوات قارەمانی



ئاوات عەبدولغەفور

# بەهای کارتی جەژنە پیرۆزە




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٥١) بڵاوکراوەتەوە



یەکێک لەیادگارییە رابوردووەکان کەدەمێنێتەوە لای مرۆڤ، بەزۆری ئەو مرۆڤانەی رێزو وەفای کەسانی دەورووبەری خۆیان لایەو نرخی نامەو وێنەو کارتی جەژنە پیرۆزە دەزانن، ئەوانە لەلای خۆیان دەیهێڵنەوە بۆ یادگاری یان بۆ پاشەڕۆژ، لەبیرەوەرییەکدا ئایا بەزیندوویی بێت یان بەمردوویی لەناو دوو توێی کتێبێکدا یان گۆڤارێکدا دەیخەنەڕوو، ئەوە دەبێتە ئەرشیفێکی بەنرخو تامو چێژ دەداتە ئەو کتێبە یان ئەو نووسینە بەتایبەتی وێنە.

چونکە من هەمیشە دەڵێم: وێنە لەڕۆژگارە سەختەکاندا یان رۆژگارە خۆشەکانی ژیان دەدوێ، نووسینی دەستنووس بەهای خۆی زۆرە، کەلەزۆربەی گۆڤارو کتێبەکاندا دەیانبینین، چونکە ئەوە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ خستنەڕووی راستیەکان.

باسەکەمان لەسەر بەهای کارتی جەژنە پیرۆزەیە، ئەوەی من بیزانم لەسەرەتای هاتنەکایەی چاپەمەنیەوە، وێنەو کارتی جەژنە پیرۆزە داهاتووە، زۆربەی پیاوە گەورەو رۆشنبیرەکان لەکاتی بۆنەو جەژنەکاندا، یاخود شاعیران بەشیعر نامەکانیان رازاندۆتەوەو بۆ یەکتریان ناردووە ، یەکێک لەو شیعرانەی کەشاعیران پیرەمێردو قانع ناردویانە بۆ جەژنە پیرۆزە، ئەمە نموونەیەکە:

**جەژنت پیرۆز بێت، بەگیپەی کوڵاو**
**بەگۆشتی قەڵەو، بەهەڵمی پڵاو**
**هێند تامەزرۆ بووین، ئێمەی دوورەچێشت**
**هێشتا نەکوڵا بوو، دەنکمان نەهێشت**

وەڵامی قانع:
**لەتۆش پیرۆزبێت برای کرێکار**
**چێشتم نەدیوە نەپار نەپێرار**
**هێندە بزانە کاکی خاوەن چێشت**
**لەدنیا دەرچوو بۆ ئێمەی جێهێشت**

چەندەها شاعیرو نووسەری تر نامەو وێنەو کارتیان بۆ یەکتری ناردووە، یاخود نامەو کارت گۆڕینەوەی دوو هاوڕێ یان خاڵو خوشکەزا، مامو برزا یان باوکو کوڕ... چەندەهانی تر، چونکە ئەوسا تەنها دوو جەژنی پیرۆز هەبوو لەناو کوردەواریدا (جەژنی رەمەزانو جەژنی قوربان) کەخەڵک زۆر گرنگی پێداون، لەم دواییەشدا بەهەوڵو هیمەتی رۆشنبیرانو شاعیران جەژنی نەورۆز هاتە کایەوەو بووە جەژنێکی ڕەسمی بۆ میللەتەکەمان، ئێستاش جەژنی سەری ساڵ بووەتە جەژنێکی سەرەکی کەئەوە لەهەموو جیهاندا هەیە.

ئەو کاتانەی کە تەلەفۆنو گەیەنەرێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ خەڵک، بەنامە یان بەڕازاندنەوەی پشتی وێنەیەک یان کارتێک، دوعاو سەلامی خۆیان گەیاندووە، ئەویش وەک رێزێک لەیەکتریان گرتووە، ئەو کەسانەشی ئەگەر سەلیقەیان هەبووبێت هەڵیانگرتووە بۆ یادگاری، بەڵام ئێستا تەکنۆلۆژیا ئەوەندە پێشکەوتووە بەتەلەفۆنیشەوە ناوەستن، هەمووی بووەتە نامەی مۆبایلو فەیسبوکو ئینتەرنێت.

جا نرخی ئەو نووسینانە یان وێنانە پاش چەند ساڵ دەردەکەون کەچەند بەهایان هەیە، لەناو کلتوورو ئەدەبیاتی نەتەوەدا، ئێستا تازە بەتازە نامەی شێخ مەحمودی نەمر کە ٨٠ ساڵ یان زیاتری بەسەردا تێپەڕیووە ئینجا لەگۆڤارەکاندا دەخرێتەڕوو.

یاخود ئێمەی میللەتی کوردیش بەهۆی رزگاربوونمان لەدەست زوڵمو زۆرداری و ئازادی چاپەمەنییەوە، خەریکین بەکۆکردنەوەی ئەرشیفو وێنەکان وەک بەڵگەیەک کۆدەکرێنەوە لەلایەن کەسانی رۆشنبیر، یان بنەماڵەکەی خۆیانەوە، لەمەجالێکدا بەچاپی دەگەیەنن و پێشکەش بەکەلتووری نەتەوەکەمانی دەکەن.

میللەتی ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی تر ئەرشیفو بەڵگەنامەی زۆری هەیە، بەڵام زۆری فەوتاون بەهۆی زەبرو زۆری دوژمنانەوە بەتایبەتی دوژمنی سەرسەختی کورد حزبی بەعس کەخەڵک لەترسی گیانی خۆیان

سووتاندویانە یان لەژێر زەویدا رزیوون‌و فەوتاون.
ئێستاش لەناو برادەراندا بۆ یەکتری دەگێڕینەوە کەئەو نامەو بەیان‌و کتێب‌و شتانەمان سووتاندووە یان فەوتاندووە، تەنها بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەون، ئێمە بەحوکمی ئەوەی میللەتێکی ژێر دەستە بووین، زۆربەی ئەرشیف‌و بەڵگەکانمان فەوتاون، بەڵام تائێستاش هەرباشەو زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە نیوەکەی تری زیادە.
هەر لەسەر بەهای کارتی جەژنە پیرۆزە، ئەو ساڵانەی کەلەهەندەران بووم تێبینی ئەوەم دەکرد، لەوڵاتی ئەڵمانیا کەکارتی رەش‌و سپی هی سەد ساڵ لەمەوپێش زۆر گرانتر بوو، لەکارتی ئەم سەردەمە، چونکە بەهای زیاتر بوو یاخود کارتێکی دەستکردی هونەرمەندێک، بەهای زیاترە لەکارتێکی فۆتۆی ئەمڕۆ، کەواتە وێنەو نووسینی کۆن وەکو شەرابی کۆن وایە هەتا کۆنتر بێت نرخی زیاد دەبێت، بەتایبەتی لای ئەدەب دۆستان، ئەو کەسانەی نرخی شتی کۆن دەزانن وەکو دەڵێن (نرخی زێڕ لای زەڕەنگەرە).
ئێستا زۆر کەس هەن کەنرخی ئەو شتانە دەزانن، وەکو هەڵگرتنی پارەی چەند ساڵ لەمەوپێش یاخود کۆکردنەوەی پول بەتایبەتی هی ساڵانی پێشوو، یان وێنەو زۆر شتی تر.
هەتاکو ئێستا وەکو خۆم ئەو شتانەم لەتەمەنی منداڵیمەوە پاراستوومە، هەمووشی رۆژانـە لەدەمی خۆمم گرتۆتەوە، یاخود بەمنداڵی کاسپیم کـردووەو پارەکەیم داوە بەوێنەو پول‌و تەنانەت پـارەی کۆنیش، هەتا ئێستاش بەردەوامم لەسەریان، تەنانەت کەڕووم کردۆتە ئەوروپاش تەنها خەمی ئەو شتانەم خـواردووە، ئەو خولیاو ئـارەزووەم زیادی کردووەو کەمی نەکردووە، داواشم لەهەموو کەسێک هەیە گرنگی بدەن بەهەموو ئەو شتانەو نرخی بزانن.
یادگارییەکانم لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزە
لەساڵی ١٩٧٦ خاڵم شێخ حەسەن شێخ فـەرەج سـەرخـواری کەئێستا مامۆستای زانکۆیە لەکۆلیژی کشتوکاڵی سلێمانی، روویکردە وڵاتی کەنەدا

بۆ خوێندن، کەئەوکاتە هەر بەنامە دەنگت دەگەیشت بەکەسوکار، ئەویش بەناردنی نامەو کارتو وێنە دەیناردن بۆمان، ئەوکاتە تەنها ناونیشان بۆ نامەی خاڵم، دوکانەکەی باوکم بوو لەبازاڕی زێوەر بەرامبەر قوتابخانەی گۆیژەی کۆن کەپۆستەی سلێمانی بەوشێوەیە دەیاندۆزییەوەو دەیانهێنا بۆ باوکم، باوکیشم ئێوارە دەیهێنایەوە بۆ ماڵەوە، لەبەرئەوەی باوکم نەخوێندەوار بوو دەیدایە دەست من بیانخوێنمەوە، ئەوەی هی کەس‌وکارو ماڵی بابە گەورەم بوایە من دەمبردن، ئەوەشی بۆ خۆمان بوایە لای خۆم هەڵمدەگرتن، هەتا ئێستاش ئەو کارتانەم پاراستووە، هەر بەتازەیی ماونەتەوە، یەکێک لەو کارتانە دەخەمەڕوو لەم باسەدا بەوێنەو نووسینەوە کەبەهۆی جەژنی رەمەزانەوە ناردوویەتی بۆ باوکم.


کارتێکی تر کەهی خوشکەکەمە لەدوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگەڕانەوە بۆ کوردستان تا چەند ساڵ لەئێران مانەوە، ئێمە لەو ماوەیەدا هەواڵمان نەدەزانین، بەڵام لەساڵی ١٩٧٩ دوو کارتو چەند وێنەیەکی خۆیانو منداڵەکانیان کەنەمان بینیبون بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بەپیاوێکی قاچاخچییدا بۆیان ناردبووین.

هەروەها برای خۆشەویستم کاک عەبدولکەریم وێڵەدەری کەهاوڕێی منداڵی‌و ئێستاشمە، ئەوکاتەی لەزانکۆی موسڵ دەیخوێند، منیش لەئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بووم، کارتێکی هەڵپەڕکێی کوردی بۆ ناردم لە ساڵی ١٩٨٣، ئەوکاتە زۆر پێی خۆشحاڵ بووم .

کارتێکی تر کەسەروەری خوشکەزام لەوڵاتی بەریتانیاوە بۆی ناردووم بۆ ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠١. جگە لەمانە چەندەها کارتی ترم لایە لەلایەن خوشکەزاو برادەرو کەس‌و کارەوە بۆم هاتوون، هەمووی لەئەرشیفی خۆم پاراستوومن، گرنگی ئەو کارتو نووسینانە ئەوەیە هەر کاتێک سەیریان دەکەم‌و دەیانخوێنمەوە دەمباتەوە بۆ بیرەوەرییە تاڵ‌و شیرینەکانی رابردووی ژیان، چاوم دەفڕێنێ بەناو یادگارییەکانا.

یەکێک لەیادەوەرییە گرنگەکانی ژیانم کەدەمگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥ واتە





ئەم کارتە پێشکەش بە برای بەڕێز و
خۆشەویستم کاک شێخ جمیل .
کاک شێخ جمیل جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز
بێت هەموو ساڵێک بە خۆشی و شادی
وە پیرۆز بێت لە دادە [illegible] و منداڵەکان
[illegible] کاک [illegible] و کاک [illegible]
و [illegible] و منداڵەکانیان [illegible]
وە پیرۆز بێت لە کاک [illegible] و [illegible]
و منداڵەکانیان . هیوادارم هەموو ڕۆژێکتان
بە جەژن [illegible]
بۆ خوشکانم [illegible]
[illegible]
[illegible]

MADE BY
DEXTER COLOR CANADA
CORNWALL, ONT., CANADA

Pub. by Alberta Color Productions, 11323 University Ave., Edmonton, Alberta

This impressive sandstone mansion was completed in 1913 and for 25 years served as the official residence of Alberta's Lieutenant Governors. In 1938 it was closed and converted to other uses but in 1966 re-established as a center for important state occasions. The Provincial Museum and Archives built in 1967, houses many interesting natural history displays and exhibits from Alberta's colourful past. The museum is located at 12845 - 102 Avenue, Edmonton, Alberta.
11851-D

Dexter SUPREME


Post Card

From: Shekh-Marf H.
Dept. of Soil Science
U of A
Edmonton, ALTA
Canada, T6G 2E3

TO: Shekh-Jamil Aziz
Sulaimaniya, Iraq.


کارتی جەژنە پیرۆزەی خاڵم بۆ ماڵی ئێمە ساڵی (١٩٧٨) کەنەدا







**کارتی جەژنە پیرۆزەی خوشکم بۆ ماڵی خۆمان لەشاری شیزازی ئێران -ساڵی (١٩٧٩)**







کارتی هاوڕێی خوشەویستم مامۆستا کەریم لەموسڵەوە بۆی ناردوم ۱۹۸۳






**کارتی سەروەری خوشکەزام بۆی ناردوم لە بەریتانیاوە بۆ ئەڵمانیا ٢٠٠١**



ڕەئوف شێخ جەمیل –ساڵی ١٩٧٦

ئەوکاتەی تەمەنم سیانزەو چواردە ساڵان بوو، هەمیشە خولیای کۆکردنەوەی وێنەو پولو پارە بووم، هەرچەند بەشەقامی مەولەویدا بۆ دوکانەکەی باوکم لەبەردەم بازاڕی عەسرییەوە دەڕۆیشتم، تەنها سەیری ئەو دوکانانەم دەکرد بەتایبەتی دوکانی کاک ئەحمەدی دیاری کەجوانترین تابلۆی کـــوردەواری هەڵواسیبوو بەدەستکردی هونەرمەندی نەمر کاک خالد زامدار دروستکرابوو، بەپارچە شیعرێکی ڕازی شاعیر ڕازێنرابووەوە:


**بەدەستی بەتاڵ مەڕۆ بێ دیاری**
**دیاری پێویستە بۆ یادگاری**




کەهەتا ئێستاش ئەو تابلۆیە هەر ماوەو بەڵام وێنەکەیان نوێ کردۆتەوەو گۆڕیویانە، چونکە من یادگاری منالیمی تیا دەبینم هەر وێنە کۆنەکەم لا جوان بوو کەئێستاش هەر لەبەرچاومە.

یاشان دوکانی کاک حاجی خدر چنگیانی هەبوو لەنێوان دوکانی وێنەگری یەحیا ئەفەندی و ئەحمەدی دیاریی، حاجی خدر لەو دوکانەدا کارتی جەژنە

پیرۆزەی ڕەش‌و سپی دەفرۆشت، بەڵام وێنەکان هەمووی کوردەواری‌و وێنەی سروشتی کوردستان‌و منالانی کوردو کەو و دێهات‌و شوان‌و فۆلکلۆرییە کوردیەکان‌و شەقامەکانی شاری سلێمانی بوون.
ئەوەی ئێستاش لەبەرچاومە بەلای سەرووی دوکانەکەیدا، بەدوو تەناف وێنەکانی بەجلگرەی تەختەی ئەوسا هەڵدەواسین، نرخی وێنەکان پەنجا فلس بوون، منیش لەڕۆژانەی خۆمم دەگرتەوەو جار ناجارێک وێنەیەکی کوردەواریم لێدەکڕی‌و لەئەلبوومی خۆما دەمپاراستن، هەتا ئێستا چەندەها لەو وێنانە ماون، نەک من زۆربەی خەڵک وێنەیان لێدەکڕی‌و لەپشتی وێنەکە دەیانووسی‌و بەناوی کارتی جەژنە پیرۆزەوە دەیانناردن بۆ کەس‌و کاریان بۆ شارە کوردییەکان یان خوارووی عیراق یان هاندەران، حاجی خدر ئەو وێنانەی لەوێنەگرەکانی شار دەکڕی، وەکو وێنەگری یادگارو عومەرو... تاد.
حاجی خدر جگە لەوێنە فرۆشتن وەکالەتی بایعیشی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تەزبیحی دەهۆنیەوە بەتایبەتی تەزبیحی قەزوان ئەویش نرخی ١٥٠ فلس بوو کەپێمان دەوت سێ پەنجایی ئەوکاتەش کەگەورەبووم و دەستم تەزبیحی دەگرت وەک گەنجێک رووم لەدوکانەکەی دەکرد بۆ هۆنینەوەی تەزبیحی قەزوان.
بۆیە هەتا ئێستاش ئەو پیاوە لەبیرەوەرییەکانما دەرناچێت‌و هەر لەبەرچاومە، لەم گۆڤارە خۆشەویستەدا کەخەمخۆری یادگارییەکانی شارە خۆشەویستەکەمانە چەند وێنەیەکی ئەوکاتە دەخەمەڕوو بۆ یادگاری کەچەندەها خەڵکی ئەم شارە یادگارییان لەگەڵ ئەم وێنانەدا هەیە.
حاجی خدر ئێستا دوکانەکەی بەدەست کوڕەکانیەوەیەتی‌و جێگای ئاڵوگۆڕی دراوە، حاجی خدر پێنج کوڕی هەیە بەناوی حاجی حەمیدو حاجی غەفورو عەبدولڕەزاق‌و محەمەدو حەمە سەعید، ئێستا ئەوانیش چوونەتە تەمەنەوەو خاوەن کەسایەتی‌و رێزو حورمەتی خۆیانن، خەڵکی شار زۆربەیان دەیانناسن، حاجی خدر لەبەرواری ٢٠١١/٣/١١ کۆچی دوایی کردووە، خوا لەگوناحی خۆشبێت‌و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.



خوالێخۆشبوو حاجی خدر چنگیانی

فرۆشی کارتی جەژنە پیرۆزە لەسەر شەقامی مەولەوی بازاڕی عەسری

ئەو کارتانەی حاجی خدر ئەیفرۆشتن لە ساڵانی ١٩٧٠ دا






ئەو کارتانەی حاجی خدر ئەیفرۆشتن لە ساڵانی ۱۹۷۰ دا





**ئەو کارتانەی حاجی خدر ئەیفرۆشتن لەساڵانی ١٩٧٠ دا**



# کەوو...کەوبازی لەسلێمانی




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٣٠) بڵاوکراوەتەوە





کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە، بۆیە هەموو جۆرە گیاندارو پەلەوەرێکی تیا دەژی، خەڵکی کوردستانیش هۆگری هەندێ لەو گیاندارانەن‌و بۆ جوانی‌و خۆشی ژیانی خۆیان ڕاویان کردوون ، یان گرتوویانن.

دوو جۆر راوکردن هەیە، راوی گرتن بەدەست یان بەداوو راوی کوشتن.

راوی گرتن ئەو نێچیرەیان گرتووەو زۆرجار دەستەمۆی خۆیانیان کردووە، راوی کوشتنیش نێچیرەکەیان بۆ نەگیراوە لەبەرئەوە کوشتوویانەو سوودیان لەگۆشتەکەی‌و کەوڵەکەی وەرگرتووە.

لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا بەهۆی بێ ئیشی ئاغاکانەوە زیاتر شانبەشانی پیاوەکانیان راویان کردووە، زۆرجار ئاغا یان سەرۆک عەشیرەتێک دەعوەتی سەرۆکێک یان ئاغایەکی تری کردبێت لەگەڵ پیاوەکانی بەردەستیان بەسواری وڵاخ رۆیشتوون بۆ راوکردن، راویش زیاتر بریتی بووە لەڕاوە ئاسک‌و کەڵەکێوی‌و کەروێشک‌و راوە پۆڕو راوەکەو، چەندەها جار نێچیرێکی زۆریان راوکردووە، ئینجا دەعوەتەکەیان خواردووە.

زیاتریش لەکوردستاندا راوەکەو زۆر کراوەو هەموو خەڵکی گوندە شاخاوییەکان کەویان گرتووەو دەستەمۆی خۆیانیان کردووەو پاشان راوی کەوی تریان پێکردووە یان گرتوویانن یان بەساچمەزەنو تاپڕ کوشتوویانن، کەو زیاتر بۆ دەنگە خۆشەکەیو جوانی لەماڵاندا رایانگرتووەو خستوویانەتە قەفەسەوەو لەدیوەخانو سەربانێژەی لادێکاندا دایانناوە بۆ خوێندن، یان بۆ شەڕەکەو بەکاریان هێناوە، خۆشی ژیانی خۆیان پێ بەسەربردووە.

دیارە دانیشتوانی خەڵکی شاریش بێ بەش نەبوون لەڕاگرتنی کەو کاتێک کەخەڵکی لادێ کەوەکانیان گرتووە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان هێناویانە بۆ شارو بەخەڵکی شاریان فرۆشتووە یان بەدیاری بۆیان هێناون بۆیە ئێستاش لەناو شارەکاندا کەو زۆرە.

شاری سلێمانیش یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کەبێ بەش نییە لەو کەسانەی حەزو خولیای کەویان هەیەو هەر لەدروستبوونی شارەوە کۆمەڵێ لەخەڵکەکەی هۆگری کەو بوونو ڕایانگرتووە، بۆیە هەر ئەو خەڵکە بۆ کۆڕو کۆبوونەوەو کڕین و فرۆشتنی کەوەکانیان شوێنێکیان بۆ خۆیان تەرخانکردووە وەکو هەموو شوێنەکانی تر ناوی مەیدانیان لێناوەو چایخانەیان لێ کردۆتەوەو کەوەکانیان بردووە بۆ شەڕەکەوو خوڕە پێکردنو کڕینو فرۆشتنیان پێوەکردووە، یان هەتاکو ئێستا وەک نەریتێک هەموو رۆژانی هەینیەک کەوبازەکان لەگۆڕەپانێکدا کۆدەبنەوەو کەوەکانیان دەبەن بۆ شەڕەکەو، هەر کەوێک شەڕی باش بکاتو نەبەزێ نرخی ئەو کەوە زۆر بەرزدەبێتەوە، خاوەنەکەی شانازی پێوەدەکات، یان هەرکەوێک زۆر بخوێنێ بەرامبەر کەو ئەوەش نرخی باش پەیدادەکات.

بۆیە ئێمەش بەباشمانزانی روو لەمەیدانی کەوبازەکان بکەینو سەردانی چەند کەسێکی ناسراوی شار بکەین، لەنزیکەوە لەنرخو بەهای کەو بزانینو چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز کاک شێخ تەها گڵەزەردەیی بکەین کە کەو فرۆشە لەچایخانەی کەوبازەکان، سەرەتا سڵاومان لێکردو بەمجۆرە دەستمان پێکرد:

***ئێمە دەمانەوێ لەنزیکەوە نرخی کەوو قەفەسمان پێ بڵێی‌و تەمەنی کەو فرۆشی خۆشت چەندە لەم مەیدانە؟**

-ماوەی بیست ساڵە کەو دەفرۆشم، لەپێشا لەچایخانەکەی تەنیشت مزگەوتی شێخ مستەفای نەقیب بووین، ئیتر ئەوێیان رووخان‌و هاتینە خانەکەی لای کاک سدیق‌و ئێستا ماوەی هەشت ساڵ دەبێت لێرە کەو دەفرۆشم، نرخی کەویش کەوی تۆڕ کەخەڵک دەیکڕێ بۆ سەربڕین‌و خواردن جووتی بە ٦٠ هەزار دینار، کەوی راو ٥٠٠ - ٦٠٠ هەزار دینار دەکات‌و ما کەویش ٤٠- ٥٠ هەزار دینار کەوی دەستبازیش هەیە نرخی بەرزە، نرخی کەویش بەگشتی بەپێی رۆژە.

***ئەی نرخی قەفەس چۆنە؟**

-قەفەسی باش جووتی بە ١٥٠ هەزار دینارە چونکە ئەوانە گەورەو جوانن‌و قەفەسی ناوەندو کۆنیش جووتی ٥٠-٦٠ هەزار دینارە.

***ئەو قەفەسانە لەکوێوە دەهێنن بۆتان؟**

-ئێستا زیاتر لەئێرانەوە بۆمان دەهێنن یان لەهەولێر دروستی دەکەن، ئەوانەش هەمووی بەدەست دروست دەکرێن.

***چەند جۆر کەو هەیە؟**

-کەوی سپی هەیە، ئەوە هەر سپی سادەیە، کەوی خاکیش سێ جۆری هەیە، جۆرێکیان پێی دەوترێ (سپاد) ئەوە کەوی قەرەچووخەو کەوی رەش‌و کەوی سووریش، ئەم کەوانە هەموویان خاکین بەڵام رەنگیان جیاوازە.

***کاتی بەهاران کەباڕەکەو پێدەگات‌و بۆتان دەهێنن نرخی باڕ چۆنە؟**

-نرخی باڕەکەو بەپێی گەورەو بچووکیە، هەتا گەورەبێت نرخی زیاترە، هەندێجار باڕەکەوی بچووک کەم پارە دەکات چونکە ترسی ئەوەی هەیە بمرێ.

دواتر رووومان کردە کاک سدیق کەخاوەنی خان‌و چایخانەی کەوبازەکانە.

***کاک سدیق جەنابت ئەزانی لەوەتەی شاری سلێمانی هەیە کەوو کەوبازیش هەیە، جەنابیشت لەکۆنەوە لەگەڵ کەودا خەریکی، چەند ساڵە کەوت هەیە؟**

-ماوەی ٣٠ ساڵ دەبێ من کەوم هەیەو هەر لەکۆنەوە حەزم لێی بووە.

***ئێستا چەند کەوت هەیە؟**

-ئێستا شەش کەوم هەیە، جاری وا هەیە ١٥ کەوم هەیە جار هەیە ٣٠ کەوم هەیە، ئەوەندە حەزیان لێدەکەم.

***جەنابت ئەو کەوانە نافرۆشیت؟**

-نەخێر من کەو نافرۆشم، تەنها دەیان کڕم بۆ زەوق‌و هیوایەتی خۆم، من بەزۆری بۆ شەڕەکەو رایاندەگرم، مەگەر ئەو کەوە ببەزێت بیفرۆشم ئەگینا کەو نافرۆشم.



کاک سدیق خاوەنی چایخانەی کەوبازەکان لەسلێمانی

***چەند جۆر راوەکەو هەیە؟**

-راو جۆری زۆرە، هەیە بەتفەنگ دەیکا، هەیە بەداو، راوە دیۆجامە هەیە ئەویش بەتفەنگە، راوە نێرەکەو هەیەو راوە ماکەو هەیەو راوە باڕەکەو هەیە.

***کەی راوەکەو دەست پێدەکات؟**

-لە ٢/٢٠ راوە نێرەکەو دەست پێدەکات، چونکە جووت دەگرن لەگەڵ ماکەودا.

***ئەی راوە ماکەو کەی دەست پێدەکات؟**

-راوە ماکەو لەمانگی شەشدا دەست پێدەکات.

***ئەی راوی باڕەکەو کەی دەست پێدەکات؟**

-کەوباڕ پێگەیی راو دەست پێدەکات ئەوسا لەشاخەکان جەماعەتێ هەڵیان دەفڕێنن و باڕەکانیش یەک باڵ دەڕۆن و ئینجا هیلاک دەبن و دەکەون و لەوکاتەدا دەیانگرن، بەڵام ئێستا بەشەو دەڕۆنە سەر کانیو ئاو شەبەکەیان بۆ دادەنێن، ئینجا کەمێک لەئاوی کانیەکە دەهێڵنەوە تا باڕەکان دێن بۆ ئاو خواردنەوە، ئینجا شەبەکەکە رادەکێشن‌و هەموویان دەگرن، بەڵام ئەمە شتێکی باش نییە چونکە کەو قەڵاچۆدەکات.

***ئەی راوی دیۆجامە چۆنە؟**

-راوی دیۆجامە ئەوکەسە پەڕۆیەکی گوڵ گوڵی یان جامانە دەباتو سەرە ئاژەڵێک دەنێ بەسەریەوە تا نزیک دەبێتەوە لەکەوەکان، کەوەکانیش وا دەزانن ئاژەڵە، ئەو کەسەش بەتاپڕ تەقەیان لێدەکات و دەیانکوژێ.

***جەنابت زۆر شارەزاییت لەشەڕەکەودا هەیەو بەناوبانگیت، کاتی شەڕە کەو کەیە؟**

-شەڕە کەو جاران لەمانگی ٣ دەستی پێدەکرد چونکە ئەو کەوە دەبوایە گەرم ببوایەو فیتوی بدایە، بەڵام ئێستا بەهۆی گڵۆپەوە لەمانگی ١١ دەست پێدەکات چونکە ئەو گڵۆپە شوێنەکەی گەرم دەکاتو فیتو بەکەو دەدات، لەبەرئەوە زوو شەڕ دەست پێدەکات.

***ئەی جەنابت شەڕەکەو لەسەر هیچ ناکەیت؟**

-نەخێر نەوەڵڵا هەر بۆخۆشی خۆم دەیکەم.

***ئەی نرخی کەو چۆنە؟**

-نرخی کەو جاران ٣ دیناری وورده وورده سەرکەوت بۆ ١٠دینار بۆ ٢٠٠ هەزار بەڵام ئێستا بۆ شەڕەکەو چۆتە ٦٠٠ هەزارو کەوی راوی باش دوو ملیۆن دینار دەکات.

زۆر سوپاست دەکەین کاک سدیق بۆ ئەو زانیارییانەی بەڕێزت.

پاشان روومان کردە هونەرمەندی میللی کەریم خەمزەیی‌و چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد.

***دەمانەوێ چەند پرسیارێکت لێبکەین، سەرەتا با بزانین ماوەی چەند ساڵە کەوت هەیە؟**

-من خۆم تەمەنم ٦٠ ساڵەو لە ١٥ ساڵیەوە کەوم هەیە، من لەگەڵ کاک سدیقو ئەوان هیوایەتی کەوم هەر بووە، ئێستا خۆشەویستی کەو وایلێکردووین هەموو رۆژێک یەکتر نەبینین ئەوا ئیسراحەت ناکەین، ماوەی ٤٦ ساڵە کەوم هەیە.

***وەختی خۆی راوەکەوت کردووە؟**

-بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا وەختی خۆی راوەکەوم زۆر دەکرد لەناوچەی گەورەدێو خەمزەو قەراغ، من زیاتر حەزم لەڕاوی داوە، حەزدەکەم بیانگرم


نەک بیانکوژم، ئێستا بەهۆی ئەوەی راو قەدەغەیە تاقەتم نییە.

***ئێستا چەند کەوت هەیە؟**

-قوربان ئێستا ٣ کەوم هەیە.

***جەنابیشت شەڕەکەو دەکەیت؟**

-نەخێر من شەڕەکەو ناکەم تەنها بۆ زەوقی خۆم کەوم راگرتووە.



هونەرمەندی میللی کەریم خەمزەیی

***کاک کەریم خۆت زۆر باش شارەزایت کەو لەزۆر شیعرو گۆرانیو فۆلکلۆری کوردیدا ناوی هاتووە، ئەویش لەبەر دەنگە خۆشەکەییو جوانیەکەی، زۆربەی گۆرانیبێژان کەویان کردووە بەڕەمزێک بۆ جوانی ئافرەتانو گۆرانیان بەسەردا هەڵداوەو شاعیرانیش زۆربەیان شیعریان بۆ کەو وتووە ، جەنابیشت شانبەشانی هونەرمەندی کۆچکردوو ئەحمەد شەماڵ و گۆرانیبێژە میللیەکان گۆرانیت وتووە، ئەی هیچ مەقامو گۆرانیت نییە بەسەر کەودا؟**

-بەڵێ منیش بێبەش نیم لەمەقامو گۆرانی بۆ کەو.

***دەتوانی ئەو هۆنراوەیەمان بۆ بڵێی کەبۆ کەوت وتووە؟**

-بەڵێ، ئەمەیە:

**مەقام**

**ئەری رۆڵە.. عەشقی کەوێکی جوانم**
**دانیشتووی کوردستانم**
**بەتفەنگ و بەداوە**
**چەند کەوم بۆ گیراوە**
**خوایە چی بکەم لەم حاڵە**
**ئیتر ژیانم تاڵە**
**تەنیا کەوێک شک دەبەم**

**ئاوازو دەنگی لاڵە**
**بەشیعر... دایمە هەموو راوچییەکان‌و**
**برادەرەکانی خۆشم لەخەیاڵە...**
**زۆر سوپاس بۆ کاک کەریمی بەڕێز دەنگت نەڕزێ.**

## کەو لەشیعرو گۆرانی‌و فۆلکلۆری کوردیدا

زۆربەی شاعیرەکان شیعریان بەسەر کەودا هەڵداوە چ بۆ دەنگە خۆشەکەی یان بۆ نەخش‌و جوانیەکەی یان هەڵفڕین‌و ڕۆشتنەکەی‌و زۆربەی گۆرانیبێژەکان مەقام‌و گۆرانیان وتووە بۆ کەو، هەروەها لەفۆلکلۆری کوردی وەکو پەندی پێشینان ناوی کەویان بەکارهێناوە، وەکو پێشینان دەڵێ:

**-کەو ئەو کەوەیە بەرامبەر کەو بخوێنێ.**
**-ئەڵێی کەون قەومێکی خۆ خۆرن.**

هەروەها گۆرانبێژانی میللی‌و گۆرانیبێژانی بەناوبانگی وەکو حەسەن زیرەک‌و محەمەدی ماملێ چەندەهای تر گۆرانیان بەسەر کەودا وتووە.

وەکو حەسەن زیرەک ئەڵێ:

**کەویار کەویار کەویارم جوانێ**
**بەقوربانیەکەم گشت خان‌و مانێ**
**هەروەها گۆرانیبێژە میللیەکانیش ئەڵێن:**
**چوومە سەرداری مێوێ**
**دەمخوێندو چەشنی کەوێ**
**یارم ئا لەولاوە هات**
**فەرمووی ماچێکت بەمێ**
**وتم پێی رازی نابم**
**ئیللا دوو ماچم دەوێ**

یاخود دەڵێ:

**دوو کەو دەخوێنن قاسپەقاسپیانە**
**باسی بەینەکەی من‌و تۆیانە**

چەند شاعیرێکیش شیعریان بەسەر کەودا وتووە وەکو شاعیر رەشیدی مەلا عەلی ئەڵێ:

**من کەوێکی زۆر جوانم**
**هەمیشە لەکوێستانم**
**دەنوکم سوور ئاڵە**
**قاچم دەڵێی شمشاڵە**

هەروەها شاعیری میللیش حەقی شارباژێڕی ئەڵێ:

**کەوێک ئەخوێنێ لەشاخو لەباخ**
**ئەویش وەکو من هەڵئەکێشێ ئاخ**

لەشیعرێکی تردا ئەڵێ:

**چ هونەرمەندێ چ مۆسیقایە**
**ئاهەنگگێڕانی وەکو کەو وایە**
**بەدەنگی خۆشی کاتێک دەخوێنێ**
**دەماری لەشو خوێن دەجوڵێنێ**

یاخود زۆر منداڵ هەیە بەناوی کەوەوە ناویان ناوە ئەویش لەخۆشەویستیان بۆ ئەو پەلەوەرە جوانو رەنگینو دەنگخۆشە، وەکو کەویار، کەوناز، کەوێ، کەوبوار.

زۆربەی شاعیرانی ئەدەبی منالان شیعری کەویان بۆ منال وتووە، لەبەرئەوەی منال زۆر حەزیان لەکەوو دەنگە خۆشەکەیەتی.



کەریم خەمزەیی - شێخ تەهای گڵەزەردە - کاک سدیق - شێخ رەئووف (چایخانەی کەوبازەکان)



کەریم خەمزەیی - کاک سدیق - شێخ رەئووف (چایخانەی کەوبازەکان)




چایخانەی کەوبازەکان لە سلێمانی



مەیدانی شەڕەکەو لە سلێمانی









شەڕەكەو



دوو کەوی سپی

# حاجی شێخ فەرەجی
# شێخ مارف سەرخواری




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٢٩) بڵاوکراوەتەوە



حاجی شێخ فەرەجی شێخ مارف سەرخواری


حاجی شێخ فەرەج کوڕی شێخ مارفی شێخ ئەحمەدی شێخ عارفی نەوەی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، لەساڵی ١٨٩٠ لەگوندی سەرخواری ناوچەی شارباژێر سەر بەقەزای چوارتا هاتۆتە دنیاوە، بەهۆی ئەوەی شێخ مارفی باوکی یەکێک بووە لەشێخانی ناوچەکەو دەنگێکی باشی بووەو پیاوچاکێکی دەستو دڵ فراوان بووەو خاوەن موڵکو ماڵو سفرەو دیوەخان بووەو ئاژەڵدارێکی بەناوبانگیش بووە، هەمیشە خەڵکانی بەناوبانگو شێخو ئاغاکانی ئەو سەردەمە روویان تێکردووە، لەمسەریشەوە وەکو خزمایەتیو شێخایەتی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا خۆیان بەئامۆزاو پشتی یەکتر زانیوەو هەمیشە پێیان لەیەکتر نەبڕیوە، بەتەنگی هەموو خۆشیو ناخۆشییەکی یەکترەوە بوون.

لە ١٩١٩ لەکاتی شەڕی بەردە قارەماندا لەسەر داوای شێخ بەخۆییو خزمو کەسو خەڵکی ناوچەکەوە ئەوەی چەکی بوبێت رۆیشتوون بەرەو شەڕی بازیان، بەڵام تا ئەمان گەیشتوون شەڕ تەواو بووەو شێخ مەحمود بەدیل گیراوەو شێخ فەرەجو عەشایەری ناوچەکە بەدڵ تەنگی گەڕاونەتەوە.

کاتێک شێخ ئازاد دەبێت وەکو بنەماڵەی شێخان بەرەو پیری شێخەوە دێن و باجو خەراجی خۆیانو دیەکە کۆدەکەنەوە بۆ یارمەتی حکومەتو شۆڕشەکەی شێخ.

کاتێک شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز دەکەوێتە شەڕو ناکۆکی، هەموو شاری سلێمانی بەرەو دێهاتەکانو شارباژێر دەکەونەڕێو خەڵکی لادێکانو ناوچەکان دەکەونە یارمەتی شێخو پیتاک کۆکردنەوەو عەشایەرو چەکدار کۆکردنەوە، شێخ فەرەجیش وەکو پێشمەرگەیەکی شێخ ئامادە دەبێت، شێخ مەحمود چەند مەفرەزەیەک دەنێرێ بۆ سلێمانی بۆ سەر رەبیەو بنکەکانی ئینگلیز.

لەلاپەڕە ٦٨ بەرگی دووەمی چیم دی، ئەحمەد خواجە نوسیوویەتی نزیکەی ٣٠٠ چەکدار شەو ڕۆیشتنە سەر سوپاکەی سلێمانی لەکاتژمێر نۆی پاش نیوەڕۆدا تەقەدەست پێکراو لەماوەیەکی کەمدا هەموو نوقتەکانیان بەجێهێشتو تەنیا بنکەی خانی شێخ ئەحمەد لەسابونکەران گیراو میترەلوزەکەیانو


**حاجی شێخ فەرەجی شێخ مارف سەرخواری لەتەمەنی 80 ساڵیدا**

سێ سەربازیان گرت، بەڵام لەجولەکان سوپایەکی بێ چەک گیراو دوایی بەرەڵاش کران.

من وەک نووسەری ئەم بابەتە کەحاجی شێخ فەرەج باپیری خۆم واتە باوکی دایکم لەساڵی ١٩٨٥ لەدانیشتنێکدا هەمان باسی بۆ خۆم گێڕایەوە فەرمووی چەند مەفرەزەیەک شەو لەگوندی وێڵەدەرەوە هاتینە خوارەوەو رووەو جولەکانو شێخ عەباس رۆیشتین، ئینگلیز لەو ناوچانە رەبیەو بنکەی هەبوو، ئێمە بەر رەبیەی شێخ عەباس کەوتینو نزیک بوینەوەو سەگەکانی دەوری رەبیەکە لێمان کەوتنە وەڕین، ئێمەش دەستمان کرد بەتەقەکردن، ئینگلیزەکانیش بەمیترەلۆز ئەو ناوەیان داڕێژاو ناوچەکەیان بەتەڵقە تەنوورە رووناک کردەوەو ماوەی دوو سەعات شەڕ بەردەوام بو، ئێمەش هەموومان تفەنگ چی بووینو فیشەکمان بەخەسار نەدەداو ئەوانیش مەجالیان نەدەداین نزیک بینەوە لێیان، بۆیە پاشەکشەمان کردوو رووەو قەراخ شار کشاینەوە، پاشان هەموو هێزەکان رووەو شارباژێڕ هاتینەوە بۆ لای شیخی گەورە.

من خۆم کەڕۆیشتم بۆ لای شێخ دڵی زۆر خۆشبوو فەرمووی تەنها ئەم بەزمە بۆ ئەوەبوو کەئینگلیز بزانێ ئێمە نەفەوتاوین، ناشهێڵم ئیسراحەت بکەن.

پاش ئەوەی هێزەکانی شێخ بڵاودەبنەوە بەناوچەی شارباژێڕو پێنجوینو هەورامانداو دووساڵ زیاتر شەڕ بوو لەو ناوەداو هەموو دێیەکماڵو

چەکدارەکانی شێخی تیابوو، زۆربەی خەڵکی دێهاتەکان سەر بەئینگلیزو حکومەت بوون، بۆیە شێخ ئەمر دەکات هەر کەس‌و ماڵو دێیەک سەر بەئینگلیز بن ماڵەکەی بسوتێنن‌و دەریان بکەن.
دێی شیوەکەڵ یەکێکبوو لەو دێیانەدا کەچەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی لێبوون کە سەر بەئینگلیز بوون، شێخ زۆر لێیان تووڕەدەبێ.
(لەلاپەڕە ١٣٤ی هەمان بەرگدا ئەحمەد خواجە ئەڵێت: ئیتر بڕیاردرا کەئەو قەڵایەی لەسەرووی شۆڕشگێڕانەوە بەناو حکومەتەوە دروستکراوە بیڕمێنێت، بارەگا هاتە دێی سەرخوار، نزیکەی ٥٠٠ سوارو پیاوو چەکدارمان هەبوو، فرۆکە تا شیوەکەڵو نۆڕک زۆر هاتووچۆیان دەکرد).
بەڵام باپیرە شێخ فەرەجم فەرمووی باوکم دەڕوات بۆ لای شێخ‌و پێی دەڵێ سەر خوار دێی خۆتانەو هەتا ئێمەش لەتوانامابێت خۆمان بەخت دەکەین‌و با ئێوەش بەهۆی شەڕی عەشایەرەوە هیچتان لێ نەیەت.
پاشان سوپاکەی شێخ دێتە سەر خوارو ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێنێتەوەو شێخ زیاتر لەماڵی خۆماندا بوو، پاش ئەو ساڵە شێخ مەحمود هێزەکانی رووەو پێنجوین‌و سنووری ئێران دەباتو خۆشی لەپیران‌و ولەژێ دادەنیشێ.
ئینجا شێخ ساڵی ١٩٣٠ دەنێرێ بەدوای شێخ مارفدا بەئیش‌و کاری خۆی دەینێرێ بۆ سلێمانی‌و لەگەڕانەوەدا پیاوێکی بەیاوەری لەگەڵدا دەبێت بەناوی حسێنە سوور کاتەکەی بەهار دەبێت، ئاوی چەمی گەورە کەلەناڵپارێزەوە دێت بۆ قەڵاچوالان، لەوکاتەدا ئاوەکەی زۆر دەبێتو رێگە نادات بپەڕنەوە، ئەمانیش دوو وڵاخی بەرزەیان پێ دەبێ‌و دەڵێن بەهۆی وڵاخەکانەوە دەپەڕینەوە، بەڵام ئاوەکە بوار نادات‌و شێخ مارف دەکەوێتە ئاوەکەوەو دەیبات، بەڵام حسێنەسوور دەپەڕێتەوەو رزگاری دەبێ، خەبەرەکە دەباتەوە بۆ گوندی سەرخوارو پێیان دەڵێت کەشێخ مارف خنکاوە، پاشان خەڵکی دێهات‌و کەسوکارو ناوچەکە هەرچی هەوڵ دەدەن نایدۆزنەوەو پاش سێ مانگ کەئاوی چەمەکە کزدەبێت ئینجا خەڵک جەنازەکەی لەشەراوێژە دەدۆزنەوەو خەبەر دەدەن بەکەس‌و کاری دەیبەنەوە بۆ گوندی سەرخوار، هەتا یەک مانگ پرسەو سەرەخۆشی بەردەوام ئەبێ.

ئینجا هەواڵ دەدرێ بەشێخ مەحمود، کارەساتێکی زۆر ناخۆش دەبێت بۆ خەڵکی ناوچەکە، ئینجا شێخ فەرەجی کوڕی بەجێنشینی دادەنرێ و شوێنی دەگرێتەوە، موڵکو ماڵ دەبات بەڕێوە، تا ساڵی ١٩٥٦ دێت بۆ سلێمانیو خانوویەک دەکڕێت نزیک شەقامی ئیبراهیم پاشای بنەیەک دادەنێت لەبەر دوارۆژی کوڕەکانی بۆ خوێندن تا ڕەشبگیریەکەی ساڵی ١٩٦٣ خۆی لەگوندی سەرخوار دەبێتو کوڕەکانی لەسلێمانی دەبن، ئەوانیش ئەیانەوێ ڕووەو لادێ بڕۆنەوەو خۆیان لەدەستی زەعیم سدیقی خوێنڕێژ ڕزگاربکەن، شەو دەبێ شێخ باقری کوڕی لەگەڵ دوو خێزانی تری سلێمانی دەیانەوێ خۆیان ڕزگاربکەن لەدەست عەسکەرییە لەنزیک شاری سلێمانی تەقەیان لێ دەکەنو هەموویان شەهید دەکەن.

پاش ئەو کارەساتە کەشار ئارام دەبێتەوە، شێخ فەرەجیش بەیەکجاری بەماڵەوە دێتە سلێمانیو شێخ ڕەشیدی کوڕی لەسەرخوار لەجێی خۆی ماڵو موڵک دەبات بەڕێوە، لەسلێمانی هەر لەو خانووەدا دەبێت تا لەساڵی ١٩٨٨ لەتەمەنی ٩٨ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکاتو لەگردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێت.

**سەرچاوە:**


-١چیم دی بەرگی دووەم.

-٢چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیرم خۆی.

-٣چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی شێخ ڕەشیدی خاڵم.


-٤چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی عوسمان حەمەی مەلا نایەر، شەوانی ڕەمەزان.

# حاجی کەریم بێکراس

# کەسایەتییەکی ناوداری شاری سلێمانی




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٧٤ - ١٧٥) بڵاوکراوەتەوە



حاجی کەریم بێکراس

شاری سلێمانی گەلێک پیاوی خێرخواو بەناوبانگی تیاهەڵکەوتووە، هەتا ئێستا زۆربەیان کەسایەتیان دەرکەوتوون‌و ناوبانگیان دەرکردووە، زۆربەشیان ناویان نەماوە، ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی کەسوکاریانەوە بووە.

یەکێک لەوپیاوە نەمرانە حاجی کەریم بێکراسە، زۆردەمێکە بەنیازم‌و بەدوای کەسوکاریا دەگەڕێم چونکە من منداڵبووم لەساڵی ١٩٧٢ لەقوتابخانەی مەڵکەندی لەپۆلی چواری سەرەتایی بووم مامۆستایەکمان هەبوو وانەی بیرکاری پێدەوتین کەئەوکاتە پێیان ئەوت (حساب)، مامۆستاکە ناوی شەوکەت بوو پێیان ئەوت شەوکەتی حاجی کەریم بێکراس، مامۆستایەکی زۆر باش‌و زیرەک بوو، من لەوکاتەوە ناوی حاجی کەریم بێکراسم بیست، کوڕێکی تری حاجی کەریم بەناوی نەوازدەوە قوتابی بوو لەگەڵمان.

بینین‌و ناسینی ئەو پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ بیرم دێ سەردەمی شۆڕش بوو لەگەڵ باوکم ڕۆیشتین بۆ مەیانی ماستەکە بۆ میوە کڕین، باوکم لایدا بەلای دوکانێکدا کە دوکانی وشکە بوو کابرایەکی باریکەلەی لاواز دانیشتبوو لەگەڵ باوکم مەرحەبای یەکتریان کرد، کەمێک قسەیان کرد بەیەکەوە، ، پاشان من‌و باوکم ڕۆیشتین پرسیارم لەباوکم کرد ئەو پیاوە کێیە؟ باوکم وتی: کوڕم ئەوە حاجی کەریم بێکراسە، ئیتر لەوکاتەوە من وێنەی حاجی کەریمم هەر لەبەرچاو بوو، هەموو جارێک کەبە بەردوکانەکەیا دەڕۆیشتم سەیرم دەکرد، حاجی کەریم بەبۆنەی دروستکردنی ئەو مزگەوتەی لەگەڕەکی ئازادی لەساڵی ١٩٦٧ دروستبوو ناوبانگی گەورەی دەرکرد لەشاری سلێمانیدا کەلەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن چەند خێرخوازێکەوە نۆژەن کرایەوە.

لەم ماوەیەدا ساڵی ٢٠١٦ کاک نەوزادی حاجی کەریم لەلەندەن بەسەردان هاتەوە بۆ سلێمانی، منیش ڕۆیشتم بۆ لای کاک عەلی حاجی سادق لەژێر پردەکە ئەویش مۆبایلەکەی دەرهێناو وتی: ئەم وێنەیە دەناسیتەوە، وتم: ئەمەیان خۆتیت‌و ئەوەشیان زاهیر غەریبە، بەڵام ئەوەی تریان ناناسمەوە، وتی: ئەوەشیان نەوزادی حاجی کەریم بێکراسە کەلەقوتابخانەی سەرەتایی

بەیەکەوە بوین، ئینجا هاتە یادمو ژمارەی تەلەفۆنەکەیم وەرگرت، قسەم لەگەڵ کردو کاتێکمان دانا یەکتر ببینین، کاتەکەمان خستە شەو، چەند برادەرێکی تر کۆببینەوە، منیش تەلەفۆنم کرد بۆ بەرزانی قالەی خەڵوز کەئەویش هاوڕێی منالیمانە.

دانیشتنێکمان سازداو شەوێکی زۆر خۆشمان بردەسەر، دوایی وتم: کاک نەوزاد من دەمێکە بەنیازم لەسەر حاجی کەریم باسێک بنووسم بۆ گۆڤاری سلێمانی کەگۆڤارێکی کلتوری شارەکەمانە، دەبێ یارمەتیم بدەیت بۆ ئەوکارە، ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، دوای چەند رۆژێ وێنەیەکی حاجی کەریمو ژیاننامەیەکی کورتی بۆ ناردم لەگەڵ وێنەیەکی خۆیو هەردوو براکەی کەوەختی خۆی لەدوکانەکەی حاجی کەریم گرتوویانە، ئەوەشی پێوتم کەحاجی کەریم لەماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، لەژنی یەکەمی تەنها مامۆستا شەوکەتی بووەو ژنی دووەمیش سێ کوڕی بووە بەناوی حەمەرەئوفو جەلالو محەمەد، لەژنی سێهەمیش کەئێمەین خالیدو جەبارو نەورۆزو نەوزاد، ئەوەی راستی بێت کەئێمە کوڕی حاجی کەریم نین، بەڵکو باوکمان شەهید بووە بەڵام حاجی کەریم دایکی ئێمەی هێناوەتەوەو وەکو کوڕی خۆی تەماشای ئێمەی کردووە، کەم کەس ئەزانێ ئێمە کوڕی ئەو نین.

بەسەرهاتی حاجی کەریم زۆر دوورو درێژە، هەر وا بەئاسانی باس ناکرێ، بەڵام حاجی کەریم پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەم شارە بووە، زۆر سادەو لەژیانیدا زۆر بەکەمی کراسی لەبەرکردووە، یان هەر لەبەری نەکردووە، هەمیشە سنگی رووت بوو، بۆیە ناوی بێکراسیان بەسەردا بڕیوە، خاوەنی مزگەوتێکە کەلەو سەردەمەدا لەسەر رێگای خانووەقوڕەکان دروستیکرد، لەساڵی ١٩٦٧ ئەو ناوەی ئاوەدانکردۆتەوە، بووەتە شوێنی نوێژی پیاوانی ئەوناوە بەهۆی ئەو مزگەوتەوە ناوبانگی دەرکردووە، ئەو گەڕەکەش ناونرا گەڕەکی حاجی کەریم بێکراس، تەنانەت ببوو بەوێستگەی راوەستانی پاسیش کەخەڵک دادەبەزین دەیانوت مزگەوتەکە دابەزین هەیە، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد هەر لەو مزگەوتەدا تەرمەکەیان ناشتووە، کاتێک خالیدی

کوڕیشی شەهید دەبێ هەر لەو مزگەوتەدا دەنێژرێت.
حاجی کەریم پیاوێکی زۆر قسەخۆش‌و بەخشندە بوو هەمیشە رووی لەخوا بووە، دەستی خەڵکی هەژاری گرتووە، سەروەت‌و ماڵێکی زۆری بووە.

## حاجی کەریم

ناوی تەواوی حاجی کەریم مەلا قادر لەساڵی ١٩٠٢ لەگوندی عازەبان هاتۆتە دنیاوە لەڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٢ کۆچی دوایی کردووە.



مزگەوتی حاجی کەریم بێکراس ساڵی ١٩٦٧ دروستکراوە



قوتابخانەی مەڵکەندی ساڵی حەفتاکان
دانیشتووەکان لە ڕیزی پێشەوە: سێیەم کەس مامۆستا شەوکەتی حاجی کەریم بێکراس




لەڕاستەوە: هەژار مەعروف (دەوەن)، هونەرمەند زاهیر غەریب، نەوزاد حاجی کەریم بێکراس، عەلی حاجی سادق، ڕەئوف شێخ جەمیل، بەرزانی قالەی خەڵوز، کارزان حاجی ئەحمەد نەجار

# شێخەی نوقڵ




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٤٨) بڵاوکراوەتەوە



**شێخەی نوقڵ ١٩٧٩**

منداڵ بووم بیرم دێ زۆرجار دایکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ بازاڕ، لەدوکانی باوکم بەجێی دەهێشتم، پاش سەعاتێک دەهاتەوە، کۆمەڵێک پێویستی ماڵی دەکڕیو دەیکردنە زەمیلەیەکەوەو دەیخستنە سەرشانیو دەگەڕایەوە بۆ دوکانەکەی باوکم، کەمێک لەدوکانەکەی پشووی دەداو ئینجا دراوسێ دوکانەکانیش دەیانکرد بەگاڵتە لەگەڵ باوکمدا، دەیانووت وەڵڵا باوکم شێخ ژن هاتووە بۆ لای، بۆ خۆیان دانیشتوون رازو نیاز دەکەن، زۆرجار دایکم منی لای باوکم بەجێدەهێشت و بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ باوکمدا دەهاتمەوە، ئەوکاتە تەمەنم شەش حەوت ساڵان دەبوو.

باوکی رەحمەتیم دوکانەکەی بەرامبەر مەکتەبی گۆیژەی کوڕان بوو لەناو بازاڕ، واتە دوکانەکەی لەدیوی دەرەوەی بازاڕی زێوەر بوو، دراوسێ دوکانەکانی عەلی حاجی عوسمانی عەللاف، وەستا عارفی شووشەچی، حاجی حسێن، حاجی قادر تەگەرانی، مینە کیکنیو مستەفای حاجی حسێن، بەرامبەریشی عەرەبانەکانی بەردەم دیواری مەکتەبی گۆیژە بوو کەئێستا بازاڕی سیروانی نوێیە.

باوکم بۆ ئێوارە دوکانەکەی دادەخست کەدوکانی فافۆنی هەبوو، وەکو



رەئوف شێخ جەمیل لەتەمەنی (10) ساڵیدا



کۆچکردوو شێخ جەمیل

کتری‌و قۆری‌و قابلەمەو تەشتو مەنجەڵ، دەستی منی دەگرتو خواحافیزی لەدوکاندارەکان دەکردو بەیەکەوە دەڕۆیشتینەوە بەرەو ماڵەوە بەسەر شەقامی مەولەویدا، سەلامی لەزۆربەی دوکاندارەکان دەکرد، بەڵام ئەو ریزە دوکانانەی شەقامی مەولەوی درەنگتر دایان دەخستن، یەکێک لەو دوکاندارانە دوکانی شێخەی نوقڵ بوو، کەباوکم سەلامی لێدەکردو ئینجا مام شێخە کەدەیزانی من لەگەڵیدام وەک منالێک بانگی دەکردمو دوو سێ نوقڵی مینۆو ترش‌و شیرنی دەکردە دەستمەوەو دڵی خۆشدەکردم، بۆیە منیش وا راهاتبووم هەرکاتێک لەگەڵ باوکمدا بڕۆشتمایەتەوە بۆ ماڵەوە، دەموت بابە با بەلای دوکانەکەی مامە شێخدا بڕۆین لەبەرخاتری نوقڵ وەرگرتن.

کەکاتێ جەژن دەهات یان شەوی بەرات، باوکم دەڕۆی بۆ لای مام شێخەی نوقڵ‌و چەرەساتی جەژنی لەوێ دەکری، بۆیە چ وەک دراوسێ دوکان چ وەک کڕیاری نوقڵ، باوکم‌و شێخەی نوقڵ ناسیاویان هەبوو، بیرم دێ ئەو نوقڵانەی کەهەیبوو ئەمانە بوون نوقڵی ترش‌و شیرین،کورسی نەعناو مینۆ، هێلکە چۆلەکە، چکلێت، پاش چەند ساڵێک کە گەورەبوومو دەمتوانی خۆم لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا بڕۆم بۆ شەوی بەرات، هەمووومان لەگەڕەکی مەڵکەندییەوە روومان دەکردە ماڵە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەری سجنەکە (کەئێستا پارکی دایکە)، دەمانووت ئەو ماڵانە پارەو نوقڵ دەدەن، ئینجا دەڕۆیشتین بۆ ماڵی شێخەی نوقڵ کەدیواریان بەدیواری ئەودیوی مەکتەبی پیرەمەگروونەوە بوو، چونکە پارەو نوقڵیان دەدا، جاری وا هەبوو دوو سێ جار دەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵیان چونکە هەر منالێک ١٠ فلس و دوو نوقڵیان دەدایێ.

بیرم دێ ساڵی ١٩٧٥ بوو مەلا عەبدوڵڵای گەڕەکی خۆمان کەبەکاکە مەلا بەناوبانگ بوو دوکانی هەبوو لەریزە دوکانەکەی بەردەم مزگەوتی حاجی مەلا شەریف لەسەری ئەوسەر، کاکە مەلا دوکانەکەی لابردو ڕۆیشتە لای شێخەی نوقڵ وەکو شاگردو یاریدەدرێک، چونکە پیاوێکی زۆر ئەمین‌و دەست پاک‌و لەسەر خۆ بوو، بەو بۆنەیەشەوە ئێمەش دەڕۆیشتینە لای کاکە مەلاو شێخەی نوقڵ، هەموو جارێک دەموت کوڕەکەی شێخ جەمیلم ئەویش

ئەیوت ماشەڵڵا گەورەبووی.

ئەوەی لەبیرم بێ ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ شێخەی نوقڵ بابەتی قرتاسیەشی لا بوو بۆ قوتابخانەو فەرمانگەکان، ئینجا بەبۆنەی بابەتی قوتابخانەوە، روومان دەکردە لای بۆ کڕینی پێداویستی، چونکە کاکە مەلاشی لێ بوو، هەم خاتری دەگرتینو هەم پێویستی ئەسڵو باشی دەداینێ، هەتا ساڵی ١٩٨٥ شێخەی نوقڵ کۆچی دوایی کرد، دەتوانم بڵێم مردنەکەی دەنگی دایەوە لە سلێمانیدا، هەموو خەڵکی شار پێیان ناخۆش بوو، کەپیاوێکی ئاوا بەناوبانگ کۆچی دوایی کرد، چونکە یەکەم کەس بوو کەگەورەترین دوکانی نوقڵی هەبووبێت لەسلێمانیدا، جگە لەوە هەر ئەوبوو ئاردی بۆمباو شتی وشکەو شیرینیو لوقمی هێنایە سلێمانیو چەرەساتی گرانو لوقمی ناو ئاردو نوقڵی هەمەجۆری هەبوو، هەر لەبەرئەوەش بوو بەشێخەی نوقڵ بەناوبانگ بوو.

لەم ماوەیەدا بەهۆی گۆڤاری سلێمانی هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە پیاوە بەناوبانگو پیاوچاکانو کلتوری شاری سلێمانی خۆشەویست زیندووبکاتەوە، بۆیە منیش بەخەیاڵمدا هات لەسەر ئەم پیاوە بەڕێزە بنووسم هەرچەندە ئەمە یەکەم نووسین نییە، وابزانم چەند کەسێکی تریش لەسەریان نووسیووە، منیش وام بەخەیاڵدا هات چ وەک بیرەوەری منداڵیمو چ وەک گەورەیی بتوانم شتێکی لەسەر بنووسم، لەبەر ئەوە رێگای چەند کەسێکم گرتەبەر کەنزیکترین کەسی بێت، وەکو برادەری چەند ساڵەم قسەم لەگەڵدا کرد دەربارەی مام شێخە ئەویش زۆر بەخۆشحاڵیەوە هات بەدەممەوە چەند هەویەو وێنەی خۆیو خێزانی مام شێخەی هەمووی بۆ هێنامو چاوپێکەوتنێکی گرتە ڤیدیۆیمان سازکرد لەسەر مام شێخە، دەبێ ئەوەش بڵێم من هەتا ئەم روونکردنەوەیەو ئەم نووسینە وامدەزانی کاک ئەمیر کوڕی شێخەی نوقڵە، بەڵام بەڕێزی بەخۆشحاڵیەوە هەموو راستیەکانی بۆ ڕوون کردمەوە.



ئەمیری شێخەی نوقڵ

**چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک ئەمیر**

***ئەوەتەی من بیرم دێ شێخەی نوقڵ لەسەر شەقامی مەولەوی دوکانی هەبووە، پاش کۆچی دوایی مام شێخە بەڕێزت شوێنیت گرتەوە، بەڕاستی من هەتاکو ئێستا وامزانیوە کەبەڕێزت کوڕی ئەویت، منیش حەزناکەم ناوی بفەوتێ، ئەمەوێ روونکردنەوەیەک بنووسم سەبارەت بەپیاوێکی ناوداری سلێمانی هەتا کۆچی دوایی کرد خزمەتی ئەم شارە نەمرەی کردووە.**

-من زۆر زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم کەئێمەت بەسەر کردۆتەوە، شتێکی زۆر باشت کردووە.

***شێخەی نوقڵ ناوی چییەو ساڵی چەند لەدایک بووە ؟**

-شێخەی نوقڵ، ناوی شێخە ساڵح قادرە، لەبەرئەوەی هەر بەنوقڵ فرۆشتن خەریک بووە ناویان ناوە شێخەی نوقڵ، ساڵی ١٩٠٤ لەدایک بووە.

***چۆن ئەو دوکانەی داناوە؟**

-وەکو خۆی بۆی باسکردووم لەساڵی ١٩٤٥ ئەو دوکانەی داناوە، خۆشت باشدەزانی ئەو دوکانە مولکی ماڵی مەحمودی ساڵحی رەشەیە، ئەو وەختە ئەندازیاری بەریتانی هەبووە، بەسینەماکەشەوە ئەوان نەخشەیان کێشاوە، ئینجا کاک شێخە ئەم دوکانەی وەگرتووەو کردوویەتی بەدوکانی نوقڵو ئاردو شیرینیو شتی وشکە، پێش ئەوەش وامبیستووە لەکەسوکاری کەگوایە لەگەڵ حەمەڕەق کەباوکی دکتۆر نەجاتە چایخانەکەی حەمەڕەقیان هەبووە.

***ساڵی چەند خێزانی پێکهێناوە؟**

-وەڵڵاهی باش نازانم، بەڵام خێزانەکەی ناوی حاجی ئامینەیە، پوری



حاجی ئامینەی خێزانی شێخەی نوقڵ

گەورەمانە لەساڵی ١٩٧٠ حەجی کردووە، حاجی ئامینە عەلی ئەمین خوشکی عوسمانی عەلی ئەمین عوسمانی کەژاڵ ئەویش دوکانی هەبوو لەولا خۆمانەوە.

***ئێوە چۆن ئاوا بوون بەیەک خێزان لەگەڵ مام شێخە؟**

-من لەڕاستیدا ناوم ئەمیر کەریم عوسمان شەریفە، باوکم برای حاجی شەریفی هێرۆیە، هەر ئەو مامەم هەبوو، باوکم خۆشنووس بووە، وە لەوێستگەی نەوتی کەرکوک ئیشی دەکرد وەک فەرمانبەر، ئینجا باوکم بەئیفاد دەنێردرێ بۆ بەغداد، لەگەڵ پێنج کەسی تردا بەسایەقەکەوە شەش کەس، لەڕێگا دەعمی سەیارە دەکەنو هەموویان دەمرن، لەڕۆژی ٨ / ٤ /١٩٦٠ دا سەیارەکەی ئەمانو پاسە گەورە تەختەکان لەڕێگادا دەدەن بەیەکدا، ئێمەش دوو خوشکو منو دایکم بووین، ئینجا کاک شێخە ئێمە دەهێنێتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای خۆیانو دەستی بەسەردا گرتین، من ئەوکاتە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، لەساڵی ١٩٦٠ ماڵی کاک شێخە لەعەقاری لەپشتی ئوتێل سەلام بوو، کاک شێخە مناڵی نەبوو، لەبەرئەوە دەستی بەسەر ئێمەدا گرتو وەکو مناڵی خۆی تەماشای دەکردین، منیشی خستە خوێندنگای جمهوری لەپشتی ئامادەیی پیشەسازییەوە.

***بۆچی مام شێخە مناڵی نەبوو؟**

-ئەوەیان نازانم، بەس وا بزانم نەخۆشییەکەو هۆیەکەی لەمام شێخەوە بوو، چونکە مام شێخە وەکو جسم تەواو نەبوو.

***ئایا مام شێخە باش بوو لەگەڵتان؟**

-بەڵێ ئەوەندە باشبوو دەتوانم بڵێم باوکیشم بمایە لەژیاندا ئەوەندە باش

نەدەبوو ، نەک تۆ بەڵکو هەموو کەس وا دەزانن من کوڕی ئەسڵی کاک شێخەم، چونکە لەو تەمەنەوە منی پەروەردە کردووەو لەیەک ماڵدا بووین، لەگەڵ دایکیشم وەکو خوشکو برا وابوون ئەو ئێمەی گەورە کردووە، منو هەر دوو خوشکەکەمی خستەبەر خوێندنو زانکۆمان تەواوکرد، هەمووی هەوڵ و هیمەتی ئەو بوو، بۆیە هەتاکو ئێستا من بەئەمیری شێخەی نوقڵ بەناوبانگم.

***ئەی لەگەڵ خەڵکا چۆن بوو؟**

-نەڵێم کەسی خۆمانە، بڕوا بکە هەموو کەس خۆشی دەویست، ئەوەندە کەسێکی دڵ فراوان بوو، ئەوەندە بەخشندە بوو هەموو کەس رووی تێدەکرد، خۆشت باش دەزانیو مندالی ئەو ناوە بووی لەشەوی بەراتا منالانی شار هەمووی دەهاتن بۆ ماڵمان لەبەرئەوەی نوقڵو پارەمان دابەشدەکرد، پێنج فلسو دە فلسی ئەوکاتەمان دەدا بەمناڵ، لەجەژناندا خەڵکی هەژار زۆر ڕوویان دەکردە دوکانەکەمانو کاک شێخە بەبێ پارە نوقڵی دەدانێ بۆ جەژن.


***مام شێخە کەی کۆچی دوایی کرد؟**

-ساڵی ١٩٨٥ لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، خۆی هەر نەخۆش بوو، لەبەرئەوەی لەساڵی ١٩٧٩ تووشی نەخۆشی پرۆستات بوو، بۆیە ڕۆیشت بۆ لەندەن بۆ چارەسەر لەگەڵ جەمالی خەلفە فەرەجی کەبابچی، هەتا وێنەشیان هەیە لە لەندەن، دکتۆرەکانی ئەوێ پێیان وتبوو تۆ تەنها شەش ساڵی تر دەژی، ڕێک شەش ساڵ دوای ئەوە کۆچی دوایی کرد.

***ئەگەر شەرم نەبێت ئێمە دەمانزانی مام شێخە لەکەلەکەیەوە دەرچەی هەبوو، واتە لەوێوە سەرئاوی دەکرد، بۆچی؟**

-بەڵێ وابوو، لەساڵی ١٩٥٠ وە تووشی نەخۆشی سکچوون بوو، بۆیە بردیان بۆ (نەخۆشخانەی دار السلام) لەبەغدا، لەنەخۆشخانەی ئەوێ نەشتەرگەریان بۆ کردبوو، ئینجا دەستیان لێشتبوو کەدەمرێ، ئەوکاتە مێردێکی پووری خۆی لەگەڵیدا چوو بوو بەناوی حاجی یارە ئیتر تەلەفۆن دەکات بۆ سلێمانی کەشێخە مردووە، تا لێرە خۆیان ئامادە بکەن کەجەنازە بێتەوە، پاشان

زیندوو دەبێتەوە، ئینجا نەشتەرگەریی لای کەلەکەیەوە بۆ کرا، دەیتوانی لای کەلەکەیەوە سەرئاو بکات.


عەبدوڵڵا فەرەج عەبدوڵڵا (کاکە مەلا)

***ئەی مەلا عەبدوڵلا ساڵی چەند هاتە لای ئێوە بۆ ئیش کردن؟**

-لەدوای ساڵی ١٩٧٥ هاتە لامان لەبەرئەوەی کەسێکی دەستپاک بوو ئیشکەر بوو، ئێمە زۆر لێی رازی بووین.

***پێش مەلا عەبدوڵلا کێی تر شاگردتان بوو؟**

-چەند کەسێکمان لابوو، کاک فەتاح هەبوو کابرایەکی باڵابەرز بوو زۆر پیاوێکی دەستپاک بوو، ئینجا شێخ رەزا، ئینجا کاک جیهاد باوکی مامۆستا عیزەدین ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئازادییە.

***ساڵانی جەژنو خۆشییەکان چۆن بوون؟**

-دوکانی ئێمە بەرنەدەکەوت، چونکە ئێمە لەو دوکانە بەناوبانگانە بووین کەئەنواع نوقڵمان هەبوو، نوقڵی زوهیر، ئەبو منیر، ئینجا هەرکەسێک دەهاتە لامان کاک شێخە نوقڵی پێدەبەخشین بۆ تام، ئەویش کەدەیزانی نوقڵێکی بەتامو خۆشە دەیکڕی، ئینجا شەربەتی نادر، شەربەتی ڤیمتۆ، شەربەتی پرتەقاڵو ئەنواع چەرەسات.

***وابزانم شانبەشانی نوقڵیش بەشێکتان قرتاسیە بوو بۆ فەرمانگەو قوتابخانەکان؟**

-بەڵێ ئێمە شانبەشانی نوقڵ و هەمەجۆر ئاردو شیرینیو شتی وشکەمان هەبوو، ئینجا لایەکی دوکانەکەمان بابەتی قرتاسیە بوو، ئەوەی بیرم دێ زۆربەی فەرمانگەکان پێداویستیەکانیان لای ئێمە دەبرد، جگە لەقوتابیو قوتابخانەکان، ئینجا ئەوکاتە شاری سلێمانی سەربازگەیەکی زۆری تیابوو،

وەکو سەربازگەی حامیە کەلەهەموویان بەناوبانگتر بوو، ئەوانە هەموویان دەهاتنە لای ئێمە بۆ شت کڕین، جگە لەقەزاو ناحیەکانو خەڵکی لادێکان، قرتاسیەش بەشێکی سەرەکی دوکانەکەی ئێمە بوو، بێ لـەوەش ئێمە لەساڵی ١٩٧٢ وەکالەتی بایەعیمان هەبوو نزیکەی ٩٠ماڵێکمان لا بوو، لەماڵە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی زیاتر خەڵکی گەڕەکی عەقاری بوون، ئەوانەی لەبیرم بێت وەکو ماڵی حسێن بازیانیو رەئیس فەخری....

***ئەی بەڕێزت بەمناڵی دەڕۆیشتی بۆ لای بۆ ئیشکردن؟**

–بەڵێ منیش هەمیشە لەسەر دوکانەکە بووم، بەڵام کاک شێخە ئەیووت زیاتر گرنگی بەخوێندن بدە.

***ئەوەی من بیستوومە مەلا عەبدوڵڵا کەوازی لەئیش هێناوە لاتان وەکو خانەنشین پارەتان بۆ بڕیووەتەوە؟**

–بەڵێ ئەوکاتە کاک شێخە خۆی وەسیەتی کرد بۆمان پێش مردنی، وتی ئەگەر مەلا عەبدوڵڵا نەیتوانی ئیش بکات دەبێ وەکو خانەنشین مووچەی هەبێت لێرە لەبەرئەوەی زۆر بەدەستپاکی خزمەتی ئەم دوکانەی کردووە.

لەهەموو کەسێکیش زیاتر تەمەنی ئیشکردنی هەبووە لێرە، پاش چەند ساڵێک دوای کۆچی مام شێخە ئینجا مەلا عەبدوڵڵا نەیتوانی ئیش بکات ڕۆیشتەوە ماڵی خۆی، منیش لەسەر وەسیەتی کاک شێخە مووچەی مانگانەم بۆ بڕییەوە، کەسو کارەکەی شێخە دەیانووت دەبێ ئاگات لێی بێت، چونکە ئەو پیاوە کۆمەڵێک مناڵی هەیە، بەڵام خۆی پاش چەند مانگێک قبووڵی نەکرد، وتی وەزعمان باشەو پێویستمان پێی نییە.

***ئەی کاروانی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا ئەویش ئیشی کردووە لاتان، ئایا چەند ساڵ بوو؟**

–وەڵڵاهی کاروانیش زۆر مایەوە لامان پاشان ئەویش ڕۆیشت بۆ کۆمپانیاو وەزعی زۆر باشبوو.

***وابزانم دوای کۆچی مام شێخە ئێوە دوکانەکەتان گۆڕی بەقرتاسیەو بابەتی نوقڵو شتتان نەهێشت، ساڵی چەند بوو؟**

–ساڵی ١٩٨٧ ئەوکاتە مەعمەل تاجی هەبوو لەبەغداد بۆ بابەتی پەراوگەو

قرتاسیه، لیژنەیان هات بۆ سلێمانی بۆ پێدانی وەکالەت، ئێمەش هەوڵماندا لەگەڵ دووکەسی تردا وەکالەتمان وەرگرت، ئێمەو مامۆستا جەمال عومەر ملۆزم لەگەڵ ئازاد مەولود لەشەقامی کاوە، پاش وەرگرتنی ئەو وەکالەتە دوکانەکەمان گۆڕی بەقرتاسیەو بابەتی نوقڵمان نەهێشت.

***میراتی مام شێخە بۆ کێبوو لەدوای مردنی؟**

-میراتی مام شێخە مەحدود بوو، چونکە زۆر دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام دەستو دڵی دەوڵەمەند بوو، ئەوکاتە ئەو دوکانەمان هەبوو، لەگەڵ سەیارەیەکی پیکاب کەحەسەن بیتاقە بۆی کڕی بووین لەبەسرە، وە دەوری ٣٠ هەزار دیناری سویسریشی هەبوو لەبانقدا.

ئینجا ئەو دوو خانووەی پشتی قوتابخانەی پیرەمەگروونمان هەبوو، هەر زوو ئەو خانووەی عەقاریمان فرۆشت بەحاجی کەریمە رەش باوکی زاهیری کەریمە رەش کەمێردی پوورم بوو لەباوکمەوە، ئینجا ئەوکاتە پورم مابوو، دەوری ١٨ هەزار دیناری سویسری دابەشکرد لەهەردوو براکەی مام شێخە بەناوی حاجی عەبدوڵڵاو حاجی نوری، چونکە پورم زۆر موسڵمانو لەخوا ترس بوو، وتی با بەشی ئەوانیشی تیابێت، کاتێک کاک شێخە مابوو ئەو خانوانەی ناوم بردن یەکێکیانی تاپۆکردە سەر پورم خێزانی خۆی و ئەوی تری لەسەر دایکم، چونکە وەختی خۆی کەباوکم کۆچی دوایی کرد حکومەت ئەوکاتە ٣٠٠ دیناری داینیو کاک شێخە ئەو خانووەی دا بەئێمەو ئەو پارەیەی هەڵگرت بۆ خۆی.

***دراوسێ دوکانەکانی مام شێخە کێ بوون؟**

-لای دەستە راست کاک حەمەی زێوەر بوو، کاک عەلی دەدە بوو، کاک ئاواتی دەلاک، دەرویش ئەمینو چێشتخانەکەی خەلفە فەرەجی کەبابچی، وەستا محەمەدی خەیات، بەرامبەرمان حاجی خدر چنگیانیو وەستا مەجیدی دەلاکو نوری گوڵاڵە، ئەحمەدی گوڵزار کەکارگەی چلورەیان هەبوو، کاک ئەحمەدی دیاریو یەحیا ئەفەندی، جەلال ئارام.

***ئایا مام شێخە بەپێ هاتووچۆی دەکرد؟**

-بەبانیان بەپێ دەهات، بەڵام ئێواران بەسەیارە دەڕۆیشتەوە، هەمیشە جلی

کوردیشی لەبەردەکرد.

***مام شێخە دۆستو برادەری هەبوو؟**

-مام شێخە زۆر قسەخۆش بوو حەزی لەگاڵتەو گەپ بوو، کۆمەڵێک برادەری هەبووە وەکو عەبەی مەلا رەشید، کاک ئەحمەد، نەقیب عەبدوڵڵا باوکی ئەندازیار ئازادو دکتۆر نەوزاد، کاک حەمەڕەشید، ئەحمەد شەوقیو ساڵح دیلانو کەریم کابانو مامۆستا خەسرەو بابان دەهاتنە لای.

***لەساڵی چەند ئەو دوکانە تێکچوو؟**

-من بەحوکمی ئەوەی قوتابی بووم لە ١٩٧٩ لەزانکۆ لەکۆلیژی کارگێڕیو ئابووری بووم، هەندێ کەس ئیشیان بۆ دەکردین وەکو کاک فەرەیدون کەئەو جێگای گرتەوە، کەئێستا هەر قرتاسیەی هەیە، لەشەقامی مەولەوی، من لەساڵی ١٩٩١ لەسەربازی نەجاتم بوو، ئینجا هاتمەوە سەر ئیش، ئەوکات بەیەکەوە ئەو دوکانەی کاک رەئوفیان کڕی، مەکتەبەی گەلاوێژ، ئینجا پورم لە ١٤ / ١ /١٩٩٦ حاجی ئامینە کۆچی دوایی کرد پێش ئەوە ویستم دوکانێک بکرم بەتایبەت ئەو دوکانەی شێخە هەڵگرمەوە، بەڵام کوڕانی ساڵحی رەشە رازی نەبوون، وتیان بەمەرجێ دەیکەین بەناوتانەوە دەبێ نیوەیمان بدەنەوە، وتیان ئەمە دوکانی شێخەیە نەک هی تۆ، هەتا پورت بمێنێ ئێمە چاومان لێی دەبێ، بۆیە پوریشم بڕیاری دا کەبیفرۆشێ، ئینجا نیوەیمان فرۆشتەوە پاشان ماڵی ساڵحی رەشە ١٥ هەزار دیناری ئەوکاتەیان لێسەندین ئەوە ئوسووڵی بوو.

ئینجا منیش نیوەکەی ترم هەڵگرتەوە، پاشان ئەو دوکانانە تێکدرا، بەمەرجێ کەبیکەنەوە بەبینایەکی گەورەو دوکانمان بدەنەوە، بەڵام جێی دوکانەکەی من بچووک و پایەی تیابوو منیش نەمویست، ئینجا لەناوەوە سێ دوکانی گەورەیان دامەوە ئەویش شوێنەکەی بەکەڵکی من نەدەهات، پاشان هاتمە سەر شەقامی قەنات بەرامبەر (طب عدلی) ئەو دوکانەم گرتو تیا دانیشتم هەتا ئێستا هەر لەوێدامو بەردەوامم، هەرچیشم هەیە بەرزقی کاک شێخی دەزانم چونکە ئەو منی پەروەردە کردو پێی گەیاندم، هەزار رەحمەت لەگۆڕی، بۆیە منیش دوکانەکەم هەر بەناوی ئەوەوەیە (قرتاسیەی شێخە).

***مام شێخە لەکوێ نێژراوە؟**


-کاک شێخەو پورمو خاڵمو مامم هەموویان لەلای گردی شێخ مارف نێژراون، بەڵام دایکم هەتا ئێستا ماوە.


***دوا وتەت چییە؟**

-من زۆر سوپاسی هەستی بەڕێزت دەکەم کەخۆت ماندوو کردووەو لەدوای تەمەنێکی زۆری ئەو پیاوە ئێمەت بەسەرکردەوە.

*بۆ چاوپێکەوتنی کەسی دووەم کە مەلا عەبدوڵلا بوو ویستم چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم دەربارەی ئیشو کاری خۆی لەگەڵ شێخەی نوقڵ، بەڵام لەوکاتەدا نەخۆش بوو، منیش قسەم لەگەڵ کاک کاروانی کوڕی کرد، وتی: پێی دەڵێم، بەڵام بەداخەوە فریای چاوپێکەوتن نەکەوتینو لەڕۆژی ٨ / ٩ / ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد.

هەزار رەحمەت لەگۆڕی مام شێخەو مەلا عەبدوڵلا بێت، لەگەڵ مردووی هەمووان.


صاحب الدفتر رقم
١٥٣٩٧٠
الاسم واللقب
اسم الاب والجد
اسم الام والجد
اسم رئيس الدائرة
التوقيع
التاريخ
-١-



وەستا جەمالی خەلفە فەرەجی تۆفیقی کەبابچیو شێخەی نوقڵ-لەندەن ١٩٧٩



کۆچکردوو کەریم کابان، کاروانی مەلا عەبدوڵلا ١٩٩٧/٨/٢٧
ئەم وێنەیە لە دوکانەکەی شێخەی نوقڵ گیراوە

# ٣٠/٨/١٩٩٣

# یادی ٣٢ ساڵەی خۆپیشاندانەکەی فولکەی کاوەی ئاسنگەر




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٧٠) بڵاوکراوەتەوە



کاتێک کەشەقامی ئیبراهیم پاشا دروستکرا، دوابەدوای ئەویش شەقامی تووی مەلیک، ئەو شەقامانە بۆ هاتووچۆو ئاسانکاری هاوڵاتیان بوون کەبگەنەوە بەماڵەکانیان.

ئەوکاتەش لەشەقامی ئیبراهیم پاشاوە جگە لەئۆتۆمبێل پاسی مەسڵەحە دەهات، هەتا فولکەی تووی مەلیک لای کەبابی وەستا حەسەنی ئێستا، قەمەرەی دۆجو فۆردی تەکسی کەنەفەریان دەگەیاندەوە بۆ تووی مەلیک بەنرخی ٢٥ فلس، ئەو قەمەرەیە شەش کەسی تێدەکرد واتە بە ١٥٠ فلس دەڕۆی بۆ تووی مەلیک، ئەوکاتە ئەو پارەیە زۆر بوو بەهەموو کەسێک نەدەدراو نەیدەتوانی سواربێت یاخود باری ناچاری سواردەبوون، چونکە نەدەگەیشتنەوە بۆ ماڵەوە بەتایبەتی کاتی نیوەڕوان.

گەڕەکی تووی مەلیکیش ئەوکاتە ئەوەندە زۆر نەبوو، ئەو چەند ئۆتۆمبێلو پاسە بەشی هاتووچۆیان دەکرد، ئەوەی من بیرم بێت تۆفیقی حاجی باقی

بەنگینە یەکەم سایەق بووە، قەمەرەی دۆجی پێ بوو، لەخەتی تووی مەلیک ئیشی دەکرد بەڵام ئێستا هیچ توانایەکی نەماوەو سایەقی ناکات.

بێینەوە سەر فولکەی تووی مەلیک، ئەو فولکەیە لەناوەڕاستی شەقامی تووی مەلیکو ئیبراهیم پاشاوە شەقامی پیرەمێردو ئەو شەقامەی دەڕواتەوە بۆ زانکۆ دروستکرا، بۆ جیاکردنەوەو دابەشبوونی ئۆتۆمبێل کەهەریەکەیان بڕوات بۆ شەقامی خۆیو تووشی کارەسات نەبن، ئەو فولکەیە هیچ ناونیشانێکی نەبوو، خەڵک هەر دەیانووت فولکەی خوار تووی مەلیک، چەند جارێک ئەو فولکەیە گۆڕانکاری تیاکرا کەیەکەم جار هەمووی گوڵو گوڵزارو چیمەن بوو، کەشێوازێکی جوانی دەبەخشی بەشەقامەکە، ئینجا شوێنی پۆلیسی هاتووچۆی تیابوو بۆ بەڕێکردنی هاووڵاتیانو ئۆتۆمبێل.

لەساڵی ١٩٨٣ دەستەیەک لەمامۆستایانو خوێندکارانی هونەرەجوانەکان هەستان بەدروستکردنی پەیکەرێک کەئەویش پەیکەری کاوەی ئاسنگەر بوو، ئەو پەیکەرە بەڕەنگی سپی بەشێوازێکی جوان دروستکرا.

وەکو کاک زاهیر غەریب بۆی باسکردم، ئەو کۆمەڵە خوێندکارە تەواو هیلاک بوون بەدروستکردنی ئەو پەیکەرە، ئەویش لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو خەمخۆری رۆشنبیران کاک عەلی بۆسکانی دروستکرا کەدەورێکی کاریگەری هەبوو، وەبەهاوکاری ئەم مامۆستاو خوێندکارانە دروستکرا.

-١مامۆستا کۆسرەت جەمال- ئێستا لەسویدە.

-٢زاهیر غەریب- هونەرمەندو پێشمەرگەی دێرین.

-٣ئاکۆ عومەر خەیات- پێشمەرگەی دێرین، لەم دواییەدا هەر لەفولکەی کاوە بەکارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد.

-٤بەختیار ژینۆ.

-٥ئاکام عومەر.

کاک زاهیر وتی: ماوەیەکی زۆر بەدروستکردنیەوە خەریک بووین لەناو هۆڵی هونەرەجوانەکان، پاشان بەئۆتۆمبێل گواستمانەوە بۆ فولکەکەو ماوەی مانگو نیویش لەژێر پەردەوە خەریکی چاککردنو رێکخستنی بووین هەتاکو رۆژی ١٩٨٣/٨/٣٠ دیاری کرا بۆ پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکە.



زاهیر غەریب و ڕەئوف شێخ جەمیل

ئەوەی کەخۆشم ئاگادارم کۆمەڵێک لەخەڵکی سلێمانی بەتایبەتی گەنجان ئامادەبوونو کورسیو مێز لەناو باخی فولکەکە ئامادەکرا بوو بۆ ڕۆشنبیران و پیاوانی ڕژێم.

بەڵام رژێمی بەعس وەکو کرداری ئەوسایان چواردەوری خەڵکەکەیان گرتو لوولەی چەکەکانیان ئامادەکرد، گەنجانی ئەوکاتەش ئەوەندە دڵگەرم بوون کەهیچ باکیان نەبوو لەلوولەی تفەنگ، بۆیە کاتێک پەردە لادرا لەسەر پەیکەری کاوەی قارەمان هەزاران قارەمانی کورد دەستیان کرد بەچەپڵەو هوتاف کێشانو سروود وتن، بۆیە پیاوانی رژێم ئەوەندە ترسان لوولەی چەکەکانیان کردە خەڵکەکەو قینی دڵی رەشی خۆیان ڕشت بەسەریانا، کەوتنە تەقەکردن لەخەڵکی بێتاوانو گەنجان بۆ بڵاوەپێکردنیان، بەڵام گەنجانی ئەو سەردەمە بەوەشەوە نەوەستان پەلاماری سیخوڕەکانی رژێمیانداو بوو بەشەڕی دەستەویەخە، ئەوانیش بەچەکو دار کەوتنە گیانی هاوڵاتیانو گەنجانی شار، لەهەموو لایەکەوە ئۆتۆمبێل لەدوای ئۆتۆمبێل دەهاتن بۆ هاوکارییان، یەکێک لەو گەنجە قارەمانانە هاوڕێ عەبدوڵڵا سەید شەریف بوو بەدڵێکی گەرمەوە ڕابەرایەتی گەنجەکانی دەکرد، خۆشی یەکێک بوو

لەپێشمەرگە قارەمانەکانی ناوچەی شارباژێڕو بەبێ تەسلیمبوونەوە بەڕژێم، پەیوەندی بەڕێکخراوی ناوشارەوە کردەوە.

پیاوانو سیخوڕەکانی ڕژێم بەتایبەتی دەستنیشانیان کردو دوای کەوتن تا شەقامی ئیبراهیم پاشاو لەکۆڵانە فراوانەکەی ئەو شەقامەدا شەهیدیان کرد، گەنجانی شار بەوەشەوە نەوەستان هەتاکو درەنگانی شەو ڕووبەڕووی ڕژێم بوونەوە، پەیکەرەکەی کاوەی قارەمانیش لەناوەڕاستی فولکەکەدا بەخۆیی چەکوشەکەیەوە ڕەق ڕاوەستابوو هانی خەڵکانو گەنجانی شاری دەدا بۆ ڕزگاریو سەربەرزی گەلی کوردو شاری سلێمانی.

بۆیە لەدوای چەند ڕۆژێک ڕژێمی داخ لەدڵی بەعس بەوەشەوە نەوەستا، لەنیوەشەوێکی ئەنگوستەچاوا چواردەوری پەیکەرەکەی کاوەیان گرتو بەترسو لەرزێکی زۆرەوە بەشۆفڵ تێکیان شکان تاکو چەند ڕۆژێک هەر بەتێکشکاوی مایەوە بۆ ئەوەی بەخەڵکی شاری سلێمانی قارەمان بسەلمێنێن چەند داخ لەدڵن بەرامبەریان بەڵام سەلماندیان کە لەپەیکەرێکی بێ گیانیش دەترسن، پاش چەند ڕۆژێک فولکەکەیان تەخت کردەوە، بۆ ئەوەی ئاساری ئەو قارەمانە نەمێنێو خەڵکی سلێمانیش سەلماندیان کەئازادی هەر دەسەندرێ.

لەدوای ئەوە ئەو فولکەیە ناونرا فولکەی کاوەی ئاسنگەر ناونیشانێکی جوانیان بۆ دانا، هەتاکو ئێستا هەر بەو ناوەوەیە، هەتا شاری سلێمانیش تەمەندرێژ بکات ئەو ناوە نەمرە هەر دەمێنێ.

بەڵام خەڵکی سلێمانی بەوەشەوە نەوەستان هەتاکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کرا.

پاشان لەهەمان شوێندا پەیکەری کاوەی قارەمان دروستکرایەوەو بەشێوەیەکی زۆر جوانتر لەگەڵ ئەوەشا وێنەی شەهید هاوڕێ عەبدوڵڵا لەبەردەمیا دروستکرا وەکو سونبولێک بۆ هەردوو قارەمان.

بەڵام بەداخەوە لەم دواییەدا پەیکەرەکەیان تێکداو فولکەکەیان گۆڕی بەترافیک بەهیچ شێوەیەک ئاساری پەیکەرەکەیان نەهێشت گوایە جێگای گرتووە.

بەڵام دەبوایە لەناوەڕاستی هەردوو سایدی شەقامەکەدا رووبەڕووی شار پەیکەری کاوە هەر دروست بکرایەتەوە لەگەڵ ئەوەشا چەندەها پەیکەری تریان تێکشکاند، وەکو پەیکەری مامەڕیشەو ئاسۆی دەلاکو شەهید ئارام، وابزانم دەسەڵاتدارانی خۆشمان ترسیان لەدڵایە بۆ رۆژگاری خۆیان، بۆیە ئەو پەیکەرانە کەسونبولی کوردایەتیو قارەمانیە لایان بردن بۆ ئەوەی لەبەرچاویانا نەمێنن.

بەڵام خەڵکی شاری سلێمانی قارەمان لەناو دڵی خۆیانا پەیکەریان بۆ دروستکردون هەتاکو ئێستا ناوی هیچ قارەمانێکیان لەبیرنەکردوون، فولکەی کاوەش هەر بەو ناوەوەیە هەتا شاری سلێمانی زیندووبێت.

## رێزو سوپاسم

-بۆ هونەرمەند زاهیر غەریب ئەو زانیاریانەی دامێ.

-بۆ خاتوو جەمیلە شێخ مەحمود وێنەی پەیکەرە تێکشاوەکەی کاوەی ئاسنگەری بۆ هێنام لەئەرشیفی خۆی.



پەیکەری کاوەی ئاسنگەر بەر لە تێکدانی



پەیکەرە رووخاوەکەی کاوەی ئاسنگەر دوای خۆپیشاندان



شەهیدی نەمر هاوڕێ عەبدوڵڵا سەید شەریف ساڵی 1983 لەخۆپیشاندانی فولکەی کاوەی
ئاسنگەر شەهید کرا

# مەنعەتەجەولەکەی ١٩٨٥/١٠/١٧

# بیرەوەرییەکی تاڵ


خولی دووەمی خانەی مامۆستایان
بیبلۆگرافیای عەتا قەزاز
حەمەی جەڕاح

135

گۆڤاری مێژوو کەلتوور، بیرەوەری و یادەوەرییەکانی شارو دەوروبەری

ئەیلول‌ی 2012 (بەرامبەر 2712) ی کوردی

سلێمانی

لەدێرین داحەج کردن چۆن بوو؟

مامۆستایانی دواناوەندی سەرچناری کوڕان 1985 ...ل50

ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٣٥) بڵاوکراوەتەوە



٢٧ ساڵ لەمەوپێش شاری سلێمانی بۆ جاری دووەم بەبومەلەرزەی رەشبگیری (منع التجول)ی بەعسییەکان هەژاو کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە، ئەویش بەهۆی قینو تۆڵەو داخی دڵی خۆیان بوو بەسەر میللەتی کوردو بەتایبەت شاری سلێمانی.

ئەنجامەکەی رەشبگیری‌و توندوتیژی‌و پشکنینی ماڵان بەحەقو ناحەقو گرتنی بەکۆمەڵ و شەهیدکردنی چەندەها لاوی بێتاوانی شارو گوللەباران کردنیان بەبێ تاوان لەبەرچاوی جەماوەری شارداو گرتنی پیرو گەنجو منالآن‌و ژنی بێتاوانی شاری سلێمانی‌و راپێچدانی چەندەها خەڵکی بێتاوان‌و پاشان رووخاندنی ماڵەکانیان‌و دەربەدەرکردنی کەسوکاریان، تەنها تاوانیان ئەوە بوو کەکوردن یان کەسوکاریان پێشمەرگەن، زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە بێتاوانە چاویان بەژیان نەکەوتەوەو سەرەونگون کران‌و بەشوفڵ کران بەژێر زەوییەوە بەبێ ناونیشان، کەهەتاکو ئێستاش زوربەیان نەدۆزراونەتەوەو کەسوکاریان بەدوایاندا عەودالن، ئەوانەشی بەر شالاوی

مردن نەکەوتن هەموویان راپێچی قاعەکانی حامیەی سلێمانی کرانو کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوەو پرسیاری بەناحەقی بەعسییەکانەوە تاماوەیەکی زۆر ئینجا بەناچاری ئازادکران.

ئەو رۆژە رەشەی کەلەبیرم ناچێتەوە زۆربەی ناخۆشییەکانی بەچاوی خۆم بینم، رۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ بوو، دەتوانم ئەم کارەساتە بەفرمێسکی چاوی خۆم بینووسمو پێشکەشی بکەم بەخوێنەرانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە.

ئەوکاتە من سەربازی زۆرەملێ بووم لەناوشاری هەولێر، زۆربەی خەڵکی سلێمانی کەسەربازبوون لەناو ئوتێلەکانی شاردا دەخەوتن سەربازییان بەگاڵتەجار گرتبوو، لەبەرئەوەی من پەیوندیم بەکاری پێشمەرگانەی ناوشاری سلێمانیەوە هەبوو دەبوایە ئامادەبوومایە بۆ کارەکان، بۆیە سێ رۆژ پێش ئەو کارەساتە ١٠/١٥ تەلەفۆنم بۆ کرا بۆ ئوتێل چنارۆک لەهەولێر کەبگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، ئەویش لەلایەن شەهید عەلی حەمەڕەحیمەوە ئاگادارکرامەوە، منیش رۆژی ١٠/١٦ بەبێ مۆڵەتو سەربەخۆ گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بۆ ئێوارەکەی گەیشتمە لای مەعسکەر سەلام، بینیم سوپایەکی زۆر لەجەیشو جەیش شەعبی و ئەمنو ئیستخباراتی بەعس کەلەهەزارەها تێپەڕی کردبوو هەمووی مۆڵیان دابوو لەو دەشتەدا، ئێمەش لەناو پاسەکەدا هەریەکە لەبەرخۆیەوە قسەیەکی دەکرد، خەڵکەکە وامان دەزانی بەرگریە لەشاری سلێمانی دژی شەڕی ئێران لەناوچەی چوارتا، پاشان گەیشتمەوە ماڵەوە، خێزانەکەم لەماڵ نەبوو بەسەردان رۆیشتبوو بۆ ماڵی باوکی، منیش رۆیشتم بۆ ماڵێکی دراوسێمان تەلەفۆن بکەم بۆ ماڵی شەهید عەلیو ئاگاداری بکەم کەهاتوومەتەوە، دەستم دایە تەلەفۆن خەت وەستابوو ماڵەکەش وتیان سەعاتێک دەبێت خەت وەستاوە، من ئەوکاتە لەگەڵ ماڵی باوکم دەژیام، ئەو شەوە بەتەنیا لەسەربان خەوتم، دنیا کشو مات بوو تەنها فڕەی ئۆتۆمبێل ئەهات، بەیانی لەدەنگی فڕۆکە خەبەرم بووەوە بەئاسمانەوە هاواری ئەکرد تکایە کەس لەماڵ نەیەتە دەرەوە دەرگای ماڵەکانتان بخەنە سەرپشت، لەبەر بەرژەوەندی شاری سلێمانی هەڵمەتێکی پشکنین دەست پێدەکەین، هەتا هەستام گوێم لەدەنگی دەرگابوو، باوکم دەرگای کردەوەو حەوشەی

ماڵەکەمان پڕ بوو لەسەربازو جەیش شەعبی، باوکم عەرەبی دەزانی قسەی لەگەڵ کردن، وتیان چەند کوڕت هەیە بانگیان بکە، منیش هاتمەخوارەوە بەبیجامەوە ڕۆیشتم بۆ لایان وتم من سەربازم، وتیان ئیجازە، وتم پێم نییە، ئەی هیچ بەڵگەیەکی سەربازی، وتم لەهەولێر سەربازم، جمعەو خەمیس دابەزیوم، دەستیان کرد بەپێکەنین وتیان ئەمڕۆ سێشەممەیە نەک جومعە، پاشان منو برا گەورەکەم گیراینو پێش خۆیان داین، پاشان ماڵەکەمان پشکنرا، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە ئینجا بەپێ بردیانین بۆ قوتابخانەی ناوەندی ژین لەوێ ناویان نووسینو بردیانین بۆ مونەزەمەی عوسمان فایەق (ئاسایشی ئێستا)، لەوێ لەناو قاعەیەک دایاننانین کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان دەهێنا لەوکاتەدا ئافرەتێکیان هێنا ناوی ناسک بوو زۆریان جوێنو قسە پێوت ئەویش هەر ئەپاڕایەوە، ئەیوت من هیچ نیم، پاش کەمێک منو براکەمو سێ کەسی تر دەست و چاومانیان بەستو لەبەردەمی دیوارێکدا رایانگرتین خەریک بوو گوللەبارانمان بکەن، بەڵام لەوکاتەدا ئیڤایەکی سەربازی پێنج شەش ئینزباتی عەسکەری تیابوو بەپەلە دابەزین، وتیان کەس هیچی لێ نەکرێ لەحامیەی سلێمانی داوایان دەکەن، پاشان دەستی ئێمەیان کردەوەو بەئیڤاکە بردیانین کاتێک گەیشتینە حامیە کردیانین بەقاعەکاندا، سەیردەکەم لایەک لەگەنجی شار گیراوە، قاعەکان جمەی دەهات لەخەڵکی بێتاوان، هەر ئەو سەعاتە ئامر ئینزبات لەگەڵ چەند سەربازێک هاتنە ژوورەوە ، دەستیکرد بەهەڕەشەکردن وتی: کێ سەربازی هەڵهاتووە بێتەدەرەوە عەفوی دەکەین ئەوەی نەیەتو دوایی کەشف بێت خراپی بەسەر دەهێنین، برادەرێک بەناوی شوان مەحمود لەلای من دانیشتبوو لەسەردەمی خوێندندا بەیەکەوە بووین لەوێدا یەکمانگرتەوە، هەر ئەیووت من فیرارم دەڕۆم باتووشی کێشەیەک نەبم، هەرچەند تکام لێکرد نەڕوات بەڵام هەستاو رۆیشت، هەر ئەوسەعاتە لەگەڵ کۆمەڵێ گەنجی تردا گوللەبارانیان کردن، ئەوشەوە خەڵک هەمووی بەبێ پێخەف بەبرسێتیو بەتینوێتیو بێزار لەژیان، بەبێ تەوالێتو دەستشۆر، هەمووی وەکو ئاژەڵ بەسەر یەکتریدا خەوتین تا بەیانی، داوای تەوالێتمان ئەکرد کەس وەڵامی نەئەدایەوە، پاشان کردیان بەسەرە بۆمان دەبوایە ئێمە

هەر لەسەرە بوینایە بەپێوە، ئینجا دووسەعات سەرەمان دەهات بۆ تەوالێت، ئەویش لەناو قاعەیەکدا بەبێ ئاو، سەربازیش دادەنرا بەسەرتەوە بۆ یەک دەقە.

پاشان بۆ نانخواردن بە ٢٠ کەس قزعەیەک برنجی سووریان دەهێنا بۆمان یەکی چنگێ برنج بۆ یەک رۆژ بێ لەئیهانەکردن، چونکە زۆربەی خەڵکی شار گیرابوون، ئەوانەی من لەبیرم مابێن ئەم ناوانەبوون:

-١حەمەی حاجی فەتاحی مەتعەم.

-٢ئارامی برای شەهید بەرهەم عومەر.

-٣فەرهادی مرور.

-٤غەفوری قەساب.

-٥مەریوان خەڵکی گەڕەکی دارۆغا.

-٦نەوزاد ناوێک

-٧شێخ عوسمان حاجی مامەندی (خزمی خۆم بوو).

-٨شوان مەحمود-گوللەباران کرا.

پاش چەند شەوێک مانەوەمان بەبرسێتیو بەتینوێتی باری خراپی تەندروستیو سەرماو جەنگی دەروونی لەولاوە بوەستێت، کەسوکارمان هەواڵیان نەدەزانین هەمووی لەیەک پچڕابوو.

## پاش چەند شەوێک


لەبەردەمی قاعەکاندا چەند مێزێکیان بە درێژی ریزکردبوو کورسیشیان بەدەوردا دانا بوو لیژنەیەکیان رێکخست بوو کە هەموویان زابت ئەمن بوون و بەلیستی ناوەوە ئامادەبوون، ئینجا ناویان دەخوێندەوە، ئەوانیش سەیری لیستەکانیان دەکرد هەرکەسێک ناوی لەو لیستەدا هەبوایە ئەمنەکان هاواریان دەکرد (سبع) ئیتر ئەو کەسەیان جیادەکردەوەو دەیانبرد، هەرکەسێکیش ناوی نەبوایە دەیاندایەوە بەئینزباتخانە، لەوێشدا کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوان بەرکەوتن یەکێک لەوانە شێخ عوسمان حاجی مامەندی بوو کەلەپێشەوە ناوێم هێنا کەپاش چەند مانگێک ئازادکرا، ئینجا لەسەعات ١٢ی شەو کۆتایی

بەلیژنەکە هێنرا.
هەمووی بەش بەش جیاکرایەوە، بەڵام ئەوەی ناوی لەلیستی رەشدا هەبوو هەمووی بران بۆ دائیرەی ئەمن، لەوێشدا کۆمەڵێک تیاچوون.
منیش وەکو ئەو خەڵکە ماوەی ١٣ رۆژم بردەسەر تا ئازادکرام، پاشان بۆم دەرکەوت شاری سلێمانی چی بەسەرهاتووە، تۆڵەی چەند ساڵەی بەعسییەکانی لێکراوەتەوە چەندەها ماڵ روخێنراو چەندەها خێزان گوللەباران کران وەکو ماڵی مامۆستا حسێن‌و ماڵی ئاسۆی هەلاج‌و ماڵی مامۆستا شێخ محەمەد باساکی‌و چەندەها ماڵی تر کەخێزانەکانیان هەموویان لەیەک پچڕان‌و دەربەدەرکران بەهۆی نەبوونی خانوو ماڵەوە.
بەعسییەکان هەر لەدروست بوونیانەوە چەند جارێک رەشبگیریان کردووە، بەڵام دوو رەشبگیریان زۆر کاریگەربوون بۆ سەر سلێمانی‌و کوردستان ئەویش مەنعەتەجەولی ١٩٦٣و ١٩٨٥ بوو کەبەعسییەکان تۆڵەو رقی خۆیان رشت بەسەر خەڵکی کوردستانا کەهەردووکیان لەبەرەبەیانی زوودا بەنەخشەو پلانی گڵاو دارێژرابوون چواردەوری شاریان گرت‌و کۆمەڵانی خەڵکیان کوشت‌و بڕ کرد.

# تێپەڕبوونی بیستو حەوت ساڵ بەسەر تۆپبارانە شومەکەی شاری سلێمانی ١٩٨٧




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٦٤) بڵاوکراوەتەوە



گەڕەکی ئیسکان بەردەم ئەو نانەواخانەیەی کە یەکەم تۆپ لێیدا ساڵی ١٩٨٧

٢٧ ساڵ لەمەوبەر، واتە ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٧ لەکاتی نیوەڕۆدا شاری سلێمانی ئەوپەڕی ئارامی بەخۆیەوە دەبینی، هەرچەندە خەڵکەکەی هەرکەسە سەرقاڵی ئیشی خۆیان بوون، زۆرینەی خەڵک دادو بێدادیا بوو لەدەست ڕژێمی فاشی بەعس، زۆربەی گەنجەکانیش بێزاربوون بەدەست ژیانی فیراریو بێ ئیشییەوە، هەمووی دژایەتی ڕژێمی بەعسیان دەکرد.

بەو نیوەڕۆ وەختە دەنگێکی لەناکاو دڵی شاری سلێمانی لەرزان، خەڵکی شاری هەموو لەئارامی ڕاپەڕان، ئینجا دوا بەدوای ئەو دەنگە چەند دەنگێکی سامناکی ترهات، پاشان دەرکەوت نەعرەتەی تۆپی دوورهاوێژ بوو، شاری سلێمانی بەجارێ هەژان، هەر ئەوساتە خەڵکەکە هەمووی بەیەکدا چوونو هەریەکە بەلایەکا رایدەکرد، کەس سەرکەسی نەدەپەرژا.

رۆژی ئەو کارەساتە من ئیشی دائیرەم هەبوو، چووم بۆ دەرهێنانی کارتی بایەعی بۆ دائیرەی مەسڵەحە لەجامیعەکە، کەئەوکاتە زۆربەی دائیرەکان چووبوونە بیناکانی ناو جامیعەکە.

یەکەم تۆپ دای لەگەڕەکی ئیسکان، چەند گەنجێکی ئەوناوەی بەناحەق شەهیدکرد، پاشان تۆپ لەدوای تۆپ دەهاتو هەمووی دای لەو دەوروبەرە، ترسی خستە دڵی ئەو خەڵکەو کەسیش نەیدەزانی مەسەلە چییە؟

زۆربەی خەڵک وایاندەزانی رژێمی بەعس خۆیەتیو شاری سلێمانی تۆپباران دەکات، کۆمەڵێک کەسیش دەیانووت: پێشمەرگەیە تۆپبارانی شار دەکاتو دەیانەوێ شاری سلێمانی بگرن بەهاوکاری رژێمی ئیسلامی ئێران.

ڕاستیەکەی رژێمی ئێران بوو دەیانویست سەربازگەی حامیەی سلێمانی تۆپباران بکەن، بەڵام هەدەفی نەپێکاو بەکوێرانە دەیهاویشت بۆ ناوشارو پشێوی دروستکرد.

کۆمەڵێک خەڵکی لەشاری سلێمانی بەبێ تاوان کوشتو کۆمەڵێک ماڵو ئۆتۆمبێلو جادەو بانیش زیانیان پێگەیشت بەجارێک مۆتەکەی ترس دەستی بەسەر شاردا گرتو سیمای شاری سلێمانی رەشپۆشکرد.

بۆ رۆژی دوایی هەمان کاتو هەمان شێوە، شەلم کوێرم ناپارێزم تۆپبارانی شاریان کردەوە، خەڵکیش هیچ ئامادەباشییەکی نەکردبوو بۆ خۆپاراستن

لەو بەڵایەی کەیەخەی شاری گرتبوو، ئەو بەڵا ناگەهانەی ئێران لەولاوە بوەستێت، کاتێک تۆپباران کۆتایی دەهات ئینجا پیاوانو سیخوڕانی رژێمی بەعسیش داخی دڵی خۆیان بەخەڵکی شاری سلێمانی دەڕشت، ئەیانووت: دەسیسەی خەڵکی سلێمانیو پێشمەرگەیە کەبەڕۆڵەی ئەو گەلە ئەژمار دەکران.

ئینجا حکومەتی بەعس کەوتە خۆیو بەجارێ دائیرە حکومیو شوێنە ستراتیجیەکانی خۆی قایم کردو مونەزەمەو مۆڵگە حزبیەکانی ئینزار کرد هەموو پەنجەرەو دەرگاکانی بەفەردە گڵ گرت، ئینجا ئامێری ئاگادارکەرەوە (ئینزار)ی دانا لەزۆربەی گەڕەکەکانا، لەگەڵ یەکەم تۆپ دەیدا بەشاردا ئامێری ئاگادارکەرەوەکان لەهەموو لایەکەوە دەیانلووران.

ئینجا ئۆتۆمبێلەکانی رژێم خەڵکیان ئاگاداردەکردەوە کەبەهیچ شێوەیەک دەرنەچنە دەرەوە خۆیان بپارێزن، ژێرزەمینی هەموو بینا بەرزەکان قایمکران بەگونیەگڵو هەموو دائیرەکان قایمکران لەکاتی تۆپبارانا.

بۆ ماوەیەکی کەمیش قوتابخانە سەرەتاییەکان داخرانو ناوبازاڕو شوێنە گشتییەکانی تریش بەهەمان شێوە، ئینجا ئۆتۆمبێلی ئیسعافو ئاگرکوژێنەوەو پۆلیس هەمووی لەئامادەباشیدا بوون بۆ کاتی خەتەریات، لەگەڵ ئەوەشدا جاسوسو پۆلیسو ئەمنو پیاوانی رژێم بەکوردو عەرەبەوە هەموویان چاودێری مەسەلەکەیان دەکرد.

زۆربەی خەڵک دەیانووت: رەصەدەکەیان لەناو سلێمانیدایە، بەشێکی تریش دەیانووت: بەشاخی گۆیژەوەیە، ئەمانە قسەی ناو خەڵک بوون، ئینجا ڕژێمی بەعس ڕێگەی دا بەماڵان کەژێرزەمین دروستبکەن بۆ کاتی تۆپباران، بۆیە خەڵکی شار زۆربەیان کەوتنە ژێرزەمین دروستکردن، بەمەرجێ دەبێ دەرگاکەی لەدیوی دەرەوەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر قاتی سەرەوەی ماڵەکە بەر تۆپ بکەوێو بڕوخێ خەڵکەکە بتوانن لەدەرگای ژێرزەمینەکەوە بێنەدەرەوە، زۆربەی ماڵانیش خۆیان ژێرزەمینیان هەبوو، یارمەتی خەڵکی تریان دەدا بڕۆنە ژێرزەمینەکانەوەو خۆیان بپارێزن لەنەعرەتەی تۆپ، ئینجا دوای تەواوبوونی تۆپباران نەخۆشخانەکانو هەموو دکتۆرو پەرستیارەکان

ئامادە دەبوون، ئیسعاف دەگەڕا بۆ ئەوکەسانەی برینداربوون‌و کوژرابوون بەپارچە تۆپ.

ئەو ماوەیە ڕۆژانە تۆپباران چڕتر دەبوو، هەر ڕۆژەی گەڕەکێکی بۆردومان دەکرد، ڕۆژێ هەتا خوار سلێمانی پاڵاسەوە تۆپباران ڕۆیشت‌و تەنانەت سەرچناریشی گرتەوە، ڕۆژێ کانێسکان، ڕۆژێ خەبات، ڕۆژێ ئیبراهیم پاشا، بەڕاستی خەڵکی شار وەڕەس بوبوون لەتۆپباران چونکە بەڕاستی خەڵک دەترسان، کاروکاسپی نەهێشتبوو لەشاردا، خەڵکەکە زۆربەی نەدەڕۆیشتنە دەرەوە لەترسی نەعرەتەی تۆپ، دەنگی تۆپەکان وەکو گورگ دەیانلوران کەبەسەر شاردا دەڕۆیشتن، زۆربەی خەڵکەکە بەتایبەتی گەنجەکان شارەزا ببوون کەلوورەی تۆپەکان دەهات دەیانووت دوور ڕۆی بۆ خواروی شار، ئەم مەسەلەی شار کاولکردنەش دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی نێوانی شەڕی ئێران‌و عیراق، کەئەوانیش شەڕەکەیان خستبووە کوردستانەوە، کەلەلایەکەوە شەڕیان دەکردوو لەلایەکیشەوە کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانی شەڕەکەو کاولیان دەکرد لەپێناوی زۆرانبازی خۆیانا، جا بەزمەکە ئەوەی خۆش بوو کاتێ ئێران تۆپباران‌و بۆردومانی سلێمانی‌و قەزاو ناحیەکانی دەکرد، عیراقیش تۆڵەی خۆی دەکردەوەو تەیارە شەڕکەرەکانی بۆردومانی شارەکانی ئێرانی دەکرد، بۆردومانەکەی عیراقیش هەر بۆ شارە کوردنشینەکان بوو، وەکو بانەو زەردەشت‌و مەریوان‌و ...هتد، کەئەویش هەر بۆ گیانی کوردبوو، کەقوتابخانەو خەستەخانەو شوێنە قەرەباڵغەکانی، شارە کوردییەکان بوو، واتە لەهەردوولا لەکورد کەمدەبووەوەو زیانیان دەدا، ئەمە شەڕیان دەکرد، لەهەرچی لایەکیان دەستپێشخەری ببوایە شارێکی کوردنشین تەخت دەکرا بەبیانووی شەڕەوە.

لەئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی هەشتساڵەی نێوان ئێران‌و عیراق چەندەها گوندی سەرسنووری ناوەوەی کوردستان وێران کران و چەندەها قەزاو ناحیە خاپوورکران لەپێناوی شەڕی ئەوانا.

ئینجا ویستیان شاری سلێمانی خۆڕاگریش بکەنە هەدەفی خۆیان‌و وێرانی بکەن‌و خەڵکەکەی دەربەدەربکەن، بەڵام شاری سلێمانی خۆی ڕاگرت.

ئـەو تۆپبارانەش زیـاتـر لەسێ بۆ چـوار مانگی خایاندو هەرچەندە کوشتارێکی زۆر لەپیاوو ژنو مناڵ کرا، تەنها یەکەم رۆژ ٥٠ شەهیدو ٨٠ بریندار هەبوون، جگە لـەزەرەرو زیانی زۆری خەڵکو ناوشار چەندەها کەس دەربەدەرو ماڵوێران کران، بەڵام دوای چەند مانگێک ئەو بەڵا گەورەیە لەکۆڵی شار بووەوەو کۆتایی هات، هەرچەندە دوای ئەوەش خەم یەخەی شاری بەرنەدا، چونکە رژێم بەنیازی پیلانی زۆر گڵاوتر بوو چۆن شاری هەڵەبجەی خاپوور کردو خەڵکەکەشی کیمیاباران کرد نیازی هەبوو شاری سلێمانیش بەو دەردە کوشندەیە ببات چونکە دەیزانی سلێمانی سەرتۆپی شارانی کوردستانە.

**خوێنەری خۆشەویست:**

تەنها پێمخۆشبوو یـادی شـوومـی ئـەو تـۆپـبـارانـەی شـاری سلێمانی بنووسمەوە، چونکە تائێستا کەس بەدێرێکیش باسی ناکاتو یادی شومی ناکەنەوە، کەشومترین رۆژن لەو رۆژگارە رەشانەی بەسەر شاری سلێمانی خۆشەویستدا هاتوون.

# شێلم فرۆشتن لەسلێمانی




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٦٣) بڵاوکراوەتەوە



منالّ بووم بیرم دێت، باوکم بەیانیان زوو ئەڕۆی بۆ نوێژ بۆ مزگەوتی حاجی مەلا شەریف، چونکە ماڵمان لەپشتی مزگەوتەکەوە بوو، هەر لەتەنیشت مزگەوتەکە ڕیزێ دوکانی لێبوو، یەکێک لەو دوکانانە نانەواخانە بوو، نانەواکەش هی کاک واحید بوو، باوکی شاسواری چاڤی لاند، دوای تەواوبوونی نوێژی بەیانی دەڕۆی بۆ نانەواکەو سەردەستێک نانی دەکڕیو ئینجا لەبەردەمی مزگەوتەکەدا لەسەر دوو کاغەزی گەورە بایی ٢٥فلس شێلمی گەرمی دەهێنایەوە، ئێمەش هەموومان لەخەو هەڵئەستاینو تەواوی خێزانەکەمان لەو شێلمەمان دەخوارد، ئەمەش لەوەرزی زستاندا بوو.
ئەوکاتە زۆربەی پیاوان بەیانیان زوو دەڕۆشتن بۆ مزگەوتو وەکو عادەتی لێهاتبوو شێلمیان دەکڕی، هەرئەو یادگارییە خۆشانەی جاران بوون، ئێستا

منیان وروژان بۆ نووسینی ئەم باسە لەسەر شێلم.

ئەگەر چاوێک بەمێژووی شاری سلێمانیدا بخشێنینەوە هەر لەکۆنەوە شێلمیان وەک خواردنێکی زستانە بەکارهێناوە لەکاتی سەرماو بەفرو باران‌و ڕەهێڵەدا، وەک خواردنێکی گەرمو بەلەزەت خواردوویانە، بۆ گەرمکردنەوەو وزەی لەشیان، من وەکو خۆم ئەوەم لەبیرنایە کەبەقوڵینەو سەبەتە شێلمیان فرۆشتووە، بەڵام وەک لەچەند کەسێکی بەڕێزی لەخۆم بەتەمەن گەورەتری ئەم شارەم پرسی دەیانووت ئەوسا بەقوڵینەو سەبەتە بەبێ ئاوو دۆشاو بەوشکی بەیانیان زوو لەبەردەم مزگەوت‌و حەمام‌و شوێنە گشتییەکان‌و قەرەباڵغیەکانا دەیانفرۆشت.

یەکێک لەو بەڕێزانە کاک محەمەد مەردانی کەلەپوور دۆست‌و خەمخۆری شار کەیادگارییەکی خۆشی بۆ گێڕامەوە لەبارەی شێلمەوە، ووتی:

-کابرایەک هەبوو لەخوارووی شارەوە ناوی مام قادر بوو، بەیانیان زوو بەقوڵینە شێلمی دەفرۆشت، بەڵام شێلمێکی بەلەزەت، ئیتر هەر لەخوارووی شارەوە خانوویەکی وشکە کەڵەکی بەبێ تاپۆ دروستکرد، مام قادر چەند سەگێکی گەورەی هەبوو، لەدەوری ماڵەکەی، زۆربەی خەڵک نەیاندەوێرا بڕۆن بەدەوری ماڵەکەیا لەترسی سەگەکان، ئینجا وردە وردە کۆمەڵێک خەڵکی تر ئەو ناوەیان ئاوەدان کردەوەو ئەو ناوچەیەیان ناونا قالاوا ئێستا ئەو گەڕەکە گەورەیەیە کەهەر ناوی قالاوایە، بەناوی مام قادری شێلم فرۆشەوە ناویاننا.

لەگەڵ شاعیری ناسراوی شار کاک مارف ناسراو قسەم کرد، ووتی:

-لەمزگەوتی حاجی حان، مام ڕەحیم ناوێک لەساڵانی ١٩٥٠ بەرەو دوا بەسەبەتە شێلمی گەرمی دەفرۆشت، بەیانیان زوو پیاوانی مزگەوت لێیان دەکڕی‌و دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە.

لەگەڵ کاک عەباس قادر، خەمخۆری شار قسەم کرد، وتی:

-عوسمان فەتاح ناوێک لەکۆنا بەرامبەر گەراجی پاسەکانی تووی مەلیک شێلمی دەفرۆشت، پێش عوسمان-یش، دەروێش ئەحمەد لەخانەقای مەولانا بەقوڵینە شێلمی دەفرۆشت .

کاک حەمەبچکۆل-یش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سلێمانی قسەم لەگەڵ کرد، بەپێکەنینەوە وتی:

-ئەوەی من بزانم کەریمە زلەی ناسراوی شار بەزستان شێلمو نۆکاوی لەبەردەم سینەماو مزگەوتی ئەوقافا دادەنا، بەهاوینیش محەلەبیو ئەزبەریدو دۆندرمە، خەڵکێکی زۆر کڕیاری بوون، چونکە خۆشی قسەی خۆش بوو، خەڵک ئەوەندەی تر دەوریان دەدا، هەروەها وتی مەلا ئەوڕەحمانی محەلەبی کە ئەیووت تا نەیخۆی نازانی چییە؟ ئەشی وت حوبل حەیاتە ئەمڕۆ.

مامۆستا ئەحمەد حسێن سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی وتی:

-ئەوەندەی من بیرم بێت مامە عەزەی دڕەڵەو کوڕەکانی کەناویان ئیسماعیلو حەمە جگەرە بەلێو بوو، بەقوڵینە شێلمیان دەفرۆشت تا ساڵی ١٩٦٣، هەردوو کوڕەکەی شەهید کران بەدەستی پیاوانی زەعیم سدیق. مچەی حاجیش لەخانەقا، ئەویش شێلمی دەفرۆشت، دەروێش عەلی لەگەڕەکی خەبات، مام ڕەشید لەبەردەم سینەمای ڕەشیددا، مام فەرەج کەنازناوی (ئالا دەلعونە) بوو ئەوەش هەر شێلم فرۆش بوو، مام عارف باوکی عوسەی مینا لەخانەقا شێلمی دەفرۆشت، مام ڕەشیدێکی تر هەبوو شێلمی دەفرۆشت باوکی شەهید محەمەد ڕەشید پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕشی نوێ، ماڵیان لەگەڕەکی شێخان بوو، سەرەتای ١٩٦٠ بەقوڵینە دەیفرۆشت لەبەردەم مزگەوتی بن تەبەق، بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا.

کاک عومەری کەریم ئاغا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی وتم: باوکی بەکرە بێقۆڵ ناوی مام سەعید بوو بە (سەعە کەچەڵ) بەناوبانگ بوو، شێلمی دەفرۆشت لەناو کۆڵانەکانی شاردا، سابیری کانێسکان باوکی ڕەئوف کە پێیان دەوت (ئوفە) لای مزگەوتی قامیشان ئەویش هەر شێلمی دەفرۆشت، با ئەوەش بڵێم ئەوکاتە دۆشاو نەبوو هەر بە کاڵی شێلمیان دەفرۆشت.

کاک مستەفا چاوڕەش خەڵکی سابونکەران، وەک گەنجێکی شارو تێکۆشەرێک وتی:

-ئەوەی من بیرم بێت لەکۆتایی ١٩٥٠ دا شوێنی داروتەلەبەی کۆن کەئێستا خوێندنگەی گۆیژەیە، ئەوساو شوێنی باخی ئەمینە شووشەو حاجی نەجم

بوون، ئەوکاتە زستانان شێلمو کاهویان تیا بەرهەم دەهێناو بەخەڵکی شاریان دەفرۆشت.

خوێنەرانی بەڕێز ئەم مێژووانە پێش هاتنە دنیاو بیرەوەری منن، بەڵام ئەوەی من بیرم بێت ئەو سەردەمە گۆڕاو شێلم لەمەنجەڵی گەورەدا دەکوڵێنراو بەدۆشاوی خورماوە کەهەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، لەناو شاردا دەفرۆشرێ.

لەباخەکانی خوار شارەوە یاخود باخەکانی ناوشار لەکانی گۆمەو جوولەکانو قالاواو باخی شێخ لەتیفو کارێزەکەو چەند باخێکی ناوشار بەزستانان کاهوو، شێلمو توورو سلقو سەوزەی شار بەرهەم دەهێنرا.

ئەوەی من لەبیرم بێت مەلا ئەمینی کانیساردیو مارف کانی ساردیو قالە شوانو کوڕەکانی خاوەنی باخەکانی جوولەکان بوون، مام قادر کانی ساردی لەجێگای خوێندنگای ژین لەشەقامی ئیبراهیم پاشا لەساڵانی ١٩٦٠ دا باخی هەبوو، ئەوەی بیرم بێت شوێنی خوێندنگای هەڵکەوت باخ بوو، لەزستانا خاوەن باخەکان گوێدرێژو وڵاخی بەرزەیان هەبوو شێلمەکەیان دەکردە ناو شەڵتەی سەر پشتی وڵاخەکانەوەو دەیانهێناو دەیانفرۆشت، بەڵام ئێستا بەئۆتۆمبێل دەیهێنن بۆ ناوشار.

کاتێک لەوەرزی پایزدا شێلم پێدەگەیشت بەتویکڵ و رەگو گەڵاکەیەوە دەیانهێنا، خەڵک دەیکڕی دەیانکرد بەترخێنە، هەر بەسەوزیو تەڕی بەشێکیان دەخواردو پێیان دەوت تەڕەساز، ئەوەش لەحەمامەکانا دەفرۆشرا، هەندێکیشیان تۆپەڵ، تۆپەڵ دەکردو وشکیان دەکرد بۆ زستان، هەتا ئێستاش ئەو نەریت و ئەو خواردنە هەر بەردەوامەو زۆربەی ماڵان لەکوردستاندا ساڵانە پەرەی پێدەدەن.

ئینجا لەوەرزی زستانا بەهەمان شێوە بەسەلکی گەورە دەیانفرۆشت، زۆربەی شێلم فرۆشەکان بەفەردە دەیانکڕیو لەگەڵ تەنەکەی گەورەی دۆشاوا دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ خێزانیانا شێلمەکەیان پاکدەکردو جوان دەیان شتەوەو دەیانکردە ناو مەنجەڵی گەورەو پەرەمێزی گەورەی نەوتیان دەخستە ژێر سێپای مەنجەڵەکەوەو دەیانکوڵان، هەتا جوان نەرم دەبوو،

ئینجا دۆشاویان تێدەکرد تا تەواو شیرین دەبوو لەگەڵ شێلمەکە دەیانکوڵان، ئینجا بۆ بەیانی زوو دەیانکردە ناو تەشتی گەورەو لەسەر عەرەبانە دایان دەناو پەرەمێزی نەوتی بچوکیان لەناو عەرەبانەکە بۆ دادەناو لەبەردەم مزگەوتو حەمامو مەیدانی کرێکارانو شوێنە گشتییەکانا دەیانفرۆشت و بەیانیان لەزستانی زۆر ساردو بەفرو باراناویدا، بازاڕی باشیان دەبوو کاتێکیش رۆژ دەبۆوە قەلای مێردان بەسەر دەچوو، ئینجا خەڵکی شارو ژنو منالّ دەردەکەوتن، دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانەو خەستەخانەو کاری ناوبازاڕو کەسابەت، ئینجا شێلم فرۆشەکان بازاڕیان گەرم دەبوو چونکە ئەوکاتە لە ناوشارا ئەوەندە ئۆتۆمبێلی تیانەبوو، زۆربەی خەڵک هەر بەپێ دەڕۆیشتن، دنیاش زۆر سارد بوو، بۆ گەرمکردنەوی لەشی خۆیان شێلمیان دەکڕیو دەیانخوارد، ئەوکاتە بایی دە فلس شێلم تەواو تێری دەکردی، ئەگەر لای عەرەبانەی شێلم فرۆشەکەوە بیخواردایە کابرا لەسەر قاپێکی تەنکی فافۆن بۆی دادەناو کەوچکێ ئاوی شێلمی بۆ دەکرد بەسەرداو لەگەڵ خوێو چەتاڵدا بۆی دادەنا، ئەگەر بشیبردایە لەگەڵ خۆی لەسەر کاغەزێک بۆی تێدەکرد، ئەگەر زۆریشی بویستایە بۆ ماڵەوە بۆی دەکردە کیسێکی نایلۆنەوە.

ئەمە چۆنیەتی شێلم فرۆشتن بوو لەناوشار، هەتا ئێستاش ئەو نەریتە هەر بەردەوامەو جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، مەگەر ئێستا لەباتی پەرەمێزی نەوت سێپای غاز بەکاربهێنن و بۆنی نەوتی لێبڕابێت.

ئێستاش هەر ئەو خەڵکە ڕەشو ڕووتەن شێلم دەفرۆشنو هەر عەرەبانەکەی جارانەو بەڵام ئێستا قاپەکانیان گۆڕیوە بەشووشە، لەکاتی بەفرو بارانا چەتری گەورەی رەنگاوڕەنگ هەڵدەدەن بۆ ئەوەی کڕیارەکان تەڕنەبن، هەروەکو جاران لەشوێنە گشتییەکانو باخچەکانو شەقامە سەرەکییەکان شێلم دەفرۆشن، بۆ نموونە تەنها لەشەقامی ئۆرزدی برۆ بۆ خوارەوە تا لای گۆڕەپانی سەرا، چەندەها شێلم فرۆش دەبینی، خەڵکی شێلم دەخۆن، بەتایبەتی رۆژانی سەرما.

## بیرەوەری‌و یادگارییەکانی ساڵانی پێشوو

لەساڵانی حەفتاکانا بەهۆی بچووکی شارەوە هەروەکو لەپێشەوە باسمکرد نەبوونی ئۆتۆمبێل‌و نەبوونی گەرمی زۆر لەماڵان، کەش‌و هەواش زۆر سارد بوو، بیرم دێ زۆربەی دوکانەکان مقەڵی پڕ خەڵوزیان دادەناو خۆیان پێ گەرم دەکردەوە، تەنانەت لەبازاڕیشدا زۆربەی خەڵک خەڵوزیان بەکاردەهێنا، ئەوکاتە لەزستانا کۆمەڵێک خەڵک بۆ بژێوی ژیانی خۆیان شێلمیان دەفرۆشت، ئەوەی لەبیرم بێ بەکۆڵانەکانا هاواریان دەکرد عال کوڵیوە شێلم.

هەر لەگەڕەکی خۆمانا دوو کاک عومەر ناو هەبوون بەعەرەبانە شێلمیان دەفرۆشت، مام رەشید کەدوکانێکی بچووکی هەبوو لەماڵی مام سایەقا شێلمی دەفرۆشت، بەهاوینانیش شەربەتی مێوژ، مام رەشید کوڕێکی هەبوو ناوی برایم بوو، هاوڕێی منالی ئێمە بوو (واتە منالانی گەڕەک)، بەیانیان شێلمیان دەفرۆشت، ئێمەش منالانی گەڕەک کەیەکی دە فلس رۆژانەمان هەبوو دەماندا بەشێلم‌و بەگەرمی دەمانخوارد.

بەهۆی ئەوەی لەو دەوروبەرە یاریمان دەکرد کاتێ شێلمەکەیان تەواو دەبوو، برایمی مام رەشید بانگی دەکردین بۆ ئاوو وردە شێلمی بنکی تەشتەکە، ئێمەی منالانیش هەمووومان بەکەوچک تێی بەردەبووین‌و دەمانخوارد، ئەوەشم لەیادە کاتێک ساڵی خوێندن تەواو دەبوو کتێبەکانمان هەڵدەگرت بۆ زستان، دەماندا بەشێلم فرۆش‌و پاقلەفرۆشەکان، ئەوانیش شێلم‌و پاقلەیان دەداینێ لەجیاتی کتێبەکان، ئەوکاتە بۆ ئێمە شتێکی خۆشبوو.

ئەوە خۆشترین یادگارییە لەبیری خۆماو قەت لەبیرم ناچێتەوە، لەوانەیە چەندەها کەسیش یادگاری هەبێت لەگەڵ شێلم فرۆشتن‌و خواردنیا بۆیە پێم خۆشبوو بیگێڕمەوە، هیوام وایە خوێنەرانیش بەدڵیان بێت لەم وەرزە ساردەدا، یەکێکی تر لەو یادگاریانەی ئەوسا کەلەبیر ناچنەوە کاک ئەمینی شاعیر لەمیانەی قسەکانمان دەربارەی شێلم وتی:

–ئەی لەبیرت نایە ئەگەر سەعاتی یەکێک ئیشی نەکردایە، یان پاش‌و پێشی بکردایە پێیان دەوت، سەعاتەکەی تۆ شێلمی خواردووە، یان ئەگەر کەسێک خەو بەری نەدایە یان گێژ بوایە پێیان دەوت ئەڵێی شێلمی خواردووە.

## سوودەکانی شێلم

بۆ ئەم زانیاریانەی سوودەکانی شێلم، بە کاک زرار عەلی سەرنووسەری گۆڤاری گوڵەکانی منالاَنم وت، ئەویش خۆشحالّی دەربڕیو لەماوەی یەک رۆژدا ئەم زانیاریانەی دامێ، کە لەئینتەرنێت دەریهێناوە زۆر سوپاسی دەکەم.

## پێکهاتەکانی شێلم

ئەم ڤیتامینانەن: ڤیتامین E، ڤیتامین B6-B12، ڤیتامین ABC ، فسفۆڕ، کالیسیۆم، ئاسن، مەگنیسیۆم، یۆد، میس، کاربۆهیدرات، پرۆتین، شەکر، لەگەڵ کۆمەڵێک ترشەمەنی.

## سوودەکانی شێلم

-١زۆر کاریگەرە بۆ بەرگریکردن لەڕەبۆی بۆری هەناسەو نەخۆشییە درمە زستانیەکانو تەنینەوەی قوڕگ.

-٢کاریگەرە لەچالاککردنی جەستە بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیە لەئیشتهادا.

-٣کاریگەری هەیە بۆ یارمەتیدانی میزکردنی زۆر.

-٤کاریگەری لەچارەسەرکردنی نەخۆشی ئەکزیمادا کەتووشی بێت.

-٥کاریگەری لەڕزگارکردنی بۆنی عەرەقی لەش.

-٦کاریگەری لەپاککردنەوەی برینو چاکبوونەوەی.

-٧کاریگەری لەبەرگریکردنی کەم خوێنی هەیە.

-٨کاریگەرە لەبەرگریکردن لەدروستبوونی بەردی گورچیلەو میزەڵان.

-٩بەکاردەهێنرێت بۆ دابەزاندنی کێش، بەشێوەیەکی فراوانیش بەکاردەهێنرێت لەو دەرمانانەی بۆ جوانکردنی پێست.

-١٠بۆ چارەسەری لاوازی.

-١١چالاککەرێکی بەهێزە بۆ ووزەی جنس.

## سوپاسنامە

زۆر ڕێزو سوپاسو سڵاوم بۆ ئەو بەڕێزانە کەلەم باسەدا ناویان هاتووەو یاریدەدەرم بوون بۆ بە پێزکردنی باسەکەو لەزەتی شێلم کەزانیاری زیاتریان دامێ، هیوام وایە نموونەیان زۆربێت.

**تێبینی:**

ئێستا شێلم لەوەرزی زستانا لەزۆربەی ماڵانا خۆیان دەیکوڵێننو دەیخۆن بەتایبەتی لەبەیانیانا.



# ترخێنە
# خواردنێکی دێرینی کوردەواری




ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٢٨) بڵاوکراوەتەوە

هەموو گەلێک دابو نەریتی خۆی هەیەو زۆربەیان ئێستاش لەسەری دەڕۆن، هەمووشیان خواردنی خۆیان هەبووەو دروستیان کردووە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان، گەلی کوردیش بێ بەش نەبووە لەو نەریتەو چەندەها خواردنو چێشتی کوردەواری خۆشی هەبووە کەتائێستاش زۆربەیان لەناو شارو دێهاتەکاندا دروست دەکرێنو تامو لەزەتی تایبەتی خۆیان هەیە، یەکێک لەو خواردنانە چێشتی ترخێنەیە.

بەبیرەوەری من چێشتی ترخێنە هەر بووەو خواردنێکی نامۆنییە تاکو بڵێین باسی چێشتێکی دێرین دەکەین، ئێستاش هەر لەزۆربەی ماڵاندا دەکرێ، بۆیە منیش ئەڵێم خواردنێکی کوردەوارییە.

پیرەمێردی نەمر لەبەیتی ترخێنە دەفەرمووێ:

**ئینجا لەباتی سەوزەو میوەی تەڕ**
**شێلمی ترخێنە خۆی ئەخستەگەڕ**
**واهاتینە سەر بەیتی ترخێنە**
**کەترخێنە هات هەڵی قوڕێنە**

لەبەیتێکی تریدا دەفەرموێ:

**شێلمو بڕوێش تێک هەڵ ئەشێلرێ**
**چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵ ئەکەنرێ**

کەواتە ئەم خواردنە زۆر لەپێش ئێمەو پیرەمێردی نەمرەوە هەبووە، ئەوەی منیش بیرم بێت کەبەمنداڵی چێشتی ترخێنەمان بۆ لێ دەنرا، لەناو خۆماندا دەمانوت:

**نیسکو نۆکو ترخێنە**
**بەکەوچک هەڵی قوڕێنە**
**یاخود منداڵان بۆخۆشی دەیانوت:**
**نیسکو نۆکو ترخێنە**
**شەلەکە قنگ هەڵتەکێنە**

بۆیە منیش پێمخۆش بوو لەسەر خواردنێکی دێرینی کوردەواری بدوێمو چۆنیەتی دروستکردنو لێنانی بەتامو لەزەتەوە بخەمەڕوو.

دروستکردنی ترخێنە بەمشێوەیە کەوەختی خۆی سەیری دەستی دایکی ڕەحمەتیم کردووە، ئێستاش وەکو خواردنێکی کوردەواری هەموو ساڵێک لەماڵی خۆماندا دەکرێ، کەوەزری هاوین تەواودەبێت بەرەو پایز دەڕۆین، شێلم سەوز دەبێتو لەژێر زەویەوە سەلک دەردەکات هێشتا کەگەڵاکەی ناسکەو شێلمەکەشی تازە پێدەگات، لەوکاتەدا هەڵدەکێشرێو دەهێنرێ بۆ بازاڕ بۆ فرۆشتن پێی دەڵێن (شێلمی ترخێنە)، ئینجا هەر ماڵێک بەپێی خێزانو زۆرو کەمی خۆی گورزەیەک بێت، یان زیاتر بێت دەیکڕن، پاشان لەماڵەوە شێلمەکە پاک دەکەنو جوان دەشۆرێتەوە، وورد دەجنرێ لەسەر تەختەیەکو گەڵاکەشی ورد دەکرێ، بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر تەیکەیەک (نانەشانە) دادەنرێ هەتاکو ئاوەچۆڕ دەبێتو ئینجا بڕوێشی بۆ دەکوڵێننو خوێی پێوەدەکەنو تێکەڵی گەڵاو شێلمەکەی دەکەنو کەمێک ئاوی پێوەدەکەنو دەیکەنە ناو دەبەیەک یان سەتڵێک (وەختی خۆی دەیان کردە ناو کوپەڵەوە) یان (پیرەمێردی نەمر دەفەرمووێ دەیانکردە ناو چاڵەوە)، بەڵام ئێستا زۆر دەوری ئەو شتانە نەماوە بۆیە سەتڵ بەکاردەهێنن، ئینجا سەری دەنێنەوەو لەشوێنێکی فێنکدا دایدەنێن تاکو ماوەی ٧-١٠ رۆژ، پاشان سەیری دەکەنو لێی دەخۆن بزانن ترش بووە، ئەگەر گەیشتبێ ئەوا خۆی ئاو پەیدا دەکاتو مزر دەبێ، بەسەوزو تەڕی تامێکی زۆر خۆشی هەیەو هەموو کەسێک حەزدەکات بیخوات، زۆربەی ماڵان نیوەی دادەنێن بەتەڕی دەیخۆن، زۆر ماڵیش ئاوی زۆری تێدەکەنو دەیکەن بەتەڕەسازو بەو شێوەیە زۆر ترشو خۆشە ئەوەی من بەبیرم بێت ئەوسا لەحەمامی ژنان دەیان فرۆشت، زوربەی ژنو منداڵ کەلەحەمام تەواودەبوون لەناو سارداوی حەمامەکەدا تاکو خۆیان وشک دەکردەوەو پشویان دەدا سەرو قاپ تەڕەسازیان دەکڕیو دەیان خوارد، یان لەجەژناندا بیرم دێت پوورە ئامە ناوێک هەبوو سەتڵێکی پڕ تەڕەسازو شێلم بەترشی دەهێنا دەیفرۆشت قاپی بە پێنج فلس، کەئێمەی مناڵ هەموو دەوری کورسی کورسیو چەرخو فەلەکو ماین چەقەڵو ئەو یاریانەی جەژنمان دەداو کۆدەبووینەوە، پاش هیلاکیو پشودان دەمان کڕیو دەمانخوارد، پورە ئامەش دە جار بەقوربانمان

دەبوو تالیمان دەکڕی.
بێینەوە سەر ترخێنەکە پاش پێگەیشتن تەیکەیەک دەهێنن‌و پەڕۆیەکی پاک دەدەن بەسەریداو ترخێنەکە تۆپەڵ، تۆپەڵ لەسەری دادەنێن، تاکو سەر تەیکەکە پڕ دەبێت، ئینجا دەیبەنە سەربان‌و لەسەر تەپڵەکێک دایدەنێن بۆ وشکبوونەوە، ئەویش پێی دەڵێن ترخێنە نانەوە، پاش وشک بوونەوەی ئینجا لەشوێنێکی وشکدا هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی کەڕوو نەکات‌و خراپ نەبێت، (بەڵام وەختی خۆی دەیان کرد بە پەتەوەو هەڵیان دەواسی بەدیواردا بۆ ئەوەی مشک نەیخوات).
پاشان کەزستان دێت و ڕۆژی سەرماو سۆڵەو بەفرو باران دەستپێدەکات لێدەنرێت، ئەویش بەمجۆرە دەبێت ئەو ماڵەی کەتوانای هەبێت، کەرەستەی باشی بۆ بکڕێ:
مەنجەڵێک بەپێی زۆرو کەمی خێزانەکە نیسک‌و نۆک لەگەڵ چەند سەلک ترخێنە، پێش ئەوە دەبێت ترخێنەکە بکرێتە ئاوو شیبێتەوە، ئینجا گۆشتی پەراسووی بۆ دەکولێنن‌و ئامادەی دەکەن لەگەڵ ئەم کەرەستانەی تر وەکو: گوێزو بادەم‌و مێوژی سوورو چەوەندەری سوور بەسەلک، پاش خستنە سەر ئاگر بۆ ماوەی یەک کاتژمێر یان زیاتر تا دەکولێت.
پاشان چێشتێکی بەلەزەت دەردەچێ بەمەرجێ کەیبانوی خۆی هەبێت‌و باش دروستی بکات، ئینجا خێزان لەژوورێکی گەرم‌و گوڕی پڕ فەرش‌و زۆپا، لەسەر سفرە دادەنیشن‌و قاپ، قاپ دابەش دەکرێ‌و چەوەندەرەکەش بەجیا لەسەر قاپێکی پان دادەنرێ‌و وەکو شێلم قاش دەکرێ‌و بەچەتاڵ دەخورێ، سەوزەو توورو پیازی شیرین‌و ترشیاتی خۆماڵی‌و نانی گەرم، سفرەکە دەڕازێنێتەوە.

**ئیتر بەخۆشی ئێوە**



سلێمانی-١٩٨٠/١/١٥: ١-خوالێخۆشبوو مام حەسەن ٢-رەئوف شێخ جەمیل ٣-عەلی مینا بلۆك (سەربانیماڵی رەئوف شێخ جەمیل)



رەئوف شێخ جەمیل ١٥ / ١ / ١٩٨٠ سەربانەکانی ماڵەکانی شەقامی ئیبراهیم پاشا

# یاپراخ




**ئەم نووسینە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٣٢) بڵاوکراوەتەوە**



ئەگەر بێینە سەر خواردنێکی تری کوردەواریی کەلەناو زۆربەی خێزانو خەڵکدا بەخواردنێکی بەتامو بەلەزەت دادەنرێ، بەڵام ئەتوانم بڵێم یاپراخ خواردنێکی چوار وەرزەیە بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا دروست ئەکرێو گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەو وەرزەدا لەکاتی سەیرانو بۆنەو رۆیشتن بۆ سەر شەخسو زیارەتگاکان، خەڵک زیاتر دەیبەن لەگەڵ خۆیاندا لەبەر ئەم هۆیانە:

-١یاپراخ لەماڵەوە دروست دەکرێو لەناو سەیرانو زیارەتگاکانداو بۆ سەفەری دوور، مەسرەفو ئەرکێکی قورسو ئاگری ناوێ.

-٢قاپو قاچاخی زۆرو کەوچکو جۆرە مەسرەفێکی تری ناوێ.

-٣بابەتی جۆری شلەی ناوێ، ناشرژێ تاکو خەساربێت.

-٤هەڵگرتنی ئاسانەو چ بەدەست بێت یان بەئۆتۆمبێل.

-٥خواردنێکی بەلەزەتەو بەساردی بەگەرمی دەخورێ.

محەمەد رەسوڵ هاوار لەکتێبی بیرەوەری بەرگی یەکەم لاپەرە ١١٣ ئەڵێ: پیرەمێردی شاعیر لەنەورۆزی ساڵانەیدا یەکدوو رەشماڵێکی پەیدا دەکردو لەپارەی تەقاعودیەکەی پارەی ئەوەی هەبوو لەسەیرانی کارێزی وەستا

شەریف دوو سێ مەنجەڵ یاپراخ بۆ سەیرانکەران ئامادەبکات، خۆی هەموو جارێک دەیووت: بۆ هەر میوانێک نانێکو شەش یاپراخ، نانی سەیران بەزۆری لەواشەی بازاڕبوو کەئەوسا بەپولێک یان فلسێک بوو.
وەکو باسیش دەکرێ لەناوشاری سلێمانی لە مزگەوتی گەورە بەرەو خوار حەوشی گەورە هەبووە دەڵێن یاپراخیان تیاکردووەو دابەشیان کردووە، بۆیە کردوویانە بەشیعرو گۆرانی فۆلکلۆر کەئەڵێ:

**لێدەن لەحەوشی گەورە**

**یاپراخەو دووگی چەورە**

وەکو هەموو بیستوومانە ساڵانی پێش حەفتا لەناوشاری سلێمانی بەمەنجەڵ یاپراخ فرۆشراوە بەکەسانی هەژارو کرێکارو حەماڵ و تەنانەت کەسانی دەولەمەندو زۆربەی خەڵکی شاریش کڕیویانەو خواردویانە.
ئەوەی منیش بیرم بێ ساڵی ١٩٧٠ خۆمانو ماڵو خێزان لەگەڵ چەند ماڵێکی دراوسێ بەدوو جێبی لاندرۆڤەر رۆیشتووین بۆ پیری شەوکێڵ و کاتی هاوین بوو مەنجەڵە یاپراخمان برد، شەویش لەوێ ماینەوە، چەندەها جار بەخێزانی رۆیشتووین بۆ سەر شەخسی کانیبا و کانی شەکراو هەریەکەو پارچەیەک شتمان هەڵگرتووە بەپێ رۆیشتووین هەر مەنجەڵە یاپراخمان بردووە لەگەڵ خۆمانداو ئێستاش زیاتر هەموو سەیرانو بۆنەکان بەهاران خەڵک مەنجەڵە یاپراخو گۆشت بۆ برژاندن دەبەن لەگەڵ خۆیاندا بەتایبەت کوڕانو کچان لەکاتی گەشتی بەهارەی قوتابخانەکاندا بەزۆری مەنجەڵە یاپراخ دەبەن، ئینجا باقی شتەکان وەکو گۆشتو کوبەو مریشکی برژاوو ئەو بابەتانە.
با بێینەوە سەرباسی جۆری یاپراخ، ئەوەی من بیزانم شەش جۆر یاپراخ هەیە.

**١-یاپراخی سلق**

**٢-یاپراخی کەلامێو**

**٣-یاپراخی کەلەرم**

**٤-یاپراخی هاز (هازەڕەشە) (کاردو)**

**٥-یاپراخی سپیناخ**
**٦-یاپراخی تۆڵەکە**

خەڵک زیاتر یاپراخی سڵق بەکاردەهێنن چونکە سڵق رووەکێکی چوار وەرزەیەو لەهەموویان خۆشترە، ئینجا کەبەهار دێت گەڵای مێو پێدەگات، گەڵا ناسکەکەی بەکاردەهێننو گەڵای ترێی سپی تامو لەزەتی خۆشترە، بەڵام زۆرماڵ بەهاران یاپراخی گەڵای مێوو گەڵای سڵق بەیەکەوە دروست دەکەن، ئێستا بەهۆی بوونی ئامێری کارەباییەوە گەڵای مێو بەتەڕی دەکەنە تەپەدۆرو شتی ترەوەو هەڵیدەگرن لەناو سەلاجەو مجەمیدە، لەوەرزی زستاندا دەریدەهێننو دەیکەنەوە بەیاپراخ ماڵی خۆمان زیاتر ئەوە دەکەینو شتێکی زۆر خۆشە.

بەڵام لەدروستکردنی یاپراخی گەڵامێو بەتەنیا، دەبێ برنجەکەی شویتو ماستی تێبکرێ بۆ ئەوەی نەرم دەربچێ.

ئینجا یاپراخی کەلەرم ئەم جۆرە یاپراخە کەمتر دروست دەکرێو زستانان زیاتر کەلەرم هەیە لەبەرئەوەی رووەکێکی زستانەیە، بەڵام کەلەرم دەبێ گەڵاکەی زەردبکرێ ئینجا بەکاربهێنرێت، بەینی خۆشمان بێت کەمێک تامی خاوە.

گەڵای هازیش (کاردو) لەسەرەتای بەهاردا هەیە ئەمیش لەدەشتو کێو دەڕوێ (واتە رووەکێکی خۆڕسکە)و گەڵاکەی هەتا بڵێی تیژە، ئەگەر بەکاڵی بیخۆی زمان قاش دەکات ، لەبەرئەوە دەبێ بەترش زەرد بکرێو خوێی پێوەبکرێ، بۆ ئەوەی تیژییەکەی نەمێنێ، بەڵام گەڵای هاز لەڕووی تەندروستییەوە وەکو دەرمانی کوردەواریی بەکاردەهێنرێتو دەخورێ چونکە بۆ دژە نەخۆشی ناوسک زۆر باشە بەتایبەتی یەکێک کرمی هەبێت و زۆرکەسیش ئەیکەن بەچێشتێکی تر پێی دەڵێن هازەوا.

یاپراخی تۆڵەکەش دەکرێ ئەویش دەبێ گەڵاکەی گەورەبێتو گەڵاکەی زەرد دەکرێ ئینجا دەکرێ بەیاپراخ.

یاپراخی سپیناخ، ئەویش وەکو گەڵای سڵق دەکرێو دەپێچرێتەوە، یاپراخی ئەمیش ناسکە.

ئینجا بێینە سەر چۆنیەتی دروستکردنی یاپراخی سڵق پیش دەستپێکردن، ئەم کەرەستانەی بۆ ئامادەدەکرێت:

-١گۆشتی پەراسوو یان گۆشتی تر یان مریشک، پێشتر دەکوڵێنرێو ئامادەدەکرێ، ئینجا قیمەی بۆ سووردەکرێتەوە.

-٢گەڵای سڵقو پیازو کەرەووز-ڕۆن.

-٣برنجی ووردە یان برنجی دەنک درێژ.

-٤داوو دەرمانی یاپراخ.

-٥تەماتەی لەڕنە دراو، خوێ، دۆشاوی تەماتە.

-٦تەماتەو کولەکەو باینجانو بیبەرو پیازی دۆڵمە، پاقلەی دەنک، یان پاقلەی سەوز.

ئینجا مەنجەڵێک دەهێنیت و بەلەمێک برنجەکەو کەرەووزو پیازی جنراوو قیمەو داوودەرمانو تەماتەی ڕندەکراوو ڕۆن، هەمووی تێکەڵ بەیەک دەکەیت و خوێی پێوەدەکەیت، پاشان دۆشاوی تەماتە لەگەڵیا تێکەڵ دەکەیت.


ئینجا گەڵای سڵقەکە دەهێنیتو لاسکی گەڵاکەش دەکەیتە بنی مەنجەڵەکە بۆ ئەوەی لەکاتی لێناندا بەبنی مەنجەڵەکەوە نەنووسێ.

پاشان بەکەوچک برنجەکە دەکەیتە ناو سڵقەکەو دەیپێچیتەوە، ئینجا ناوبەناو کولەکەو باینجانو پیازی دۆڵمە پڕدەکەیت لەبرنجو ئەویش دادەنێت و پاشان مریشک یان گۆشتی تێدەکەیت، ئینجا ریزێک بیبەرو تەماتەو کولەکەی تێدەکەیتەوە، تا مەنجەڵەکە پڕدەبێت، پاشان دەیخەیتە سەر ئاگرێکی کز بۆ ئەوەی نەسووتێت، پاش کەمێک سەیری دەکەیتو کەمێک ئاوو رۆنی دەکەیت بەسەردا بۆ ئەوەی جوان بکوڵێت و چەورو نەرم بێت، هەمدیس سەری دەنێیتەوە تاکو دەکوڵێت، پاشان سەری لادەبەیت بۆ ئەوەی هەوا لێی بداتو ساردبێتەوە.

ئینجا سفرەی بۆ رادەخەن و سینیەکی گەورە لەناوەڕاستدا دادەنێن و، یاپراخەکەی هەڵدەڕێژنەسەر، سەوزەو نانو ماستاوو ترشیات سفرەکە دەڕازێنێننەوە پاشان خێزان دەوری دەدەنو هەریەکە قاپێک دەبات بۆ خۆیو بەخۆشی جەماعەت دەخورێ.

**تێبینی:**

*منو مامۆستا ئەحمەد حسێنو کاک حەمەبچکۆل سەردانی کاکە حەمەی مەلا کەریممان کرد، باسی جۆری یاپراخمان کرد، شیرین خانی خێزانی کاکە حەمە وتی یاپراخی تۆڵەکەش هەیەو ئێمە لەشاری بەغداد دەمانکرد بە یاپراخ، ئەو جۆرە یاپراخەشمان لەو وەرگرت، زۆر سوپاسی دەکەم.



دیمەنێکی سەیرانی بەهارە بە یاپراخەوە



وێنەی دارو نزرگەیەک کە خەڵکی یاپراخ دەبەنە سەری



دیمەنێکی سەیرانی بەهارەی قوتابخانەکان بە یاپراخەوە

# یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی
# ساڵی ١٩٧٦




ئەم وێنەیە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٣٣) بڵاوکراوەتەوە



ئەم وێنەیە لەڕۆژی ١٩٧٦/١٠/١ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، لەگەڕەکی مەڵکەندی بەردەمی مزگەوتی حاجی مەلا شەریف سەعاتچی، کەدەستەیەک لەگەنجانی گەڕەک بۆ یادگاری ئەم وێنەیە گیراوە،

لەڕاستی بینەرەوە:


رەئوف شێخ جەمیل، بەکری شێخ مەحمود باراوی، جەلیلی شێخ مەحمود حاجی مامەندی، عەلی حەمەی مام قایەر، ئیبراهیم وەستا حەمەئەمین، ئەنوەری کاک عومەر، زاهیری حاجی مەجید، فەرهادی سەبیح.

ئەم وێنەیە لەئەلبوومی کاک رەئوف-ەوە بەدەستمان گەیشتووەو هەر خۆشی ناوەکانی ساغکردۆتەوە، سوپاسی ئەکەین.

# ژیان و چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی یەحیا ئەفەندیی وێنەگر




ئەم نووسینە لە گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی ژمارە (٢٦ - ٢٧) بڵاوکراوەتەوە



## پێشەکی

شاری سلێمانی چەند کەڵە پیاوی مەزن و پیاوی ئەدیب و شاعیری تیا هەڵکەوتووە، هەتا ئێستاش زۆربەیان ناویان لەسەر زاری خەڵکی سلێمانی و کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوورەو بەرهەمەکانیان بەچاپ گەیەنراوەو لەفەوتان ڕزگاریان بووە، ئەوانەش بەهۆی دڵسۆزی کەسوکاریان و ئەدیبان و پیاو چاکانەوە یان نەوەکانیانەوە بووەو زۆربەشیان خۆیان و بەرهەمەکانیان لەناوچوون و ڕوناکییان نەبینووە، ئەوانەش گەنجینەیەکی گەورە بوون لەکیسی کەلتوورو ئەدەبیاتی کوردی کەوتوون.

یەکێک لەو کەسایەتیە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانە کەسایەتیەکی شاری سلێمانیە کە لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕووی کردۆتە شاری سلێمانی و دەستیکردووە بەکاری هونەری و خزمەتێکی باشی ئەم شارە

مەزنەی کردووە، ئەویش بەهۆی چاوی کامێراکەیەوە بووە کە وێنەی چەندەها کەسایەتی مەزنی ئەم شارەی گرتووە، نەیهێشتووە وێنەکانیان لەناو بچێ و هەتا ئێستا دەستاو دەست هاتوون و کەوتوونەتە دەست نەوەی ئەمڕۆو زۆربەیان لەکتێب و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە وەک ئەرشیفێکی بەکەڵکی ئەم شارە پارێزراون.

یەحیا سەعید کەریم ئاغا کەناسراوە بە (یەحیا فەنی) وێنەگر، یەکێکە لەو وێنەگرە دێرینانەی شاری سلێمانی کە لەپێش ساڵانی ١٩٣٠وە وێنەی شوێنە گشتییەکانی شارو کەسایەتییە مەزنەکانی گرتووەو لای خۆی پاراستوونی، یەکێک لەو کەسایەتییە مەزنانە شێخ محمودی نەمر بووە، کەچەندەها وێنەی گرتووەو پارێزراوە، هەتا ئەمڕۆ وێنەی خۆیان و خێزانەکانیان لەبەردەستی بینەران و خوێنەراندایە، وەک کامێرا بەدەستێکی ئەم شارە وێنەی خێزان و کەسایەتیەکانی ئەم شارەی گرتووە، حەپسەخانی نەقیب یەکێکی ترە لەو کەسایەتیانەی ئەم شارە کەیەحیا سەعید وێنەی زۆری گرتووە.

یەحیا ئەفەندی جگە لەکاری وێنەگری چەندین شیعری جوان و پڕ مانای نووسیووەو هەمیشە دژایەتی دوژمنانی گەلەکەی کردووە، ناسۆری دەروونی دەربڕیووەو کڵ و کۆی دڵی خۆی دامرکاندۆتەوە، بەڵام بەداخەوە تەنها چەند پارچە شیعرێکی لەفەوتان ڕزگاربوون ئەویش بەهۆی کوڕە بچوکەکەیەوە بەناوی کاک سالار چەند وێنەیەک و چەند پارچە شیعرێکی پاراستوون و منیش بەهۆی یەکتر بینین و قسەو باسەوە هاتینە سەر ئەوەی کەبەرهەمەکانی باوکی زیندوو بکەینەوە، بەڕێژەی زۆر وێنەو فیلمەکانی ساغ بکەینەوەو بیخەینە بەردەست، خوێنەران و دووەمیان چەند پارچە شیعرێک کەیەحیا ئەفەندی لەئەرشیفی خۆیدا پاراستوونی، کاک سالار بەخەتی خۆی لەبەردەستنووسەکەی باوکیدا نووسیویەتیەوە، شیعرەکانی بەپاک و پوختی پارێزراون ئەوانیش بریتین لەشەش پارچە شیعر، یەکێکیان لەساڵی ١٩٢٤ نووسراوە بەناوی دڵەکەم غەمگینە، دووەمیان ساڵی ١٩٣٢ بەناوی شۆڕشی بارزانەوە، شیعری سێیەمیان ساڵی ١٩٣٧ بەناوی بیرەوەری بەندیخانەوە، لەگەڵ شیعری ئەم دەورەو شیعری شکایەت لەپیری.

ژياننامەی یەحیا ئەفەندی بەکورتی کە کاک سالاری کوڕی نووسیویەتی وەکو خۆی دەیخەینە بەردەستی خوێنەران لەگەڵ شیعرەکانیدا.
لەڕێی گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی بەنرخەوە کە لەخزمەتی شارە خۆشەویستەکەماندایەو یەکەمجارە شیعرو ژیاننامەی بڵاودەبنەوە.

## ژياننامەی یەحیا سەعید ئەفەندی

ناوی یەحیا سەعید کەریم ئاغایە ساڵی ١٨٨٩ لە خانەقین چاوی بەدونیای پڕ چەرمەسەری و گیروگرفتی ئەو سەردەمە هەڵهێناوە، هەر لەمنداڵیەوە خراوەتە بەرخوێندن، کاتێ کە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکردووە تەمەنی ٢٥ ساڵ بووە، دوا بەدوای کۆتایی جەنگی یەکەم جیهانیو هەڵگیرساندنی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر، ئەم پاڵیداوە بەشێخ مەحمودەوەو لەگەڵیدا بەشداری کردووە دژی ئینگلیز وەستاون، لەوکاتەوە ئارەزووی وێنەگرتنی هەبووە، بەڵکو زۆر جۆر لەئامێرو کامێرای وێنەگرتنی هەبووە کەوێنەی جۆراو جۆری پێگرتووە بەتایبەتی وێنەی شێخ مەحمودی نەمر کە بەدەستی خۆی گرتوونی و وێنەی کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی گرتوون، تا وای لێهاتووە لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا زۆر هاوڕێیەتیان خۆش بووەو بڕوایەکی تەواویان بە یەکتربووەو ماوەیەکی زۆریش پێکەوە ژیاون.
لەژیانیدا هەر خەریکی وێنەگرتن بووەو شارەزاییەکی تەواوی لەکارەکەی خۆیدا پەیدا کردووە، خەڵکی شاری سلێمانی بە یەحیا فەنی مسەوەر ناسیویانەو نازناویشی یەحیا حیلمی بووە وەکو لەزۆر وێنەدا دەبینرێ.
دوکانی لەشاری هەولێر داناوەو ئیشی تێدا کردووەو دواجاریش لەشاری سلێمانی دوکانی وێنەگرتنی داناوەو ماوەیەکیش لەشاری بەغدا ئیشی وێنەگرتنی کردووە، چەندین کەسی شارەکەی بەدڵ و دەرونێکی پاکەوە فێری وێنەگرتن و ئیشی وێنەگری کردووە .
یەحیا فەنی هەر لەمێژەوە حەزی بەخوێندنەوە کردووەو چەندەها کتێبی ئەوکاتەی خوێندۆتەوە تا وای لێهاتووە شارەزایی تەواوی لەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی پەیداکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئینگلیزی و هیندی

زانیوه.

لەسەردەمی خۆیدا تووشی چەندەها گیروگرفت و گرتن بووە بەدەست حوکمڕانانی عیراقەوە، لەساڵی ١٩٣٧ لەشاری موسڵ بەند ئەکرێ لەزینداندا هۆنراوەیەک دادەنێ بەناوی بیرەوەری بەندیخانە ئەڵێ:

**ئەسیری شاری موسڵ و غەریبی بێ نەوا خۆم**

**کەوتمە داوی ئەسارەت سەرنگونی نەینەوا خۆم**

زۆربەی ژیانی لەگەڵ چاوی کامێرەدا بەسەر بردووە، جگە لەوەش لەژیانیدا زۆر حەزی بەسەیران و ڕاوو شکار بووە تا کاتێ کەتەمەن تەنگی پێهەڵچنیوەو پیر بووە توانای زۆر نەماوە لەدوکانێکی بچووکی ژێر بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کۆنی سلێمانی (بازاڕی عەسری ئێستا) جێگیر دەبێ و ژیان بەسەر دەبات و پیری تاقەتی لێ ئەبڕێ و تا ئەگاتە ئەو ڕادەیەی لەشیعری (شیکایەت لەپیری)دا ئەڵێ:

**هەروەکو مەجنون وێڵی سەحرای کردم ئەم زەمانە**

**جا کوێرە لەبەرچاوم  لەیلای گشت ئەم جیهانە**

لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتیشەوە یەحیا فەنی لەماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە سێ کوڕو پێنج کچی هەبووە.

لەبەرواری ١٩٧٦/١٠/٩ لەتەمەنی ٨٧ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لەشاری سلێمانی لەگردی شەهیدان بەخاک دەسپێردرێت .

**تێبینی:**

*گۆڤاری (العراق) بەزمانی عەرەبی لەشاخ ١٩٧٦ لەڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٥ واتە چەند مانگێک پێش کۆچی دوایی خۆی باسی لێوەکردووە.

*بۆ ژیاننامەی یەحیا ئەفەندی چاوپێکەوتن لەگەڵ سالاری کوڕیدا.

## دڵەکەم غەمگینە

دڵم غەمگینە، دڵم غەمگینە
هەستە وەرە لام کاکە بمبینە
خۆزگەم بە چەند ساڵ لە پێش ئەم دەورە
کە کورد نەیدیبوو ئەم زوڵم و جەورە
هەریەک لە لایەک حوکمداری کورد
بە عیز و شەرەف هەر بە مەردی مرد
نەوەک وەکوو من دڵ بریندارم
بۆ نیشتمانم زۆر بێ قەرارم
باوکم بە قوربان (خادم البشر)
ئەم خەڵکەت بۆچی گشت کردوە بە کەر
خزمەتی بەشەر ئەگەر وەهابێ
هەقی من و تۆ بۆچی جیابێ
ئەقوام و میللەت گشتی ئەزانێ
کوردیش هەیەتی هەقی ژیانێ
تۆ زۆر ئەزانی لەم قسە قۆڕە
ئەی کاکە (یەحیا) شیعرت بگۆڕە

(ساڵی ١٩٢٤ وتراوە)

# یەکەم شۆڕشی بارزان ساڵی ١٩٣٢

ساڵی هەزار و نۆسەد و سی و دوو
فەرمانی شەڕی شێخ بارزان دەرچوو
بێ دەرپێ کەوتە جرت و فرتی ڕێ
هەر لە بەغداوە هەتا ئاوی زێ
قۆڵێ لە مووصڵ بۆ ئەقرە و بلە
خشان و کشان هەروەکوو کوللە
قۆڵێ لە هەولێر بە ڕێگەی ڕاستان
هەتا گەیشتنە گوندی بابستیان
ئۆردوو، چ ئۆردوو! بە چەند دەزگاوە
چەند تۆپ، تەیارە بە ڕووی سەماوە
سەرکردەی لە شکر وەک حاجی سڕی
تڕنەی فرەخۆر خودایە بیبڕێ
ئۆردوو جمەی کرد لە شەشی نیسان
هەر لە بنەبی تا چیای پیران..
شەوێ لە شەوان قەزای ڕەبانی
کەوتە خەباتی تیپی بارزانی
مامشکە شیوێکە درێژ و باریک
ڕۆژی نیوەڕۆ لە عەرەب تاریک

چەندان جەنازە و چەندان بریندار
لاشەیان کەوتبوو لە ناو گەلا و دار
سیسرکە کەچەڵ لەگەڵ قەل و داڵ
عافێتیان ئەکرد گۆشتێکی حەڵاڵ
چونکە کەسیان نەخستبووە چاڵ
وڵاتم بەهەشت بوو درەختی تۆبە
سواخ درا بە گووی نیسکێنە و شۆربە
درەخت گشت بڕا، هیچ نەما خەلە
مەگەر پاکی کات بارانی پەڵە
ئینگلیز ئەیوت...
باوکم بە قوریان بتی خۆکردوو
بەشی زیندوو خۆر بۆ خۆتان مردوو
سوێندتان بۆ ئەخۆم بە خودا و یەزدان
هەتا پانزە شەو نایەڵم بارزان

***

## بیرەوەری بەندیخانەی مووسڵ ١٩٣٧

ئەسیری شاری مووصڵ غەریب و بێ نەوا خۆم
کەوتمە داوی ئەسارەت سەرنگوونی نەینەوا خۆم
چەپ و ڕاست بەستراوە دەستم بە زنجیر و کەلەپچە
بێ سووچ و قەباحەت، گرفتاری داوی بەڵا خۆم
دەست بەڕوو دانیشتنم لەم گۆشەی زیندانەدا بە هەرجێ
دڵ بریندار و نەخۆشی بێ دکتۆر و بێدەوا خۆم!
ئەمسەر و ئەوسەری زیندان کردنم بۆ دەفعی مەراقە
بەهەرجێ وێڵی سەحرا وەکوو مەجنوون لە یلاجودا خۆم
لە سەرما هاتوومە جنبوش، ئەلەرزێ بەدەنم هەموو بەجارێ
هاتوومە سووڕدان و سەماکردن بێ عود و بێ کەمان خۆم
کە تەقەی قەرەوانەی میری دێتە گوێم ڕائەپەڕم
هەروەکوو سەگی برسی بێ شام و بێ غەدا خۆم...
خۆ ئەزانی موستەهەق نیم بەم جەزایە، یا ئیلاهی
ئەمن چیم کرد لە دەرگای تۆ کەوا رووسیا خۆم
جورم و گوناهم گەر هەبێ خوێندن و نووسینە مەگەر
دواکەوتووی جوملەی عالە م بێ عیلم و بێ زەکا خۆم
دەسا شەماڵ تیژ برۆ بەو یارە بڵێ (یەحیا) دیلە
زوو وەرە فریای کەوە دەک بێ شەرم و بێ حەیا خۆم...

# ئەم دەورە

ئــەم دەورە، چ دەورێــکــە ئــەبیــنم لــە حــەیاتم
ســاتــێ گــریــان، ســاتــێ شــادی، ســاتــێ ماتم
بــە پــێچــەوانــەی چــەرخــی گــەردوون، گــەر وەهــا بێ
ئــەوا مــن لــە ڕێــگــەی پــڕ خــەتــەر و هــات و نەهاتم
بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئاشووب و فیتنە ڕووی وڵاتمی داگرتووە
وەختە شێت بم، چۆن بەدڕەوشتی کەوتۆتە ناو لاوانی وڵاتم
پیشە بوو شەرم و حەیا و ناموس لەناو کوردایەتی...!
من کەوام دیبوو واشی ئەبینم لەگەڵ دەرچووم و بۆی هەڵاتم

## شکایەت لە پیری

هەروەکوو مەجنوون وێڵی سەحرای کردم ئەم زەمانە
جا کوێرە لە بەرچاوم لەیلای گشت ئەم جیهانە...
گوڵ و موڵ و نێرگزو چەمەن و سۆسەن و یاسەمین
ئەم هەموو گوڵ و گوڵستانە وەک خاری موغەیلانە
لە بەرچاوم هەریەک لەمانە بەهەشتی خولیای جیهانە
غەم بەجێم ناهێڵێ ساتێ، ڕەفیقێکی زۆر بەوەفایە
بۆ ژیانی تاڵ و ڕۆژی ڕەشم تەقدیری خودایە...
ئەی خودایە، ئەی خودایە!
بەختەکەم بۆچ وا سیایە!

## زەمانە گەنە

زەمانە گەنە... زەمانە گەنە
وەک کەلای کەرەم بە تڕێ بەنە
ڕەحەتی برا لە ڕووی سەرزەمین
هەموو لە یەکتر واین لە قار و قین
مەجلیس نشینمان بۆتە چایخانە
دەروێش و مورشید گشت لە مەیخانە
هاوار بە ماڵم چەندە بێ نازین
بێ نوێژ و تاعەت هەروەک بەرازین
ئەولاد و بابا و برای کەمە
کەوتت کاکە هەمووی هەردەمە
سێ کوتی بازاڕ هەمووی بێ دینە
دایمە ئەکێشن لە ئیسلام کینە
بە هەموو سەهیۆنی گشت ساحێب ماڵن
بێ چارە ئیسلام دایمە حەماڵن

## چوونم لە خانەقینەوە بۆ لوڕستان

کاتێ کە دەرچووم لە شاری خانەقی
بەشکو نەبینم زوڵم و ناهەقی
پێم خۆش بوو بمرم بە تەقەلاوە
کوردێ نەبینم بە دەم سزاوە
سێ ڕۆژ لە ڕێگا من هەر خوا خوام بوو
ئینجا سەفەرم کە بۆ تەواو بوو..
کاتێ گەشتمە ئەو شارە پیسە!
ئەهالی هەمووی گشت کوێر و سیسە

**تێبینی:** ئەم هۆنراوەیە ناتەواوەو هەر ئەوەندەی ماوە.



یەحیا ئەفەندی، جەمیلە خان، ئایشێ خان، نەسرین، سەباح، نەجات، سەڵاح، سەردار، سالار






یەحیا ئەفەندی لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی شاردا

# مامۆستا مستەفای مەلا محەممەدی

# مەڵکەندی با لەیاد نەکەین




ئەم نووسینە لە گۆڤاری بابان ژمارە (١٧) بڵاوکراوەتەوە



لــەرۆژی بنیاتنانی شــاری سلێمانییەوە هــەتا ئێستا شــارەکــەمــان بــەشــارێکی پێشکەوتوو ڕۆشنبیر ناسراوە لەهــەمــوو ڕوویــەکــەوە، ئایا لایــەنی ئــەدەبی یــان سیاسی یــان ئایینی بێ، لــەبــەرئــەوەی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە بنیات نراوە مزگەوت و خانەقای تیادا دروست کراوە، لەهەموو ناوچە دوورو نزیکەکانەوە پیاوچاکان و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینی ڕویــان تــێکردووە، بێ لــەگــەڕیــدەی سیاسی وڵاتــانی ئەورووپی و دەوروبــەری کەهاتوونەتە سلێمانی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی و کلتووری نەتەوەکەمان، هەر ئەو جوڵانەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییە بوو کەدەوڵەتانی داگیرکەر چاویان تێبڕی و هەمیشە لەداگیرکردنی بوون و ویستوویانە لەبزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کەم بکەنەوە، بەڵام جوڵانەوەی سیاسی کورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەنگاری دوژمنان بوونەتەوەو پەرەی بە بزاڤی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی خۆی داوە، لەگەڵ سەردەم و بارو زورفەکاندا بەرەنگاربۆتەوەو پیاوانی پێشکەوتوو ڕۆشنبیر لەو سەردەمە سەختەدا توانیویانە گۆڤارو ڕۆژنامــەو کتێبی خۆیان بنووسن و پەرە بەڕۆشنبیری بدەن چ لەخانەقاو مزگەوتەکاندا یان لەقوتابخانەکاندا بوو بێت، کەسانی دڵسۆزو ڕۆشنبیریان پێگەیاندووە، ڕۆشنبیرانی ئایینی وەکو کاک ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەحوی شاعیرو مامۆستایانی وەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدینی سوجادی و چەندەهای تر.... کەپێشەنگی ڕۆشنبیری و ئایینی بوون، کەسانی

وەکو پیرەمێردی نەمرو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رەفیق حیلمی کەپێشەنگی ڕۆژنامەنووسی و گۆڤارەکان بوون، شاعیرانی وەکو مامۆستا زێوەرو فایەق بێکەس و ...هتد، هەم شاعیرو هەم مامۆستای قوتابخانە بوون بەشەوو ڕۆژ لەقوتابخانەکاندا وانەیان وتووەتەوە، چەندەهای وەکو مامۆستا عەونیە فەندی کەلەسەر ئەرکی خۆیان قوتابخانەیان دروست کردووە، بۆ پێگەیاندنی منالانی کورد، هەتاکو سالانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ بەڕێ کردووە، پاشان چەندەها مامۆستای بەئەمەک و بە کەڵک دروست بوون و پەرەیان داوە بەقوتابخانە دروستکردن لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەماندا، ئێستاش چەندەها مامۆستای بەسوودو بەکەڵک ناویان نەهاتووە بەڵام ئەوەندە دڵسۆز بوون مەگەر تەنها قوتابییەکانی بەردەستیان بتوانن دڵسۆزی ئەو مامۆستا بەوەفایانە بگێڕنەوە، من زۆرجار گەیشتووم بەهاوڕێ قوتابییەکانی سەردەمی سەرەتایی و ناوەندیم باسمان هەر باسی گێڕانەوەی مامۆستای بەڕێزو دڵسۆز بووە، وەکو بیرەوەریی گێڕاومانەتەوە، بەڵام هەر بەقسە بووەو هیچی تر، بۆیە منیش پێمخۆشبوو بیرەوەریی خۆم لەسەر ژیانی مامۆستایەکی دڵسۆزی شارەکەمان کەهەزارەها قوتابی پێگەیاندووە، لەماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ ژیانی مامۆستایەتیدا ئەویش مامۆستا مستەفای مەلا محەمەدی مەڵکەندییە، هیوام وایە کەلێنێک بگرێ لەڕۆشنبیری و پەروەردەی شارەکەمان.

## سەرپۆتێکی بیرەوەرییەکانم

ساڵی ١٩٦٨ منداڵ بووم تەمەنم شەش ساڵ بوو، دایکم وەکو ژنانی گەڕەک دەستی منیشی گرت و لەگەڵ منداڵەکانی ئەواندا بەرەو قوتابخانەی مەڵکەندی ڕۆیشتین، منیش لە خۆشی قوتابخانە لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا لەخۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم کاتێ لەقوتابخانە وەرگیرام، زۆر حەزم لەخوێندن بوو پۆلی یەک و دووەم بڕی بۆ ساڵی داهاتوو ڕۆیشتمە پۆلی سێیەم، مامۆستاکانمان دڵسۆز بوون و سوودی قوتابیان زۆر دەویست، ئەوکاتە کە لەپۆلی سێ بووم بیرم دێ وانەی عەرەبی و ئاین هەبوو، ئەو دوو وانەیە مامۆستا مستەفا پێی دەوتین، ئەوەندە وانەی عەرەبی خۆش دەووتەوە حەزمان نەدەکرد وانەکەمان تەواو بێت، پاشان بۆی وەردەگێڕاینە

سەر کوردی نار- ئاگر، دار- خانوو.. بەخەتێکی جوان بە تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ بۆی دەنووسین، هەروەها وانەی ئایینیش بەهەمان شێوە، بەهەمان خەت خۆشی و تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ کاتێ وانەی مامۆستا مستەفا تەواو دەبوو هیچ قوتابییەک دڵی نەدەهات تەختە ڕەشەکە بسڕێتەوە، پاشان پۆلی سێیەم و چوارەمم بڕی و ڕۆیشتمە پۆلی پێنجەم وردە وردە وانەکان گرانتر بوون، بەڵام مامۆستا مستەفا هەمان مامۆستا بوو بۆ ئاسانکاری وانەکان.

ئێمەش کەمێک گەورە بوین و لەئەقڵی منداڵی دەرچووبوین مامۆستا مستەفا لەگەڵ وتنەوەی وانەکاندا، ئەوەندە قسەی خۆش و سەرگوزشتەو باسی زەمانی پێشوو بەسەرهاتی بۆ دەگێڕاینەوە قەت بێزار نەدەبووین، ئینجا دەست و خەتە ڕەنگینەکەشی لەولاوە بووەستێ، کاتێ وانەی ئایینی بۆ دەنووسینەوە هەروەکو خەتی قورئان دەینووسییەوە، ئەوەندەی تر تام و چێژی دەدا بەوانەکە، ساڵی ١٩٧٥ لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، مامۆستا مستەفا دوو کوڕی خۆی لەگەڵمان بوو بەناوی سەلاحەدین و بەهائەدین ئێستا سەلاحەدین خاوەنی کتێبخانەی ژیانە لەشەقامی پیرەمێرد، هەموو جارێک سوێندی دەخوارد کەهیچ جیاوازیتان ناکەم لەگەڵ کوڕەکانم، ئەوەندە هەوڵی لەگەڵ دەداین بەتەواوی ماندوو دەبوو لەگەڵمان هەموو جارێک دەیووت تکاتان لێ دەکەم زۆرتان هەوڵ لەگەڵ دەدەم با ڕەنجتان بەخەسار نەچێت، ئێوەش هەوڵ بدەن، چونکە هەر ئەم ساڵتان ماوە، تاقیکردنەوەتان بەکالۆرییە لەقوتابخانەی خۆمان تاقیکردنەوە نادەن و مامۆستاکانی خۆمان چاودێرتان نین.

کاتێ تاقیکردنەوە دەستی پێکرد ئێمە بەر قوتابخانەی هیوا کەوتین ئەوسا لەپشتی بەندیخانەی گەورە بوو (بەڵام ئێستا شوێنەکەیان پارکی دایکە) یەکەم ڕۆژ تاقیکردنەوەی وانەی عەرەبی و ئایین بوو، دوای تەواوبونی تاقیکردنەوە، یەک، یەک دەهاتینە دەرەوە کەسەیر دەکەین مامۆستا مستەفا لەبەر دەرگای قوتابخانەکەدا ڕاوەستاوەو بەگەرمی پێشوازیی لەقوتابییەکان دەکردو پرسیاری باش و خراپی لێدەکردین، کەدەمانوت باشبووین لەخۆشیدا نەیئەزانی چی بکات، کاتێ نمرەی تاقیکردنەوەکان هات مامۆستا مستەفا

کارتەکانی دابەش کرد، هەر قوتابییەک دەربچووایە باوەشی پیا دەکردو خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی.

بەبیرەوەری من مامۆستا لەگەڵ هەموو قوتابییەکاندا هـەروا بوو هەر بەدڵسۆزی کارەکانی ئەنجام دەداو هەموو جارێک دەیووت من بڕیاری خۆمە داومە بەخوای خۆم، هەتا دەمرم نە خیانەت لەمیللەت دەکـەم، نە لەکارەکەم، دەبێ هەر بەدڵسۆزی بمرم.

پاشان من ئەو قوتابخانەیەم جێهێشت دوای دوو سێ ساڵ کە ڕۆیشتمە پۆلی سێی ناوەندی ڕۆژێ بۆ سەیری کتێب ڕۆیشتم بۆ کتێبخانەی ژیان، سەیرم کرد مامۆستا خاوەنییەتی، زۆر بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی کتێبخانەکەم لێکرد، شوێنی کتێبخانەکە لەکۆتایی شەقامی ئۆرزدی بوو ناوی کتێبخانەی ژیـان، بەخۆیی‌و کوڕەکانی بەڕێوەیان دەبـرد، بـەڵام کارەساتێکی زۆر ناخۆش ڕوویدا ساڵی ١٩٨١ بوو لەئێوارە درەنگانێکا بەهۆی چەند کەسێکی سەرسەری و سەرخۆشەوە کەدەڕۆنە کتێبخانەکەوەو تەنها بەهائەدینی کوڕی و مامۆستا مەلا خالیدی پێش نوێژی مزگەوتی مەڵکەندی برای مامۆستا مستەفا لەوێ دەبن، ئەو چەند کەسە دڕندەیە زۆر بە ناشیرینی‌و بەناحەق هەڵدەکوتنە سەریان و بەچەقۆ ئەو کوڕە بێ زیانە پەپوولەیە بەهائەدین دەکوژن و مامۆستا خالیدیش بەخراپی بریندار دەکەن، خەم و پەژارەیەکی زۆر ڕوودەکاتە ناو خێزانی مامۆستا مستەفاو تا ماوەیەکی زۆر پێوەی دەتلێنەوە، هەرچەند مامۆستاو خێزانەکەی بڕوایان بەمردن و قەدەری خوایی دەبێ ، بۆیە خوا سەبووریان دەداو دڵخۆش دەبنەوە بەژیان، پاش چەند ساڵێک دابڕانم لەنیشتمان ڕووم کردە وڵاتانی ئەوروپاو ساڵی ٢٠٠٠ بەسەردان هاتمەوە بۆ کوردستانی خۆشەویست برادەرێکم لەگوندی داریکەلی بوو مامۆستا تەها حەمەلاو لەساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤ پێکەوە قوتابی بووین لەئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، بەسەردان ڕۆیشتم بۆ ماڵیان بۆ شەوەکەی هەندێ لەپیاوانی گوندەکە هاتبوون بۆ ماڵیان بەبۆنەی سەردانی منەوە، باس هاتە سەر باسی قوتابخانەو پەروەردە پاشان باس هاتە سەر باسی مامۆستا مستەفا کەئێستا چاودێری پەروەردەییە بەسەر زۆربەی

قوتابخانەی دێهاتەکانەوە، ئەوەندەمان باسی چاکەو ڕێک و پێکی کرد، باسی مامۆستا هەر نەدەبڕایەوە، باسی پەروەردەی مناڵ و دەوامی مامۆستا، کە لەکاتی گرانی و نەهامەتییەکانی سالآنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان و عیراق، ئەم مامۆستایە زیاتر لەسەر ئەرکی خۆی بەو مووچە کەمەوە دڵسۆزی خۆی دەربڕی بۆ پێشکەوتنی خوێندەواری و قوتابخانەکان.

پاش چەند ساڵێک لەیەک دابڕان مامۆستا مستەفام بەپیری بینییەوە، پاش هەواڵپرسین، بێتاقەتی خۆی لەژیان دەردەبڕی منیش وام بە باشزانی تۆماری تەمەنی ژیانی خۆیم بۆ بنووسێتەوە بەدەستی خۆی، بۆ ئەوەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەم مامۆستا دڵسۆزە ون نەبێت و چەندەها مامۆستای تریش دەنگیان هەر بمێنێ، هەزار سلاوو درووود بۆ ئەو مامۆستا دڵسۆزانە.

**ژیاننامەی مامۆستا مستەفا لەسەر زمانی خۆیەوە**

-ناوم مستەفا مەلا محەمەدی مەڵکەندییە، لەبەرئەوەی باوکم پێش نوێژوو وتاربێژی مزگەوتی مەڵکەندی بوو دەرسی بەفەقێکانی سلێمانی و دێهاتەکان دەووتەوە بە مەلا محەمەدی مەڵکەندی بەناوبانگ بوو.

-لەساڵی ١٩٣٥ لەگەڕەکی حاجی حان لەماڵی عوسمانی حەمەی مەلا نایەر لەدایکبووم، لەشەش ساڵیدا ڕۆیشتمە بەر خوێندن، کەزیاتر خوێندنی ئەو کاتە ئایینی بوو، منیش لەبەرئەوەی کەباوکی ڕەحمەتیم مامۆستاو پێشنوێژ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژوورێکی گەورە تەرخان کرابوو بۆ فەقێیان لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە دەهاتن بۆ خوێندنی ئایینی، منیش بووم بە یەکێک لەو فەقێیانە، زۆربەی کتێبە ئایینیەکان و قورئانی پیرۆزو حەدیسەکانی پێغەمبەر (د.خ) و کتێبەکانی بوخاری و گوڵستان و چەندەها کتێبی ترم تەواو کردوو وتارە ئایینیەکانم هەموو لەبەرکردن.

-لەساڵی ١٩٥٤ ئیجازەی مەلایەتیم لەسەر دەستی ئەو مامۆستا بەڕێزانە وەرگرت، خودا لێیان خۆشبێت، مامۆستایانی پایەبەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا عەبدولڕەحمان بەحوکمی ئەوەی باوکم ئیمامو مودەریس بوو منیش لای باوکم مامەوە دەرسم بە فەقێکانی ئەو سەردەمە دەوتەوە، لەساڵی ١٩٥٦ خێزانم پێکهێناو تا ئێستا خاوەنی

چوار کوڕو پێنج کچم.
-ساڵی ١٩٥٨ لەدوای ڕوخانی حوکمی پاشاییو هاتنی دەوڵەتی کۆماری دەورەیەکی تایبەت بە مامۆستایان کرایەوە بۆ ماوەی هەشت مانگ بووم بەمامۆستای سەرەتایی لەگوندی داراغا سەر بەناحیەی سەرچنار ، پاش چەند ساڵێک گەڕامەوە بۆ قوتابخانەی مەڵکەندی لەسلێمانی وانەی عەرەبی و ئایینم دەووتەوە.
-لەساڵی ١٩٨٠ لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لەسەر داوای خۆم خانەنشین کرام.
-لەساڵی ١٩٩٥ گەڕامەوە بۆ سەر کاری مامۆستایم لەقوتابخانەی ئیبراهیم پاشا.
-لەساڵی ١٩٩٩ بەچاودێری پەروەردەیی هەڵبژێردرام، بۆ سەر زۆربەی قوتابخانەکانی ناوشارو دێهاتەکان.
-لەساڵی ٢٠٠٤ خانەنشین کرامەوەو ئێستا چاوەڕێی تەواوبوونی تەمەن دەکەم.
ئیتر خۆشیتان ئاواتمە مامۆستا مستەفا مەلا محەمەدی مەڵکەندی



مامۆستا مستەفا لەگەڵ خوێندکارانی قوتابخانەی مەڵکەندی پۆلی شەشەمی سەرەتایی ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٦
دانیشتووەکان ڕیزی دووەم، دووەم کەس ڕەئووف شێخ جەمیل



مامۆستا مستەفا لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستاو خوێندکارانی قوتابخانەی مەڵکەندی




ڕاوەستاوەکان دووەم کەس: مامۆستا مستەفا لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای قوتابخانەی مەڵکەندی



مامۆستا مستەفا - رەئووف شێخ جەمیل سالّی ٢٠١٢

# یادی ڕۆژی ڕەشی (منع التجول)ەكەی ١٩٦٣ای شاری سلێمانی





ئەم نووسینە لە گۆڤاری چیا ژمارە (٤٧) بڵاوكراوەتەوە



شەهید مامۆستا یاسین محەمەدساڵح



شەهید ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی



شەهید ئەنوەر سەعید دارتاش



شەهید محەمەد حاجی ساڵح
(حەمەبۆر)

**پۆلێک لەشەهیدانی مەنعەتەجەولەکەی (١٩٦٣) لەحامیەی سلێمانی گوللەباران کران**

له ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ترسناکترین لاپەڕەی مەرگەساتی خوێناوی‌و تاڵترین وەیشومەی شەڕو هەراو تۆقاندن سەرانسەری شاری سلێمانی پێچایەوە، جۆگەلەی خوێنی بەناهەق ڕژاوو زەبرو زەنگو داپڵۆسین‌و سوکایەتی بەهاووڵاتیان‌و مافی مرۆڤی کردووە [١].

لەو ڕۆژە سەختانەدا کەشۆڕشی کورد پێی دەنایە سێیەم ساڵەوەو جەماوەری گەلەکەمان تەنها پشتیوان‌و پاڵپشتی بوون کەسێک نەبوو نە لەوڵاتە عەرەبییەکان و نە دەوڵەتە ئیسلامییەکان ڕێگەیان لەو هێرشە گرتبێت و نە هەموو نەتەوەی عەرەب دەنگێکی ناڕەزایی لێبەرزبووەوە [٢].

سەعات چواری بەرەبەیانی حوزەیرانی هەمان شەو، درەنگانێک جاڕی (منع التجول) دراو دەستکرا بە تەقەکردن بەهەموو جۆرە چەکێک هەر لەتۆپ و دۆشکەوە تا چەکە بچووکەکان[٣].

دنیا ڕووناک نەبووبووەوە بەهەلیکۆپتەر، دەنگی ڕاگرتنی هاتووچۆ بە بڵندگۆیەکی دەنگ کپومنگن جاڕیدا هەرچی بێتە دەرەوە لەماڵ گوللەباران دەکرێت هەموو سەر جادەو سەرکۆڵانەکان و کوچەکانی ناوشار بەتانک و زریپۆش تەنرا بوو، بە هەزاران سەرباز بەزیل و جێب قیادەوە کەوتنە سەرجادەو ناوشارو پەلاماری ماڵانیاندا، زۆربەی خەڵکی هەر لە خەودا بوون و ڕاپێچی گەورەکانی حامیەی سلێمانی کران [٤].

بێگومان تارمایی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ پڕی بوو لەکارەساتی دڵتەزێن و دیاردەی خەمناک وەک کوێرەوەری و گرانی و سووتاندنی هەزاران وێنەی گەش و دەستنووس و کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی بایەخدارو لەدەستدانی کەلوپەلی کەلەپووری هەمەڕەنگ ئەمانە لەخۆیاندا زیانێکی قڕی کوشندە بوون بۆ گەلەکەمان [٥].

هەر لەسەردەمی حوکمڕانی ئینگلیزەکانەوەو ئینجا هاتنی مەلیکیەت کورد هەر بەردەوام خەباتی کردووە بۆ سەندنی مافەکانی خۆی، ئەوەبوو ساڵی ١٩٣٠ گەروەترین زوڵم لەشاری سلێمانی و خەڵکەکەی کرا، بەڵام شار ئەو بێ ویژدانی و ناحەقیەی قبوڵ نەکرد، بەرامبەر حوکمی مەلیکی وەستایەوەو ڕووبەڕووی سەربازو پۆلیسی دەوڵەت بوونەوەو کارەساتی شەشی ئەیلولی

لێکەوتەوە.

خەڵکی سلێمانی قوربانییەکی زۆری داو شاری سلێمانی هەژاو مانگرتن سەرتاسەری شاری گرتەوەو تەنانەت دەوڵەتی عیراقیشی هەژاند، تا وای لێهات ئینگلیز دەستی خستەوە ناو مەسەلەکەو خۆپیشاندانەکەی دامرکانەوەو دوای ئەوە دەستکرا بەڕەشبگیرییەکی بێ وێنە.

میللەتی کورد بەردەوام بوو لەخەبات بۆ ڕزگاری و سەرفرازی خۆی، چەندەها پارتی سیاسی دروست بوو لەو سەردەمەدا دەستیانکرد بەجوڵانەوەو ڕێکخستنی خەڵک تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموز بەهاوکاری کوردو عەرەب حوکمی مەلیکی ڕوخاو دەوڵەتی کۆماری دامەزرا، لەوەشدا بەشی کورد هەر کوشت و بڕ بوو، بۆیە لەهەموو لایەکەوە دەستکرا بەچالاکی سیاسیو شۆڕشی کورد هەڵگیرسایەوەو سەرتاسەری کوردستانی گرتەوەو لەوەشدا شاری سلێمانی بێبەش نەبوو لە نەهامەتییەکان، بۆیە یەکەم گورزی بەرکەوت چونکە هەموو کاتێک بەسەری مەسەلەکە دانراوەو زۆربەی زۆری خراپەکارییەکانی دوژمنی داگیرکەر شاری سلێمانی بەپلەی یەکەم گرتۆتەوە.

لەو کاتەدا سوپای عیراق دابەشکراوە بەسەر شارەکاندا، هەر شارێک لیوایەکی تایبەتی خۆی بەرکەوتووە، شاری سلێمانیش لیوای ٢ی لێبوو ئامر لیواکەی زەعیم سدیق بوو، با پێناسەیەکی کورتی زەعیم سدیقی تاوانبارو لیواکەی بکەین.

## زەعیم سدیق کێیە؟

ئەم ئەفسەرە سەرکردەی لیوای٢٠ بوو، کاتی خۆی ئەو لیوایە سەر بەعەبدولکەریم قاسم بوو، ناوچەی سلێمانی بەرەو ڕوو کرابووەوە زۆربەی سەربازەکانی سەر بەناوچەی باقوبە بوون.

ئەم ئەفسەرە بەئازەزووی خۆیو نامەردانە هێرشی ئەکردە سەر شارەکان بەتایبەتی سلێمانی بەکوشتنو بڕینو ماڵ سووتاندن و تاڵانکردن و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی بێتاوان ناسرابوو، لەهەر شوێنێک و ناوچەیەک پێشمەرگە چالاکییەکی ئەنجام بدایە یان ڕووداوێک ڕووی بدایە ئەو



زەعیم سدیق لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەردا

ناوچەیەی وێران و تالآن ئەکردو هەر کەسێکی دەستبکەوتایە بەتایبەت گەنجان بەکۆمەڵ ڕیزی ئەکردن و ئەیکوشتن، وەک تاوانەکەی سپیدارەی لای دەربەندیخان کەچەند لاوێکی ڕیز کردو بە بەرچاوی کەسوکاریان و دانیشتوانی گوندەکەوە گوللەبارانی کردن و گوندەکەی وێران کرد (٦).

کاتێکیش ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم ڕووخاو بەعسییەکان هاتنە سەرحوکم، زەعیم سدیق هەر بەهەمان شێوە مامەڵەی ئەکرد، هەمان لیوای دەبرد بەڕێوە دژی خەڵکی ئەم شارە، دوژمنێکی سەرسەختی کورد بوو، گەنجان و لاوانی سلێمانی چەند جارێک هەوڵی کوشتنیان دا بەڵام مەخابن لەبۆسەی کوڕانی شار دەرباز دەبوو، ئینجا ئەویش دەکەوتە گیانی خەڵکی بێتاوانی شارو قەتڵ و عامی دەکردن.

کاتێ کە (منع التجول)ی شاری سلێمانی دەستیپێکرد چەندەها کەس بەدەست پیاوانی بەعس کوژران و چەندەهاش گیران و ئازارو ئەشکەنجە دران و بەدوای دەبابەدا لەناو حامیەی سلێمانیدا ڕاکێشران و چەندەهاش گوللەباران کران، لەوانە شەهیدان:

*م.ئەنوەر سەعید دارتاش.

*م.یاسین محەمەد ساڵح.
*م.محەمەد ساڵح.
*ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی.
*چەندەها کەسی بێتاوانی تر کەبەدەست پیاوانی خوێن ڕێژی زەعیم سدیق شەهیدکران و کران بەژێر گڵەوە بەبێ ناونیشان.


شەهید شێخ باقر شێخ فەرەج سەرخواری

یەکێکی تر لەو کارەساتە دڵتەزێنانە شەهیدکردنی شێخ باقر شێخ فەرەج سەرخوارییە، ئەم شەهیدە لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ لەگوندی سەرخواری سەر بەقەزای چوارتا، ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ بەشێک لەخێزانەکەیان دێنە سلێمانی و بەخوێندنەوە خەریک ئەبێ هەتاکو ساڵی ١٩٦١ پاشان لەبەر ڕەوشی خێزانەکەیان خوێندن بەجێ ئەهێڵێت و ئەبێت بەکرێکار لەکارگەی جگەرەی سلێمانی، هەر لەو سەروبەندەدا لەڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ڕێک ئەخات و بەردەوام ئەبێت لەسەر کاری ڕێکخستن، بەڵام لە کارەساتی ٩ی حوزەیراندا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تریدا کارئەکەن بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی بێ دیفاعی شار لەدەستی بەعسییە خوێنڕێژەکان بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکان.

شەوی ١٣ ی حوزەیران شێخ باقر ئەبێت بەچاوساغی دوو خێزان تا لەشار دەربازیان بکات، بیانگەیەنێتە گوندەکانی شارباژێڕ، کاتێک ئەگەنە نزیک مزگەوتی حاجی کەریم بێکراس لەگەڕەکی ئازادی، جێگەی ئاماژەیە ئەوسا ئەو جێگەیە دەشت و چۆڵەوانی بوو، پێیان ئەوت ئەستێلەکە، ئەیانەوێ لەڕەبایەکانی دوژمن دەرباز ببن، بەڵام ئاشکرا ئەبن و تەقەیان لێئەکەن و هەموویان شەهید ئەکەن، بۆ ڕۆژی دوایی کەسوکاریان پێئەزانن و ئەڕۆن بۆ

تەرمەکانیان بەڵام دوژمنی زۆردار ڕێگەیان نادات، ئیتر ژنانی کەسوکاریان ئەڕۆن، بەخۆکوشتن و پاڕانەوەو بەتکا تەرمەکانیان دەهێننەوە، (چونکە پیاوان قەدەغە بوو بڕۆنە بەردەمی سەربازەکان)، بۆیە هەر پیاوێکیان بدیایە دەیانکوشت، ئیتر ژنانی کەسوکاری شەهید شێخ باقریش تەرمەکەی دەست دەخەنەوە، ئینجا ئەیانەوێ بەرەو گۆڕستانی سەیوان بیبەن و بەخاکی بسپێرن، بەڵام سەربازەکانی ڕژێمی بەعس ڕێگایان نادەن‌و پێیان ڕادەگەیەنن هەرکەسێ بەرەو گۆڕستانی سەیوان بڕوات ئەکوژرێ، ناچار ئەمانیش لەبەر خراپ نەبوونی تەرمەکە لەگۆڕستانێکی ناوشار بەخاکی ئەسپێرن لەتەنیشت گۆڕی پیرۆزی کاکەلاو لەخوار شەقامی ئیبراهیم پاشای ئێستاو نزیک مزگەوتی حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی، جێگەی ئاماژەیە ئەوسا گۆڕستانێکی گەورە بووە بەڵام ئێستا هەمویماڵەو تەنها ئەو دوو گۆڕە لەویا ماوەو ژووریان بۆ کراوە، خەڵک وەکو دوو گۆڕی پیرۆز کاکەلاو وەک کەسێکی پیرۆزو شێخ باقریش وەک شەهید ڕێزیان دەگرن، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەدەست درێژی بەعسییەکان بۆ سەر شاری سلێمانی کردوویانە (شەهیدی ناوبراو خاڵی نووسەری ئەم بابەتەیە).

ڕژێمی بەعس‌و پیاوانی زەعیم سدیق هەر بەشاری سلێمانییەوە نەوەستاون و دەستی ڕەشیان گەیشتە شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان، بۆ نموونە: ئەو تاوانە بێوێنەیە کە لەدێی خەراجیانی نزیک سلێمانی ئەنجامیان دا، چەندەها پیاویان تیا کوشت و گوندەکەشیان تالان کردو پاشان سوتاندیان.

ئەوەی هەرگیز لەیاد ناچێت چەند کچێکی تەمەن ١٤ –١٥ ساڵ لەگەڵ دایکیانا لەتاو شەرەفی خۆیان گوندەکەیان چۆڵ نەکردبوو، خۆیان شاردبۆوە لەکاتی سوتاندنی گوندەکەشدا نەیانوێرا بوو بێنە دەرەوە هەموویان سووتان و لاشەکانیان لەگەڵ دارو پەردووی گوندەکەدا بوون بەخۆڵ، هەروەها تاوانکارییەکەی شارۆچکەی کۆیە کە کۆمەڵێک پیاوی ئەو شارەیان بە پایەکانی ناوبازاڕەوە بەستەوەو هەموویان گوللەباران کردن کەزۆربەیان مامۆستاو ئەدیب و ڕۆشنبیر بوون، هەر بەوەشەوە نەوەستان ئینجا بەرەو پشدەر ڕۆیشتن و زەعیم سدیق و وەکیلە چاو سوورەکەی (غانم امین

الصباح – مساعد ئامر لیوا) بەهێزێکی سووپاوە دەگەنە ناحیەی چوارقوڕنەو بەزۆرەملێ کۆمەڵێک پیاو و ژن کۆدەکەنەوەو لەبەرچاوی هەمووان گوللەبارانیان دەکەن [٧].

چەندەها کەس کە لەو سەردەمە سەختەدا گیراون و ئازارو ئەشکەنجەیان چێشتووە لەناو زیندانەکانی ئینزبات خانەدا یاخود بە بەرچاویانەوە خەڵکێکی زۆریان گوللەباران کردووە ئێستا وەک شایەت حاڵێک بیرەوەرییەکان دەگێڕنەوە [٨].

هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە ڕژێمی داگیرکەری عێراق دەستیکرد بەقەڵاچۆکردن و ڕاوەدونانی دانیشتوانی سەرانسەری کوردستان بەشارو شارۆچکەو دێهاتەکانیەوە، بەرەو زیندان و گرتووخانە تاریک و نوتەکەکان ڕاپێچیان ئەکردن، دەستیان لەکەس نەدەپاراست، ئەم شاڵاوە ژن و پیاو منداڵ و گەنج و پیری دەگرتەوە.

یەکێک لەو زامانە لە سۆنگەی کارەساتەکەی حوزەیرانی ١٩٦٣ وە جەستەی گەلەکەمانی خەڵتانی خوێن کردووە، برینێکی بەسوێیە کە قەتماغە بەستن و گۆشتەو زوون هێنانەوەی گەلێک زەحمەتە، ئەو مرۆڤانەی کاتی لەدایکبوونیتن لەخوار ساڵی ١٩٥٠وە بێت، ئەو کارەساتەیان لەبیرە، بەڵام تا پێش ڕاپەڕین نەیانوێراوە باسی بکەن یان لەدوو توێی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بینووسن، وا گوێ بکەن و بەدیکۆمێنتی بکەن، ئیتر لەو سۆنگەیەوە نەک هەر کارەساتی (مەنعەتەجەولە گەورەکە) بەڵکو زۆربەی کارەساتەکان لەسنگی کەسەکان ئاوێتەی گڵ بوون و لەبیرچوونەتەوە، دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ هەندێ کاریان لەسەر کراوە وەک کارەساتی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣، ١٩٨٥/١٠/١٧، هەرچەندە ئەو کارانە جێگەی دەستخۆشی و قەدر زانینە بەڵام لەئاست گەورەیی ئەو کارەساتانەدا کەمن، هێشتا پێویستە کاری تریان لەسەر بکرێت، چونکە بەڕاستی هەتا ئێستا زۆر لایەنیان ڕوون نین و ئاماریکی تەواو لەبەردەستدا نیە بەژمارەو ناوی شەهیدان، گیراوەکان، برینداران، یا ئەو کەسانەی کەمئەندام بوون.

ئێستاش چەندەها کەس لەم شارەدا ماوون کەهەر ناویشیان لە کولەکەی

تەڕدا نیەو بگرە گەر لەو ڕووەوە پرسیاریان لێبکەیت تووشی سەرسوڕمانیان ئەکەیت، بێ دوو دڵی و یەکسەر پێت ئەڵێن ئەمە یەکەم جارە بەسەرم دەکەنەوە.

ئێستاش چەندەها کەس هەن لەو کاتەدا بەشێک لە ئەندامەکانی لەشیان لەدەستداوەو بەوهۆیەوە کەمئەندام بوون، بەبێ دەرامەتی و بەژیانێکی کولەمەرگی لەم شارەدا ژیان دەبەنەسەر، بێبەش بوون لەزۆر پێداویستی ژیان، هەتا ئێستا نە بەسەر کراونەتەوەو نە لێیان پرسراوەتەوە.

ئێستاش وەک هەنگاوێکی سەرەتایی و لەیادی ٥٠ ساڵەی کارەساتی خوێناوی حوزەیرانی ١٩٦٣ دا گەڕام بەدوای ئەو کەسانەدا، چەند کەسێکیانم لەنزیکەوە بینی و گفتوگۆم لەگەڵ کردن، بەچاکم زانی بخرێتە بەردیدەی خوێنەران بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە هەمیشە لەبەرچاودا بێت و ون نەبێت، داواشم ئەوەیە هەرکەسێک چی دەزانێ دەربارەی ئەو کارەساتە بیخاتە بەردیدەی خوێنەران.

کاک عەبدوڵڵا یەکێکە لەو کەسانەی کە لەساڵی ١٩٦٣ تەمەنی ١٠ ساڵ بووە، پیاوانی ڕژێم تەقەی لێدەکەن و قاچێکی ئەشکێنن و هەتا ئێستا بە دەردی بێ قاچی و کەم ئەندامییەوە ئەناڵێنێ، ناوبراو خەڵکی گەڕەکی مەڵکەندییە، بۆیە پێمخۆشبوو هەر لەزمانی خۆیەوە ئازارەکانی ژیانی بگێڕێتەوەو لەنزیکەوە چاومان پێی کەوت.


عەبدوڵڵا محەمەد کەریم

-بەڕێزتان وەک شایەتحاڵێکی (منع التحول)ی حوزەیرانی ١٩٦٣ چۆن ئەو ڕۆژەمان پێ ئەناسێنی و لەیادەوەرییەکانتا جێگیربوون؟

-من ناوم عەبدوڵڵا محەمەد کەریم، لەدایکبووی ١٩٥٣، ئەوکاتە من تەمەنم دە ساڵ بوو، بیرمە باوکم و مامم زۆرێک لەخزم و کەسوکارو دراوسێکان ڕایانکردبوو،

ژنەکان مابوونەوە، من و دوو منداڵی تریان نارد بۆ لای مزگەوتی دارۆغا، ئەوکاتە ئەو ناوە دەشت بوو، تاکە تاکە ماڵی تیابوو، وتیان بڕۆن بەدوای باوکت و ئەوندا بگەڕێن، بزانن لەقەراغ شار نایاندۆزنەوە، ئێمەش ڕۆیشتین، چەند پۆلیسێک وەستا بوون بانگیان کردین ئێمەش مناڵ بووین، پەشۆکاین ویستمان ڕابکەین، ئەوان تەقەیان لێکردین، دوو مناڵەکەی تر ڕایانکردوو دەرچوون، بەڵام من فیشەکێکم بەرکەوت، بیرمە پۆلیسەکان چەکی یانزە تیریان پێبوو، ئەوان نەهاتنە سەرم . منیش هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە ماڵێک پێیان ئەوت ماڵی مامۆستا شێخ محەمەد، پێم وتن بریندارم و فریام کەون، ئەوانیش دەرگایان لێکردمەوەو بردمیانە ماڵی خۆیان، ئینجا ڕۆیشتن ماڵی ئێمە ئاگادار بکەنەوە، ئەوکاتە ماڵمان لەبەرامبەر قوتابخانەی ژین بوو، لەخوار شەقامی ئیبراهیم پاشا، بەماڵی مەلا ئەوڕەحمان بەناوبانگ بوو، تەنیشت ماڵی ئامەی گوڵنازو نوری کەردار، ئینجا دایکم و پورم و چەند ژنێکی خزمی خۆمان هاتن و بەکۆڵ بردمیانەوە بۆ ماڵەوە، دواتر پیاوێکیان هێنا (جەراح) بوو قاچی تیمار کردم، بەو شێوەیە مامەوە هەتا کەمێک (منع التجول)ەکە هێواش بووەوە، پاشان بەسەیارەیەک بردیانم بۆ نەخۆشخانەی جمهوری، ماوەی شەش مانگ مامەوە، بەڵام چارەسەرم نەبوو، بەو ئازارەوە ئەتلامەوە، ئینجا لە نەخۆشخانەی سلێمانییەوە وەرەقەیان بۆ کردم بۆ بەغدا، کەسوکارەکەم بردمیان، دکتۆرەکانی ئەوێش پێیان وتم دەبێ قاچی ببڕنەوە چونکە تووشی گانگرین بووە، ئەگەر چارەسەری نەکەن ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێ و بۆ پاشەڕۆژی باش نییە، ئیتر ناچار هێنامیانەوە بۆ سلێمانی، لێرە دکتۆر عەبدولڕەحمان ریس هەبوو، ئەو لەسەر ئەژنۆمەوە قاچمی بڕییەوە، ئیتر ناچار بەدارشەق ئەڕۆیشتم، ئینجا پاشماوەیەک کتابیان بۆ کردمەوە بۆ بەغدا، ئەمجارە لەوێ قاچی سەناعیان بۆ دروستکردم، بەڵام بەڕاستی تا ڕاهاتم گەلێ ئازارم هەبوو، تاکو ئێستا سێ چوار جار قاچم گۆڕیووەو جارێک لەبەغداو جارێک لەموسڵ.

بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا نەمتوانیوە هیچ جۆرە کارێک بکەم، بە کولەمەرگی ژیانم بردۆتەسەر، بەڵام جێگەی باسکردنە لەئەنجامی ڕێکەوتنی ئازاری

ساڵی ۱۹۷۰ وه مووچەیەکی خانەنشینیان بۆ کردم و بەو مووچە کەمە ئەژیام، ئینجا زیادیان کرد بوو بە ٥٠ دینار.
-ژیانی کۆمەڵایەتیت چۆنە؟
-ساڵی ۱۹۷٥ خێزانم پێکهێناوە، ئێستا سێ کوڕو دوو کچم هەیە، بەو مووچە کەمە ژیان دەبەمەسەر، هیچ دەرامەتێکی ترم نییە، نەخانووم هەیە نەکاسپی، بەڵام ئێستا کوڕەکانم پێگەیشتوون و زیاتر لەسەر ئەوان دەژیم.

**پەراوێزەکان:**

(۱)ئەحمەد حسێن ئەحمەد، ترسناکترین لاپەڕەی مەرگەساتی شار، لا ٤٧ سەرچاوەی یەکەم.

(۲)محەمەد نوری تۆفیق، بۆ ئەوەی شەهیدانی ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ لەمە زیاتر ونناو نەبن، سەرچاوەی یەکەم.

(۳)هەڤاڵ محەمەد چاوشین لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ هەڵدەداتەوە لا ۳۳، سەرچاوەی یەکەم.

(٤)غەفور ئەمین عەبدوڵڵا، ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ چەپکە گوڵینەی خەباتی خوێناوی کوردو پەڵەی ڕەشی ناوچەوانی داگیرکەرانە، لا ۳۹ سەرچاوەی یەکەم.

(٥)ئەحمەد حسێن ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥ سەرچاوەی یەکەم.

(٦)محەمەد باقی سەعید، زەعیم سدیق خوێنڕێژ، لا ٤۸ سەرچاوەی دووەم.

(۷) ئەحمەد حسێن ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٦ سەرچاوەی یەکەم.

(۸)قادر برسی، دەربارەی زیندانییەکانی زەعیم سدیق لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، لا ۲۲٤ سەرچاوەی دووەم.

**سەرچاوەکان:**

-سەرچاوەی یەکەم، شەهیدانی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣، شارەوانی سلێمانی.

-سەرچاوەی دووەم، چەند بیرەوەرییەک لەبارەی گرتووخانەی ئینزباتی سلێمانی لەسەردەمی زەعیم سدیق دا، محەمەد باقی سەعید.

-چاوپێکەوتنی عەبدوڵڵا محەمەد کەریم، کەمئەندامە.




مەزاری شەهید شێخ باقر شێخ فەرەج سەرخواری تەنیشت مەزاری کاکە لاو لەگەڕەکی مەڵکەندی






هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی شەهیدانی ١٩٦٣ لە حامیەی سلێمانی

# پەیکەرەکەی کاکە برا باڵ

# برپینێکە بۆ مەزنی ئەو شەهیدە




ئەم نووسینە لە گۆڤاری چیا ژمارە (٤٨) بڵاوکراوەتەوە



هەر لەسەرهەڵدانی شۆڕشی نـوێـوە لـەسـاڵـی ١٩٧٦ کۆمـەڵانی خـەڵک لەهەموو چین و توێژەکانی کوردستان لەهەموو لایەکەوە چ لەشارو چ لەلادێکان هەموویان وەکو چینی چەوساوەی کوردستان لـــەدەوری ئـەو شـۆڕشـە کۆبـوونـەوە، مـەفرەزەکـانی پێشمـەرگە لـەمـاوەی دوو تا سێ ساڵدا سەرتاسەری کوردستانی گرتەوەو بەرامبەر ڕژێـمـی بـەعـسی فاشـست وەستانەوە.

وەنــەبـێ ڕژێـمـی فـاشی بەعسیش لـەوکاتـەدا درێغی کردبێت لەپێشێلکردنی ماف و ئازادی کوردو چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان بەگەورەو بچووکەوە، بۆیە هەمیشە دەستی لەکارا بوو بەهەموو زەبرو زەنگێکەوە بۆ سەرکوتکردنی جەماوەری کوردو خاپوورکردنی کوردستان ، بەڵام نە میللەتی کوردو نەشۆڕشە مەزنەکەی کۆڵیانداو بەرەنگاربوونەوەو ململانێ هەر بەردەوام بوو بەهەموو شێوەیەک، چ بەخەباتی سیاسی، چ بەخەباتی چەکداری لەو پێناوەشدا چەندەها لاوی بەجەرگ ڕۆیشتوونەتە بەردەمی سێدارەو بەسروودی نیشتمانی بەرەنگاری فاشییەکان بوونەتەوە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا دەنگی شۆڕش گەیەنرایە گەلێ وڵاتی دنیا، مۆری بێ ویژدانی و ناپاکی نرا بەناوچەوانی ڕژێمی بەعس و هاوکارەکانییەوە، تەنانەت لەناو وڵاتە زلهێزەکاندا دەنگی دایەوە، بۆیە ڕۆژانە دەستە دەستە گەنجان و لاوانی

کوردستان پەیوەندییان دەکرد بەشۆڕشەوە، چەکی شەرەفیان هەڵدەگرت یان پەیوەندییان دەکرد بەڕێکخستنەکانەوە خۆیان پەروەردە دەکرد بۆ خەباتی ناوشارەکان، ناوچەکانی کوردستان بەپیرو گەنجەوە بوون بەپاڵپشتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەو خەباتی چەکدارییان دەستپێکرد، چەندەها لاوی ئازای تیا هەڵکەوتوو بوون بەفەرماندەو چەندەها فەرماندەش شەهید بوون، هەموو یەکێک لەئاستی خۆیەوە هەمیشە هەستی بەچەوسانەوەی خۆی و میللەتەکەی کردووە، بۆیە چەکی شەرەفیان لەشان کردووەو دروشمی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان هەڵگرتووە، دەستیان لەخەبات بەرنەداوە هەتا ئەم ڕۆژە مەزنەیان هێنایە کایەوە.

گوند نیشینەکانیش هەردەم دریغییان نەکردووە لەخزمەتی پێشمەرگەو هەمیشە پشکی شێریان بەرکەوتووە لەکارەسات و نەهامەتییەکانیشدا بەهەمان شێوە، تەنانەت لەکاتی چۆلکردن و ئەنفالیشدا بڕواناکەم هیچ گوندێنشینێک ئەوەندە سەروەت و سامانی بۆ دەرچووبێت کەدوای ئەو کارەساتە توانیبێتی خۆی پێ بژێنێت.

بێگومان شارۆچکەی بەرزنجەش بەگەنج و پیرەوە لەخزمەتی شۆڕشدا بوون، هەر لەسەرەتاوە بەبیروباوەڕی کوردایەتی خۆیان گۆش کردووەو ئالای شەرەفیان بەرز کردۆتەوەو بوون بەپێشمەرگە.

یەکێک لەو گەنجە خوێن گەرم و شۆڕشگێڕانە شەهید عومەر عەبدوللا ڕەشید ناسراو بەکاکە برا بەرزنجی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی ڕێکخستنی ناو شارەوە، هەرزوو بوو بەکادرێکی باوەڕپێکراوو خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک و ڕیزەکانی ڕێکخستن، هەمیشە خۆی بەپاڵپشتی چینی چەوساوەی کوردستان زانیوە.

لەمانگی ٢ی ١٩٧٩ لەهەرێمی ٣ی شارباژێر بووە بەپێشمەرگە، لەبەر لێهاتوویی خۆی بووە بەفەرماندەی مەفرەزە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ هەرێمی چوار لەساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی سێ.

لەدوای شەڕی ئەڵوەتان ساڵی ١٩٨٢ لەبەرئەوەی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، لەسەر بڕیاری مام جەلال دەبێت بەفەرماندەی کەرت، کاکە براش بە ئەمانەت

و لێهاتوویی خۆی لێپرسراویێتییەکە دەگرێتە ئەستۆ تا ساڵی ١٩٨٤ لەشارباژێڕ دەمێنێتەوە، هەر لەو سەرو بەندەدا دەگات بەکچێکی دەست نیشانکراوی دڵی خۆی و دەبێت بەدەستگیرانی، لەکاتی دانوستانداو بۆ پشوو کاکە برا هەر لەناو گوندنشین و جووتیاراندا دەبێت، ئەوکاتەی زۆربەی پێشمەرگە دەهاتنە شارەکان، بەڵام ئەو ڕۆژانە خۆی بە (مین–ئەڵغام) هەڵگرتنەوە خەریک دەکرد بۆ ڕزگاربوونی خەڵکانی گوندەکان لەکوشتن و بڕین و قاچ پەڕاندن.

ڕۆژی ١٩٨٤/٣/٢١ زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لەسورداش کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لەوتاری هەڤاڵ مام جەلال کەسەرگەرمی ئاهەنگی نەورۆز بوون، بەڵام کاکە برا لەو ڕۆژەدا سەرگەرمی مین هەڵگرتنەوە دەبێت لەچیاکانی پشتی بەرزنجە، لەئەنجامدا لەدێی بانی بنۆک مینێک پیایدا دەتەقێتەوەو شەهید دەبێت، تەنها وەسیەتی ئەوە ئەبێت کە داوای لێبوردن لەدەستگیرانەکەی دەکات کەنەیتوانیوە پێی بگات.

جێگەی ئاماژەیە لەدوای شەهیدبوونی کاکەبرا دەستگیرانەکەی دەبێت بەهاوسەری بارامی برای، لەدوای سێ منداڵ دوو کوڕو کچێک، بارامیش هەر بەکارەساتی مین هەڵگرتنەوە شەهید دەبێ، چارەنووسی ئەو ئافرەتە بەد بەختە هەر هەتیو باری دەبێت.


**بەباڵا بڕینێک**

لەساڵی ٢٠١٠ بەهاوکاری کۆمەڵانی خەڵک و حکومەتی هەرێم و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان هەڵمەتی دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون و دروستکردنی کۆمەڵێک خانوو بۆ فەرمانگەکان لەبەرزنجە بەرپا کرا، هەر لەو هەڵمەتەدا لەدەروازەی شارۆچکەی بەرزنجە پەیکەرێک بۆ شەهید کاکەبرا، وەک ڕێز لێنانێک بۆ شەهیدو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی شارباژێڕو بەرزنجە دروستکرا، کەباڵا بڕینێک بوو بۆ سەروەری شەهیدو دڵسۆزی و وەفای پێشمەرگە دێرینەکان کەهەتا هەتایە شەهید کاکەبرا سەروەرو نەمر دەبێت.

لە ئاهەنگێکی پڕ شکۆو ڕێوڕەسمێکی جوان پەردە لەڕووی پەیکەری نەمر لابراو گیانی شەهید کاکەبراش بەو ڕێزلێنانە شادو ئارام بوو.

**تێبینی:**

-بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم شەهیدە چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین کاک حەمە عەلی بەرزنجی کراوە.




**رەئوف شێخ جەمیل لەبەردە پەیکەرەکەی شەهید کاکە برا لە بەرزنجە**



حەمەعەلی بەرزنجی	شەهید کاکە برا



پێشمەرگەیەک	حەمەعەلی بەرزنجی

# ١- شەهید نزار مستەفا ڕەشید

# ٢- شەهید عوسمان شێخ ڕەشید


# ٣- شەهید محەمەد شێخ فاتح

# ٤- شەهید ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا




ئەم نووسینانە لە گۆڤاری شەهید ژمارە (٣٨)دا بڵاوکراونەتەوە

# شەهید نزار مستەفا ڕەشید



یەکێک لەو کورد پەروەرو شۆڕشیگێڕانەی کە بەهەوڵ و تێکۆشان، توانی خۆی پەروەردە بکات و پلەی کادێری پێشکەوتوو بەدەست بهێنێت، کاکە نزار بوو هەمیشە لەکاردا بووەو شەونخوونی کێشاوە بەلای چالاکی و ئەرکەکانی سەرشانییەوە، ئەم شەهیدە نەمرە ناوی نزار مستەفا ئەفەندیەو باوکی خوالێخۆشبووی یەکێکە لەبنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی کە ئەویش بنەماڵەی ساڵحی ڕەشەیە کەفەرمانبەرێکی کۆنی پارێزگای سلێمانی بوو، کاکە نزار یەکەم کوڕی گەورەی ئەو خێزانە دەبێت، لەساڵی ١٩٥٨ لەگەڕەکی مەڵکەندی چاوی گەشی بەدونیای کوردایەتی هەڵهێناوە، پلەی خوێندنی لە سەرەتایی مەحوی و ئامادەیی لەخوێندنگەی ئەزمەڕو پاشان ڕوودەکاتە شاری مووسڵ و لەپەیمانگای تەکنیکی بەشی یاریدەدەری پزیشکی وەردەگیرێت، لەساڵی ١٩٨٣ دا بڕوانامەی یاریدەدەر وەردەگرێت، یەکێکبووە لەو ڕۆشنبیرە بەئەمەکانەی کەهەمیشە لەژیاندا خولیای خوێندنەوەو خۆ پەروەردەکردن دەبێت، هەمیشە سەرقاڵی کتێبە فکرییەکان دەبێت، بۆیە بیری لەوە کردۆتەوە پێویستە مرۆڤ هەتا دوا ساتەکانی ژیانی ئەبێت تێبکۆشێت و بخوێنێتەوە، بەتایبەت بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کەژێر دەستەی چەند دەوڵەتێکی فاشیزمن، لەدوای دروستبوونی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کاکە نزار لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بەشانە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەوەو لەهەوڵداندا دەبێت بۆ خۆ جێگیرکردن لەناویانداو ئەویش خزمەتێکی ئەم شۆڕش و گەلە بکات، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی دەکات و پلەکانی ڕێکخستن بەسەرکەوتوویی دەبڕێت، لەشانەی سەرەکییەوە دەست پێدەکات و پلەی پاڵێوراوی دەبڕێت و دەبێت بە ئەندام پۆل بەناوی نهێنی (سهام)ەوە لەپۆلی شەهید دلێر سەر بەکەرتی شەهید بەختیار، پاشان وەک کادرێکی کۆمەڵە چەند شانەیەکی پێ ڕادەسپێرن ئەمیش بەسەرکەوتوویی پەروەردەیان دەکات و هەمیشە وەک کادرێکی دڵسۆز وانەکانی ئەوکاتەی ڕێکخراوی سلێمانی بەشانە تازە پێگەیشتووەکان دەڵێت و کادیرێکی سەرکەوتوو دەبێت، دواتر لەڕێگەی هاوڕێیەکی خۆیەوە پەیوەندی دەکات بەلیژنەی پێشمەرگەی ناوشارەوەو ئەوانیش دەناسێت و بەدڵسۆزی هاوکاری کارو چالاکی ئەوانیش دەبێت، کەدانوستانی ساڵی ١٩٨٤ دێتەکایەوە زۆربەی کارو چالاکییەکانی ناوشار

ڕادەگیرێت، تا کۆتایی دانوستان بەدەستی یەکێک لەخۆفرۆشەکانی ناوشار دەستنیشان دەکرێت و سیخوڕەکانی بەعس لەڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٠ دا دەڕۆنە سەر ماڵەوەیان و کاکە نزاریش کە کەسێکی ئازاو چاو نەترس و بەدەست ئەبێت، پەلاماریان ئەدات و ڕادەکات لەدەستیان، ئەم کارەساتە لەسەرو کۆڵانی ئیبراهیم پاشاوە دەبێت، بەڵام جەیشی شەعبییەکان تەقەی لێدەکەن و برینداری دەکەن هەر بەو برینە سەختەوە بەرەو شەقامەکە ڕادەکات و لەوێوە پاسێکی پۆڵۆنی دێتە بەردەمی، نزاریش دەڵێت: فریامبکەوە بمگەیەنەرە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، ئەو برادەرەش بەخێرایی فریای دەکەوێت و بەرەو نەخۆشخانە دەیباتە ژوورەوەو بەڕێکەوت شیروانی حەمەکۆڵ لەوێ موزەمید دەبێت کەدراوسێی ماڵی نزارە، شیروانی حەمەکۆڵیش خێرا دەیگەیەنێتە ژووری نەشتەرگەریی و دکتۆر جەمال غەفور لەوێ دەبێت ئەویش ئەڵێت ناتوانم نەشتەرگەری بۆ بکەم ئەم کارەساتە من نازانم چۆن ڕووی داوە دوایی من بەرپرسیار دەبم.


بەڵام شیروانی حەمەکۆڵ دەڵێت: هەموو بەرپرسیارێتیەک لەسەر من، پاشان بەخێرایی نەشتەرگەری بۆ دەکەن، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کە گورچیلەی ڕاست و ڕیخۆڵەکانی گرتبۆوە ، بۆیە بەهاوکاری خزم و براکانی چەندین شەو بەئێشکگری لەنەخۆشخانەو بەسەربردنی مانگێک زیاتر لەوێ، بەڵام بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لەڕۆژی ١٩٨٥/٣/١٢ کاتژمێر ٦:٥٠ ئێوارە دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و گیانی پاکی دەبێتە قوربانی خاکی کوردستان.

سەروەری و نەمری بۆ کاکە نزار دەمێنێتەوە شانازیی و سەربەرزیش بۆ کەس و کاری جێدەهێڵێت، بۆ ڕۆژی دوایی لەگۆڕستانی سەیوان لەگردی شەهیدانی سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت.

**تێبینی:**

-ئەم نووسینەم بەناوی نەریمانەوە بڵاوکراوەتەوە.

# شەهید عوسمان ڕەشید فەرەج




شەهید عوسمان ڕەشید لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر لەباوەشی خێزانێکی کوردپەروەر لەساڵی ١٩٦٣ لەگوندی سەرخواری ناوچەی شارباژێڕی سەر بەشارۆچکەی چوارتا لەئامێزی دایکێکی میهرەبان چاوی بەچیاکانی کوردستان هەڵهێناوە.

بۆیە ئەڵێم خێزانێکی شۆڕشگێڕ، چونکە هەر لەباپیرە گەورەیەوە کە یەکێک دەبێ لەشۆڕشگێڕەکانی سەردەمی شێخ مەحمود کەدەورێکی باڵای هەبووە لەو سەردەمەدا هەروەها مامیشی بەناوی شێخ باقر یەکێکە لەشەهیدە نەمرەکانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ کە بەدەستی پیاوانی زەعیم سدیقی خوێنڕێژ شەهید کراوە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕیان لەباپیرە گەورەیانەوە بۆ ماوەتەوە.

شەهید عوسمان لەساڵانی حەفتادا خوێندنی سەرەتایی و لەهەشتادا خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و لە ١٩٨٤دا لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی وەردەگیرێت و لەبەشی یاریدەدەری پزیشکی گشتی درێژە بەخوێندن دەدات، تا ١٩٨٧ بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات و هەر لەو ساڵانەی خوێندنیدا پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنییەکانەوە بەردەوام دەبێت.

بەحوکمی ئەوەی ماڵیان لە لادێ دەبێت، بۆیە هەمیشە لەخزمەتی پێشمەرگەدا دەبن، بەڵام پاش تەواوکردنی خوێندن لەنەخۆشخانەی ڕانیە دادەمەزرێت، لەگەڵ چەند دکتۆرێکی تردا مانگانە لەڕێگای ڕێکخستنەکانی ڕانیەو پشدەرەوە هەڵدەستن بەناردنە دەرەوەی دەرمانێکی زۆر بۆ بنکەکانی پێشمەرگە، هەتا ئاوابوونی شۆڕش لەناوچەکانی پشدەردا، پاشان بەدەرکەوتنی خۆری ڕاپەڕین، یەکێک دەبێت لەتێکۆشەرەکانی ڕێی خەبات و ڕزگاری و ڕاپەڕین، بەشداری دەکات لەڕزگارکردنی سلێمانی پاشان بەرەو شاری کەرکوک، وەک پێشمەرگەو دکتۆرێکی خۆبەخش دەبێت و لەپێناوی ڕزگاری شاری کەرکوکدا، لەکاتی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لەیەکێک لەڕەبایەکانی ناوچەی چیمەن، لەڕۆژی ١٩٩١/٤/٢ شەهید دەکرێت و گیانی پاکی دەگاتە کاروانی شەهیدان.

# شەهید محەمەد شێخ فاتح



یادی ٢٣ ساڵەی شەهید محەمەد شێخ فاتح کەناسراوە بە (حەمە بی کەی سی)، ئەو ڕۆژانەمان بیر ئەهێنێتەوە کەپۆستەری شەهیدان و نووسینەکانی سەر دیوارەکانمان لەدژی ڕژێمی بەعس ئەبینی، شەهید محەمەد لەساڵی ١٩٦٤دا لەسلێمانی لەدایکبووەو چاوی گەشی بەکوردایەتی هەڵهێناوە، لەساڵی ١٩٨٢ لەبەر دڵسۆزی و لێهاتوویی و نەبەردی خۆی پەیوەندی دەکات بەڕێکخراوی سلێمانیەوەو لەیەکێک لەشانەکانی ڕێکخستندا دەبێتە کەسێکی دڵسۆز .

چەندەها شەو ڕۆژی کردۆتەوە، بەشەونخونی و ئەرکی سەرشانی هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی پۆستەری شەهیدان و چەندین کاری ڕێکخراوەیی، شەهید محەمەد لەساڵی ١٩٨٢ دا پەیوەندی بەدوو کارمەندی ئافرەتی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانییەوە دەکات کەڕۆژانە دەرمانێکی زۆر دەستەبەر دەکەن و دەینێرن بۆ ناو هێزی پێشمەرگە کەئەوەش بە یەکێک لەچالاکییە گەورەکانی ئەو سەردەمە دەژمێردرێت کەسوودێکی باشی هەبووە بۆ هێزی پێشمەرگە، شەهید لەژیانی ڕێکخراوەییدا چەندین چالاکی قارەمانانەی هەبووەو هەمیشە گوێڕایەڵی کارەکانی ڕێکخستن بووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دا لەسەر داوای خۆی دەبێتە پێشمەرگە لەسنووری شارباژێڕ لەتیپی ٣١ی سلێمانی.


دوای دانوستانی ١٩٨٤ دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٥٧ی سەرگرمە هەر لەبەر دڵسۆزی خۆی بۆ شۆڕش و خاکەکەی چەکی بی کەی سی دەخاتە سەرشانی و دەبێتە پێشمەرگەیەکی شەڕکەرو ئازاو دلێر لەو تیپەدا، لەهەموو شەڕێکی ئەو ناوچەیەدا بەشداری دەکات، بۆیە لەناو هێزی پێشمەرگە بە حەمە بی کەی سی ناوبانگ دەردەکات، لەشەڕەکانی گەرمیان و قەرەداغ و ئەنفالدا بەشداری دەکات تا ئەوکاتەی هێزی پێشمەرگە دەپەڕنەوە بۆ بەری دۆڵی جافایەتی، شەهید محەمەد بەردەوام دەبێت لەخەباتی بێوچانی خۆی و پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی خاک و نیشتمانەکەی و باوەڕی تەواوی بەسەرکەوتن دەبێت، بۆیە دروشمی نەسرەوتن تا سەرکەوتن دەبێتە وێردی سەر زمانی و پێشمەرگەیەکی بەئەمەک و بەوەفا دەبێت، تا لەشەوی ١٩٨٨/٢/٢٧دا کاکە محەمەدو برا پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لەشەڕێکی

دەستەو یەخەی قارەمانانەی بێ وێنە کەتەنها بەفرو پێشمەرگە بەشاخەوە دەبن ڕووبەڕووی هێزێکی زۆری ڕژێم دەبنەوە لەجەیش و جاش دەکەونە شەڕێکی قورسەوە کاکە حەمە شێخ فاتیح شەهید دەکرێت و تاجی شەهیدی دەنێتە سەری و گیانی دەکاتە قوربانی خاکەکەی.



شەهید حەمە BKC

# شەهید ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا



شەهیدی ڕاپەڕینە مەزنەکەی شاری سلێمانی شەهید ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا ناسراوە بەئاکۆی حەمە شوکر، لەساڵی ١٩٧٠لەشاری هەڵەبجەی شەهید چاوی گەشی بەدنیا هەڵهێناوە، کاکە ئاکۆ لەخێزانێکی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕ دەبێت، بۆیە هەر بەمنداڵی خولیای کوردایەتی و شۆڕش لەمێشکیدا دەبێت، لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بەڕێکخراوی سلێمانییەوە لەکەرتی خوێندکاران، چالاکانەو بوێرانە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و دەبێتە هاوڕێیەکی دڵسۆزی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، هەمیشە لەشەونخونیدا دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان، بەردەوام لەحەلقە ڕۆشنبیرییەکانی ڕێکخراوی سلێمانیدا بەشدار دەبێت، وەک هاوڕێیەکی زیرەک و لێهات و کۆڵنەدەر لەمانگی ٧ ی ١٩٨٣ دا بەدەستنیشان کردنی خۆفرۆشێک دەستگیردەکرێت و دەکەوێتە ناو زیندانی بەعسییەکان و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێت.

تەنانەت ئەوەندە منداڵ دەبێت هاوڕێکانی خەمی ئەوەیان دەبێت کەنهێنی بدرکێنێت و پاکانە بکات و بەرگەی ئەشکەنجەی زیندان نەگرێت، بەڵام شەهید ئاکۆ قارەمانانە گوێ بەئازارو ئەشکەنجەدانی ڕژێم نادات و ئەبێتە مرۆڤێکی خۆڕاگرو نموونە لەگەڵ هاوڕێ زیندانەکانیدا.

کەدانوستانی نێوان ڕژێم و ی.ن.ک لەساڵی ١٩٨٤ دا دەست پێدەکات، بەلێبووردنی گشتی لەگەڵ چەندین هاوڕێی تری کۆمەڵەدا ئازاد دەکرێت، بەئازاد بوونی کاکە ئاکۆ پەیوەندی دەکاتەوە بەڕێکخراوەوەو بەردەوام دەبێت لەخەباتی ناوشاردا هەتا ساڵی ١٩٨٦، پاشان لەسەر داوای خۆی دەبێتە پێشمەرگەی شاخ و چەکی بەرگری دەکاتە شانی بۆ نیشتیمان و خاکەکەی، شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە.

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا کەسێکی داوێن پاک و ڕاستگۆو لێهاتوو دەبێت، ئازاو بوێرانە هەمیشە ڕووبەڕووی دوژمن بۆتەوە، لەزۆربەی شەڕەکانی دەشتی گەرمیان بەشداری دەکات و بەئازایی و گیان لەسەر دەستەیی و ژیان نەویستەیی خۆی لێپرسراوێتی مەفرەزەی دەدرێتێ، لە ئەنفالەکاندا لەدەشتی گەرمیان دەکەونە شەڕێکی توندو ڕووبەڕوو لەگەڵ دوژمندا

کەئەمان تەنها حەوت پێشمەرگە دەبن بەرامبەر جەیش و جاشێکی زۆر کەبەرەنگارییان دەبنەوە، کاکە ئاکۆ لەو شەڕەدا بریندار دەبێت و وەستا تایەری لێپرسراوی کەرتەکەشیان شەهید دەبێت، شەڕ هەتا شەو بەردەوام دەبێت، پاشان سەربازەکانی ڕژێم بەهۆی ترسنۆکی خۆیانەوە پاشەکشە دەکەن.

دواتر کاکە ئاکۆ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنەوە بۆ چیای سەرکەشی قەندیل، لەکۆتایی شەڕەکانی بناری قەندیل هێزی پێشمەرگە پاشەکشە دەکەن و دوای ماوەیەک ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، بەڵام کاکە ئاکۆ لەسەر داوای مەفرەزەی تۆڵەی ناوشاری سلێمانی ڕوودەکاتەوە شارو دەبێتەوە بەپێشمەرگەی ناوشارو کۆڵنەدان دەبێتە چەکی بیروباوەڕی، هەمیشە لەکۆڕو کۆبوونەوەی ناوشارو هاوڕێیانیدا بەردەوام دەبێت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین لەبەر دڵسۆزیی و خۆبەخشی و گیان فیدایی خۆی دەبێتە پێشەنگ و دیاری ڕاپەڕین و لە ١٩٩١/٣/٧ دا شەهید دەکرێت و گیانی پاکی دەبێتە گوڵێکی سوور لەناو گوڵ دەستەی شەهیداندا.



پێشمەرگەی دێرین لوقمان چاوڕەش　　　شەهید ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا







مەزاری شەهید ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا


# ١-سێ شەهیدی قارەمانی ڕێکخراوی سلێمانی کە لەخۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣دا شەهیدکران

# ٢-یادی شەهیدە خۆڕاگرەکانی مەفرەزەی تۆڵە





ئەم نووسینانە لە گۆڤاری شەهید ژمارە (٣٩) بڵاوکراونەتەوە

# سێ شەهیدی قارەمانی ڕێکخراوی سلێمانی کە لەخۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣دا شەهیدکران



شەهید خالید کەریم



شەهید فازڵ سەید عەلی



شەهید هاوڕێ عەبدوڵڵا

هەر لەدروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە شاری سلێمانی یەکەم شار بووە لەکوردستاندا بەشداری لەکاری سیاسیدا کردووەو ڕێکخراوی خۆی دامەزراندووە، چەندەها کەسانی سیاسی و زیرەک و بەهۆش و قارەمان بەشدارییان تیا کردووەو بوونەتە پێشەوا، لەکاتی دروستبوونی ئەو ڕێکخراوەدا زۆربەی زۆری گەنج و پیرو ئافرەتان جێگەی خۆیان کردۆتەوەو بەبیرو باوەڕو بەسەرو ماڵ تێکۆشان و ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زیادی کردووە، کۆمەلانی خەڵک پەیوەندییان کردووە لەپێناوی خزمەتکردن بەشۆڕش و ڕزگاری کوردستان لەدەست دوژمنان، چەندەها شەو شەونخوونیان کێشاوەو چەندەها کەسیش بونەتە پێشمەرگەو هەتا پلەی شەهیدبوون ڕۆیشتوون، هەر لەوکاتەدا جەماوەری سلێمانی لەئەنجامی زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس بێزاری خۆیان دەردەبڕی، بۆیە لەساڵی ١٩٨٢ دەستکرا بەخۆپیشاندان بەکچ و کوڕو خوێندکارو جەماوەر، گیانفیدایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ڕژێمی بەعس و خۆپیشاندانیان سازکرد، ڕژێمی بەعسیش بەرامبەر بەجەماوەرو بەڕاست و چەپ لەکۆمەلانی خەڵکی شەهید دەکرد، چەندین خوێندکاری شەهید کردو چەندینی خنکان لەقەسابخانەکانداو چەندەهاشی بێسەرو شوێن کرد.

ئەمەش یادی سێ شەهیدی قارەمانی ڕێکخراوی سلێمانییە کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناو خاک و نیشتمانەکەیاندا

-١شەهید فازڵ سەید عەلی
-٢شەهید خالد کەریم (نەمر). .
-٣شەهید هاوڕێ عەبدوڵڵا سەید شەریف.

## شەهید فازڵ سەید عەلی

لەگەڕەکی چوارباخ لەساڵی ١٩٦٥ لەدایکو باوکێکی هەژارو خێزانێکی کوردپەروەر، کۆرپەیەکی جوان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ئەو کۆرپەیە ناونرا فازڵ، ئەویش بەخۆشەویستی و هەوڵ و ماندوبوونی ئەو دایک و باوکە میهرەبانە گەورە بووە تاکو پلەکانی خوێندنی تەواوکردووە، بۆیە لەساڵی

١٩٨١ پەیوەندی دەکات بەشانەکانی ڕێکخستنی ناو شارەوەو بەنهێنی و شانبەشانی خوێندنەکەی ئەرک و کارەکانی ڕێکخستن بەڕێوە دەبات.

## بیرەوەرییەکانی نووسەر لەگەڵ شەهید

لەپاییزی ساڵی ١٩٨١دا پۆلی سێیەمی ناوەندییمان بڕی لەگەڵ چەند خوێندکارێکی هاوڕێمدا ڕۆیشتین بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، بڕوانامەکانمان پێشکەش ئەوێ کرد، کاتێک دەوامی خوێندنگە دەستیپێکرد ئێمەش وەکو کۆمەڵێک هاوڕێی خوێندنکار دڵمان خۆشبوو بەخوێندن، بەڵام دەستی ڕژێمی بەعس نەیدەهێشت هیچ گەنجێک بەئاواتی خۆی بگات، ڕۆژێک کۆمەڵێک خوێندکار لەپشووی نێوان وانەکاندا بەناو خوێندنگاکەدا پیاسەمان دەکرد، تێبینیمان کرد لەناو خوێندنگاکەماندا ژوورێک تەرخان کراوە بۆ (اتحاد الطلبة) ئێمەش بەلایدا ڕۆیشتین، چەند کەسێکیان بانگیان کردین فەرموون.. فەرموون، وتمان ئێرە چییە وتیان ئێرە ژووری ئیتحادە بۆ خزمەتی خوێندکاران دانراوە، فەرموون وەرنە ژوورەوە، وتمان ئیتحاد! وتیان: بەڵێ، لەگەڵ وایان وت مچوڕکێک بەلەشماندا هات، وتمان: پێشکەش بەخۆتان بێت، ئەوانیش تووڕە بوون لەقسەکانمان، وتیان: ئەو قسانە واتای چی؟ واتە ئێمە ئەوەندە سووکین ئاوا دەڵێن، ئێمەش وتمان: سووکی و قورسی خۆتان بۆ خۆتان، پاشان قسەیە لەئێمەو قسەیە لەوان بوو بەناخۆشی لەنێوانماندا، پاش چەند ڕۆژێک لەلایەن ئیتحادەوە من بانگکرام، بەبیانووی ئەوەی گوایە جوڵانەوەی سیاسیم هەیە لەناو خوێندکاراندا، ئەو جارەش هیچیان پێ نەکرا لەگەڵماندا، بۆ جاری دووەم هەمدیسان بانگکرامەوە ئەو جارەیان لەگەڵ پۆلێک خوێندکار هەموومان ڕۆیشتین، دەستکرا بەگفتوگۆ لەنێوانماندا پاشان شەڕ دروست بوو، ئیتر هەر ئەوەندە بوو (اتحاد الطلبة) لەناو خوێندنگاکەماندا دەرگای داخرا، ئیتحادییەکان پەڕەوازە بوون، خوێندکارانیش ئازادبوون دوو ڕۆژ دوای ئەو مەسەلەیە، کوڕێکی خوێن گەرمی ئەسمەری گەنج، خۆشەویستی نیشتمان و ڕق و کینەی بەرامبەر بە بەعس بەڕوویەوە دیار بوو، هات بۆ لام و خۆی پێناساندم: من ناوم فازیلی سەید عەلییە، پێمخۆشە کەبتناسم، منیش

وتم: خۆشحاڵم بەناسینیت، ناوت نامۆ نییە، وتی: تۆ خەڵکی کام گەڕەکیت؟ وتم: مەڵکەندی، وتی: من برازای جەلال سیرەمێرگیم، خۆشحاڵیمان بۆ یەکتر دەربڕی پاشان کەوتینە قسە، دەستخۆشی ئەو کارەی لێکردین کەئیتحادمان نەهێشت لەناو خوێندنگادا، پاشان ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر کارێک بەو بسپێرین ، لەچاویا توندوتیژی دەبینرا، زۆر لەگەڵیدا خەریک بووم کە کەمێک هێمن بێت، دەیووت: بەعس و هێمنیان نەوتووە، بەڵکو بەعس و کوشتن و تۆڵە سەندن، هەر ئەوەندە دەڵێم ژیانی سەربەرزی چەند ساڵێک بەسە، بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، پاشان من و فازڵ بووین بەهاوڕێ، زۆر ڕۆژ یەکترمان دەبینی و قسەمان دەکرد، کاتێک خۆپیشاندانەکانی بەهاری ١٩٨٢ هاتە پێشەوە ئێمەش وەکو خوێندکارانی خوێندنگاکانی شار دەستمان کرد بەخۆپیشاندان و مزاهەرە، لیژنەیەکمان دانا بۆ سەرپەرشتی خوێندکارەکان، فازڵ یەکەم کەس بوو هاتە پێشەوەو گیانفیدایی خۆی پیشاندا، لەئەنجامدا ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١٥ مزاهەرەمان دەستپێکرد.

پێنج پیکاپ قوات خاسەمان بۆ هات، بوو بەپێکدادان لەناو خوێندنکاران و بەعسییەکاندا، فازڵ یەکەم کەس بوو بەرەو ڕوویان بووەوەو پەلاماری دان پاشان خوێندکاران بەکچ و کوڕەوە دەستمان پێکردو ئەو ڕۆژە تا تەواوبوونی دەوام هەر ئاژاوە بوو لەناو خوێندنگادا، پاش ئەوە لەلایەن ڕژێمەوە، دەرگای هەموو خوێندنگاکان داخراو لەپاشاندا تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ پێشخرا. لەبەرئەوەی دەنگی شار کپ بکرێت، بەڵام نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی شار هەر ڕق ئەستوورتردەبوو، پاش کۆتایی تاقیکردنەوەکان من و کاکە فازڵ لەیەکتر دابڕاین پاش چەند ڕۆژێک خوێندکارێک هات بۆ لام وتی: ئەو چالاکییەی دوێنێی بەردەمی خانەقات بیست، وتم: بەڵێ چالاکییەکی زۆر ئازایانە بوو دەستێکی باشیان لەبەعسییەکان وەشاندووەو چەند تاوانبارێکیان کوشتووە، بەڵام بەداخەوە ئەو کەسەی چالاکییەکەی ئەنجامداوە شەهیدیان کردووە، وتی: ئەزانی ئەو شەهیدە کێیە؟ وتم: نەخێر، وتی: فازیلی سەید عەلییە لەخوێندنگەی خۆمان، لەگەڵ ناوی فازیلی هێنا مچوڕکێک بەهەموو لەشمدا هات، چاوم پڕ بوو لەفرمێسک قسەم بۆ نەکرا، تەنها ئەوەندەم وت، حەیف،

سەد حەیف، بۆ کوڕی ئاوا ئازاو بە جەرگ هەمیشە خۆشەویستی نیشتمان لەچاویا دیار بوو، تەنها ئەو وتەیەیم بیر کەوتەوە کەوتی: بڕوا ناکەم من خوێندن تەواو بکەم، هەر دەبێ شەهید ببم و بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، لەڕۆژی ١٩٨٢/٥/١٦ خوێندکارێکی تێکۆشەری چاونەترس ڕۆیشتە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستانەوە، ناوێکی تری تۆمار کرد بەناوی شەهید فازیلی سەید عەلی، لەبری بڕوانامەی خوێندن، بڕوانامەی شەهیدی بەدەستهێنا.

دوای شەهیدبوونی کاکە فازڵ، باوکی کە لەتەجنیدی سلێمانی بەپلەی نائب زابت کاری دەکرد، لەپاش ئەو خزمەتە زۆرەی عەسکەری پاداشتەکەی ئەوەبوو لەسەر شەهید بوونی کوڕەکەی ئەویش دەرکرا لەسەر کارەکەیی و پاشان بوو بەشۆفێری تەکسی لەناو شاری سلێمانی دا بەڵام هەر دەیووت سەربەرزییە بۆ من کەباوکی شەهیدێکی ئاوا قارەمانم، شانازییە بۆ من لەسەر خوێنی کوڕەکەم لەسەر کارەکەشم دەربکرێم.

### شەهید خالد کەریم

لەساڵی ١٩٨٢دا بۆ جاری دووەم پەیوەندیم کردەوە بەڕێکخراوی سلێمانییەوە لەڕێگای کاک جەزای ئەحمەد کوردەوە بوو، لەناو شانەکانی کەرتی خوێندکاران جێگیربووم، لە ماوەی ساڵێکدا بووم بەئەندامی شانەی سەرەکی و دوو شانەم بۆ جیاکرایەوە، کاتێک نامەم دەنارد بۆ سەروو خۆم یان بۆ ڕێکخراو، دەمنارد بۆ پۆلی شەهید نەمر.

لەکاک جەزا پرسیارم کرد، وتم: شەهید نەمر کێیە؟ وتی: شەهید نەمر ناوی خالید کەریمە، کەسێکی زۆر ئازاو زیرەک و نەبەرد ئەندامی کەرتی خوێندکاران بوو، کاتی خۆپیشاندانەکان ڕابەرایەتییەکی بێ وێنەی کردووە، بۆیە پیاوانی ڕژێم دەست دەکەن بەتەقەکردن لێیان و خالید کەریم بریندار دەکەن و ناوی دەڕواتە ناو ناوانەوەو لەلایەن سیخوڕەکانی ملازم موحسین و چڵکاو خۆرەکانییەوە، پاشان لەشەوی ١٩٨٢/٥/٦ لەبەردەمی مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی لەگەڵ هاوڕێ حەمە سەعیدی تەلەفۆنات دەکەوێتە داوی

بەعسییەکانەوەو دەستگیر دەکرێت، لەوکاتەوە بێسەرو شوێن دەکرێت و ئیتر هیچ سۆراخی نامێنێت.
لەساڵی ١٩٨٤ کاتێک دانووستانی نێوان ڕژێمی بەعس و یەکێتی نیشتمانی دەستپێدەکات، یەکێک لەمەرجەکانی یەکێتی داواکردنی ناوی ئەو کەسانەی لەئەمنی سلێمانی بێسەرو شوێن کراون، ئەو لیستە ناوەی کەڕژێمی بەعس لەئەمنی سلێمانی ئەیدەن بەیەکێتی، لەو لیستەدا ناوی کاکە خالید کەریمی تیا دەبێت، دواتر کەزانرا شەهید کراوە بەمەراسیمێکی ڕێکوپێک لەگوندی کەنەسوورە کەئێستا (گەڕەکی چوارچرایە) بەکەسوکاری ڕادەگەیەنن هەر ئەو ڕۆژە ئێمەش ڕۆیشتین بۆ ئەو مەراسیمەو من و خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەد عەبدوڵلا کوردەو کاک جەزای کوڕی و چەند کەسێکی تر ڕۆیشتین، خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و چەند کادرێکی کەرتی ڕێکخستنی بازیانیش هاتبوون و چەندین وتار پێشکەشکرا بۆ خەڵکەکەو ناوی خالید کەریم بەشەهید ناوزەند کرا ، هەر لەبەر ئەوەش پۆلەکەی ئێمە بەناوی (شەهید نەمرەوە) بوو، شەهید نەمر کەسێکی ئازاو نەبەردوو لێهاتوو بوو بۆیە بەشانازییەوە وەکو کادرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کەڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکات و گیانی پاکی لەو ڕێگایەدا ببەخشێ، هاوڕێی کۆمەڵە (ڕەفیق موشیر) کە کەسی نزیکی شەهید دەبێت لەخوار شانەکەی شەهیدی نەمرەوە کاردەکات، بۆیە بۆ لێپرسراوی پۆلی شەهید نەمر هەڵدەبژێرێت، کاک ڕەفیق لەسەر ژیانی شەهید بەمشێوەیە قسەی کرد:
لەساڵی ١٩٥٨ لەوکاتەی ئینقلابەکەی عەبدولکەریم قاسم دەبێت، شەهیدی نەمر دێتە دنیاوە، لەوکاتەدا شارو دێهاتی کوردستان دەسووتێنران و خەڵکی ماڵوێران دەبوون، شەهید ووردە ووردە لەگەڵ ئازارەکانی کوردستاندا گەورە دەبێت، وەکو دایکی دەیگێڕێتەوە هەر لەسەرەتاوە منداڵێکی ژیرو ئارام دەبێت، دەبێتە جێی سەرنجی خەڵک و خزمان پاشان کەخوێندنگە دێتە گوندەکەیان دەبێتە خوێندکار، بەڵام نموونەی خوێندکار دەبێت هەموو ساڵێک بەپلەی یەکەم پۆلەکانی سەرەتایی دەبڕێت، بۆیە لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی

ئەم گەنجە لێهاتووە زیرەکی و بوونی خۆی سەلماندوو لەتاقیکردنەوەی بەکالۆریدا یەکەمی شاری سلێمانی دەبێت و حکومەتی عیراقیش هەموو یەکەمەکانی شارەکانی عیراق لەسەر خەرجی خۆی دەیانێرێت بۆ وڵاتی ئیسپانیا بۆ گەشت، پاشان کەڕۆیشتە ناوەندی لەئامادەیی سلێمانی زیرەکترین خوێندکار بوو، هەر بەوەشەوە نەوەستا شانبەشانی خوێندن تێکەڵ بەڕێکخستنەکانی ناوشار دەبێت و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ دەهێنێت، هاوڕێیەکی چالاک دەبێت لەناو ڕێکخراودا جێگای شانازی کەسوکاری دەبێت، هەموو هاوڕێیان و ئەندامانی ڕێکخستن لەسنووری ڕێکخراوی سلێمانی شایەتی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و دڵسۆزی ئەم هاوڕێیە دەدەن، دەوری کاریگەری کاکە خالید تا دەهات باشترو زیاتر دەبوو، جێگەی شانازی شارەکەو دەورووبەری بووە بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لەشەوی ١٩٨٢/٥/٦ دەستگیرو بێسەرو شوێن دەکرێت و دەڕواتە ڕیزی کاروانە پیرۆزەکەی شەهیدانی کوردستانەوە.

**شەهید هاوڕێ عەبدوڵلا سەید شەریف**

لەمانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٣دا لەڕێکخراوی سلێمانی پێنج هاوڕێی دڵسۆزیان پێناساندم، یەکێک لەو پێنج هاوڕێیە گەنجێکی خوێن گەرمیان تیا بوو، بەناوی هاوڕێ منیش بەخۆشحاڵییەوە وەرمگرتن و لەناو شانەیەکی سەر بە پۆلی (شەهید نەمر) ڕێکمخستن. ئەو پێنج هاوڕێیە چەند گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوون، زۆر ئارەزوویان دەکرد هەریەکەیان خزمەتێکی گەورەی ئەم نیشتمانە



ڕەفیق موشیر		شەهید خالید کەریم

بکەن، بۆیە هەمیشە لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا ئامادەبوون، ئەو شەوەی بڵاوکراوەمان بۆ بهاتایە خەویان لێنەدەکەوت، لەکاتی دیاریکراودا بڵاویان دەکردەوە، هەمیشە هەوڵی ئەوەیان بوو چالاکییەکی گرنگیان پێ بسپێردرێت و بەخۆشحاڵییەوە ئەنجامی بدەن.

لەهەمان ساڵدا لەشاری سلێمانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان خەریکی دروستکردنی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر بوون بەدەستی پەیکەرساز کۆسرەت جەمال و بەهاوکاری هونەرمەندانی خۆبەخش ئاکام عومەر، زاهیر سدیق، زاهیر غەریب، وەلەسەر ئەرکی پیاوچاکی شارەکەمان عەلی بۆسکانی پاش تەواوبوونی پەیکەرەکە.

ڕۆژی پـەردەلادان ١٩٨٣/٨/٣٠ کاتژمێر ٥ی ئێوارە ڕێکخرا بڕیاربوو مامۆستا کۆسرەت جەمال خۆی پەردە لابدات بەئامادەبوونی هونەرمەندە هاوکارەکانی، خوالێخۆشبوو عەلی بۆسکانیش ئامادە دەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک لەهونەرمەندان و ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی شار، بەئاگاداریی و ئامادەبوونی پیاوانی ڕژێم و هەندێ لەچڵکاوخۆرانی شار، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر لەگەنجان و خوێن گەرمانی شارو بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی شار ئامادە دەبن، بەمەراسیمێکی جوان پەردە لەڕووی پەیکەری کاوەی قارەمان لابدەن، خەڵکانی شارو گەنجی خوێن گەرم دەیکەن بەچەپڵەلێدان و هوتاف کێشان و سروودی ئەی ڕەقیب.

دواتر مەراسیمەکە دەبێت بە خۆپیشاندانێکی گەورە، لەبەرئەوەی منەزەمەی عوسمان فایەق لەنزیکی کارەساتەکە دەبێت، دەست دەکەن بە تەقەکردن بۆ بڵاوەپێکردن بەخەڵکەکە، پاشان بوو بە بەرد باران کردنی سیخوڕەکانی ڕژێم لەهەر چوارلاوە بەشێکی ڕێکخستنەکانی ناو شاریش بەشدار دەبن و یەکێک لەو خوێن گەرمانە کاکە هاوڕێ عەبدوڵڵا دەبێت، کەدەورێکی سەرەکی دەبینێت و کەسێکی پێشڕەو دەبێت لەناو خەڵکەکەدا، بۆیە پیاوانی ڕژێم دوای دەکەون هەتا شەقامی ئیبراهیم پاشا، بەدەستنیشانی خۆفرۆشێ کەدەم و چاوی دادەپۆشێت، کەلەپێشی پیکابی قوات خاسەکاندا دەبێت، هاوڕێش دەیەوێت خۆی دەرباز بکات، بەڵام تەقەی لێدەکەن و شەهیدی


دەکەن، خوێنی گەرمی کاکە هاوڕێ تێکەڵ بەدەنگی هوتاف و سروودی ئەی ڕەقیب دەبێت.

## ژیاننامەی شەهید هاوڕێ

لەساڵی ١٩٦٥ لەگەڕەکی سابونکەران لەخێزانێکی شۆڕشگێر لەدایک دەبێت، خێزانەکەیان بەعەبدوڵڵای سەید شەریفی کەبابچی بەناوبانگن.

پاشان هەتا خوێندنی ناوەندی دەخوێنێت و لەبەر دڵسۆزیی و خوێن گەرمی خۆی لەساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لەتیپی ٣١ی سلێمانی، لەساڵی ١٩٨٣ لەسەر داوای خۆی بەنهێنی بەبێ ئاگاداری ڕژێم دێتەوە بۆ ناوشاری سلێمانی و پەیوەندی دەکاتەوە بەڕێکخستنی ناوشارەوەو هاوڕێیەکی دڵسۆز دەبێت لەئیش و کارەکانیدا، هەتا ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٣٠ لەخۆپیشاندانی پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەردا لەئەنجامی خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا شەهید دەکرێت.

# یادی شەهیدە خۆڕاگرەکانی مەفرەزەی تۆڵە



شەهید کەمالی موهەندیس

لەساڵی ١٩٨٣ چەند لاوێکی خوێن گەرمی شۆڕشگێڕ لەڕێکخراوی سلێمانییەوە پەیوەندییان گواستەوە بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی ناوشارو پەیوەندیان کرد بە مەفرەزەی تۆڵەوە، هەرچەندە ئەو مەفرەزەیە لەکاتی خۆیدا هەبووە، بەڵام ئەمان درێژە پێدەری ئەو مەفرەزەیە دەبن.
لەماوەیەکی کورتدا چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا مەفرەزەکەش بریتی بوون لەم ناوانە:

**-١جەلالی مەلا سەید عەبدوڵلا – حاجی.**

**-٢عەلی حەمەڕەحیم – نەمر.**

**-٣رەئووف شێخ جەمیل – نەریمان.**

بەسەرپەرشتی کەمالی موهەندیس ئەو مەفرەزەیە بەڕێوە دەچوو، پاش ئەنجامدانی چەند چالاکییەک و یەکێک لەو چالاکییانە گرتنی کلاشینکۆفێک دەبێت لە گووزەری ئاسنگەرەکان.
پاشان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک جەلالی مەلا عەبدوڵلا دەکەوێتە کەمینی مەفرەزەی بەعسییەکانەوە لای فولکەی دەستاڕەکەو بەدەمانچەکەیەوە دەستگیر دەکرێت.
بەڵام مەفرەزەی تۆڵە ناوەستێ و چەندەها چالاکی ئەنجام دەدەن دژی ڕژێمی بەعسی خوێناوی، چەند دەمانچەیەکیش دەستگیر دەکەن.
هەر بەو دەمانچانەی ڕژێم چالاکییەک ئەنجام دەدەن بەسەرپەرشتی کەمالی موهەندیس و هاوڕێ بابیز ئەویش گرتنی ئۆتۆمبێلی ئەجنەبییەکان دەبێت بۆ مەڵبەندی یەک. لەڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٣ چالاکییەکە لەخوار ماڵی پارێزگاری سلێمانییەوە لای وێستگەی کارەبای سلێمانی ئەنجام دەدرێت بەڵام هەتا دەیگەیەننە مەڵبەندی یەک مەرگ دەبینین و چالاکییەکەش سەرکەوتوو دەبێت.
پاشان کەدانووستانی ١٩٨٤ دەست پێدەکات، لەسەر بڕیارو پەیوەندی نێوان یەکێتی و ڕژێم زیندانە سیاسییەکان ئازاد دەکرێن و جەلالی مەلا عەبدوڵلاش یەکێک دەبێت لەو زیندانییانەو ئازاد دەکرێت.

پاش ئازادبوونی پەیوەندی دەکاتەوە بەمەفرەزەی تۆڵەوەو دەبێتەوە بەئەندامێکی چالاکی ئەو مەفرەزەیە، پاش کۆتایی هاتنی دانووستان کەهیچ سوودێکی نابێت بۆ گەلی کورد، دوای سالێک ڕژێمی بەعس دەکەوێتە گیانی گەنجانی شاری سلێمانی، یەکێک لەو دەستنیشانانە لەڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٠ دەڕۆنە سەر ماڵی تێکۆشەر نزاری مستەفا ئەفەندی لەسەروو شەقامی ئیبراهیم پاشا.

بەڵام نزار لەدەستیان هەڵدێتو ئەوانیش بەر دەسترێژی گوللەی دەدەن و برینداری دەکەن و پاش ٣٢ ڕۆژ لە ١٩٨٥/٣/١٢ لەنەخۆشخانەی سلێمانی بەهۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید دەبێت، هاوڕێیانی پێشمەرگەی ناوشار دەستدەکەنەوە بەچالاکی دژی ڕژێمی بەعس لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ هەر بەدەستنیشانی خۆفرۆشێک (هاوڕێ بابیز) گۆرانە ڕەش و کەمالی موهەندیس و حەمەشوکر دەستگیر دەکرێن و بەهەموو بەڵگەیەکی تەواوەوە،لەدوای مانگێک مەلا ناسریش کەئەندامی ئەو مەفرەزەیە دەبێت دەستگیردەکرێت.

پاشماوەیەکی کەم بەدوای ئەواندا حاجی بۆ جاری دووەم دەستگیر دەکرێتەوە، لەبەرئەوە مەفرەزەی تۆڵە تووشی کارەساتی گەورە دەبێت و بە پەرەوازەیی دەمێنێتەوە.

پاشان مەفرەزەی تۆڵە پەیوەندی دەکەنەوە بەمەڵبەندی یەکەوە لەناوچەی قەرەداغ و دەست دەکەنەوە بەچالاکی لەناوشاردا، هەر بۆ هاوینەکەی ساڵی ١٩٨٦ ، حاجی بۆ جاری دووەم لەدەست فاشییەکان و بەبێ ئیعتیراف کردن و کۆڵدان، ئازاد دەبێتەوەو پەیوەندی دەکاتەوە بەمەفرەزەوەو ئەوکاتە مەفرەزەی تۆڵە ژمارەی ئەندامانی زیاد دەکات و دەکەونە ئەنجامدانی چالاکی.

لەوکاتەدا کەهێزی پێشمەرگە بەر شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمی بەعس دەکەون و کارەساتی کیمیاباران و شاڵاوی ئەنفال ڕوودەدات، مەفرەزەی تۆڵە درێژە دەدەن بەخەباتی پێشمەرگانەی ناوشار دژی ڕژێمی بەعس، چەندەها چالاکی ئەنجام دەدەن، لەڕێگای مەڵبەندی یەکەوە دەکەونە کۆکردنەوەی پیتاک و یارمەتی بۆ فریاکەوتنی هێزی پێشمەرگە.

لەساڵی ١٩٨٧ لەچالاکییەکدا، تەقەکردن لەڕەفیق عەبدوڵڵا حەسەن کەخۆفرۆشێکی کوردی حزبی بەعس بوو، لەئەنجامدا بەسەختی بریندار دەکرێت.

پاشان دەبێتە بەڵایەکی گەورە بۆ هاوڕێیان و لەم لاشەوە بەدەست تێوەردانی ئەندامێکی مەفرەزە بەناوی فەرەیدون عارف حسێن و پەیوەندی کردنی بە ڕژێمی بەعسەوە، پێنج ئەندامی مەفرەزە بە بەڵگەی تەواوە بەهاوکاری سەرانی ڕژێمی بەعس دەستگیرییان دەکەن بەم ناوانە:

-جەلال عەبدوڵڵا.

-تارق قادر محەمەد.

-کەمال مەحمود فەرەج.

-بەرهەم عومەر سەعید.

-عەلی حەمەڕەحیم.

پاشان بەئیعترافی خۆفرۆش عەبدوڵڵا حەسەن ناسراو بە عەبەی زراعە و بەلێکۆڵینەوەی تەواوی حزبی بەعسەوە، بەڵام بەبێ ئیعترافی هاوڕێیان هەموویان ئامادە دەکرێن بۆ گوللەباران کردن.

ڕژێمی بەعس بەوەشەوە نەوەستا هەموو خێزانەکانیان دەستگیر دەکات و ماڵەکانیشیان دەڕووخێنێت، بۆیە لەڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٤ لەسەعات ١٠ی سەرلەبەیانی بەئامادەبوونی چەندەها ئەفسەری ئەمن و سەرانی بەعس و خۆفرۆشانی کوردو جەماوەری شاری سلێمانی و بەزۆر ڕاکێشراوی فەرمانبەرانی دائیرەکان لەتۆڵەی تەقەکردن لەعەبەی زراعە لەو شوێنەدا گوللەباران دەکرێن و شەهیدیان دەکەن، پاشان تەرمەکانیان نادەنەوە بەکەس و کاریان و شارەوانی لەگۆڕستانی سەیوان دەیانێژن، پاشماوەیەکی کەم کەسوکاریان بەگەورەو بچووکەوە ئیعدام دەکەن و هەتا ئێستاش کەس و کاریان بێسەرو شوێنن و تەرمیان نەدۆزراوەتەوە تەنها خێزانی شەهید عەلی حەمەڕەحیم لەگەڵ دایکی شەهید تارق بەحوکمی ٩ مانگ زیندانی دەکرێن.

بەمجۆرە مەفرەزەی تۆڵە بێدەنگ دەکەن و چالاکییان دەوەستێت لەناوشاردا،

مەڵبەندی یەکیش بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران دەکەوێت و هێڵی پەیوەندی دەپچڕێت لەنێوانیاندا.

لە ١٩٨٨/١/١ پاش دوو ساڵ هێشتنەوەیان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەداو بەبێ ئیعتیراف کەمالی موهەندیس و حەمەشکور ئیعدام دەکرێن و شەهید دەبن، مەلا ناسریش بەحوکمی هەتا هەتایی بەند دەکرێت.

چەند خۆفرۆشێکیش بەسەری شۆڕەوە دەرباز دەبن و دەبنە ئەڵقە لەگوێی ڕژێمی بەعس لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا.

بەڵام چەند لاوێکی خوێن گەرم ڕزگاریان دەبێت و درێژە بەخەباتی ڕەوای گەلەکەیان دەدەن دژی ڕژێمی بەعس، هەتا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەک مەفرەزەی تۆڵە تێدەکۆشنەوەو خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕاپەڕین.

یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین سەر لەبەیانی ١٩٩١/٣/٧ پێشمەرگەی ئازاو لە خۆبردوو، ئەندامی مەفرەزەی تۆڵە ئاکۆ محەمەد عەبدوڵلا شەهید دەبێت و گیانی پاکی دەگاتە کاروانی شەهیدان.


مەفرەزەی تۆڵە لەساڵی ١٩٨٣ تا ڕاپەڕین ٩ شەهید دەبەخشێ بەخاکی کوردستان.







شەهیدانی مەفرەزەی تۆڵە



شەهیدانی مەفرەزەی تۆڵە کاتی گوللەباران کردنیان لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە
لە ٢٤/ ١٠ / ١٩٨٧

// من يقاتل بشرف يستحق المجد //

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي
ـ القسم الثاني ـ

//سري للغاية وشخصي//

العدد ٢١٢٠٨٧
التاريخ /٩/ ١٩٨٧
٢٢

الى / مديرية أمن محافظة السليمانية

م/ ارسال متهمين موقوفين

نشير كم الى كتاب منظومة استخبارات المنطقة الشرقية المرقم م٢/ق١/ ١٥٠ قادسية صدام ٢٠٧٢ في ٢٢/ايلول/ ١٩٨٧ ، نرسل اليكم المتهمين الموقوفين المدرجة اسمائهم ادناه مع نسخة مصورة من المطالعة الصادرة من المنظومة اعلاه المعنونة الى الرفيق المناضل مسؤول قيادة مكتب تنظيم الشمال ونسخة مصورة من كتاب قيادة مكتب تنظيم الشمال السري للغاية والشخصي المرقم ٥٨٧٠ في ١٧/ايلول ١٩٨٧ مع كافة الاوراق التحقيقية الخاصة بهم والامانات العائدة لهم وحسب القوائم المرفقة طياً .. يرجى الاستلام واتخاذ مايلزم على ضوء ماورد بكتاب المنظومة اعلاه .. واعلامنا .. مع التقدير ..

عميد الامن
م . م . ع لمنطقة الحكم الذاتي

اسماء المتهمين /ـ

١ـ المتهم طارق قادر محمد
٢ـ = جلال عبد الله محمد
٣ـ = كمال محمود فرج
٤ـ = بريم عمر سعيد
٥ـ = علي حمه رحيم
٦ـ المعفى عنه المدعو فريدون عارف حسين

نسخة منه الى /ـ

مديرية الامن العامة / (ش ٣) طياً صورة كتاب المنظومة اعلاه مع نسخة مصورة من المطالعة ونسخة من كتاب قيادة مكتب تنظيم الشمال

بەڵگەنامەی دەستگیرکردنی شەهیدانی مەفرەزەی تۆڵە

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن السليمانية

العدد / ش٣ش ١٢٠٨
التاريخ ٢٦/ ٩/ ١٩٨٩
٢٦/صفر/١٤١٠هـ

سري للغاية

الى: مديرية الامن العامة – ش ٣
م: طلب مواطنة

برقيتكم/ق ٤/ ٥٥٨٦٠ في ١٩٨٩/٩/١١


أن موضوع بحث طلب المواطنة باكيزه عمر سعيد من ذوي المجرم برهم عمر سعيد الذي أرسل الينا من مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي – ق ٢ بموجب كتابها سري للغاية وشخصي ٢١٢٨٧ في ١٩٨٧/٩/٢٢ مع أربعة مجرمين آخرين أحيلوا الينا من منظومة استخبارات المنطقة الشرقية مع نسخة من المطالعة الصادرة من منظومة استخبارات المنطقة الشرقية الى الرفيق المناضل علي حسن المجيد المحترم عضو القيادة القطرية ونسخة من كتاب مكتب تنظيم الشمال السكرتارية المرقم ٥٨٧٠ في ١٩٨٧/٦/١٧ حول تنفيذ حكم الأعدام بحقهم وحجز عوائلهم وهدم الدور العائدة لهم ما عدا الدور الحكومية والمؤجرة ومصادرة أموالهم المنقولة والغير منقولة لأرتباطهم بالتنظيمات الداخلية لزمرة عملاء ايران وقيامهم بخطف المواطنين من مدينة السليمانية وارسالهم الى مقر الملبند الاول للزمرة المذكورة وتنفيذهم عملية اغتيال الرفيق عبدالله موظف في دائرة زراعة السليمانية عضو في تنظيمات الحزب القائد وهو من القومية الكردية في الساعة ١٣١٥ من يوم ١٩٨٧/١٠/٢٤ تم تنفيذ حكم الاعدام رمياً بالرصاص بالمجرم المذكور والمجرمين الآخرين بصورة علنية من قبل مديريتنا وباشراف مدير أمن المحافظة انذاك وبحضور ممثلين من منظومة استخبارات المنطقة الشرقية ونائب أمين سر فرع السليمانية للحزب القائد ومدراء الدوائر الرسمية في المحافظة

( ١ ـ ٢ )

بەڵگەنامەی دەستگیرکردنی شەهیدانی مەفرەزەی تۆڵە

# ژیان و تێکۆشانی چەند ئافرەتێکی گیان بەخش لە پێناوی ژیانی منداڵەکانیاندا

# حەلاوەخان..
# لەدوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەی بەگیان بەخشینی خۆی منداڵەکانی بەپلەی بەرز پێگەیان



لەکوردستاندا زۆر کەسی گیان فیدا هەبوون کەتوانیویانە گیانی خۆیان ببەخشن لەپێناوی نیشتمانەکەیاندا، یان لەپێناوی خێزانەکەیاندا بوونەتە سووتەمەنی و قوربانی بۆ شەرەفی خۆیان و خێزانەکەیان ئێستاش زۆر دایک هەیە خۆی بێبەش دەکات لەخۆشی و شادی ژیانی ژن و مێردایەتی لەپێناوی منداڵەکانیدا، یان پیاو هەیەو هەش بووە ژیانی منداڵەکانی لا پیرۆز تر بووە تاکو بیانخاتە ژێر مەترسی بێ بەزەیی و ژێر دەستی ژنی خراپ و منداڵەکانی پەرتەوازە ببێت و خێر لەژیانی خۆشی خۆیان نەبینن، یاخود زۆر ئافرەت هەبووە لەدوای نەمانی مێردەکەی ژیانی خێزانی پێکهێناوەتەوەو منداڵەکانی نەیانتوانیوە خۆیان بە باشی دروست بکەن و دوارۆژیان ڕوون نەبووە یان نەخوێندەوار دەرچوون بەهۆی بارو زرووف و ژیانی سەختەوە، دوارۆژیان کوێر بووەتەوەو ژیانێکی ئاسوودەیان نەبینیوە.

حەلاوەخان یەکێکە لەو ژنە لێهاتووانە کەدوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەی ژیان و گیانی خۆی بەخشی لەپێناوی منداڵەکانیدا، ژیانی گەنجایەتی خۆی خستە لاوە بە نەخوێندەواری و هەناسە ساردی و داماوی خۆی توانی گیانی خۆی ببەخشێ بە ژیانی کوولە مەرگی لەنەهامەتیەکانی سالانی ١٩٦٠دا ، لەو بارو زروفە پڕ لەمەینەتیەدا توانی سەری خۆیی و منداڵەکانی بەرز ڕابگرێ و تاجی سەروەری ژنایەتی و مەردایەتی لەسەر بنێ و منداڵەکانیشی بەسەری بەرزو پلەی بەرز پێبگەیەنێ و کارێک بکەن بە خوێندەواری و پلەی بەرزی پزیشکی و ئەندازیاری و مامۆستایی هەریەکەیان لەگۆشەیەکی شاری سلێمانیدا خزمەت بەگەل و نیشتنمان و کەسوکاری خۆیان بکەن.

حەلاوەخان ئەو بڕیارەی دابووی بەهاوسەرەکەی کە لەدوای شەهیدبوونی تەنها یەک سەرین بناسێ و منداڵەکانی بەسەربەرزی پەروەردەیان بکات، کەتوانی بەرەنجی شانی خۆی و بەهەوڵ و کۆششی چەند کەسێک، کەمنداڵەکانی بریتیبوون لەدوو کوڕو دوو کچ بەبێ نازی باوک و دایکێکی هەژاری بێ دەرەتان، بێ خانوو ماڵ، هەر شەوەی لەهۆدەی ماڵێکدا ڕۆژ بکەنەوە بەبێ پێخەفی باش و بێ سوتەمەنی لەزستانداو بێ خواردن و بێ نازو نیعمەت و خۆشی ژیان کە دایکیان شەوو ڕۆژ بەڕێگای داماوی و

کرێکاری و ڕێگای کارگەی جگەرەوە، بەجێهێشتنی چوار منداڵی چوار ساڵەو پێنج ساڵە لەهۆدەی خانوویەکی چوار پێنجماڵەی سلێمانیدا، کەهەر ڕۆژو مانگ و ساڵێک لەماڵێکداو لەگەڕەکێکدا ژیانیان بەسەر بردووەو چاویان کراوەتەوە، کەمنداڵەکانی نەیانبینی لەژیاندا دەستی باوکیان بگرن و بیانبات بۆ بازاڕ یان قوتابخانە، تەنها وەکو زەڕنەقووتە چاوەڕێی دایکیان کردووە، قووتێکیان بۆ پەیدا بکات و بەخێویان بکات، ئێستا ئەم وێنەیە بخەرە پێش چاو دایکێک فریای کاسبی بکەوێ فریای ئیشکردن، فریای سەرپەرشتی، فریای خانوو گرتن، فریای جل و بەرگ کڕین بکەوێ، هەتا ئەملای گرتووە ئەولای لێبەربووە.

بۆیە منیش وەک پورێکی بەڕێزی خۆم، کەشەوو ڕۆژ بەمنداڵی لەگەڵ ئەندێشەکانیان گەورە بووم، بەپێویستمزانی سەردانی بکەم و بەسەری بکەمەوە، لەدەمی خۆی لە ئاخری تەمەنی ژیانیدا نەهامەتییەکانی بگێڕێتەوە، هەر لەهەژاری و داماوی و نەبوونی تا پەروەردەکردنی منداڵەکانی لەقوتابخانەو پێگەیاندنیان بەکەسێکی بەکەڵک، کە ئێستا ئەم کاربەدەستانەن:

*ڕەفیق بابا ڕەسوڵ – ئەندازیار لەڕێگاوبان.

*ئیسماعیل بابارەسوڵ – پزیشکی جەراح.

*سوعاد بابارەسوڵ – مامۆستا.

***دەمەوێ پێمان بڵێیت ساڵی چەند لەدایکبوویت و چەند هاوسەرگیریت کردووەو بەکێ؟**

–من ناوم حەلاوە شێخ فەرەج شێخ مارف سەرخوارییە، لەساڵی ١٩٣٧ لەگوندی سەرخوار سەر بەقەزای چوارتا لەدایکبووم، ١٩٥٦ هاوسەرگیرم کرد لەگەڵ شێخ بابا رەسوڵ دۆڵپەموویی پاشان هاتینە شاری سلێمانی و مێردەکەم بوو بەپۆلیس بەڵام لەژێرەوە ڕێکخستنی پارتی بوو، ئینجا شەوێک لەگەڵ چەند پۆلیس و حەمەجانی باوکی حاکم قادر ڕایان کرد بۆ دەرەوە، ئەمە ساڵی ١٩٦٢ بوو ئینجا بوون بە پێشمەرگە منیش ڕووم کردەوە بۆ لادێ لەدێی گوێزە ڕەش دانیشتم.

***دوای ئەو چەند ساڵە چەند منداڵتان بوو، چۆن ژیانتان بەیەکەوە بردەسەر؟**

-لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا تاکو ١٩٦٤ چوار منداڵمان بوو دوو کچ و دوو کوڕ، هێشتا ئیسماعیلی کوڕم لەسکدا بوو کەباوکی لەساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ مام جەلال جیابوونەوەو خۆیی و بابا عەلی برای و چەندەها خزم و کەس و کار دوای مام جەلال کەوتن بۆ ئێران و لەهەمەمەدان جێگیربوون.

منیش لەو ساڵەدا بەداماوی و نەبوونی و هەناسە ساردی ڕامکێشا. لەگوندی دۆڵپەموو ئیتر خوا ئیسماعیلی بەخشی، باوکی هێشتا ئیسماعیلی نەبینی بوو، ئینجا جەماعەتی مام جەلال ١٩٦٤ گەڕانەوە بۆ عیراق، بیرم دێ پانزە ڕۆژ پێش نەورۆز بوو بەفرێکی قورس باری بوو لەکوردستاندا ئەوانیش لەوکاتەدا گەڕانەوە، ئەوەبوو لەشاخەکانی ئێرانەوە هاتنەوەو هاتبوونە دێی بارێی گەورە، ئیتر پێشمەرگە لەیەک دەپچڕێ و بۆ دۆزینەوەی یەکتر تەقە دەکەن و جەماعەتێ پێشمەرگە



شێخ بابا ڕەسوڵ

بەر هەرەسی بەفر دەکەون و شێخ بابا ڕەسوڵ و شێخ بابا عەلی براشی لەوێدا بەردەکەون و لەبەر ساردی و سەرما ڕەق دەبنەوەو شەهید دەبن، ئینجا تەرمەکانیان دەهێننەوە بۆ دێی دۆڵپەموو، پاش ئەم کارەساتە هەرچی مەینەتی دنیا هەیە داباری بەسەر من و ژنی شێخ بابا عەلی دا، ئەو باشتر بوو تەنها یەک کچی هەبوو بەناوی پەروین.

***پاش ئەو کارەساتە چیت بەسەر هات؟**


-جا چیم بەسەر نەهات، ئینجا بەهۆی حزبایەتی مەلایی و جەلالییەوە لەهیچ شوێنێک جێگەم نەدەبووەوە پێیان دەوتم تۆ مێردەکەت جەلالی بوو، نابێ لەم دێیەدا دابنیشی، کەس جێگەی نەدەکردمەوە، ئینجا ناچار ڕووم کردەوە سلێمانی، بە نەبوونی و داماوی هەرچۆنێ بێ هۆدەیەکم دۆزییەوەو بەهاوکاری کەسوکارم دەژیام، بەڵام شێخ نەجمەدینی دۆڵپەموویی شووبرام زۆر باشبوو بۆمان، ئەویش زۆر نەیدەپەرژا، هەتا هەم مەمنوونیم، ئینجا بەنان کردنی ماڵان و ئیشکردن بە داماوی ڕامکێشا هەتا ساڵی ١٩٦٦ بەهاوکاری بەهییەخان وەکو یەکێتی ژنانی ئەو سەردەمەو چەند ژنێکی لێهاتووی تر دایانمەزراندم لەکارگەی جگەرەکە مانگی بە ١٠ دیناری ئەوکاتە، هەرچەندە هیچ نەبوو بەڵام ئاهێکم پیا هات، ئینجا وەرە چوار منداڵی بچووک جێبهێڵە لەبەیانی زووەوە هەتا ئێوارە، خوایە خەمی ئیش بخۆم خەمی منداڵ بخۆم بەسەرما بەگەرما نان پەیدا بکەم جێیان بهێڵم بەداماوی و نەبوونی زۆرجار هەبوو لەیەک هەفتەدا دوو ماڵم کردووە، کەس جێی نەدەکردمەوە لەهیچ شوێنێکدا، دەمێک لەئازادی، دەمێک لەمەڵکەندی ئینجا بارم دەکرد بۆ خەبات هەمدیسانەوە بۆ مەڵکەندی ببووم بە تەتەر لەناو شاردا، گەڕەک و ماڵ نەبوو من نەناسێ، بەڵام هەر کۆڵم نەدا لەپێناوی منداڵەکاندا، چەندەها شەوم ڕۆژ کردۆتەوە بە برسییەتی، منداڵەکانم لەتاوی سەرما هەر مردبوون، چونکە ئاگر نەبوو لەماڵما، ئینجا ڕامکێشا تا ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار مەلایی و جەلالی ڕێککەوتن، ئیتر منیش هەر لەگەڵ یەکێتی ژنانی ئەو سەردەمە بووم، مێردەکەمیان بەشەهید حساب کردوو خانەنشینیان بۆ بڕییەوەو خۆشم ئیشم دەکرد، هەر لەکارگەی جگەرەکە بووم، ووردە ووردە ژیانم بەرەو باشی دەڕۆیشت و منداڵەکانیش بەرەو گەورەبوون دەڕۆیشتن، خستبوومنە مەکتەب و کچە گەورەکەم نەیتوانی بخوێنێ بەهۆی بەخێوکردن و سەرپەرشتیاری منداڵەکانەوە، کوڕە گەورەکەشم بەدەم خوێندنەوە کاسپی سەرپێی دەکرد بەکۆڵانەکاندا، تا ساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵێک خانوو کرا لەگەڕەکی ئازادی بۆ شەهیدان، منیش بەهەزار شەڕەشەق و واستەو قسە لەڕوودان

دوو خانووم وەرگرت بەهاوکاری خزمان لەو خانووانە یەک بۆ خۆم و یەک بۆ ماڵی شێخ بابا عەلی شوبرام، ئیتر چوومە خانووی خۆمەوە بەتەواوی ژیانمان گۆڕاو بەرەو باشی دەڕۆیشتین، ساڵانمان هێناو برد منداڵەکان لەقوتابخانەداو ئەوانیش بۆ خۆیان زیرەک بوون بەتایبەتی ئیسماعیلی کوڕم، ماشەڵڵا ئەوەندە زیرەک بوو هەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچوو تا گەیشتە ناوەندی و ئامادەیی هەموو ساڵێک مەعفو دەبوو سەری ساڵ ئیمتیحانی نەدەدا، منیش بەهۆی گەورەبوونی منداڵەکان باری مادیمان زۆر باشبوو پاش چەند ساڵێک خانوویەکی ترم کردو پارچە زەوییەکم وەرگرت لەسەرچنارو ئەویشمان کرد بەخانوو بەتەواوی باری ژیانم گۆڕاو بەرگی هەژاری و نەبوونیم فڕێدا، کەوتمە خێرو خۆشییەوە، بەڵام لەخۆم بایی نەبووم و تا ئەمرم هەژاریم لەپێش چاوەو ئێستا خۆم یارمەتی هەژاران دەدەم.


***بەکورتی باسی ژیانی ئەم دواییەم بۆ بکە لەگەڵ منداڵەکانت؟**

–کوڕە گەورەکەم لەخوا بەزیاد بێت مەکتەبی تەواو کردووەو ئێستا ئەندازیارەو ئیسماعیلی کوڕیشم دکتۆرەو سوعادیش مامۆستایە، کچە گەورەکەشم خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیەتی باری ژیانی باشە، با ئەوەشم بیر نەچێ ڕەفیقی کوڕم پەروینی کچی شێخ بابا عەلی کەمامی منداڵەکانمە ئێستا خێزانیەتی و سێ منداڵی جوانیان هەیە، دکتۆر ئیسماعیلیش دکتۆرە جوانە عەسکەری خێزانیەتی و سێ کوڕیان هەیە، ئێستا گوزەرانم زۆر باشەو لەگەڵ سوعادی کچما ماڵ و حاڵێکی گەورەو باشمان هەیە زۆر بەخۆشی لەگەڵ منداڵەکان دەژیم ڕێزێکی زۆرم لێدەگرن و منیش ڕووم کردۆتە ماڵی خواو فەرزی حەجم بەجێهێناوەو زۆر مەمنوونی خوای گەورەم کەیارمەتی دام و توانیم لەو هەموو نەهامەتییو داماوی و هەژارییە منداڵەکانم بە پلەی بەرز پێبگەینم و ئێستا هەموویان خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆیانن و خۆشم ئێستا وەکو ژنێکی دەست و دڵفراوان بۆ هەژاران تێدەکۆشم و دەستیان دەگرم.

***ئەم نووسینە لەگۆڤاری شەهید ژمارە (٣٨) دا بڵاوکراوەتەوە.**



رەئووف شێخ جەمیل حەلاوەخان پوری خۆشەویستم



دکتۆر ئیسماعیل بابا رەسوڵ رەئووف شێخ جەمیل


# (خەجە کوردە) دایکی شەهید شوان
# ئەو دایکە تێکۆشەرەی تا ئێستاش
# کوردایەتی دەکات



ئافرەتێکی تێکۆشەری چاونەترس ناسراو بە خەجە کوردە لەساڵی ١٩٣٢ لەگەڕەکی حاجی حان لەدایکبووە، ناسراون بەخێزانی خوولە سنەیی شەربەتچی، هەر لەشاری سلێمانی گەورە دەبێت، تا ساڵی ١٩٤٨ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەحمەد سەعید دەکات کەخەڵکی شاری کەرکوک دەبێت، بۆیە ئەمیش دەڕوا بۆ شاری کەرکوک، لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی نائب زابت دەبێت لەسوپای ئەوسای عیراق پەیوەندیشی لەگەڵ حزبی شیوعی دا دەبێت، لەسەردەمی حوکمی بەعسییەکاندا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەسەر شیوعییەت بەند دەکرێت، پاشان دوای پێنج ساڵ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەبێت، دواتر بەماڵو خێزانەوە نەفی دەکرێت بۆ بەسرە، تا ماوەیەکی زۆر هەر لەوێ دەبن، کاتێ دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوک خەجە کوردە پەیوەندی دەکات بە یەکێتی ژنانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ چەند ژنی بەناوبانگی شاری کەرکوکدا بەم ناوانە: ئەجە گوڵ و سەکینە سوورو چەند ژنێکی تر تێدەکۆشن و هەمیشە لەکاردا دەبن بۆ گوێزانەوەی ئازووقەو دەرمان و چەکی بچووک و هێنان و بردنی پێشمەرگە.

پاشان لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا خۆیان ئاشکرا دەکەن و خەجە کوردە بەماڵەوە دێنەوە بۆ سلێمانی، ١٩٧٤ کاتێ ڕێکەوتن هەڵدەوەشێتەوە بەماڵ و منداڵەوە دەڕۆنە شاخ، دوای ئاشبەتاڵ وەکو زۆربەی ئەو خەڵکە دێنەوە بەردەستی ڕژێم لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا حەوت کچ و دوو کوڕی دەبێت کوڕەکان بەناوی شوانەو محەمەد.

شوانە لەساڵی ١٩٥٧ لەدایک دەبێ و محەمەدیش ١٩٧٢، کاتێ شۆڕشی نوێ دەستپێدەکات، شوانە لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنی ناوشارەوە کەسێکی تێکۆشەر دەبێت، شەوو ڕۆژ دەخاتە سەریەک بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ڕێکخستن، خەجەی دایکیشی لەبەرخاتری شوانەی کوڕی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان وەک ئافرەتێکی کارامەو لێهاتوو بەشدار دەبێت بۆ هەموو جۆرە کارێک، هەمیشە ماڵەکەی جێگەی پشودانی پێشمەرگە دەبێت، شوێنی نهێنی ڕێکخستن دەبێ و زۆربەی کۆبوونەوەکان لەماڵی ئەوان دەکرێت، شوانە ئەوکاتە خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی دەبێت لە کەرکوک



شەهید شوان

و تێکۆشەرێکی لێهاتوو بووە لەناو ڕێکخستنەکان، پوورزایەکی بەناوی ئاسۆی عەبەی بارام کە پێشتر پێشمەرگە بوون لەشاخ لەگەڵ خۆفرۆش ئاسۆی قومری، پاشان ئاسۆی قومری ڕوودەکاتەوە ناوشارو دەبێتە یەکەم خۆفرۆش و چڵکاو خۆری ڕژێمی بەعس، هەر کەسێکی گومانلێکراوی بەدی بکردایەو بیزانییایە ڕۆژێک پێشمەرگە بووە یان خزمەتی کوردی کردووە ئەو دژی دەوەستایەوەو تووشی ئازارو چەرمەسەری دەکرد، یان بەئارەزووی خۆی شەهیدی دەکردو دەستی گڵاوی خۆی پێ سوور دەکرد.

ڕۆژێ ئاسۆی عەبەی بارام بەنهێنی ڕوودەکاتەوە شارو بەبێ خۆ ئاشکراکردن لەڕژێمی بەعس، لەگەڵ شوانەی پوورزای واتە شوانەی خەجە کوردە بەیەکەوە دەبن لەگەڕەکی عەقاری، ئاسۆی قومری خۆفرۆش دەیانبینێ و ئاسۆی عەبەی بارامیش دەزانێ ئاسۆی قومری چ جاسوس و خۆفرۆشێکە ڕادەکات و خۆی لێ وون دەکات، ئاسۆی خۆفرۆشیش ڕوودەکاتە شوانەو دەڵێ ئێستا ئاسۆ لەگەڵتا بوو چی لێهات، ئەویش دەڵێ نازانم، دەڵێ بۆ کوێ ڕایکرد تۆ دەزانی، دەمیان لەیەک دەگیرێ و شوانەش مەردانەو چاونەترسانە دەڵێ لەبەر جاسووس و جەردەیەکی وەکو تۆ ڕۆی، ئاسۆی قومری خۆفرۆشیش هەر لەویادا شوانەی خەجە کوردە شەهید دەکات.

لەڕێکەوتی ١٩٨٢/٢/١٨ لەوێدا خوێنی سووری شوانە تێکەڵ بەدەنگی

ئازادیخوازانی کوردستان دەبێت و دەستی ڕەشی گڵاوی ئاسۆی قومریش سوور دەبێت و مۆری خۆفرۆشی و چڵکاو خۆری وەک چەندەها جاری تر دەنێت بەناوچەوانی خۆیەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە خەجە کوردە دەبێتە دایکی شەهید شوان و بڕیار دەدات لەجێگەی کوڕەکەی خەبات بکات و ئەوەی لەدەستی بێت بیکات بەرامبەر ڕژێمی بەعس و خۆفرۆشان، ئەم ئافرەتە هەمیشە دەوری دایکی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ماکسیم گۆرکی دەبینێت، هەرچەندە خوێندەواری نابێت، بەڵام ئەوەندە تێکۆشەر دەبێت، تەنانەت ماڵەکەی هەمیشە جێگای پێشمەرگە دەبێت و زۆربەی جار هاوڕێکانی شەهید شوان لەدوای شەهیدبوونیشی هەر لەوێ کۆبوونەوە دەکەن، خەجە کوردە یەکێک دەبێت لەخەباتکەرانی ژنانی شارو چاو نەترسانە پێیەکی لەشارو پێیەکی لەشاخ دەبێت.

لەساڵی ١٩٨٦ کادرێکی یەکێتی نیشتمانی بەناوی جەلال شارەزووری بەنهێنی ڕوو دەکاتەوە شار بۆ نەشتەرگەری، خەجە کوردە ڕادەسپێرن بۆ ئەو کارە، هەر لەوکاتەدا وەکو تێکۆشەرێک سەیری ئەو کادرە دەکات کچەکەی خۆی کەناوی کوردستان دەبێت دەڵێت ئەوا من کوردستانم پێشکەش کردی، تۆش وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز کوردستان ڕزگار بکە، ئەوەندە بەواتاوە قسە دەکات جەلال شارەزووری دڵی زۆر خۆش دەبێت و قبووڵی دەکات و کوردستان دەکاتە هاوسەری خۆی و پاشان کوڕێکیان دەبێت بەناوی پاڤێڵ بەداخەوە لەکیمیابارانەکەی شانەخسێ جەلال شارەزووری شەهید دەبێ و گیانی پاکی دەگاتە ڕیزی شەهیدانی کوردستان و هەرچی ناسۆری ژیان هەیە جێی دەهێڵێ بۆ کوردستانی هاوسەری، بەڵام خەجە کوردە بەسنگ فراوانییەوە باوەشیان بۆ دەکاتەوەو هەردووکیان دەگرێتەوە خۆی، ئێستا کوردستان و پاڤێڵ لەسویسرا دەژین.

خەجە کوردە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی سلێمانی یەکەم ژن دەبێت دێتە دەرەوەو بانگەواز دەکات بۆ ڕاپەڕین ، گەنجان و خەڵکی شار شاهیدی ئەم ئافرەتەن.
تەحسین قادر بەرزنجی دەڵێت:

کاتێک چاوم کردەوە لەئەمنە سوورەکە ئافرەتێکی سەر سپیم بینی بەدەنگی

بەرز هاواری دەکرد کورد ڕزگاری بوو، پاشان بۆم دەرکەوت خەجە کوردە بوو خۆی گەیاندە ناو بەندییەکان، هەر ئەو ڕۆژە بەدەستی خۆی سێ فەردە ئەوراق و بەڵگەنامەی تەسلیم بەهێزی پێشمەرگە کردبوو، لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکە کەچۆکی دادا بەڕژێمی بەعس، شارەکانی کوردستان کەوتنە دەستی کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگە ئەوکاتە کەبەرەی کوردستانی بوو، بڕیاریان دەرکردبوو هەموو کەسێک بەیەک چاو سەیر بکرێت، واتە جاش و پێشمەرگە وەک یەک بن، پێشمەرگە بەو هەموو تێکۆشان و دەربەدەری و ماڵ وێرانییەوە لەپێناوی ڕزگاری خاکی کوردستاندا لەگەڵ خۆفرۆشێکی چڵکاوخۆری ئەڵقە لەگوێی ڕژێمدا کەبەدوای خوێن ڕشتنی پێشمەرگەو ماڵ وێرانکردنی خێزان و کەسوکاریانەوە بوون‌و بەدوای کەشفکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە بوون، تاکو دیاری دەستی خۆیان پێشکەش ڕژێمی بەعس بکەن، لەپێناوی پول و پارەو سەرمایە کۆکردنەوەدا خۆیان و شەرەفی خۆیان دەفرۆشت، بەکورتی دەبێ چاو لەهەموو شتێک بپۆشرێت بەڵام خەیاڵی ئەوەیان نەبوو کەنابێ خوێنی پێشمەرگە بەزایە بڕوات، هەر لەو بارودۆخە سەختەدا کەهێشتا پاشماوەی بەعس لەناودا مابوو، بۆیە بۆ جاری دووەم و سێیەم ڕاپەڕین هەر بەردەوام بوو، لە ١٩٩١/١٠/٨ ڕیشەی ڕژێمی بەعس بە یەکجاری هەڵکەنرا لەکوردستاندا بەپشتی جەماوەری ڕاپەڕیوو هێزی پێشمەرگە هەر لەوکاتەدا چەندەها خۆفرۆش دەیانوویست گیانی خۆیان دەرکەن و ڕووەو بەغدا بڕۆن و بڕۆنە باوەشی حزبی بەعسی فاشیست بەمەبەستی ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان دەرفەتێکی تریان بۆ هەڵبکەوێ بکەونەوە جاسووسی بۆ ڕژێمی بەعس و هەر ئەڵقە لەگوێکەی جاران بن، لەوکاتەدا بۆ سەندنی تۆڵەی شەهیدان و ئاسوودەبوونی خێزانی شەهیدان.

چەند پێشمەرگەیەکی ناوشار لەچالاکیەکدا تووشی کارەساتێکی گەورە هاتن و ناچار بوون خۆیان بپارێزن، دەتوانم بڵێم کەس نەیدەگرتنە خۆیان تەنانەت لێپرسراوەکانیش، بۆیە لەلایەن چەند دڵسۆزێکەوە بەخەجە کوردە دەڵێن و مەسەلەکەی تێدەگەیەنن، ئەویش وەک ژنێکی لێهاتوو دەڵێ شوێنەکەیانم پێ بڵێن، لەگەڵ چەند دڵسۆزێکی تر دەڕواتە لایان و پێیان دەڵێت خۆتان

کۆکەنەوەو وەرن لەگەڵما هەر بەوشەوە دەیانبات بۆ ماڵی خۆیان.

ئەوکاتە ماڵیان لەخوار سانەوی ڕۆشنبیرەوە دەبێت و دەیانباتە قاتی سەرەوەو هەموو پێداویستییەکیان بۆ ئامادە دەکات، پێیان دەڵێت خەمی هیچ شتێکتان نەبێت ئێوە لەسەر تۆڵەی شەهیدان و چەندەها شەهیدی وەکو کوڕەکەی من گیانی خۆتان فیدا کردووە، هەتا من مابم نایەڵم تووشی ناخۆشی ببن و خۆشم کێشەکەتان بۆ جێبەجێ دەکەم.


ماوەی سێ چوار مانگ زیاتر داڵدەی ئەو دوو پێشمەرگەیە دەدات و هەموو ڕۆژێ خزمەتێکی زۆریان دەکات، لەوکاتی قات و قڕی و گرانییەدا خەجە بەدەست و دڵێکی فراوانەوە پێشوازییان لێدەکات، پاشان ئیشەکەشیان بۆ جێبەجێ دەکات، ئێستاش ئەو چەند کەسە وەکو یەک خێزانیان لێهاتووەو پێیان لەخەجە کوردە نەبڕیوە.

پاشان لەساڵی ١٩٩٨ خەجەو محەمەدی کوڕی رودەکەنە وڵاتی سویدو لەوێ نیشتەجێ دەبن، لەوێش چەندەها پێشمەرگەی وەڕس بوو لەژیانی کوردستان کەڕوو دەکەنە وڵاتانی سویدو نەرویج.

محەمەدی خەجیج یارمەتیان دەدات و دەڵێ ئەمانە هیچ نەبێ خزمەتێکی کوردو کوردستانیان کردووە، ئێستا خەجە کوردە لەنێوانی کوردستان و سویددا ژیان دەباتە سەر.

بەڵام حەیف هەزار حەیف پیربووەو توانای هیچی نەماوەو چاوەڕوانی کۆتایی تەمەنە، هەزار سڵاو بۆ خەجە کوردەو هەموو ئافرەتانی ئازاو لێهاتووی وەکو خەجە لەکوردستاندا.

***ئەم نووسینە لەگۆڤاری شەهید ژمارە (٣٩) بەبێ ناوی خۆم بڵاوکراوەتەوە.**



خەجە کوردە رەئووف شێخ جەمیل -ماڵی خۆمان-



رەئووف شێخ جەمیل حەمەی خەجە کوردە -سوید-

# دوو دایکی
# کۆڵنەدەرو دڵسۆز

لەگۆڤاری شەهید ژمارە ٣٨و ٣٩ دەربارەی دوو شێرەژنی شارەکەمانم نووسی، حەلاوەخان و خەجە کوردە کەلەدوای شەهیدبوون‌و کۆچی دوایی هاوسەرەکانیان، چاکی ژنایەتی‌و مەردایەتیان لێهەڵماڵی‌و بەڕەنجی شانی خۆیان مناڵەکانیان پێگەیان‌و بەپلەی بەرز خوێندنیان تەواوکرد، جگە لەخەباتی سیاسی خۆیان کەبەشدارییان کردووە لەگەڵ یەکێتی ژناندا.

ئێستاش بەهۆی ئەم زرووفە ناهەموارەوە کەبەسەر کوردستاندا هاتووە لەلایەن دوژمنانی گەلەکەمانەوە چ دەرەکی‌و چ ناوەکی، بۆیە زۆربەی گۆڤارەکانی گرتەوەو دەرگاکانیان داخران‌و توانای ئەوەیان نەبوو بیانبەن بەڕێوەو گۆڤاری شەهیدیشی گرتەوەو دەرکی ئەویش داخرا.

لەبەرئەوە منیش چیرۆکی ئەم دوو شێرەژنەو تراژیدیای دوو خێزانی تری ئەم شارە دەخەمە بەردیدەی خوێنەران لەگۆڤاری سلێمانی خۆشەویستدا.

ئەم دوو خێزانە مەگەر تەنها خۆیان بتوانن بەچاوی ئەسرین‌و دڵی پڕ گریانەوە بەسەرهات‌و ژیانیان بگێڕنەوە هەر لەمنداڵییەوە تا گەورەبوون‌و گەیشتوون بەژیانی ئاسوودەیی خۆیان، بەسەرهاتی ئەم دوو خێزانە تاکو ڕادەیەکی زۆر خۆم لێیان نزیک بووم‌و ئاگاداری ژیانیان بووم، ئەتوانم بڵێم تەنها من دەزانم چیان بەسەرهاتووەو تراژیدیای ژیانی کولەمەرگی ئەم دوو خێزانە بنووسمەوە، وەکو ئەوەیە بڵێن گوڵێکی بەر زریان‌و تۆف‌و باران‌و ڕەشەباو وەیشوومەی زستانی سەخت، هەرچۆنێک بێت بەرگە بگرێ‌و پاشان لەوەرزی بەهاردا خۆی بگرێتەوەو ئاڵ‌و جوان بگەشێتەوەو جوانی خۆی ببەخشێ بەسروشت.



فاتمە ئەحمەد قادر

## چیرۆکی خێزانی یەکەم

فاتمە ئەحمەد قادر، کەخێزانی ئەحمەد قادرە، ڕەنگە خوێنەر سەری سوڕبمێنێ لەم دوو ناوە، چونکە فاتمە باوکی ناوی ئەحمەد قادرەو هاوسەرەکەشی هەر ناوی ئەحمەد قادرە.

ساڵی ١٩٧٤ گەرمەی شەڕی نێوان کوردو ڕژێمی بەعس بوو، ئەوکاتە من لەپۆلی پێنجی سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی مەڵکەندی، بیرم دێ وەرزی پایز بوو، وەکو ڕۆژانی تر بەیانییەک بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوتم کەنزیک دەرگای قوتابخانە بوومەوە سەیرمکرد قەرەباڵغییەک دیارە لەوسەری کۆڵانی

قوتابخانەکەمانەوە لای خانەکەی یەحیا ئەفەندی بەرامبەر نەخۆشخانەی سوتاوییەکەی ئێستا، منیش بەرەو قەرەباڵغییەکە رۆیشتم، چەند خوێندکارێکی هاوڕێشم لەوێ وەستابوون، پرسیارمکرد وتیان ئەو پۆلیسانە کەعەرەب بوون پیاوێکیان کوشتووە، منیش زیاتر لەڕووداوەکە نزیک بوومەوە خۆم کرد بەخانەکەی یەحیا ئەفەندیدا سەیرمکرد تەرمی پیاوێک لەسەر زەوییەکە ڕاکێشراوەو بەجامانەکەی سەری خۆی دایان پۆشیووەو منداڵێک کە لەتەمەنی خۆما بوو جامانایەک بەسەریەوە بوو بەلایەوە وەستاوەو دەگریا، گوێدرێژەکەشیان بە برینداری لەسەر زەوییەکە کەوتبوو لەگەڵ دوو گوێنی گوێیژ، لەوەدەچوون خەڵکی گوندێکی دوورە دەستبن، نەشارەزاییان پێوە دیاربوو خەڵکی ئەم شارەیان نەدەناسیو تەنها بۆ بژێویو کولەمەرگی ژیانی خۆیانو خێزانیان دوو گوێنی گوێیژی ئەو شاخانەیان پەیداکردبێو بەناو ئەو شەڕو ئاخۆرانو پخۆرانەدا ڕێگەیان گرتبێتەبەرو بەهیوای فرۆشتنی ئەو برە گۆیژەو بەدەستخستنی پولو پارەیەکی کەم بنو بیدەن بەهەندێ شەکرو چاو پێویستییەکی کەمو بگەڕێنەوە بۆ ناو خێزانەکەیان، بەڵام دەستی زۆردارو بەڵای ناگەهانی کورد نەیهێشت ئەو باوکو کوڕە ئاواتیان بێنێتەدیو لەناوشاری پڕ مەترسیو وەیشومەو داگیرکاری بەعسی خوێنڕێژ بەر دەستڕێژی گوللەیان دانو جوتیارێکی ماندوو لێقەوماوی دەستی ڕۆژگاریان شەهیدکردو خێزانێکی ڕەشو ڕووتیان بێ باوک کردن ژیانی پڕ چەرمەسەرییان بەیەکجاری نغرۆکردن.

ڕۆژگار ڕۆییو شەڕی بێ وێنەی نێوان کوردو ڕژێمی بەغدا بەپیلانی ئێرانو جەزائیر شۆڕشی کوردیان دامرانەوەو کارەساتی ئاشبەتاڵی پشت شکێنی کوردی لێکەوتەوەو ئاگری ئەو شۆڕشە گەورەیە تەنها بەوتەی ئاشبەتاڵ دامرایەوەو میللەتی کوردی پێ سەرگەردان کرا.

لەگەڵ هاتنەخوارەوەو تەسلیم بوونەوەی هێزی پێشمەرگەو گەڕانەوەی ماڵو منداڵی پێشمەرگەو خەڵکی هەڵاتووی دەستی ڕژێمی بەعس، یەکێک لەو ماڵانەی کەڕوویان کردە شاری سلێمانی ماڵو منداڵی شەهید ئەحمەد قادر بوو.

بۆ ساڵی دوایی من دەرچووم بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، ڕۆژێ لە کۆڵانێکی خوار ماڵی خۆمانەوە وەستابووم کەسەیرمکرد ئەو کوڕە وەستاوە کەپار تەقەیان لێکراو باوکیان شەهیدکرد، منیش پرسیارم لێکرد وتم: تۆ ناوت چییە؟ وتی: ناوم عەبدوڵلایە، وتم: تۆ ساڵی پار لەگەڵ باوکتا نەبووی تەقەیان لێکردن باوکت شەهید کرا، وتی: بەڵێ وابوو، وتم: ئەی ئێستا چی ئەکەن لێرە؟ وتی: دایکم لەدوای ئاشبەتاڵ ئێمەی هێنا بۆ شارو ئیتر ناڕۆینەوە، ئێمە خەڵکی گوندی (بەرگورد)ین لەسەفرەو زەروون سەر بەناحیەی ماوەت، ئێمە پێنج براو خوشکێکین.

کاتێک سەیرم کرد هۆدەیەکیان بەکرێ گرتووە، ئەتوانم بڵێم لەو گەڕەکەی ئەوسای ئێمەدا ماڵی ئاوا ناخۆش‌و گڵ‌و تەپیوی تیا نەبوو، لەبەر بێ دەرامەتی ئەو خێزانە بەو ماڵە ڕازی ببوون.

پاشان وردە وردە یەکترمان ناسی و دوو برای تریشیانم ناسی بەناوی حەمەسەعیدو عەلی، بەڵام براکانی تری زۆر مناڵ بوون، بڕوا ناکەم لەو خێزانە هەژارتر بووبێ، چونکە دایکێکی نەخوێندەواری غەریب خەڵکی ناوچەیەکی گوندنشین، نەشارەزا لەهەڵسوکەوتی ژیانی شار، بارێکی گران بەسەرشانیەوە، شەش مناڵی یەک ساڵ بۆ چواردە ساڵ، کە گەورەکەیان عەبدوڵلا بوو هیچ شتێکی نەدەزانی.

پاشان لە گەڕەکی ئێمە ڕۆیشتن، بەڵام وێنەی ئەو خێزانەم هەر لەبەرچاو بوو کەچەند هەژارو بەدبەخت بوون.

دوای چەند ساڵێک عەبدوڵلام بینییەوە، لەبەر هەژاری‌و نەخوێندەواری‌و نەبوونی خۆیی‌و خێزانەکەی بە کەناسی شارەوانی دامەزرابوو بەمووچەیەکی کەم، حەمەسەعیدو عەلیش ڕۆیشتنە قوتابخانە، بەڵام دوو خوێندکاری زۆر هەژارو بێدەرامەت، لەبەر کەمدەستی خێزانەکەیان نەیاندەتوانی وەکو خوێندکارانی شار ژیان بەرنەسەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زیرەک بوون، وردە وردە قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندییان تەواوکردو چوونە قۆناغی ئامادەییەوە.


لەدوای ساڵی ٢٠١٠ عەلیم بینییەوە دوای هەواڵپرسین، وتم: نامناسیتەوە،

وتی: نەخێر، منیش خۆم پێناساندەوە، وتم: ئێستا ژیانتان چۆنە؟ بەشانازییەوە، وتی: هەتاماوین من‌و براکانم مەمنونی هیمەتی ئەو دایکە خەمخۆرەمانین، کەدەست بەردارمان نەبوو، بەو هەموو نەبوونی‌و هەژاری‌و دەست کورتییەوە کۆڵی نەداو ئێمەی پێگەیان‌و قۆناغەکانی خوێندنی پێ تەواوکردین.

ئێستا عەبدوڵڵای برام خاوەنی خێزان‌و منالی خۆیەتی‌و حەمەسەعیدی براشم دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندن دەرچووی زانکۆیە بەشی ئیدارەو ئیقتیصادی تەواوکردووە، باکۆی براشم دەرچووی هونەرە جوانەکانە بەشی شانۆی تەواوکردووە، ئێستا لەوڵاتی هۆڵەندا دەژی، شۆڕشی براشم دەرچووی ئامادەییە، خۆشم یاریدەدەری پزیشکم لەنەخۆشخانەی ئازادی، خاوەنی ماڵ‌و خێزانی خۆمم‌و باری ژیانم زۆر باشە، وتی: بەڵام بەداخەوە ئەو دایکەی کەهەموو ژیانی گەنجی‌و خۆشی و ناخۆشی خۆی بەخشی بەئێمەو توانی هەر شەش منداڵەکەی بەسەری بەرزەوە پەروەردە بکات، ساڵی ٢٠٠٩ ماڵئاوایی لەژیان کردو ئێمەی جێهێشت، هەزار سڵاوو درووود لەگۆڕی پاکی.

ئێستا دکتۆر عەلی لەنەخۆشخانەی ئازادییەو کەسێکی خزمەتکەرو لەخۆبردوو، هەرکەسێک بڕواتە لای بەدەستو دڵێکی فراوانەوە پێشوازی لێدەکات‌و خۆی بەبچووکی هەموو کەسێک دەزانێ، بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت‌و کارەکانی جێبەجێ دەکات.

منیش ئەڵێم هەزار درووود بۆ گۆڕی پاکی باوکیان کە لەپێناوی بژێوی‌و ژیانی منالەکانیا بەدەستی چەند خوێنڕێژێک شەهید کراو هەناسەی ساردوو مەینەتییەکانی ژیانی جێهێشت بۆ هاوسەرەکەی، هەزار سڵاو بۆ گۆڕی ئەو دایکە لێهاتووە کەچاکی مەردایەتی لێهەڵماڵی‌و توانی بەو هەموو نەبوونی‌و هەژارییەوە منداڵەکانی پێبگەیەنێ‌و بەپلەی بەرز هەموویان بخاتەسەر ڕێی ڕاست، ئەم دایکەو هەزاران دایکی ئاوا، پێویستە وەک داستان بنووسرێنەوەو بەشانازییەوە باسیان بکرێ‌و تاجی سەروەرییان بخەینەسەرو مێژووی ژیانیان بنەخشێنین.



حەمەسەعید ئەحمەد، فاتمە ئەحمەدی دایکیان، عەلی ئەحمەد



کوڕەکانی شەهید ئەحمەد قادر

شۆڕش ، عەلی ، حەمەسەعید، عەبدوڵڵا ، باکۆ



دکتۆر عەلی ، ڕەئووف شێخ جەمیل



باکۆ ئەحمەد قادر - هۆڵەندا -



کاڵێ عەبدولڕەحمان

## چیرۆکی خێزانی دووەم

کاڵێ عەبدولڕەحمانو سێ کوڕە منداڵەکەیو هاوسەرەکەی عومەر ئەحمەد حەمەئەمین، کاک عومەر لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ لەشاری سلێمانی پیشەی کرێکار بوو، لەدوای چەند ساڵ کرێکاریو ئیشکردن بەڕەنجی شانی خۆی لە گەڕەکی مەڵکەندی پشتی مزگەوتی حاجی مەلا شەریف، واتا سێ ماڵ


شەهید عومەر ئەحمەد حەمەئەمین

لەولا ماڵی ئێمەوە، خانوویەکی گڵی دوو هۆدەیی هەشتا مەتری کرێو جێگای خۆییو منداڵەکانی تیاکردەوە، هەتا ساڵی ١٩٨٨ کەئەنفالە بەدناوەکەی کوردستان دەستیپێکرد لەناوچەی قەرەداغ برایەکی لەوێ ئەبێت، کاک عومەریش دەڕوات بەهانای براکەیەوە کە ڕزگاری بکات لەدەستی جاشو ئەنفالچییەکانی بەعس، بەڵام بەپێچەوانەوە براکەی ڕزگاری دەبێو خۆی بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێو بێسەرو شوێن دەکرێ.

لەدوای ئەو هەرچی مەینەتیو گازندەی ژیان هەیە بۆ کاڵێی بەشمەینەت جێدەمێنێ بەسێ منداڵی بچکۆلەوە کەتەمەنیان سەروەر چوار ساڵو سەردار سێ ساڵ، سامان هەشت مانگ دەبن، کاڵێ بەو سێ منداڵە وردەوە شان دەداتە بەر ژیانی پڕ مەینەت، هەتا حکومەتی بەعس لەسەر حوکم بوو نەشی دەوێرا لای کەس بڵێ هاوسەرەکەم ئەنفالە.

کاڵێی نەخوێندەوارو ژنی ماڵ، نەیدەزانی فریای چی بکەوێ، فریای کارکردن بۆ بژێوی خۆیان یان بەخێوکردنی منداڵەکان، ئەوەی باشبوو کرێی خانووی نەدەدا، تەنها ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی کەوتبووە ئەستۆ، هەرچەندە لەگەڕەکێکی زۆر باشو خێرخوادا بوو، خەڵکی چاوی بەزەییو دەستی یارمەتیان بۆیان هەبوو، بەڵام هیچی بەیەک ڕۆژی ئیشی بێمنەتی هاوسەرەکەی نەدەبوو، لەملاشەوە هەر باشبوو هەموو دراوسێییەک کاڵێو منداڵەکانی بەهی خۆی دەزانیو ڕێزی تەواویان دەگیرا، سەرباری ئەم هەموو مەینەتیە ڕاپەڕینی گەلی کورد دەستی پێکردو ئابلۆقەی ئابووری لەسەر



دکتۆر سامان عومەر ئەحمەد

عێراقو کوردستان چەند ساڵێکی خایاند، ئینجا وەرە بەو هەموو نەبوونیو بێ دەرامەتییەوە کاڵێی بەشمەینەت بەسێ منداڵی وردەوە ژیان چۆن بباتەسەر، باری ناچاری خۆی کەوتە کارکردنو بوو بەکارگوزار لەعیادەی دکتۆرێکداو چەند سەعاتێک دوور لەمنداڵەکانی.

پاش چەند ساڵێک ئینجا منالەکانی خستە بەر خوێندنو ئەوەندەی تر باری ژیانی گران بوو، لەدوای چەند ساڵێک کوڕە گەورەکەی تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندو دەستبەرداری قوتابخانە بوو، لەتەمەنی ١٣ ساڵیەوە کەوتە ئیشکردن بەپارەیەکی کەم بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان، لەدوای سێ ساڵ کوڕی دووەمی لەپۆلی سێیەمی ناوەندی دەستبەرداری خوێندن بوو، چونکە دایکیان تووشی نەخۆشی بوو نەیتوانی ئیش بکات.

کوڕی سێیەمیان لەوان منداڵتر ڕێگای خوێندن بەرنادات و بەردەوام دەبێت و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بەپلەی بەرز تەواو دەکات، لەبەر بەرزی نمرەکانی لەزانکۆ وەردەگیرێت بەشی (طب العام)، ساڵی ٢٠١٢ بەپلەی نایاب دەردەچێ، ئێستا پزیشکە و لەنەخۆشخانەی ئازادی کاردەکات، خێزانی پێکهێناوە و هاوسەرەکەی محامیە لەئاسیاسێل، ئەو خێزانە ئێستا زۆر بەختەوەرن و لەگەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ماڵ و حاڵ و خانووی خۆیانن و سەروەری برا گەورەشیان ئێستا خاوەنی گەسی سازییە لەشەقامی تووی مەلیک، کاڵێی دایکیان، ئەو دایکەی ماندووی دەستی ڕۆژگارەکانی ژیان، ئێستا لەگەڵیان دەژی و کوڕەکانی ڕێزی تەواوی دەگرن و دەستی خۆشەویستیان بەسەردا گرتووە و ژیانێکی بەختەوەر بەسەردەبەن.

تەنها مەبەستم لەم نووسینانە خستنەڕووی ژیانی ئەو خێزانانەیە، یاخو ئەو ئافرەتانەیە کە هەر بەگەنجی ژیانیان لێ تێکدەچێ و بە نەبوونی و نەخوێندەواری منداڵەکانیان بەسەربەرزی پەروەردە دەکەن و بەپلەی بەرز بڕوانامە بەدەست دەهێنن و دوارۆژی خۆیان دیاری دەکەن.

زۆر خێزانیش هەیە لەناونازو نیعمەتی ژیان پەروەردە دەبن و بەدایک و باوک و بێکەم و کوڕی و کێشەی ژیان، کەچی هیچ بەهیچ ناکەن و نەخوێندەوارو دواکەوتوون.

**تێبینی:**

ڕۆژێ ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانەی ئازادی ، دکتۆر عەلی بەڕووی خۆشەوە هات بۆ لام بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەم، بردمی بۆ لای دکتۆرێک لەژوورێکدا کەسەیرمکرد دکتۆر سامانە کوڕی ئەو کاڵێیەیە کەباسمکرد، دکتۆر عەلی بەمنی ناساند، منیش پێکەنیم و وتم: دکتۆر سامانیش وەکو خۆت پەروەردەو گەورە بووەو ئێستا دکتۆرە، من زۆر باش دەیناسم و منداڵی گەڕەکی خۆمانە.

وا بڕیارمدا ژیانی خۆتان و خێزانتان بکەم بەنووسینێک و پێشکەشی خوێنەران و خەڵکی شارەکەمان و کوردستانی بکەم.


هەزار سڵاو لەو دایکانەی بە نەبوونی لەم ژیانە سەختەدا منداڵەکانیان پـەروەردە دەکـەن‌و بەپلەی بـەرزی خـوێندەواری پێیان دەگەیەنن بۆ خزمەتکردن لەناو کۆمەڵدا.


**ڕوونکردنەوەیەک:**

-خوێنەری خۆشەویست ئەم نووسینە لەگۆڤاری سلێمانی ژمـارە ١٨١ بڵاوکراوەتەوە، بەپێویستم زانی لەگەڵ ئەو دوو نووسینەی گۆڤاری شەهید دا وەکو زنجیرەیەک لەژیانی ئافرەتانی تێکۆشەر بەیەکەوە بڵاویان بکەمەوە.

# سێ چەپکەگوڵ
# لە گوڵزاری شارەکەم







ئەم نووسینە یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە، بەپێویستمزانی لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا دابنرێ لەبەرئەوەی ئەم کەسایەتیانەش لە ئەرشیفی شاردان.

شاری سلێمانی تەمەنێکی کورت و مێژوویەکی درێژی هەیە لە چاو شارە دێرینەکانی هەولێرو کەرکوک و شارەکانی تری ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان.
بۆیە خەڵکەکەی هەمیشە شانازی پێوەدەکەن و بە بەژن و باڵایدا هەڵدەدەن و سەری بەرزی دەگەیەننە ئاسمان، ئەم شارە هەر لەدروست بوونیەوە بەشاری ڕۆشنبیری ناوی دەرکردووە، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە لەدەستپێکردنیەوە یەکەم دامەزراوە کە بۆیان داناوە سەراو مزگەوت و خانەقا بووە، پاشان حەمام و قشڵەوماڵانیان بۆ دروستکردووە، واتە پێش هەموو شتێک بابانەکان هاتوون تەنها ڕۆشنبیریان لەگەڵ خۆیانا هێناوە ئینجا ئاوەدانی، بۆیە ئێستاش بەپایتەختی ڕۆشنبیری دادەنرێ، جگە لەو هەموو کەڵە نووسەرو شاعیرو مێژوونووسە بەتوانایانە کەتیایا هەڵکەوتوون و مێژووی بێگەردی شارەکەیان نووسیوەتەوە.
ساڵ بەساڵ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، هەرچەندە ئەم شارە هەمیشە وەکو گوڵێکی ئاڵی بەدڕک تەنراو وابووە، چاوی دوژمنانی هەر لەسەر بووە، بەڵام ئەم دوور لەچاوی دوژمنان هەمیشە هەر لە گەشەدا بووە، ساڵانە پەلی کوتاوەو پێوانەی زیادکردووە، تا بۆتە شارێکی فراوان، جگە لە پێگەیاندنی خەڵکانی ڕۆشنبیر کەچەندەها ساڵ ژیانیان تیا بردۆتەسەر، جگە لەململانێ کردنیان لەگەڵ دوژمنانا، کاتێکیش کۆچی دواییان کردووە هەر لەناو دڵی شارداو لەناو گۆڕستانەکانیانا سەریان ناوەتەوە بۆ هەتا هەتایە بەئاسوودەیی تیا خەوتوون، نموونەمان زۆرن لەوانە شێخ مارفی نۆدێ کەهەتا ئێستاش خەڵک دەڕۆن بۆ زیارەتی مەزاری پیرۆزی. زۆربەی شاعیرە نەمرەکانمان سالم و کوردی و... جگە لەو کەڵەنووسەرو مێژوونووسانە، یان مێژوونووسی بەناوبانگی کورد مامۆستا ئەمین زەکی بەگ و چەند کەڵەنووسەری بەناوبانگی تر لەناو دڵی ئەم شارەدا بۆ هەتا هەتایە نووستون و ناویان درەوشاوەیە.
چەندەهاشمان هەیە بەداخ و کەسەری خەڵکی ئەم شارەوە دەربەدەربوون و تەنانەت لەکوردستانیش ڕۆیشتن و لەوڵاتانی بێگانە سەریان ناوەتەوەو

نەگەڕاونەتەوە، وەکو مەولانا خالیدو نالی وئەمین فەیزی و ...... تاد.
ئەم شارە بەهۆی چاوتێبڕینی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە لەئامادەباشیا بووە بەرامبەر دوژمنان، دانیشتوانەکەشی شۆڕشیان بەرپا کردووەو خوێنی خۆیان بۆ ڕشتووە لەپێناوی ئازادیدا، هەتا توانیویانە بەرامبەر بە ڕۆم و عەجەم جەنگاون کە نەیانهێشتووە پێیان بێتە ناوی، پاشان بەرامبەر بە ئینگلیزەکان جەنگاون و مێژوویەکی خوێناویان نەخشاندووە، بۆ هەتا هەتا سەلماندویانە کە کورد گەلێکی سەربەرزەو کۆڵ نادات.
مێژووی شۆڕشە خوێناوییەکانی کورد دیارەو دنیاش شاهیدی ئەو مێژووەیە، بەتایبەت ئەم شارە کۆڵنەدەرە، بەڵام بەم یەک دوو لاپەڕەیە تەواو نابێت و دەبێت هەنگاوی خێرا بنێین بەسەریانا.
لەدوای ڕزگارکردنی دەوڵەتی عیراق لە مەلەکیەت و هێنانە کایەی دەوڵەتی کۆماری، لەگەڵ ئەوەشدا باروزرووفی میللەتی کورد گۆڕاو شۆڕش و تازەگەری هاتە ئاراوە، کوردیش هەمیشە لە برەودا بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، چەندەها کەڵەپیاوو نووسەرو شۆڕشگێڕو شاعیر لەم شارە خۆشەویستەی ئێمەدا سەریان ناوەتەوە، ئەگەر بمانەوێ ناویان بهێنین ئەتوانم بڵێم بە هەزاران ناو تەواو نابن وەکو ئەستێرەکانی ئاسمان چۆن ناژمێردرێن.
ئەگەر بێینە سەر کەڵەپیاوانی شارەکەمان تاکو زیندوو بوون خزمەتی بێپایانی کوردیان کردووە، کاتێکیش کۆچیان کردووە ئەوەندەیان شارو نیشتمان و خاکەکەیان خۆشویستووە پێیان خۆشبووە لەشوێنێکا بمرن و مەزاریان هەبێت کە بۆ هەتا هەتایە ناویان بمێنێ و لەمێژووی گەلەکەمان سەربڵند بن.
پیاوی بەناوبانگی شاری سلێمانی خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەدی شێخو شێخ سەعیدو شێخ مەحمودی حەفید، کەوەسیەتیان کردووە لەمزگەوتی گەورە بیاننێژن، ئەو مزگەوتەی کە دەرس و دەوریان تیا دەوتەوە بۆیە ئەوێیان هەڵبژاردووە، لەبەر پیرۆزی شوێنەکەیان بۆ ئەوەی خەڵکی سلێمانی تا هەتا هەتایە شانازییان پێوەبکەن و ببێتە زیارەتگای هەموو دنیا، مەحوی

شاعیریش هەمان شێوە لەخانەقاکەی خۆی مەزاری بۆ کراوە، یاخود سەلیم بەگ لەسەر وەسیەتی خۆی لەڕۆژهەڵاتی شارەوە بەسەر گردە بەرزەکەی سەرووی شار بینێژن و مەزاری بۆ بکەن، بۆ ئەوەی هەمیشە چاوی لەخەم و ئازارەکانی شارەوە بێت.

مامەیارە کەهەموو گەلی کوردو شاری سلێمانی شانازی پێوەدەکەن کاتێک مرد وەسیەتی کرد لەسەر ئەو گردەی دەرەوەی شار کەدەڕوانێ بەسەر هەموو سلێمانیدا هەر لەوێ مەزاری بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە چاوی کوردانەی لەشارەکەیەوە بێت، پیرەمێردی نەمریش بەهەمان شێوە وەسیەتی ئەوەبوو لەتەنیشت گۆڕی مامەیارەوە بنێژرێت بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی ئاهەنگی نەورۆزو خەڵکی شاری سلێمانی، کە لەسەر وەسیەتی خۆی هەتا ئێستا بەردەوامە.

کاتێک مامۆستا نەجمەدین مەلا کۆچی دوایی کرد، وتی بمبەن بۆ سەر شاخی ئەزمەڕ لەوێ مەزارم بۆ بکەن.

دە ساڵ بەسەر مردنەکەیا تێپەڕی بەهۆی نالەباری زرووفی سیاسی کوردەوە، ئینجا ئێسک و پروسکیان دەرهێنایەوەو بەئاهەنگ و ڕێوڕەسمی شایستە بردیانەوە بۆ شاخی ئەزمڕ، کە ئێستا دەڕوانێ بەسەر شاری سلێمانیدا، مامۆستا تۆفیق وەهبی لەدوای ئەو هەموو خزمەتە زۆرەی زمان و فەرهەنگی کوردەوە هەر بەخۆشەویستی شارە جوانەکەی سلێمانیەوە لەتاراوگەوە وەسیەتی کرد کەبیبەنەوە بۆ شاخی پیرەمەگرون لەوێ مەزاری بۆ بکەن، ئەوەبوو خۆشبەختانە ساڵەکەی هات بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ دا کوردو ڕژێمی بەعس دانوستان بوو ڕێوڕەسمێکی یەجگار شایستەی بۆ کرا.

ئەم کەسایەتیانە ئەوەندە خۆشەویستی نیشتمان چووەتە دڵیانەوە پێیان خۆشبووە لەمردنەکەشیانا چاوی خۆشەویستیان لەشارو نیشتمانەکەیانەوە بێت.

باسەکەمان لەسەر کەڵەپیاوان و نەمرانی نیشتمان و شارەکەمانە، ئەگەر هەنگاوێکی گەورە بنێین و بێینە سەر خەباتی نوێی گەلەکەمان لەدوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٤ وە، واتە هەستانەوەی کوردو شۆڕشی نوێ کەدەستەیەکی

گەنجی شارەکەمان و شارەکانی تری کوردستان دەستیان دایە چەک بۆ هەڵگیرسانەوەی بڵێسەی ئاگری شۆڕش کە بەهەزارەها گەنجی خوێن گەرم، بە قەڵەم و چەک بەرامبەر بەدوژمنی فاشی بەغدا هەستان و هەموو شاخ و دێهاتەکانی کوردستان پڕ بوون لەشۆڕشگێڕ.

شۆڕشی نوێ، ئەوەندەی خوێنی گەنجانی شۆڕشگێڕی داوە کە لەژمارە نایەو سەربوردەی مێژووی خوێناوییان تەواو نابێت، هەر لەخاڵە شیهاب و هاوڕێکانی و شەهید ئارام و شەهید عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو...، ئەگەر بێتو مێژووی ژیانیان بنووسینەوە چەندەها کتێبیان دەوێ، هەرچەندە دەزگاو چاپەمەنییەکانیش درێغییان نەکردووە.

بەڵام ئێستا باسەکەمان لەسەر سێ کەڵەپیاوی شارەکەمانە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و ڕووخانی ڕژێمی خوێناوی سەدام، کە بەداخ و کەسەری میللەتی کوردەوە سەریان نایەوە.

یەکێک لەو خاوەن قەڵەم و شۆڕشگێڕانە کە لەوڵاتی پڕ خێرو خۆشی ژیاندا دەفتەرو کتێبەکانی پێچایەوەو وازی لەخوێندنی باڵا هێناو هەستی نیشتمانپەروەری جوڵاو ڕووەو وڵاتە وێرانەکەی گەڕایەوە بەجوتێ پێڵاوی شڕەوە گفتی دا بەنیشتمانەکەی هەتا دوا هەناسە لەگەڵ ئازارو خەمی خەڵکەکەیدا بژی، ئەویش شێری ناو لانە کاک نەوشیروان مستەفایە کەبووە سەرتۆپی شۆڕشی چەوساوەکان و بەدڵ و بەگیان لەگەڵ ئازارەکانی گەلە ستەمدیدەکەیا ژیا.

دووەم... شاعیری بەهەڵوێست، شاعیری شۆڕشی نوێ، شێرکۆ بێکەس نوکی قەڵەمەکەی و دوا پیتی نووسینەکانی هەمووی بۆ ئازارەکانی نیشتمان و خەمی قورسی گەلە ستەمدیدەکەی بوو، کە بەئاشکراو بەنهێنی شیعری گڕداری پێشکەش دەکرد.

سێیەم... شۆڕشگێڕو هونەرمەندی بەتواناو دوژمن بەزێن کاکە حەمەجەزای هونەرمەندو پێشمەرگەیە، کە توانی چ بەچەک چ بەدەنگە زوڵاڵەکەی دارو بەردی کوردستان بلەرزێنێ و گڕوتینی دایە بەندییەکانی ناو زیندانەکانی ڕژێمی بەعس، بەئاشکراو بەنهێنی کاسێتو سروودەکانی دەستاو دەستیان

دەکردو ورەی دەبەخشی بەهەموو کوردێکی بەشەرەف.

ئەم سێ شۆڕشگێڕە نەمرە کە لەلووتکەی خەباتی خۆیانا بەهەڵوێستی مەردایەتی و کوردایەتی بەگیان و بەدڵ ژیانی خۆیان بەخشییە میللەتە ستەمدیدەکەمان، لەدوای ئەو هەموو ڕەنجدان و شەونخونی و نوچدان و هەڵسانەوەیە لەکۆتاییدا بەخەم و کەسەرو پەژارەی کوردەوە سەریان نایەوە، هەریەکەیان خاوەنی چەندین کتێب و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوون، لەگەڵ خەم و پەژارەکانی ئەم سێ کەڵە شۆڕشگێڕو نووسەرو هونەرمەندە، دەستدەکەین بەنووسینێکی کورتی ژیاننامەو بەرهەم و هەڵوێستیان، هەر لە دەستپێکردنی ژیانیانەوە هەتا مردنیان لەئاسمانی ئەدەبیاتی کورددا وەکو سێ ئەستێرەی درەوشاوە لەسەر ژیانیان دەدوێین.



## یەکەم: حەمەجەزا عەلی، هونەرمەندو پێشمەرگە

## ١٩٤٩ - ١/١٠/٢٠١٠

لە ١٩٤٩ لەشاری سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لەخێزانێکی دەوڵەمەندی ئایین پەروەر، چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، کە تەمەنی گەیشتۆتە هەرزەکاری هەستی بەچەوسانەوەی میللەتەکەی کردووە، بۆیە بەدەنگە زوڵاڵەکەی لەناو هاوڕێکانیا دەستی کردووە بەگۆرانی و سروودی نیشتمانی و لاوانەوەو مەقام بۆ گەلە ستەمدیدەکەی.

جگە لەوەی بەتەمەنێکی کەمەوە چۆتە ناو بزوتنەوەی نیشتمانییەوە چ وەک هونەرمەند چ وەک پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی کردووەو هەموو

ژیانی تەرخان کردووە بۆ هونەرەکەی و بۆ کوردایەتی، لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ١٩٧٤ دا بەشداری دەکات و دەبێتە پێشمەرگە بەخۆیی و ماڵ و خێزانەوە تا ئاشبەتاڵ، پاشان پەیوەندی دەکات بەرێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، جگە لەوە کەبەدەنگە زولاڵەکەی لەسالانی دوای ئاشبەتاڵ گوڕو تینێکی تەواوی دا بەگەنجان و ڕۆشنبیران و هێزی پێشمەرگە، ئەویش بەمەقام و سروودە ئاگرینەکانی بەجارێ حکومەتی بەعسی توڕەو بێزار کردبوو، بەشیعرە جوانەکانی مام هێمن و شێرکۆ بێکەس و شاعیرانی تر کە دەیکردن بەمەقام و سروودو پێشکەشی کۆمەلانی خەڵکی دەکردن.

ڕژێمی بەعسی ئەوەندە پەست و بێزار کردبوو لێی کەوتبوونە شکەوەو هەر ڕۆژەی بەجۆرێ بانگیان دەکردو داخی دڵی خۆیان پێدەڕشت، ڕێگایان لێدەگرت و لەبەرچاوی خۆی کاسێتی گۆرانیەکانیان دەشکاندو دەستیان بەسەردا دەگرت، دەیانووت نابێ لەمەولا گۆرانی بڵێی، تا وای لێهات خۆشیان گرت و خستیانە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە، تەنها بۆ ئەوەی چۆکی پێدابدەن بۆ گۆرانی و سروود بە بەژن و بالای ڕژێمی بەعس، بەلام کاکە حەمەجەزا نەک چۆکی دانەدا بەڵکو گوێشی لێنەگرتن، ئەو کۆڵی بە ڕژێمی بەعس داو ناچاری کردن ئازادی بکەن تا وای لێهات جێگای نەبووەوە لەشاری هەولێرداو ئەمری گرتنی بۆ دەرچوو، ئەویش هەڵهات و ڕۆیشتە شاخ و پەیوەندی کرد بەهێزی پێشمەرگەو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، پاشان چ بە چەک چ بەهونەرەکەی و چ بەبیرو باوەڕە مەزنەکەی بووە پێشمەرگەو لەناو ئەو دۆڵ و شاخ و چیا سەرکەشانەدا لەگەڵ تیپی شەهید کارزان، چەندەها سروودی شۆڕشگێڕانەی تۆمار کردو بووە هاندەرێکی تەواوی گەنجان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان کە بەلێشاو پەیوەندییان دەکرد بەهێزی پێشمەرگەوە، کە لەیەکێک لە سروودەکانیدا ئەڵێت:

**مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ بۆ جێمان دێڵی**
**تاکەی ژیان بەرینەسەر هەروا بەدیلی**
**تاکەی خەمی ئەم میللەتە بکەینە باوەش**
**تاکەی لە سۆزی باوکێتی ئەمانکەی بێ بەش**

کاکە حەمەجەزا جگە لەهونەرو شۆڕشگێڕیەکەی، خۆشی شاعیرێکی بەتوانا بوو کە زۆربەی سروودەکانی شیعری خۆیین، چەندەها شیعری ئاگرینی شاعیرانی وەکو شێرکۆ بێکەس و شەهید مەلا عەلی نەمری کردووە بەمەقام و سروودو پێشکەشی گەلە چەوساوەکەی کردون.

شانبەشانی هونەر چەکی شەرەفی کوردایەتی هەڵگرت و تا دوا هەناسەی لەناو چەم و دۆڵ و شاخ و دێهاتەکانی کوردستانا بوو کە لەشیعرێکی خۆیا ئەڵێ:

**هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێڕی قارەمان**
**ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زمان**
**لەناو گیان و دەروونی چەوساوەکانا دەژی**
**هەمیشە هاوڕێی چەک و بڕواو سەنگەرو کەژی**

......

هەمیشە بەدەنگە زوڵاڵەکەی لەئێزگەی گەلی کوردستانەوە سروودو گۆرانی و مەقامەکانی هاندەرێک بوون بۆ گەنجان و خوێندکاران، ئەوەی بەسەر ماڵ و منداڵ و خێزانی حەمەجەزا هات بەسەر کەس نەیەت، ئەویش وەکو ماڵە پێشمەرگەو جووتیارە گوندنیشینەکانی کوردستان، ئەوەش بڵێین بەتایبەتی تەواوی خێزانی ماڵی حەمەجەزا باوک و دایکی لەدوای ڕۆیشتنە شاخی حەمەجەزا ئەوان شوێنی خۆشیان هەر سجن بوو، تا وای لێهات حکومەت لێیان بێزاربوون و ئەوانیشی دەرکردو ڕەوانەی شاخی کردن، سەرباری ماڵوێرانی و باری قورسی حەمەجەزاو براکانی، دایک و باوکیشیان بوون بە خەمێکی گەورە بۆیان.

لەوکاتەدا چەندەها هونەرمەندی تر هەبوون لەژێر سایەی ڕژێمی بەعسدا بەوپەڕی خۆشگوزەرانییەوە دەژیان، بەڵام حەمەجەزای شۆڕشگێڕ لەژێر باری ڕەقی ئازارو ئەشکەنجەی میللەتەکەیا ئەیناڵان، تا وای لێهات ڕژێمی بەعس بەکیمیاوی و ئەنفال میللەتی کوردی ماڵ وێران کرد، بەوەشەوە نەوەستاو هێزی پێشمەرگەی ئاودیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد، حەمەجەزاش یەکێک بوو لەو پێشمەرگە کۆڵنەدەرانە، چۆکی دانەدا بۆ ڕژێمی

بەعس، لە شاری سەقز جێگیر بوو، لەوێش بەهاوکاری منداڵ و براکانی و چەند کەسێکی تر لە تیپی شەهید کارزان دەستیکردەوە بەسروودو گۆرانی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و ئەوێشی هەژان، لە شاری سەقزیش بووە جێگای متمانەو خۆشەویستی ئەو شارەو هەموو هونەرمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی لە خۆی کۆکردەوە، پاشان ڕوویکردە تاراوگەو لەوڵاتی دانیمارک بەخۆی و خێزانەکەیەوە جێگیربوون، لەوێش کوردانی ڕۆژئاوای هەژان و بەدەنگە خۆشەکەی چەندەها کۆنسێرت و سروودی نیشتمانی تۆمارکرد، وای لێهات پەلی هاویشت بۆ وڵاتانی رووسیاو ئەمریکاو ئوستورالیاو چەندەها وڵاتی ترو لەهەموو لایەکەوە هونەرمەندان و کوردانی تاراوگە بەدڵ بانگیان دەکردو تامەزرۆی بینینی بوون.

تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ حەمەجەزا کە هەستیکرد نیشتمانەکەی لەدەست زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس ئازاد کراوە، لەوڵاتی تاراوگە بارگەی پێچایەوەو هاتەوە رووەو وڵاتێکی وێران، پێی خۆشبوو لەگەڵ ئازارو خەونەکانی میللەتەکەیا بژی، بۆیە بۆ وورەی بەرزی گەلەکەی چەندەها سروودی نیشتمانی بۆ هێزی پێشمەرگەوت و بووە مەشخەڵێکی گڕسەندوو لەنیشتمانە وێرانەکەیا، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی نەخایاند وەیشوومەو نەهامەتی کوردی کڵۆڵ دەستی پێکردەوەو ناکۆکی کەوتە ناو حزبە تاکڕەو و گەل نەویستەکانی کوردەوەو لەبەر بەرژەوەندی خۆیان شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرسانەوە ، میللەتیان خستە گوزەرانی نەهامەتی، سەرەڕای دەستی ڕژێمی بەعس و ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر عیراق و کوردستان، ئەو شەڕە نەگریسەش یەخەی گەلەکەمانی گرتەوەو ئەوەش لەبەرژەوەندی سەرانی کوردو وڵاتە دراوسێکان، لەئەنجامدا چەندەها لاوی گەلی کورد دەربەدەر بوون و ڕێگای هات و نەهات و وڵاتانی تاراوگەو ڕۆژئاوایان گرتەبەر، ئەوەی خنکا، خنکا ئەوەی کوژرا، کوژراو ئەوەشی دەرچوو بەسەلامەتی کەوتە خێرو خۆشییەوە.

حەمەجەزای کۆڵنەدەر هەستیکرد ئازارو نەهامەتییەکان یەخەی خەڵکی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەمیش وەک هونەرمەند بەرامبەر بەنیشتمانەکەی ئازارێکی جەستەیی و ڕۆحی دەچێژاو نەهامەتییەکانی نیشتمان سەرو دڵی

ئەمیشی گرت و وەک مرۆڤێکی بریندار هەستی بەهەموو کەم و کوڕییەکان دەکرد.

لەئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر، خەم و پەژارە روویکردە حەمەجەزای هونەرمەندو شۆڕشگێڕ، دای لەدڵ و دەماخی و بەمەراقی کاری ناڕەوای لایەنە سیاسییەکانی میللەتەکەمانەوە لە ساڵی ٢٠١٠ حەمەجەزای خۆشەویستی گەل بۆ چارەسەر گەڕایەوە بۆ دانیمارک، لەدوای ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ نەخۆشی کوشندەدا ژیانی زیاتر بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، پاشان هاتەوە زێدی نیشتمانی خۆشەویست و ئەم درِی بەمردنداو لێی نەدەترسا، بەڵکو مردن لەم دەترسا، بۆیە بەرۆکی بەرنەدا.

لەسەر وەسیەتی خۆی وتی: بەخۆشەویستی نیشتمان و شارە خۆشەویستەکەمەوە لەگۆڕستانی شەهیدان لەبەرزاییەکدا بەرامبەر بەشارە خۆشەویستەکەم بمنێژن، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێک وەک گوڵی ئاڵی بەهار سەر دەربهێنم و سەیری شارەکەم و خەڵکە خۆڕاگرەکەی بکەم، لە ٢٠١٠/١٠/١ بەخەم و پەژارەی گەلی کوردەوە سەری نایەوەو بەئامادەبوونی خەڵکی شاری سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان ڕۆیشتە گۆڕستانی شەهیدان و گەیشتەوە بەکاروانی نەمران، حەمەجەزای شۆڕشگێڕ یەکێک بوو لەو پێشمەرگە ئازایانەی شان بەشانی خەڵکی چەوساوەی نیشتمانەکەی خەباتی کردووە، هەموو ژیان و گیانی خۆی بەخشی بەکوردو کوردستان.


لە گۆڕستانی شەهیدان ئەو شوێنە شایستەیەی لەلایەن خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانیەوە بۆ دانرا، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بەنەمری بمێنێتەوەو چاوی خۆشەویستی لەشاری سلێمانی و خەڵکەکەیەوە بێت.


## بەرهەمەکانی حەمەجەزا

حەمەجەزا لە ساڵانی پێش حەفتاکانەوە دەستی داوەتە هونەرو بەدەنگە زوڵاڵەکەی چەندەها گۆرانی و مەقام و سروودی شۆڕشگێڕانەی بۆ گەلەکەی تۆمارکردووە، کەهەتا هەتایە ئەو دەنگە دەمێنێ و جگە لەوەی کەخۆشی شاعیرێکی بەتواناو جواننووس و شۆڕشگێڕ بوو، شیعرەکانی

خۆشی کردون بەسروودو گۆرانی، هەروەها شیعری زۆربەی شاعیرانی کوردی کردووە بەسروودو گۆرانی، وەک گۆران و بێکەس و هێمن و شێرکۆ بێکەس و شەهید مەلا عەلی و چەندەها شاعیری مەزنی کورد جگە لەکتێبێکی گەورە کە بەدەستی خۆی ژیاننامەو بیرەوەری خۆی تیا نووسیوەو لەگەڵ نووسینی چەندەها کەسایەتی و هونەرمەند کە لەپاشکۆی کتێبەکەدا دەربارەیان نووسیوە.


دووەم کتێبی گۆرانی و شیعرەکانی هەمووی چاپکراوە لەلایەن نووسەرو پێشمەرگەی دێرین عەبدولواحید ئیدریس پێشکەشی خەڵکی کوردستانی کردووە، ئێستا هەموو ساڵێک ١٠/١ هونەرمەندان و کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی و کوردستان بەژن و پیاوەوە سەرلەبەیانییەکەی ئەڕۆن بۆ سەر مەزاری پیرۆزی و کۆڕی ماتەمینی و سروودو ئاهەنگ دەگێڕن و یادی پیرۆزی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی حەمەجەزا بۆ کورد ژیاو بەخەم و پەژارەی گەلەکەشیەوە سەری نایەوە، هەزار سڵاوو درووود بۆ گیانی پاکی.









# دووەم: پێشمەرگەو شاعیری گەل
# شێرکۆ بێکەس

## ١٩٤١ - ٤/٨/٢٠١٣

ئەم شاعیرە بەهەڵوێستە لەساڵی ١٩٤٠ لەشاری سلێمانی خۆشەویست چاوی بەدنیادا هەڵهێناوە، کوڕی شاعیری گەلپەرست بێکەسە، شاعیرێک بەلایە لایەی بێکەسی باوکی پەروەردە بێت ئاخۆ چی لێدەربچێت؟

**ڕۆڵە لایلایە شێرکۆ لایلایە**
**بەخوا شێرانە بیبەیتە ناو کایە**

هەرچەندە لەتەمەنی هەشت ساڵاندا باوکی کۆچی دوایی ئەکات، بەڵام ئەم ڕێگا پیرۆزەکەی باوکی بەرنادات و هەر بەگەنجی دەبێتە شاعیرێکی ئاشتیخوازو ئاشنا بەشیعرو ئەدەبیات دەبێت. لەساڵی ١٩٦٨ یەکەم کتێبی چاپ دەکات بەناوی تریفەی هەڵبەست.

بەگەنجی دەچێتە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیەوەو دەبێتە پێشمەرگە، بەحوکمی ئەوەی کوڕی شاعیری پایەبەرز بێکەسە ڕێزی تایبەتی دەگیرێت لەهەموو ناوچەیەکی کوردستانا.

خۆشی شاعیرو پێشمەرگەیەکی بەهەڵوێست دەبێت و هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەیدا دەژی، تا دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٤ پەیوەندی دەکات بەشۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە، کە ڕادیۆی گەلی کوردستان دادەمەزرێ و دەنگی دەکەوێتە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، شێرکۆ بەناوی نهێنی جوامێروە بەشیعرە ئاگرینەکانی جەماوەری شاری سلێمانی و کوردستان دەهەژێنێ.

**شیعری لە شەوێکدا**

**شەو بوو هەر پێشمەرگەو بەفر**
**بە بناری شاخەوە بوون**
**کە بەفر نووست**
**ئەوان ورد ورد هاتنە خوارێ**
**لەچوار لاوە هاتنە خوارێ**

**شیعری ماڵئاوایی**

**هەورازی کوڕ، پشتی شاخێکی بەعومرە**
**بۆ پێشمەرگە دانەویوە**
**ئێوارەیە**
**ڕێچکەی ریزی یەک لەدوای یەک**
**بەرەو بناری ئەو دیوە**

**دەنگ هەر پرمەی**
**وڵاخێکەو، وردە وردە زیخی ژێر پێ**
**بێ دەنگ بێ دەنگ**
**بەسەر پەیژەی دانە بەردا**
**ئەم کاروانە کڕوماتە سەرئەکەوێ**
**بەسەر پشتی وڵاخەکەی پێشەنگەوە**
**تەرمی شەهید**
**دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی**

کەهونەرمەند حەمە جەزا بەدەنگە زوڵاڵەکەی ئەیلێ،و لەئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە بەشیعریش دەخوێنرایەوە، ئەتوانم بڵێم چەندەها گەنجی کردۆتە پێشمەرگەو گیان و خوێنیان پێشکەش کردووە بەکوردستان.

جگەلەوەش چەندەها کتێبی چاپ کردووەو پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، وەکو (من تینوێتم بەگڕ دەشکێ، کاوەی ئاسنگەر، ناسک، دوو سرودی کێوی، کازیوە، ڕووبار...تاد.

ساڵی ١٩٨٤ لەشاخیش داستانی هەڵۆی سوورو کەشکۆڵی پێشمەرگە، شێرکۆ بێکەس بەهەڵوێسترین شاعیر بوو کە لەگەڵ خەم و ئازاری گەلەکەیدا دەژیا، بەوەشەوە نەوەستا کەزانی پیاوانی ڕژێم بۆی لەپاریێزدان ، خەباتی شاری گواستەوە بۆ شاخ و بووە هاوڕێی پێشمەرگە نەبەزەکان و بن ئەشکەوت و خانووە قوڕینەکانی گوندەکانی کردە لانەی خۆی و قەڵەم و چەکی کردە بیری خۆی و هەر سەرکردەو پێشمەرگەیەک شەهید بوایە یەکەم شاعیر ئەو بۆی دەنووسی، کاتێک مامە ڕیشە شەهید کرا دەستیدایە قەڵەم و نووسی:

**ڕێگە چۆڵکەن، هەستنە سەرپێ**
**وا ئەسپێکی سپی باڵ سوور**
**لەپێ دەشتی کەرکوکەوە**
**ئەحیلێنێ و بۆ ئێرە دێ**

هەر سەرشۆڕییەکی ڕژێمی بەعس ببوایە، یەکەم شاعیر شیعری دەنووسیو ئابڕووی دەبردن، ئەتوانم بڵێم ڕژێمی بەعس بەئاڵتوون گیانی شێرکۆی دەکڕی، تەنها بۆ ئەوەی قەڵەم و شیعرەکانی کپ بکات، بەڵام شێرکۆ سات لەدوای سات دەنگی شیعری دلێرتر دەبوو، ورەی دەدا بەهێزی پێشمەرگەو بە بەندییەکانی ناو زیندانەکان، ئەگەر کتێبێکی چاپکراوی شاخی شێرکۆ لەهەرچی ماڵێکی کوردا بگیرایە حزبی بەعس حسابی شێرکۆی بۆ دەکرد، ماڵەکەشی پێوە نغرۆ دەکرد، ئەوەندە ڕق و قینی شێرکۆ لەدڵی بەعسییە فاشیەکانا بوو.

تا شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان شێرکۆ هەر بەشاخەوە بوو، پاشان لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتیی دەینێرن بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی کوردانی تاراوگەش لەرۆژئاوا بهەژێنێو پتر شۆڕشەکەشیان پێ بناسێنێ.

پاشان لەوڵاتی سوید جێگیر دەبێو هەر لەوێ کۆی بەرهەمەکانی لەسێ بەرگی گەورەدا بەچاپ دەگەیەنێ و دەیخاتە بەردیدەی ڕۆشنبیران و کوردانی تاراوگە.

لە هەموو لایەکەوە گەنجان و ڕۆشنبیران بانگهێشتی دەکەن بۆ کۆڕی شیعری و هەڵوێست دەربڕین، چەندین کتێب و پارچە شیعری وەردەگێڕن بۆ زمانی بێگانە، شێرکۆ ناوبانگی تەواو دەردەکات لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، تەنانەت خەڵاتی تۆلۆفسکی پێدەبەخشرێت.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بەشیعرە ئاگرینەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەهەژێنێ، چەندەها کتێبیش بەچاپ دەگەیەنێت شێرکۆ دەبێتە ڕووبارێکی هەڵچوو نیشتنەوەی نابێت، ڕۆژانە شیعری شۆڕشگێڕانە دەنووسێ، کەتا ئێستا کتێبە چاپکراوەکانی لەژمارە نایەن، شێرکۆی شاعیری ئازادیخواز لەدروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمدا دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری و دەیەوێ زۆر پەرە بەڕۆشنبیری بدات، بەڵام ئەوەی پێ ناکرێ کەخۆی مەبەستیەتی، بۆیە دەست لەکار دەکێشێتەوەو ئەڵێ نامەوێ لەپێناوی بەرژەوەندی خۆما کاربکەم، دەمەوێت لەپێناوی پێشکەوتنی نەتەوەکەما دەست بەکاربم، پاشان لەگەڵ

چەند ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستێکا دەزگای سەردەم دادەمەزرێنێت و خەرمانێ کتێبی بەنرخ چاپ دەکەن، شێرکۆ لەکاتی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوباتدا دەڕواتە ناو جەماوەرو پشتی خەڵکی چەوساوە دەگرێ، شیعر بۆ شەقام و خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانی ئەڵێ، (من وەکو خۆم دوای دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان چووم بۆ لای دەستخۆشیم لێکرد کەپشتی شەقامی گرت، وتی: لەهەر کوێیەک شەقام هەبێت من شۆستەکەیم، تا کۆمەڵانی خەڵک بەسەرما بڕۆن، من شاعیری گەلم و بۆ گەلیش دەمرم).

لەدوای حەڤدەی شوباتەوە هەردوو حزبە گەندەڵەکەی کوردستان بەتوندی چاودێریان دەکردو تەنانەت ڕێگای کۆڕو شیعر خوێندنەوەشیان لێدەگرت، لەبەرئەوەی بەباڵای شۆڕی گەندەڵکارانا هەڵینەدەدا.

شێرکۆ بێکەس ئەوەندە داخ و خەفەتی گەندەڵکاران دەچێتە دڵ و دژیان دەوستێتەوە، ئەوەندە خەمی میللەتەکەی دەبێت ڕۆژانە لەژیان بێزار دەبێت تا وای لێدێت نەخۆشی سەری لێدەدات و بەرگەی خەم و خەفەت ناگرێ و وردە وردە لەخۆشییەکانی ژیان دەڕواتە دواوە، هەرچەندە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەشی دەڕواتـەوە بۆ وڵاتی سوید، بەڵام چارەسەری نابێ و فریای ئەوە ناکەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان تا لەگەڵ خەم و ئازارەکانی میللەتەکەیدا کۆچی هەتا هەتایی بکات.


بەداخەوە لـەڕۆژی ٢٠١٣/٨/٤ لەوڵاتی تاراوگە کۆچی دوایی دەکات و بەڕێوڕەسمێکی شایستە لەوڵاتی سویدەوە تەرمەکەی بەڕێ دەکرێتەوە بۆ کوردستان، لەگەڵ ئاپۆرای جەماوەری شاری سلێمانی لەسەر وەسیەتی خۆی لەپارکی ئازادی لەناو چیمەن و گوڵ و گوڵزاردا بە خاک دەسپێردرێ.

ئەو پارکی ئازادییەی کەچەندەها ساڵ پێش ڕاپەڕین سەربازگەو مۆڵگەی ڕژێمی بەعس بووە، کەچەندەها کوردی نیشتمان پەروەری شاری سلێمانی تیا گوللەباران کـراوەو بەبێ کفن بەژێر خاکەوە کـراون، کەهەتا ئێستا شوێنەواریان نیە، هەر لەشەهیدانی ١٩٦٣وە تا ڕاپەڕین، بەڵام لەسایەی ئازادی کوردەوە ئەو شوێنەوارە کرا بەگەورەترین پارک، بۆیە شێرکۆی شاعیریش وەسیەتی کرد کەبەئازادی لەو شوێنە پیرۆزەدا سەر بنێتەوە، تا


ڕۆژگارێک دێت ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ببینێ، هەمیشە لەناو گوڵ و گوڵزارو جەماوەری شاری سلێمانیدا بێت.

هەموومان دەزانین شێرکۆ نەمردووەو قەت نامرێ، لەگەڵ ئەم گەلە چەوساوەیە ئەو بەنەمری دەمێنێتەوەو چاوی لەنیشتمانەکەیەوە دەبێت.









کاوەی ئاسنگەر
ستانێکی هونراوەی سەرشانۆیە لە نۆ تابلۆدا
شێرکۆ بێکەس
بە یارمەتی وەزارەتی ڕاگەیاندن چاپکراوە.



شێرکۆ بێکەس



شێرکۆ بێکەس
"چیرۆکە شیعر"
ڕووبار


لە چاپکراوەکانی
کۆڕی زانیاری کورد
شێرکۆ بێکەس


دیوان
شێرکۆ
بێکەس


دیوان
شێرکۆ
بێکەس
1990


شێرکۆ بێکەس
خاچ و مار و
ڕۆژژمێری شاعیرێ
APEC


خێراکە... مردن خەریکە بگات!
شێرکۆ بێکەس



**شێرکۆ بێکەس لە خۆپیشاندانی ١٧ ی شوبات سەرای سلێمانی**



**شێرکۆ بێکەس** **رەئووف شێخ جەمیل**




رەئووف شێخ جەمیل لەبەردەم پەیکەری شێرکۆ بێکەس



## سێیەم: نەوشیروان مستەفا

## ١٩٤٤ - ١٩/٥/٢٠١٧

لە ساڵانی ١٩٥٠ دا مێرمنداڵێک پێگەیشت بەناوی نەوشیروان مستەفا، وردە وردە لەخەم و پەژارەکانی ژیانا گەورە بوو، پلەکانی خوێندنی بڕی و بووە گەنجێکی بلیمەت و دەست و قەڵەم جوان، تا کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠، نووسەرو خوێندەوارێکی بێ وێنەی لێدەرچوو، پاشان لەگەڵ چەند گەنجێک هەوڵی ئەوەیاندا گۆڤارێک دەربکەن بەناوی ڕزگاری لە ماوەیەکی کەمدا توانیان ١٥ ژمارەی لێدەربکەن، تا ئێستا ئەو گۆڤارە بە گۆڤارێکی پێشکەووتووی کوردی ناودەبرێت لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی.

پاشان بەهۆی ناکۆکی دوو حزبە سیاسییەکەی کوردستانەوە، کاک نەوشیروان رووی کردە وڵاتی نەمسا بۆ خوێندن، هەتا دوای ئاشبەتاڵ

١٩٧٥ كە شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەڵگیرسا، ئەو وازی لە خوێندن و هەموو خۆشییەکی ژیانی ئەوروپا هێناو ڕوویکردەوە وڵاتە وێرانەکەی و دەستیکردەوە بە هەڵگیرسانی شۆڕش.

لە ماوەیەکی کەمدا بەوتە بەنرخەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستاندا خۆشکرد، هەموو شاخ و دەشت و گوندەکانی کوردستان پڕ بوون لە پێشمەرگەی کۆمەڵە، ڕژێمی بەعسیان وا تورەو بێزار کرد لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا جێیان نەدەبووەوە، نەوشیروان لەماوەی چەند ساڵێکدا لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەدا شۆڕشێکی وای بەرپاکرد لە هیچ وڵاتێکی چەوساوە ئەوە ڕووی نەداوە، بوو بەگیڤارای کوردستان و شۆڕشەکە سەرتاسەری خاکی کوردستانی گرتەوە.

ڕۆژانە پەرەی دەسەندو کڵپە زیادی دەکرد لەشارو لەدێهاتەکاندا، بیری کاک نەوشیروان تەنها بەلای چەکداریدا نەڕۆیشت، بەڵکو زیاتر بەلای قەڵەم و ڕۆشنبیریدا کە دام و دەزگای چاپەمەنی و ئێزگەی لەکوردستان دامەزراندو بواری سیاسی و ڕۆشنبیری بەرەو پێشەوە بردوو بەسەدەها کتێبی ئەدەبی و سیاسی بەنرخیان بەچاپ گەیاند.

تا ئەنفالە بەدناوەکانی ڕژێمی بەعس بەکیمیاوی کوردستانی خاپور کرد، کاک نەوشیروان بەوەشەوە نەوەستاو کوردستانی چۆڵ نەکرد، بەڵکو مەفرەزەی پارتیزانی دروستکردەوە، لەناوچە چۆڵکراوەکانی کوردستان و لەشارەکانا، ئەوەبوو لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە، کە ئەمریکای زلهێز دەستی خستە کاروباری کەنداوەوە، کاک نەوشیروان وەک ئەندازیاری یەکەمی کوردایەتی نەخشەی ڕاپەڕینی داناو لەماوەیەکی کەمدا دەستگیرا بەسەر هەموو دام و دەزگاکانی ڕژێمداو کوردستان ئازاد کرا، کاتێک سەرانی کورد هاتنەوە ناوشارەکان لەباتی بنیاتنانەوەی کوردستان دەستیانکرد بەتاڵانی و دزینی ماڵی کورد.

نەوشیروان بەپێچەوانەوە خەریکی دامەزراندنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردن و نووسینەوەی دەستوور بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاشان لە ١٩٩٤ سەرانی نائاشتیخوازی کورد بەرژەوەندی حزبایەتی نەیهێشت

حکومەتی ڕاستەقینە دابمەزرێنن، کەوتنە گیانی یەکتری و جەنگی ناوخۆیان دامەزراند.

چەند ساڵێک کۆمەلانی خەڵکی کوردستان نالانیان بەدەست ئەو جەنگە نەگریسەوە، تا پرۆسەی ئازادی عیراق، پاشان کە ڕژێمی بەعس ڕووخا لەلایەن ئەمریکاوە میراتی سەدام بۆ ئەمان جێماو هەردوو حزب لەوپەڕی دوژمنایەتیەوە بوون بەدوو دۆستی ڕاستەقینە، لەپێناوی مەنسەب و پارەدا ئەتووت نەبایان دیوە نەباران.

ئەوەندەی تر خەم و پەژارە رووی کردە دڵی نەوشیروان، چونکە ئەو دوارۆژی میللەتەکەی لەپێش چاوبوو بەچ ئاقارێکدا دەڕوا، گیڤارا ئاسا قوتی میللەتەکەی پێ نەخوراو دەستیکرد بەجیابوونەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگردی زەرگەتە کۆمپانیای (وشە)ی دامەزراند، لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی لە دەور کۆبوونەوە، بۆ نەخشەدانانی دوارۆژی کورد تا لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٥ بەجارێ یەکێتی و پارتی تووشی شۆک کرد، بەپەلە فریای خۆیان کەوتن دوو دوژمنی چەندەها ساڵەو سەرسەختی کورد یەکیان گرت لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان ، ئینجا بەلەقە لەق و غەش و دزینی سندوق دەرچوون و چەپڵەی شەرمەزاریان بۆخۆیان لێدا.

هەردوو حزبی دوژمنکار شانیان دایە شانی یەک بەدزینی پارەو سەروەت و ماڵی کورد، تا وردە وردە نیشتمانەکەیان خاپور کردو بەم ئاقارەیان گەیان، کە ڕۆژانە بە بەرچاوی کۆمەلانی خەڵکەوە وێران دەبێ.

هەردوو حزب کوردستان بەموڵک و ماڵی خۆیان دەزانن نەک هی کورد، بەلام کاک نەوشیروان وەک سەرکردەیەکی ڕاستەقینە مێژووی نەخشان و پشتی لەپارەو مەنسەب کرد، لایەنی پێشکەوتن و ڕیفۆرم خوازی گرت.

لەبواری ڕۆشنبیریدا چەندەها کتێبی بەنرخی نووسی و چەندەها وتاری گرنگی پێشکەشی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کردو ڕووی چەندەها نا بەرپرس و دزو جەردەی ڕەش کرد، توانی لەگەنجان و ڕۆشنبیران و هەژارانی نیشتمانەکەی بزوتنەوەیەک دابمەزرێنێ بەناوی بزوتنەوەی

گۆڕان بۆ هەتا هەتایە بنجی خۆی دابکوتێ لەکوردستاندا. خەم و ئازارەکانی کوردستان ئەوەندە زیادی کرد هەتا کاک نەوشیروانیان پیرو کەنەفت کردو بەداخ و خەفەتی کوردەوە تووشی نەخۆشی کوشندەو بێچارەسەر بوو، تا لەوڵاتی تاراوگەدا لە لەندەن چارەسەری بێ کۆتاییان دایە دەست و ئەویش گەڕایەوە کوردستان و بەخەم و خەفەتی کوردەوە سەری نایەوەو لە ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٩ گیانی پاکی سپارد بەخاکی کوردستان، هەژاران و چەوساوەکان بە بیستنی هەواڵی مردنی کاک نەوشیروان خەمبار بوون، کوردستان سەرتاسەری هەژا بەتایبەتی شاری سلێمانی هەموو بەرگی ماتەمینیان پۆشی و پرسە لەهەموو ماڵە هەژارێکی کوردستان گیرا، تەنانەت ئاسمانیشی گریان.

تەرمی کاک نەوشیروان ڕۆژی ٢٠١٧/٥/٢٠ لەمزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە بەپێ هێنرا بۆ گردی زەرگەتە لەگەڵ ئاپۆڕەی جەماوەرێکی بێ شومار، بەگوڵباران بەڕێکرا، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەتا هەتایە بنجی خۆی داکوتا لەکوردستانداو بووە بەچقڵی چاوی سەرانی هەردوو بنەماڵە، بووەتە ئاڵای دەستی هەژاران و چەوساوەکانی کوردستان، بەمردنی کاک نەوشیروان خەم و ئازارەکانی کورد ئەوەندەی تر زیادی کرد، بەهوتاف و بەچاوی فرمێسکاوی، بەهوتافی جیاجیا، یەکێک لەهوتافە هەرە دڵتەزێنەکانی گەل کەدەیانوت:

**سەرکردەی بێ حیمیایە**
**میللەتی لە گەڵدایە**

بەڕێو ڕەسمێکی شایستەی پڕ شکۆ کەمن ناتوانم لێرەدا بەچەند لاپەڕەیەک بینووسم، لەسەر وەسیەتی خۆی لەگردی زەرگەتە بەخاک سپێردرا، وەسیەتی کاک نەوشیروان مانای زۆر بوو کە لەو گردە بنێژرێ:

-١ویستی ببێتە هاوڕێی شاعیری ئازادیخواز شێرکۆ بێکەس لەپارکی ئازادی.

-٢بۆ ئەوەی لەگەڵ خەم و ئازاری خەڵکی شاردا بژی و لەگەڵ چەوساوەکانی

میللەت و شارەکەیدا بێت.

-٣چواردەوری  سەوزی و گوڵ و گوڵزار بێت نەک پارەو دۆلار.

**لەکارە پێشکەوتن و ڕۆشنبیرییەکانی کاک نەوشیروان**

*لەساڵی ١٩٩٢دا راکێشانی کارەبا لەبەنداوی دەربەندیخانەوە بۆ شاری سلێمانی.


*بنیاتنانەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندکارانی کورد.


*دامەزراندنی بنکەی ژین بەهاوکاری مامۆستا رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح.


بەچاپ گەیاندنی چەندەها کتێبی بیرەوەری و مێژووی کوردو ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵناسی، جگە لەگۆڤارو ڕۆژنامە.

لە کورتە باسێکدا لەسەر سێ کەسایەتی شاری سلێمانی کە هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵ خەمی میللەتەکەیاندا گەورە بوون و بۆ میللەتەکەشیان ژیان و هەر بۆ میللەتەکەشیان مردن، خۆزگە هەموو کەسێک وەکو ئەم سێ تێکۆشەرە دەژیان و بەسەر بەرزییەوە دەمردن. کەهەموومان بینیمان جەماوەری کوردستان و شاری سلێمانی چییان بۆ کردن و شوێن و جێگایان لە کوێ بۆ دانان تاکو بەسەری بەرزییانەوە لەگەڵ کۆمەڵانی زەحمەت کێشی کوردستاندا بژین، خۆمان بینیمان چۆن گوڵباران کران و ڕۆژانەش چۆن گوڵباران دەکرێن.

بنون بۆ هەتا هەتایە بنوون، ئەی عاشقانی گەل و خاکی کوردستان، بنوون بەسەری بەرزەوە عاشقانی شیعرو هونەرو کتێب و وشەی کوردی و سرووودو شیعری دوژمن بەزێن، بنوون ئەی دوژمنی کورد کوژەکان، ئەزانم چاوی زۆر پارە پەرست و گەل نەویستانتان پیا هەڵنایە، بنوون تا بۆ هەتا هەتایە لەلایەن گەل و میللەتەوە گوڵباران بکرێن، هەزاران خۆزگە بەمردنتان کە بەسەربەرزی مردن، ئەی ئازادیخوازان.


کارەساتی هەکاری
نەوشیروان مستەفا
هەکاری
شەمزینان
زاخۆ
شنۆ
بانە
قەڵادزە
سەردەشت
سلێمانی
بلاوکراوەی رۆژنامەی


کورد و عەجەم
مێژوی سیاسیی
نوسینی
صالح محمد امین
١٩٩٢




له کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ

دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق

١٩٧٥ - ١٩٧٨

نەوشیروان مستەفا ئەمین

خودایا! بەسیە ئیتر لاسەری دەیجوری ئیضمیحلال
طلوعی پێ بکە خورشیدی رۆژی پاکی ئیستیقبال
لەگەل خولیای هیجرتدا بەسەرچو عومری شیرینم
دەسا نزیەی ویصالە، ئاه ...
ئەی ئومیدی ئیستیقلال!
(م. نوری ١٩٢٢)




خولانەوە لە ناو بازنەدا

دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤ - ١٩٨٨

نەوشیروان مستەفا ئەمین

١٩٩٩




میرایەتی بابان

لەنێوان

بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا

نەوشیروان مستەفا ئەمین

١٩٩٨




پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن

دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩ - ١٩٨٣

نەوشیروان مستەفا ئەمین

توتە، برای توتە، بالابەرزە، دۆشاومژە، ئەسپێکوژە، پێنج برا بون.
توتە وتی: با بچین بۆ دزی!
برای توتە وتی: لە کوێ؟
بالا بەرزە وتی: لە مالی خوا!
دۆشاومژە وتی: حەرامە.
ئەسپێکوژە وتی: لە دینی ئیمەدا هیچ شتێ حەرام نیە.
لە ناو خۆیان دا بو بە شەریان، چواریان یەک کەوتن بۆ راونانی پێنجەم.

١٩٩٧




کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەک گرن

بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی
کرێکاران ورەنجدەرانی کوردستان

بەرەو پتەوکردنی یەکێتی
ریزەکانی گەل


# کۆمەڵە

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

عێراق



نەوشیروان مستەفا



نەوشیروان مستەفا — رەئووف شێخ جەمیل



مام ڕۆستەم — نەوشیروان مستەفا




هەردوو خوالێخۆشبوو شوعلەخان و نەوشیروان مستەفا



نەوشیروان مستەفا　　　　عەتا قەزاز



شوعلەخان و نەوشیروان مستەفا



نەوشیروان مستەفا شێرکۆ بێکەس

